# سمایل ئاغای شکاک - سمکۆ

## ڕێبەری شۆڕشگێڕ و سەربەخۆخوازی گەلی کورد



بڕوانن، زۆربەی نەتەوەکانی جیهان لە ڕووی بەربڵاوی حەشیمەت و جوغرافیاییەوە لە نەتەوەی کورد کەمترن، چۆن توانیان ئازادیی خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵماندا وەدەست بێنن و سەربەخۆ ببن.
ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانی مافەکانی خۆی لە باڵا دەست وەربگرێتەوە. مەرگ لە دیلییەتی و ژێر دەستەیی و کوێلەتی باشترە.
سمکۆ

## تایبەت بە هەشتاو سێ ساڵەی

## تیرۆری ناجوانمێرانەی سمکۆ شکاک

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی






## پێڕست


١- کۆرتە بۆچوون ................................ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە..................... لاپەرەی ........................................... ٣

٢- سمکۆی قارەمان و سەربەخۆیی کوردستان ....................... د. یاسین سەردەشتی ...................................... لاپەرەی ......... ٤

٣- کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان لەمەڕ کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات ............. س. چ. هێرش ................ لاپەرەی ................. ١٢

٤- سمکۆی شکاک ،لەنێوان تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی و،رق وبێزاریی داگیرکەرانی کوردستان! ....... سیروان کاوسی ......... لاپەری ..... ١٩

٥- سمکۆی شکاک ڕۆڵی لە بزووتنەوەی کوردایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ( ١٩١٨ - ١٩٣٠) ........ م.هۆشمەند عەلی.......... لاپەرەی ........... ٢٥

٦- بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی سیاسییەوە"ڕاپەڕینی سمکۆ......... بێهزاد خوشحاڵی و ئەفراسیاب گرامی ................. لاپەرەی ........... ٣١

٧- سمکوی شکاک لە بیرەوەرییەکانی سپاه بۆد ئەمان الله میرزای جیهانبانی ........... عومە ر فارووقی .................... لاپەرەی .................. ٣٤

٨- سماییل ئاغای شکاک لە بیرەوەریی تاج الملوک دا.................حامید درودی ........................... لاپەرەی ........................ ٣٦

٩- لەیادی ٧٨ ساڵەی شەهیدکردنی سمکۆی شکاک – دا ............. سەڵاح حسێن ............................... لاپەرەی ................. ٣٨

١٠- تیشکێک بۆسەر ڕۆژنامەکەی سمکۆی شکاک ...................... ڕێناس نەورۆزی ............................ لاپەرەی ......................... ٤٠

١١- تیشکێک بۆ سەر دژایەتی عیساییە چەکدارەکان و کاریگەریی لەسەر سمایل خانی سمکۆ.......... وەرگێرانی کەماڵ نوری مەعروف ..... لاپەرەی .... ٤٠

١٢-پەیوەندییەکانی سمکۆ بەتورکەکانەوە لەساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا [ لەسێ بەشدا ] وەرگێرانی کەماڵ نوری مەعروف .... لاپەرەی ..... ٤٣

١٣- کاریگەریی لایەنگرانی کوردی باشوورو باکوور بەسوودی بزووتنەوەکانی سمکۆ [ لەسێ بەشدا ] وەرگێرانی کەماڵ نوری مەعروف...... لاپەرەی .... ٥١

١٤- سمکۆی شکاک دەسەلاتی بێگانە [ لە دوو بەشدا ] .............. وەرگێرانی کەماڵ نوری مەعروف .................. لاپەرەی ......................... ٥٧

١٥- ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشە مەزنەکەی سمکۆی شکاک و ٧٧ەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی ........ محەممەد صاڵح قادری ...... لاپەرەی .... ٦٠

١٦- باوکی ناسیونالیزمی کورد, سەردار سمکۆ شکاک ................ نووسینی ڕۆژی کورد ......................... لاپەرەی ......................... ٦٧

١٧- نەوەی سمکۆی شکاک بۆ خەبات ............. گفتوگۆ - ڕەوا دڵشاد ............................. لاپەرەی ................................ ٦٨

١٨- سمکۆی شکاک هێمای ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی ........... ناسر ساڵی ئەسڵ ................................ لاپەرەی ................................ ٧١

١٩- سمکۆی شکاک ١٩٣٠ ............... ماڵپەڕێ لقی ٢١ی پارتی دێموکراتی کوردستان ................................لاپەرەی ......................... ٧٢

٢٠- کوردەکان لە حکوومەتی ڕەزا شا،.............. حامید ڕەشیدی زەرزا .............................. لاپەرەی ....................... ٧٣

٢١- "سمکۆی شکاک" کەسایەتیەکی ئالۆز ............ عدالەت عبدالقادر زەنگەنە ........................... لاپەرەی ..................... ٧٩

٢٢- ڕاپەرینی سمکۆی شکاک ................ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ویبلاگ ............................. لاپەرەی .......................................٨٣

٢٣- سەرداری کورد سمکۆ شکاک ١٨٧٥ – ٢١ حوزیران ١٩٣١ ................ گوگل ............................ لاپەرەی ............................٨٤

٢٤- بە بۆنەی شەهیدکرانی سمکۆی شکاکەوە ............. ویبلاگی کوردستانی ئازاد ................................. لاپەرەی .................... ٨٥

٢٥- نامەی سەرئاواڵە لەلایەن بنەماڵەی سمکۆ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ........................ لاپەرەی ......................... ٨٨

٢٦ - کۆنفرانسی سمایل ئاغای شکاک لە زانکۆی ئۆسلۆ بەڕێوەدەچێ ............. ماڵپەری ئاڵا ............................... لاپەرەی .......... ٨٩

٢٦- اسماعیل آقا سمکو (Ismail Agha Simko) ........................................ گۆگل ........................... لاپەرەی ................. ٩١

٢٧- نگاهی به مداخله غرب در امور داخلی ایران و سایر کشورها(١٧) ................... حسین کاوشی ....................... لاپەرەی .............. ٩٥






## کۆرتەیەک لە بۆچوونی کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە سەر بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک:



گومان لەوەدا نیە کە بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک ، ناسراو بە سمکۆ یەکێک لە رەسەنترین و رادیکاڵترین بزووتنەوەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادیدایە. لەگەڵ ئەوەی شەهید سمکۆ بۆخۆی سەرۆک عەشیرەت بووە، ئاوبراو خاوەنی روانینێکی نەتەوەیی بووە و هەوڵی داوە هەموو کوردستان رزگار بکا و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنێ. لەو بارەیەوە بە راشکاوی دەڵێم کە ئامانج و دروشمی بزووتنەوەی سمکۆ لە دروشم و ئامانجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادیکاڵتر بووە. جگە لەوە سمکۆی شەهید روانگەیەکی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە؛ رۆژنامەی دەرکردوە، هەوڵی پێوەندیی دیپلۆماسیی داوە و لە رێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانەی کۆمەڵایەتیدا تێکۆشاوە .

بەو پێیە ئاشکرایە کە دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و رزگاریخوازییەکانی کوردەوە. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی سمکۆ دەسەڵاتێکی کورتخایەن بوو. نە ئامانجەکانی خۆی کە رزگار کردنی هەموو خاکی کوردستان بوو وەدی هێنا و نە تەنانەت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەکەشیدا دەسەڵاتێکی سەقامگیر و دامەزراوی بۆ پێکهات. لەو حاڵەدا ناکرێ بە شێوەیەکی روون ئاماژە بە سنووری ئیداریی دەسەڵاتی سمکۆی ئەمر بکەین .

※ بەرێز حەسەن زادە لەسەر وتەکانی نەزمی ئەفشارم دەڵێ : ئەمن روانگە و بۆچوونەکانی ئاغای نەزمی ئەفشارم خوێندۆتەوە. وا تێدەگەم ئەو پیاوە کە تا بڵاو بوونەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بۆ زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران و تەنانەت ئازەربایجانییەکانیش نەناسراو بووە، ویستوویەتی بە ورووژاندنی ئەو باسە شۆوێنیستی و مەزنیخوازانەیە ناو و ناوبانگێک بۆخۆی پەیدا بکا. ئەوە راستە کە بەداخەوە ئەمرۆ کوردستان پارچە پارچەیە و بەشی هەرە زۆریشی لە ژێردەستەیی و ژێرچەپۆکەیی دا دەژی. بەڵام کوردستان وەک واقعییەتێکی مێژوویی و جوغرافیایی هەیە و نەخشەی کوردستانیش وەک نەخشەی هەموو وڵاتێک هەیە و پیرۆزە و بۆ هیچ کەس لە هیچ پلە و پایەیەکدا نەهاتوە تکوولیی لێ بکا یان بێحورمەتیی پێ بکا .



هێرشی ئارەوا بۆ سەر سمکۆی نەمریش دەسدرێژی یەکی ئاشکرایە بۆ سەر پیرۆزی یەکانی نەتەوەی کورد کە بۆ هیچ کوردێک قابیلی لێ خۆش بوون نیە. نە ئێمە و نە کەسی دیکە چاوەڕوانی ئەوە نیە هەموو گەلان بە یەک چاو بڕواننە رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان و سمبوڵە ناسراوەکانی ئەو گەلانە. بەڵام ئەوانەی رێز بۆ رێبەرانی نەتەوەی خۆیان دادەنێن هەرگیز هەق بە خۆیان نادەن هێرشی بێ ئەدەبانە بکەنە سەر رێبەرانی گەلانی دیکە. هەر لە نموونەی ئێستاماندا ئەگەر سمکۆ و راپەڕینی سمکۆ لە شەڕ و بەرەنگاریدا چەندە کەسێکیان لە رۆڵەکانی نەتەوەی تورک لە دەست کوژرابێ، مستەفا کەماڵ پاشا بە دەیان و بگرە بە سەدان هەزار کوردی بە ناهەق کوشتوە یان لە زێد و نیشتمانی خۆیان ئاوارە کردوە. بەڵام پێم وایە هەر کوردێک رێزی قسە و قەڵەمی خۆی بزانێ ناچێ بەو زمانە کە نەزمی ئەفشار بەکاری هێناوە ناوی ئەتاتورک بەرێ. ئەمەش بەو مانایە نیە کە کورد مێژووی خۆی لەبیر دەباتەوە و بیر لە رزگاریی یەکجاریی خۆی ناکاتەوە .

بەرێز حەسەن زادە: ئاشیگەرییەکی بەرچاوی ئاغای نەزمی ئەفشار ئەوەیە. چونکە لە حاڵێکدا هەوڵ دەدا خۆی وەک دۆستی کورد و لایەنگری پێوەندیی برایانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک نیشان بدا، بە ئاشکرا هەموو شانازی یەکانی کورد دەشواتەوە، خاکی کورد و تەنانەت پێتەختی کۆماری کوردستان بە ئازەربایجان دادەنێ و تەنانەت هەڕەشە لە کورد دەکا کە ئەگەر بێت و کوردستان بە خاکی کورد دابنێ بە خۆی و هەموو دەوڵەتانی تورکی دەوروبەرەوە هێرش دەکاتە سەر کوردستان و کوردقڕانی دەورانی ئیمپراتوریی عوسمانی و مستەفا کەماڵ تازە دەکاتەوە.

کورد و بەرپرسانی بزووتنەوەی کورد زۆر زۆر دڵسۆزی پێوەندیی برایانە و خەباتگێڕانە لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی برا و دراوسێی ئازەربایجانن. بەڵام ئاشکرایە کە هیچ کوردێک بۆ هیچ کەسێک و هیچ نەتەوەیەک واز لە هیچ بستە خاکێکی کوردستان ناهێنێ و ئەگەر لە بەرامبەر دوو ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانی دا خۆی راگرتوە و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی پاراستوە، مومکین نیە چاوی لە چاو و راوی شۆوێنیستانەی کەسێکی وەک نەزمی ئەفشار بترسێ و واز لە غیرەتی نەتەوەیی و هیچ زەرڕە خاکێکی کوردستان بێنێ:

"زەرڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری، جۆگەلە و کانیی وەکوو کەوسەر، هەوای وەک جەننەتە".

سەرچاوە : وتووێژی "یەکی کوردستان" لە گەڵ سیاسەتمەداری گەلەکەمان بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە. هەڤپەیڤین: سەلاح عەبدوڵلاپوور
٢١ی مای ٢٠٠٦






# سمکۆی قارەمان و سەربەخۆیی کوردستان



د. یاسین سەردەشتی

خوینەری بەرێز!

ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێنیەوە، وتارێکە کە رێزدار دوکتور یاسین سەردەشتی لە رێکەوتی ٨ / ١/ ٢٠٠٧ لە سیمینارێکدا لە سلێمانی پێشکەشی کرد کە بنکەی رۆشنبیری گەلاوێژ لە هەشتاو چوارەمین ساڵیادی هاتنی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ ئەو شارە بەمەبەستی زیارەت و وتووێژ لە گەڵ شێخ مەحموودی نەمر لە سەر وەزعی کوردستان و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا لەسەر ئەم بابەتە پێکی هێنا بوو.

٨٤ ساڵ بەر لە ئێستا یادێکی مێژوویی گەلێک گەورەیە لە مێژووی کوردستان و شاری سلێمانی بە تایبەتی لەم رۆژە دا کە تێیدا دەسەڵاتی شێخ مەحمووی حەفید [ مەلیک مەحموودی یەکەم ] لە حاڵەتێکی وادا بوو کە تا رادەیەکی زۆر نائومێدی باڵی بە سەر تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە نێو شاری سلێمانی و دەورو بەری دا کێشا بوو. لە رۆژێکی وادا هەواڵی هاتنی سمایل خانی سمکۆ دەگاتە شێخ مەحموود لە گەڵ یەکدا چەند تەلگرافێک دەگۆرنەوە، شێخ مەحموود بەبڕیارێکی مەلیکی لە شاری سلێمانی دا بۆ تەواوی دام و دەزگاکان پشووی رەسمی رادەگەیەنی. لەو ساتە پڕ لە نائومێدیە دا کە خەڵک چاوەڕێی ئایندەیەکی تاریکییان لە ململانێی دروست بوونەوە لە گەڵ ئینگلیس دەکرد، لە رۆژی ٨ / ١ / ١٩٢٢ کە پشووی رەسمی لە شاری سلێمانی راگەیاندرا بوو، بڕیار دەدرێ شاری سلێمانی بە کارمەندانی دام دەزگای حکوومەت و تێکرایی خەڵکی ئاسایی بە پیرو لاویانەوە بە قوتابیەکان و بە تەواوی چین و توێژەکانەوە تەنانەت بازار و بازاریان و کاسبکاران بچنە سەر رێگای شاری سلێمانی و لەوێ بۆ پێشوازی کردن لە سمکۆی قارەمان چاوەروانی بکەن. 21 گوللە تۆپ لەو رۆژە مێژوویییە دا بە بۆنەی هاتنی سمکۆی قارەمان بۆ شاری سلێمانی دەتەقیندرێ کە بێ گومان لە مێژووی ئەم شارە دا کەم وێنە بوو. لە رۆژێکی ئاوادا بەو شێوەیە کە تێیدا حەماسەتی میللی لە ناو تێکرای چین و توێژەکان بگاتە ئەو پەری پلە خۆی. دیارە " مەلیک مەحموود " بۆ خۆی لە پێش هەموو ئەو کەسانە بوو کە بەرە و پێشوازی کردنی لە سمکۆی قارەمان کە ئەو وەختە هاتبوو بۆ شاری سلێمانی بۆ گفت و گۆ کردن لە گەڵ شێخ مەحموود و راوێژ کردن لەسەر ئایندەی کوردستان، ئەویش لەو هەل و مەرجە ئاڵۆزە دا کە ئەو وەختە بە سەر کوردستان بە گشتی و بەسەر حکوومەتەکەی باشووری کوردستان دا زاڵ بوو.

دیارە قسە کردن لەسەر سمکۆ مەسەلەیەکە کە لە مێژوو دا گرینگی و تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە لایەن دوژمنانی نەتەوەی کورد و قەڵەم بەدەستانی جیرەخۆری سیستمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەوڵ درا وا بە هەموو شێوازێک کەسایەتی ئەو کەڵە پیاوەی کورد، ئەو رێبەرەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردستان بشێوێنن.

ئەوان لە نووسینەکانیادا لەسەر ئەو کەسایەتی یە باسی سیفەتی زۆر ناشیرین دەکەن و هەروەها قسەی زۆر ناڕەوا یا تۆمەتی زۆر ناشیرین دەخەنە پاڵ ئەم کەسایەتی یە نەتەوە پەروەرە. هێندێک لەوانە کە هەوڵیان داوە ئەو کارەی بکەن کەسانێکن کە ئامانجی ناحەزییان بەرانبەر سمکۆ هەبووە و بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ داواکارییە رەواکانی سمکۆ هەوڵیان داوە کە ئەو داواکاریانەی وەکوو داواکاریەکی یاخیبوونی خێڵەکی نیشانی کۆمەڵانی خەڵک بدەن. هێندێک لەوانە بریتین لە کۆنسول و لێپرسراوە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی بریتانیا کە چەندین تۆمەتی ناڕەوا و ناحەزیان خستۆتە پاڵ سمکۆ و لە نووسینەکانیدا قسە زۆر ناشیرینیان کردووە، کە بەراستی نەک جێگای بڕوا کردن نییە بەڵکوو ئاستی قین و رقی ئەو کەسانە بەرامبەر سمکۆ قارەمان دەردەخا. بۆ نموونە یەکێک لەوانە دەنووسێ : سمکۆ گەورەترین رێگرو تاڵانچی بووە لە مێژووی هاوچەرخدا و هەروەها یەکی دیکە لەوانە کە باسی سمکۆ کردووە هەوڵی داوە کە سمکۆ وەکوو کەسایەتی یەکی [ فاناتیزم ] واتە کەسایەتی ییەکی دەمارگیری ئایینی بناسێنێ. ئەم مەسەلەیە تەنیا ئەوانی نەگرتووتەوە بەڵکوو زۆربەی پانی ئێرانیستە شۆڤێنیستەکانی کە جیرەخۆری بە ناو نووسەری دەرباری پەهلەوەی بوون کە رێژیمێکی شۆڤێنیستی بوو و لەسەر حیساب و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و تێکشانی جووڵانەوەکانی کورد دامەزرا بوو.

کەسانی وەک " ئەحمەد کەسرەوی " سەرلەشکر " ئەحمەد زەنگەنە " وەک " مللک الشعرای بهار " تەنانەت لەم دوایانەشدا کەسانێکی شۆڤێنستی وەک حەمید زەرا جەلایی پوور و نەزمی ئەفشار لە نووسینەکانی خۆیاندا سمکۆ بە تاڵانچی و بە ئەشرار و ... چی و چی دادەنێن و بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و بە رێبەرێکی نەتەوەی کوردی نازانن. بەداخەوە ئەم جۆرە بۆچوون و نووسینانەی ئەوان جگە لە دیاری کردنی ئاستی رق و کینەیان بەرامبەر بە جووڵانەوەی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد و رێبەرەکانی شتێکی تر نێ یە، چونکە بەڵگە نامە نهێنیەکان پێچەوانەی ئەو قسانە دەردەخەن و سمکۆ بە یەکێک لە گەورەترین گەورە






پیاوانی کورد نیشانی ئێمە دەدەن کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەرستی و روو بەروو بوونەوە دەگەڵ رێژیمە داگیرکەرەکانی ناوچەکە بەخت کردووە. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە و ناجوانمێرانە چەند جار لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە هەوڵی تێرۆر و کوشتنی دراوە تاکوو لە ١٨ی تەمووزی ١٩٣٠ ئەو ئاواتەیان هاتە دیێ و لە شاری شنۆ سمکۆ و زیاتر لە ١٢ گەورە پیاوانی کوردە هەرکی یەکان و گەردیەکان لە لایەن سپای ئێرانی یەوە تێرۆر کران. ئەو کارەساتەش سەڵماندی کە دوژمنان جگە لە سیاسەتی تێرۆر شێوازێکی دیکە بۆ حەللی مەسەلەی کورد ناناسن.

دیارە کارسات لەوە دانی یە کە دوژمنەکانمان تاوانی نارەوا و قسەی ناشیرین بخەنە پاڵ سەرکردەکانمان و ئەوانەی لە پێناوی رزگاری خاکی کوردستان و وەدیهێنانی ئاواتەکانی کورد و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا تێکۆشاون، بە کەسانی دز و رێگر و ئاژاوەچی و یاخی و عونسووری فەساد ناو ببرێن، کارەسات لەوە دایە هێندێک لە نووسەرانی کورد بەبێ ئەوەی بە قووڵایی مێژوو دا بچن و بە بێ ئەوەی دێکومێنتە مێژوویەکان بەسەر بکەنەوە و بێ ئەوەی هەل و مەرجە مێژوویەکەی ئەو سەردەمە بە تەواوەتی بخوێننەوە و لیێ شارەزابن، لەبەر موجاملەی سیاسی بێ. هەمان قسەی دوژمنانی کورد و هەمان قسەی ئەو نووسەرە شۆڤێنیستانە دووبارە بکەنەوە و جووڵانەوەی سەر بەخۆیی خوازی سمکۆ بە خەباتێک بە بەشێک لە خەباتی کورد نەناسێنن بەڵکوو بە یاخیگەرییەکی خێڵەکی و جووڵانەوەیەکی تۆڵە ئەستینانە نیشان بدەن.

دیارە نموونەشمان لەو نووسەرانە زۆرن کە کاتێک باسی سمکۆیان کردووە باس لەوە دەکەن کە سمکۆ ژینۆسایدی کردووە بەرامبەر بە دوژمنەکانی. بە پێچەوانە



باس لەوە ناکەن کە ئەو فشارە کە ئەوان لەسەر کورد کردوویانە لەو قوناغە داو بە چ شێوازێک کورد لە شەڕی مان و نەمان و لە شەڕی بەرگری دابووە بۆ دیفاع لە خاکی خۆی بکات، بۆ ئەوەی رێگر بێت لەوەی کە دەوڵەتان و نەتەوە باڵا دەستەکانی دەور و بەر لەسەر حیسابی کورد لەسەر حیسابی ئاوات و هیواکانی کورد ئاواتە شۆڤێنیستی یەکانی خۆیان بهێننەدیێ.

دیارە ئەگەر بمانەوێ لە کەسایەتی سمکۆ تێ بگەین لانی کەم پێویستە بەشی زۆر لەو سەرچاوانە ببێین کە لە سەر ژیانی ئەو کەسایەتی یە مەزنە دواوە یا لە جووڵانەوەکانیان کۆڵیوەتەوە، پێویستە ئەو دیکۆمێنتانە ببینین کە بە نەهێنی لە لایەن کۆنسوڵەکانەوە پێشکەشی دەوڵەتەکانیان و دەزگا بریار بە دەستەکانیان کراوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە هەل و مەرجی ناوچەکە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێنیتە دیێ. تا بزانین ئەوان چۆنیان قسە لەسەر سمکۆ کردووە. دیارە ئێمە نەلێرە دا مەبەستمانە سمکۆ گەورەتر لەوە بکەین کە هەبووە و نە مەبەستمانە لە سەرکردایەتی سیاسیی تری کورد و لەو رێبەرانەی کە لەو قۆناغە دا و لە قۆناغی سوونەتی و جووڵانەوەی کوردایەتی نارێکخراو دا. بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاون کەم بکەینەوە بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ سمکۆ کەسایەتی یەکی گەورەیە، ئەوەی پێویستە ئێمە بیکەین ئەوەیە بزانین ئەو مرۆڤە جووڵانەوەکەی چەندی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێمە لە ناوچە دا کردووە، بەراستی سمکۆ ئەگەر بەراوردی بکەین لە گەڵ رێبەرانی دیکەی قۆناغی سوونەتی جووڵانەوەی کوردایەتی. ئەگەر لەوانی تر لە پێشتر نەبی لە خەبات و تێکۆشان و ماندوو نەبوون و قوربانی دان و، لەوان بە هەڵمەتتر نەبوو بێ بۆ بەدیهێنایی ئامانجەکانی نەتەوایەتی کورد، بڕوا ناکەم لەو پێناوە دا لەوان کەمتر تێکۆشا بێ، چوونکە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هیچ رێبەرێکی سیاسی و سەرکردایەتی جووڵانەوەی کوردایەتی وەک سمکۆ جووڵانەوەیەکی بەرفراوانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەگیرساند، هیچیان وەک سمکۆ زیاترین خاکی کوردستانیان لە دەسەڵاتی داگیرکەر رزگار نەکرد، کە ئەو هەرێمە لە ناوچەی شەمزینانەوە، ماکو و قوتور و سەڵماس و ورمێ و سلدوزیشی دەگرتەوە کە کورد خەونی پێوە دەبینی رۆژێک بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دواتر مەهاباد و سەقز و بانە و دیواندەر و و ناوچەی تیلەکۆ و هەتاکوو سنە، لەژێر دەسەڵات دا بوو، لەو سەریشەوە هەتا ناوچەکانی زیباری و برادۆست و ناو هەرکی یەکانی بە دەستەوە بوو. هیچ یەک لە سەرکردەکان نەیانتوانیوە وەک سمکۆ بۆ زیاترین ماوەی مێژوویی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانە دا بسەلمێنی.

سمکۆ هەر کە مایسی [ ١٩١٩ ]ەوە تا کوو ئابی [ ١٩٢٢ ] زیاتر لە سێ ساڵ و دوو مانگ ئەو ناوچەیەی بە ئازاد کراویی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دا هێشتەوە، هیچ یەک لە جووڵانەوەکانی کورد بە شێوە سمکۆ نەکەوتوونە بەر پیلانی نێودەوڵەتی، چوونکە دەزانین کە سمکۆ جگە لەوەی لە لایەن ئێرانیەکانەوە دژایەتی دەکرا تورکەکانیش زۆر بە توندی لە هەوڵی کوشتن و لە ناو بردنی دا بوون و سپای عێراقیش لە ساڵی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ دا لە هەوڵی لە داو زستنی سمکۆ دا بوون، بریتانیایەکان گەورەترین پشتگیری رەزاشای پەهلەوی یان کرد و هەوڵیان دا کە یارمەتی بدەن بۆ لە ناو بردنی جووڵانەوەکەی سمکۆ. جگە لەوە دەبێنین کە تەنانەت رووسە [ بلشویک ]ەکانیش بە تایبەتی فیرقەی یازدەی سنوور لە

گەڵ ئێرانیەکاندا هاوکارییان دەکرد بۆ لە ناو بردنی ئەو کەسایەتی یە و بێگۆمان لە مێژووی ئە جووڵانەوانە دا و لە نێو ئەو سەرکردانە دا هیج کامیان وەک سمکۆ بەو شێوازە و بەو مەرگەساتە مێژووییە لە ناو نەبراون و بەو شێوەیە شەهید نەکراون. لە رووی مێژووییەوە زۆر ناراستە کە ئێمە پێمان وابێ وەک دوژمنان دەڵێن جووڵانەوەی سمکۆ خێڵەکی بووە و هەوڵ بدەین کە قەدری سمکۆ کەم کەینەوە، و یان پێمان وابێ کە جووڵانەوەی سمکۆ لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا نەبووە. ئەوە من نیم کە لێرە دا پێتان دەڵێم سمکۆ کەسایەتی یەکی سەربەخۆخواز ئازادیخوازی کورد بووە، بەڵکوو دیکۆمێنتەکانی بریتانیا ئاوا دەڵێن، دیکۆمێنتەکانی تورکن وا دەڵێن، بەڵکوو ئەوە تێروانینی خەڵکی کوردستانی ئەو سەردەمە بووە بۆ جووڵانەوەکەی سمکۆ، ئەوە مێژوو نووسەکان و تێکرای ئەوانەن کە بە شێوەیەکی زانستی و بە شێوەیەکی ورد مامەڵەیان لە گەڵ رووداوەکاندا کردووە، باس لەوە دەکەن کە جووڵانەوەی سمکۆ جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیی خواز بووە. ئێمە نامانەوێ بە دوور و درێژی قسە لەوە بکەین کە ئەو کەسایەتی یە کە لە عەشیرەتی شکاکە و سەر بە خێڵی [ عەبدویی ] و بنەماڵەی پس ئاغای [ عەبدویی ] یە نامانەوێ لەسەر ئەوە بدویین کە ئەم قارەمانە چۆن تەواوی بنەماڵەی خۆی لە ململانێکی خوێناوی و توند و تیژ دەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دا لە دەست داوە، سمکۆ کوڕی [ عەلی ئاغا ] کوڕی [ سەمەد ئاغا ] کوڕی [ عەلی ئاغا ] و کوڕی [ ئیسماعیل ئاغا ] و کوڕی ئاغا دەبینین، تەواوی باوک و باپیرانی لە ململانیی خوێناوی دا بەدەستی ئەو رێژیمانە لە ناو چوون. دیارە ئیسماعیل ئاغا یەکەم کە ساڵی ١٧٥٦ دا لەسەر دەستی دەسەڵاتی ئێرانی یەکان تێرۆر کراو [ عەلی ئاغا ] ی باپیری لە ساڵی ١٨٨٦ لەسەردەمی [ ناصرالدین ] شا دا کە ئەو کات [ مظفرالدین شا] جێگری باوکی بوو بانگ کرایە تەوریز و لەوێ لە زیندان کوژرا. هەروەها [ جەوەر ئاغا ] کە کەسایەتێکی گەورە بوو، لە فلکوری کوردی دا زۆر شتی لەسەر گوتراوە، بە دەهو بانگ کرا تەوریز و بە دەسیسەی [ نظام السطنه ] لەوێ شەهید کرا. دواتر باوکی سمکۆ محەممەد کە سۆڵتان [ عبدالحمید ] لێی دەترسا بە تایبەتی لە پاش کوشتنی [ رەزوان ] پاشا موودیری ئەمنی عوسمانی گیرا و نەقلیان کرد بۆ جەزیرەی [ رودسۆ ] و لە زیندان دا وەفاتی کرد و دواتر [ عەلی ئاغای ] برای کە لەسەر دەستی قاجاریەکان و بە پیلانی ئەرمەنیەکان کوژرا و هەروەها ژنەکەی لە ئەنجامی پەلاماری تورکەکان کوژرا و دایکێشیان هەر شەهید کراوە. دیارە حاڵەتێکی ئەوتۆ وا لە سمکۆ دەکات کە هیچ پیوەندیەکی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانی ئێرانی یەوە نەمێنێ و زۆر بە وردی بە ئاگا بێتەوە لە مەسەلەکە و بکەوێتە دژایەتی کردنی ئەوان.



بۆچوونی قاجاریەکان بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەو ئەساسە بووە کە هەوڵ بدەن خێڵە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکەوێتە رۆژئاوای ئێرانەوە لاواز بکەن و تەسفیەی سەرکردەکانی بکەن و ناکۆکی و دووبەرەکی یان لە نێو دا دروست بکەن، دیارە ئەم حاڵەتە سمکۆی بە تەواوەتی هێنابووە سەر ئەو بڕوایە، کاتێک کە سەرۆکایەتی خێڵەکەی گرتە دەست هەوڵی ئەوە بدات کە دەسەڵاتی خۆی و دەسەڵاتی شکاک بەرفراوان بکا و دژایەتی دەسەڵاتە ناوەندییەکان بکات، بێگۆمان پاش ئەوەی سمکۆ تێکەڵاوی گەورە پیاوانی کورد دەبێ وەکوو گەنجێک، لە ژێر کاریگەری ئەو گەورە پیاوانە فکری سەربەخۆیی لە لا دروست دەبێ، کەسانی وەکوو [ شێخ عبدالسلام بارزانی ] کەسانی وەکوو [ عبدالرزاق بەدرخان ] کەسانی وەکوو [ سەید تەها ] و تێکەڵاوی دەگەڵ بنەماڵەی [ شەمزینیان ] و نەوەکانی [ شێخ عبیداللە نهری ] کەلە مێژووی کورد دا شوێنی تایبەتی هەیە و جووڵانەوەکەی لە ساڵی ١٨٨٠ زایینی بە یەکەمین جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی دادەنرێ کە هەوڵی داوە پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و یەکەمین دەوڵەتی کوردی دروست بکا و جووڵانەوەکەش تەنیا لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا بوو.

دیارە سمکۆ لە ژێر ئەو تەئسیرات و تێکەلاویە دا بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان و موکریان و ناوچەی برادۆست و سەڵماس کە ناوچەیەکی هەرە حەساس و گرینگ بووە بە تایبەتی کە لە ژێر کاریگەریی چاوتێ برین و بەرژەوەندیەکانی رووس و عوسمانی و ئێرانی دا بووە و هەل و مەرجەکە وای لە سمکۆ کردووە کە لە تێکەڵاو بوونی لە گەڵ ئەو کەسایەتی یانەی لە سەرەوە ناومان بردوون بنەمایەکی فکری لە لا دروست دەبێ کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە شێوازێکی گورج و بەدەست و برد بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشێ.

دیارە لە ساڵی [ ١٩٠٩ ] دا کاتێک کە [ شێخ عبدالسلام بارزانی ] هاتە لای سمکۆ و لە گەڵ سمکۆ بۆ بینینی حاکمی قەفقاز بۆ قسە کردن لە رێکخستنی جووڵانەوەیەک و وەرگرتنی هاوکاری لەوان بۆ دژایەتی کردنی تورک و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی و بۆ رزگاری خەڵکی کوردستان و کۆتایی هێنان بەو






ستەمەی لە لایەن تورکەکانەوە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان دەکرا هەروەها کاتێک کە [ عبدالرزاق بەدرخان ] لەدەست تورکەکان ڕای کردوو لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩١٠ زایینی چووە لای رووسەکان لە ساڵی [ ١٩١١ ] دا نامەیەک دەداتە جێگری حاکم یا خۆ جیگری قەیسەری رووسیە لە قەفقاز و پێی دەڵێت : ئەگەر هاوکاریمان بکەن ئێمە دەتوانین لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی بۆ کورد دابمەزرێنین و ئەو دەسەڵاتە بکەینە بنکەیەک بۆ رزگار کردنی تەواوی کوردستان بە تایبەتی کوردستانی عوسمانی کە لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان دایە کە دوژمنی ئێوەن. هەروەها دەڵێ : من لەو کارە دا یەکێک لە ناودارترین کەسایەتی یەکانی کوردم لە گەڵە ئەیش سمایل خانی سمکۆیە. هەروەها لەسەر جووڵانەوەکەی [ مەلا سەلیمی بدلیسی ] ساڵی ١٩١٤ زایینی لە راپۆرتێکدا کە دراوە بە وەزارەتی دەرەوەی رووسیە هاتووە کە دەڵێ : ئەم جووڵانەوەیە دەستی کۆمەڵێک ئاغا و پیاوانی ناوداری کوردی تێدایە کە دژی تورکەکان بۆ سەربەخۆیی کار دەکەن و یەک ئەوانە سمکۆیە. داوای ئەوەی کە [ عبدالرزاق ] لە ساڵی ١٩١٣ زایینی دا لە ناوچەی خۆیە نێشتەجی بوو دەگەڵ سمایل خانی سمکۆ دا کۆمەڵەیەکیان دروست کردوو باس لە دەرکردنی رۆژنامەیەک دەکرێ بە ناوی کوردستان و هەروەها باس لە دامەزراندنی یەکەمین خوێندنگای کوردی دەکرێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری [ خۆی ] کە لە راپۆرتێکدا جێگری کۆنسۆلی رووسی بۆخۆی ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوە و دەڵێت : لە ٢٣ی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٣ زایینی سمکۆ ٢٩ منداڵی بچکۆلانەی لە کوڕ و کچ هێناوە و خوێندنگاکەمان کردەوە و ٤٠ پاسەوانی بۆ پاراستنی ئەو منداڵانە هێنا بوو بۆ ناوچەکە و وتارێکی پێشکەش کرد و لەو وتارە دا سپاسی رووسیەی کرد بۆ پشتیوانی کردنی ئازادی کورد و پێشوازی کردن لەو مەسەلەیە و دامەزراندنی ئەم خوێندنگایە، هەر ئەوە رۆژەی کە ئێمە خوێندنگایەکەمان کردەوە، جیژنمان بۆ گرت و سمکۆ وتاری دا.

ئێرانییەکان لە خۆیەوە برووسکەیان نارد بۆ تاران و گوتیان کوردەکان راپەرینێکی سەربەخۆیی خوازیان دەست پێکردوە و شاری [ خۆ ] یان داگیر کردووە.

بێگومان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دا سمکۆ خۆی بەشێک بووە لە ململانە توندوتیژەی کە رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. لە ساڵی ١٩١٥ زایینی دا رووسەکان گومانیان هەبوو لە وەڵامی سمکۆ و بریاری گرتنیان دا ئەو و سەید تەها و عەبدولرەزاق بەدرخانیان بردە تفلیس و لە وێوە بردیانن بۆ جولفا بۆ ماوەی ٨ – ٩ مانگ لە زینداندا بوون بەڵام پاشتر کە زانیان خێڵەکانی ناوچە کە کوردەکانی ئازەربایجانی غەربی، ناوچەی موکریان، ناوچەی ورمێ ، ئەمانە ئەو کارەیان زۆر پێ ناخۆش بووە و ئامادەنین هاوکاری رووسەکان بکەن و دژایەتیان دەکەن، دەگەڵ تورکەکان بریاریان دا بۆ ئەوەی نفوزیان نەکەوێتە قەلەقەوە سمکۆ و عەبدولرەزاقی بەدرخان و سەید تەها بەردەن و بیان گێرنەوە ناوچەکە بە مەرجێک لە ژێر چاوەدێری خۆیان دابن. دیارە رووسەکان لە قوناغە دا زیاتر پشتیان بە خێڵەکان و ئەرمەنیەکان دەبەست بۆ جووڵانەوە سەربازییەکانی خۆیان، و کەمتر بڕوایان بە سەرکردە و خێڵە کوردەکان دەکرد، ئەوانی بەتایبەتی سمکۆ کە هەر کاتێک لە گەڵ رووسەکان قسەی دەکردووە مەرجی بڕوا پێکردن یا خود دان پێیانیان بە ئازادی کوردستان و کار کردنیان بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد و هەروەها زامنکردنی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ کردوە بە مەرجی پلە یەک، بۆیە هیچ کاتێک ئەوان لە گەڵ ئەوە دا نەبوون و پێیان وا بووە کە سمکۆ ئەو دەسکێشە نیە کە ئەوان دەیانەوێ بە کاری بێنن تەنیا بۆ بەرژەوەندی یەکانی خۆیان و لایەنی تورک لەبەر ئەوەی جێگای بڕوایان نەبووو و لە چەندین کاتدا بە شێوازی گوومانەوە سەیریان کردووە و لە یەکێک لە راپۆرتەکاندا کە سەرۆکی هێزەکانی رووسی ناردوویەتی بۆ قەفقاز،خێرنۆڤۆ دەڵێ : من پێم وانیە هێشتنەوەی پیاوێکی وەکوو سمکۆ لە پشت هێزەکانی ئێمە کارێکی عاقڵانە بێ. دیارە دوای ئەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧ هەلگیرسا رووسەکان یا هێزی رووسی بەشێکی زۆری پاشەکشەی کرد و بەشێکی تریشی لە لیوای قەزاقی رووس بوونە هێزی کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی سوپای ئێرانی و دەوڵەتی قاجار لەو کاتە دا ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکان هەوڵیان دا ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە و دەسەڵاتی خۆیان لە رۆژئاوای ورمێ و لە ناوچەکانی سەڵماس و لە ناوچەکانی خۆیە بسەپێنن و دەستیان کرد بە کوشتارێکی بەرفراوانی خەڵکانی ئەو ناوچەیە کە ئەوە زیاتر لە ژینۆساید دەچێ کە تێیدا زیاتر لە یەک روبع میلیۆن ئینسانیان لەو ناوچانە دا کوشت بە ژن و منداڵ و بە پیرو لاو لە هەموو ئەو کەسانەی کە سەر بە خۆیان نەبوون، دیارە پاش ئەوەی کە رووسەکان پاشەکشەیان کرد جیلوکان و ئەرمەنەکان ناگاتە کۆتایی هەتا کوو پەیوەندی بە کەسایەتی وەکوو سمکۆوە نەکەن و کەڵک لە هێزی چەکداری سمکۆ وەرنەگرن.



بێگومان سمکۆ کە لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دا بە شێوەیەکی وا لە سەر پەت یاری دەکرد کە بتوانی نفوز و دەسەڵات و هێزی خۆی لە ناوچەکە






بپارێزی ئامادە نەبوو تێکەڵاوی ئەو پرۆسەیە ببێ و ئەو ململانەیەی کە لە گەڵ جێلۆکان و ئەرمەنەکان هەبوون بە کوشتنی مارشیمونی ئاسووری کۆتایی پێ هێناوە. ئاسوورییەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن بۆ هەمەدان ولە ویوە لە گەڵ بریتانیەکان هاتنە عێراق و لە عێراق لە دیالە هێزی لیویان دروست کردوە، بە ئیعترافی هەموو مێژوو نووسەرکان سوپای لیوی عێراق دا ئامرازێک بووە بە دەستی بریتانیەکان بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی عێراق، بە کورد و عەرەبەوە.

دیارە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم مەسەلەی ئایدۆلۆژیای عوسمانی و ئایینی و خەلافەت تێک شکا. قسە کردن لە مافی گەلانی ژێردەستە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بە مەسەلەیەکی گشتی عەرەب، ئەرمەن، ئاسووریەکان و کوردیش، هەریەک لەوانە خەونی ئەوەیان هەبووە کە دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی دروست بکات. سمکۆ یەکێک بوو لەو رێبەرانەی لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە، یەکەمین جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی خۆی دەست پێکرد و لەم کاتە دا سەید تەهای لە گەڵ دا بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پێی وابوو کە دەوڵەتی قاجار لەو قۆناغە دا لە لاوازترین حاڵەت دایە. پێویستە ئەو دەرفەتە لە دەست نەدرێ و هەوڵ بدرێ لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەست پێی بکرێ.

جووڵانەوەکەی سمکۆ بریتی بوو لە کوردستانی باکوور واتە ناوچەکانی شەمزینان و خێڵەکانی ئەو ناوچانە هەتاکوو وانیش کە بەشێک بوون لە خێڵەکانیان لە کۆنفدراسیۆنی شکاک کرمانج و قووڵایی ستراتیژی جووڵانەوەکەی سمکۆ بوو.

دیارە سمکۆ کاتێک رووسەکان پاشەکشەیان کرد چەک و چۆڵێکی زۆر باشیان دەست کەوت و کاتێک عوسمانیەکان تێک شکان جەنگی جیهانی یەکەم و پاشەکشەیان کرد، ئەفسەرانی کوردی سوپای عوسمانی لای خۆی گل دایەوە و ژنی بۆ هێنان و ماڵی بۆ پێکەوە نان. هەروەها لە کاتی جووڵانەوەکەشی دا کە دوایی دەستی پێکرد پێوەندی کرد بە سلێمانی یەوە بۆ ئەوەی ئەفسەرەکانی کوردی سوپای عوسمانی کە ئەودەم هاتبوونەوە بۆ سلێمانی بەشداری بکەن لە جووڵانەوەکەی دا.

لە بیرەوەریی یەکانی ئەو ئەفسەرانە دا باس لەوە دەکرێ کە کەسانی وەکوو عارف سائیب وەکوو ماجید مستەفا و وەکوو مەحموود جەودەت بەدەم بانگەوازەکەیەوە چوون. دیارە مەسەلەی هەوڵدانی حکوومەتی ئێران بۆ تیرۆر کردنی سمکۆ لە لای کەسانی وەکوو ئەحمەد کەسرەوی بە سەرەتای جووڵانەوەکەی سمایل خانی سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دادەنرێ. تێکرای سەرچاوەکان، مەکداوڵ، نادر ئینسار و سەرچاوەکانی دیکەی مارتین وان، بروین سێن و هەموو ئەو سەرچاوانەی لە جووڵانەوەی سمکۆ قسەیان کردووە باس لەوە دەکەن کە جووڵانەوەی سمکۆ تەنها ململانی و سەپاندنی هێزی خێڵ نەبووە لە ناوچەکەی خۆی دا بەڵکوو جووڵانەوەیەکی جیاوازە کە مایەی سەربەخۆیی خوازی خۆی هەیە.

دیارە مەسەلەی هەوڵدان ئێرانی یەکان بۆ کوشتنی سمکۆ شتێکی ئاشکرایە کە چلۆن مینی بۆ دەقوتوی شیرینی دەکەن چونکە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە کۆنەوە هەتاکوو ئێستاش بڕوایان بەوە هەبووە کە لە ریگای تیرۆر کردنی سەرکردەکانی کوردەوە هێزی کوردی لاواز بکەن چوونکە واقیعی کوردستان بەو شێوەیە بوو کە پێکهاتەی خێڵەکی جووڵانەوەکانی وای لێ دەکردن کە سەری سەرکردە بریتی بێ لە هێزی جووڵانەوە،دیارە ئەو پیلانەی ئێرانی یەکان شکستی خوارد [ بەئاکام نەگەیشت ]. بە حوکمی ئەوەی کە سمکۆ پێشتر هەستی بەوە کرد بوو کە ئەو قوتووە شیرینی یە شتێکی تێدایە و کاتێک عەلی ئاغای برای کردبوویەوە، دیارە بۆمبی ئەوسا وەک ئێستا نەبوو یەکسەر بتەقێتەوە، بەڵکوو لە گەڵ کردنەوەی جۆرێک وەکوو گرێک و بریسکەیەکی بۆ دەچێ سمکۆ لە گەڵ هەست کردنی بەو بریسکەیە باوەش دەکا بە خەسرەوی کوڕی دا کە زۆر بچووکە و لە پەنجەرەی ماڵی خۆی هەڵدەداتە ناو باخەکەوە، بۆمبەکە دەتەقێتەوە و دەبێتە هۆی کوشتنی عەلی ئاغا. سمکۆ داوای تەحقیق [ لێکۆڵینەوە ] دەکات لەم رووداوە، ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەوە، سەرۆکی هێزەکانی قەزاقی کوڕی محەممەد ئاگا، جەهانگیر میرزایی والی خۆیە، هەروەها یەک دوو یەکی دیکە دەسەپێنی بەسەر ئێرانی یەکاندا، دوای ئەوانە دەنێرن بۆ لێکۆڵینەوە، کاتێک بۆی دەنێرن لیکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکا و راستی مەسەلەکانی بۆ دەر دەکەوێ سمکۆ هەر چوارییان ئیعدام دەکا یان خود دەیان کوژێ. ئەحمەد کەسرەوی ئەم جووڵانەوەی سمکۆ بە سەرەتای حەرەکەت لە ١٩١٩ دادەنێ. ئەحمەد کەسرەوی لەو نووسینەی خۆی دا دەڵێ : کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە پێناوی ئاژاوە گێری و شەرارەت [ فیتنەگێرێ ] دا، لە پێناو تالانی و فەساد [ گەندەڵی ] دا هەوڵیان داوە لە دەوڵەتی ناوەندی یاغی بن بە تایبەتی شکاک. بەڵام ئەمجارە جووڵانەوەکەی سمکۆ نەوعێکی ترە، ئەو کابرایە فکریی سەربەخۆیی لە مێشک دایە و دەیهەوێ لاسای تورکەکان بکاتەوە، چۆن ئەوان تورکی لاویان دروست کردوە ئەڵێن ئەمیش هاتووە خەریکی رێکخستنی کوردە لاوەکانە و پێویستە ئێمە بە توندترین شێوە روو بە رووی ئەم یاغیە و روو بەرووی ئەم تەجزیەتەڵەبە [ جیایخواز ] ببینەوە. دیارە سەرجەمی نووسەرە ئێرانیەکانی تر بە تایبەتی ملک الشعرا بهار و عەلی دێهقان کە باس لە سمکۆ دەکەن یەکسەر بیرە شۆڤێنیستەکەیان وایان لێدەکا کە نەتوانن جڵەوی قەڵەمەکانیان بگرن و ریزی جنێوی خەست و خۆڵ بە کەسایەتێکی وەکوو سمکۆ دەدەن، ئەمان لە نووسینەکانیاندا، کە کەسایەتییەکی وەکوو ئەحمەد کەسرەوی لە مێژووی ئێراندا وەکوو مێژوو نووسێک کە کەسایەتییەکی زۆر ناودارە بەڵام کاتێک تێبینی یەکانی لەسەر سمکۆ دەخوێنیەوە هەست دەکەیت بە تەواوەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری فکری پانئێرانیست و شووێنیستی فارسەوە. بێگومان






جووڵانەوەکانی سمکۆ لە مایسی 1919 زایینی دەست پێدەکات ئەم جووڵانەوەیە هەتاکوو ١٠ی ئابی ١٩٢٢ بەردەوام دەبێت و ئەم جووڵانەوەیەی سمکۆ زیاترین بەشی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئێرانیەکان رزگار دەکات. ژگالینا کە لێکۆلەرێکی سۆڤیەتی یە دەڵێ : سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کاری دەکرد و بەم شێوەیە لەسەربەخۆیی تێگەیشتبوو، رزگار کردنی خاکی لە دەسەڵاتی ئێران و جیگیر کردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانە دا. بێگومان ئێمە دەزانین مەسەلەی رزگار کردنی خاک یەکێکە لە سەرەتاییترین قۆناغی جووڵانەوە ی رزگاری نیشتمان ، بۆ ئەوەی بتوانی لە پاش ئەوە دام و دەزگاکان لەسەر خاکی ئازاد کراو بنیاد بنرێ و بریاری دەسەڵاتێکی سەربەخۆ یا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدرێ. دیارە سمکۆ لەم پرۆسەیە دا پشتی بە سەید تەها، جەوهەر ئاغا، عومەر و چەکو ئاغا بەستبوو و بەردەوام لە هەوڵ و کوششی خۆیدا بوو بۆ بەدیهێنانی ئەو پرۆسەیە. سەرەتا پێوەندی کرد بە بریتانیەکانەوە [ مس بیل ] لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی [ فصول فی تاریخ العراق القریب ] باس ئەو دەکات عەنقەریب سەید تەها هات بۆ لامان، مایسی 1919 نامەیەکی هێنا لە لایەن سمکۆ و وتی: سمکۆ سێ داواکاری هەیە کە بریتانیا هاوکاریمان بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچە کوردیەکانی ئێران و تورکیە [ ئەوسا عێراق نەبوو ] واتە سەرانسەری کوردستان، سمکۆ داوامان لێدەکات کە پشتگیری لێ بکەین بۆ پێک هێنانی ئەو دەوڵەتە، چەک و تەقەمەنی بدەینێ و پشتیوانی مادی و مەعنەوی بکەین و وەعدەی ئەوەشمان پێدەدا کە ئەگەر دەوڵەتەکە دروست بوو بۆ مەسەلەی پشتگیری کردن و پێوەندی دیپلۆماسی عەسکەری بریتانیا لە ریزی پلەیەک دابێ بۆ بەستنی ئەو پێوەندییانە و بەرژەوەندی هاوبەش لە بەینی هەر دوو لا دا. دەڵێن داواکاری سێهەمی ئەوە بووە ئەگەر بریتانیا پشتیوانی ئەم پرۆژەیەمان نەکا هیواداریین لێمان تێک نەدات و دژایەتیمان نەکات و بێگومان ئەوسا ئێرانیەکان لە گەڵ بریتانیەکان پەیمان نامەیەکیان هەبوو، چونکە لە ساڵەکانی پێش جەنگدا لە ساڵی ١٩٠٧ دا لە گەڵ رووسەکان ئێرانیان تەقسیم کردبوو بۆ سێ ناوچەی نفووز بەڵام لە دوای جەنگدا کە رووسیای تزاری تووشی شۆڕشی ئۆکتۆبر هات رووسەکان ئێرانیان بەجێ هێشت، بریتانیا دەیەویست ئێران بە تەنیا بۆ خۆی قوت بدات و معاهەدەی [ پەیمان ] ساڵی ١٩١٩ی زایینی لە گەڵ دا بەست.




مس بیلی دەڵێ : کە بە سەید تەهامان گوت ئێمە معاهەدەی 1919 مان هەیە لە گەڵ ئێران و ئیحترامی ئێرانمان گرتووە و نامانهەوێ دەست لە کارو باری ناوخۆی ئێران وەردەین هەروەها ئەڵێ : سەید تەها و سمکۆ لەو جوابەی ئێمە کە ناتوانین هیچ یارمەتیکیان بدەین زۆر نائەمێد بوون.

دیارە سمکۆ لەو حاڵەتە دا ناچار بوو لە گەڵ کەماڵییەکاندا پێوەندییەک گرێ بدات لەسەر ئەو ئەساسەی کە ئێرانیەکانیش ئەوسا خواستی ئەوەیان بوو کە کوردستانی عوسمانی بگێڕنەوە سەر کوردستانی ئێران. کەماڵییەکان پێیان وابوو کە بەرژەوەندیان لەوە دابوو کە لە کوردستانی رۆژهەڵات دا جووڵانەوە هەبێ و هەم خواردەمەنیشیان لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە بۆ دەهات. سمکۆش لە بەرامبەر ئەوەی کە جووڵانەوەکەی بتوانی بە ئەندازەی لەشکرەکەی چەک و تەقەمەنی وەرگرێ پشتی بە کەماڵییەکان بەست و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە گەڵ ئەوەی کە دڵنیا بوو کەماڵییان دۆستی کورد نین بەڵکوو دوژمنی سەرسەختی کوردن دۆستایەتی کردن. کاتێک مستەفا پاشای یاملکی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٢٠ سەردانی سمکۆ دەکات ئەڵێ : تورکەکان دوژمنی کوردن تۆ بۆ پێوەندیان لە گەڵ ئەبەستێ؟ دەڵێ : من مجبورم بۆ ئەوەی لەشکرەکەم بێ فیشەک و تەقەمەنی نەبێت ئەو پێوەندیەم هەبێت. دەتۆ بڕۆ لە جیاتی من بە بریتانیەکان بڵێ ئەگەر راست دەکەن و هاوکاری جووڵانەوەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن با پشتگیریم بکەن، ئەڵێی بە هەموو شتێکی پیرۆز سویند دەخۆم کە دەبێ دەرسێکی وا بە تورکەکان بدەم کە لە مێژووی خۆیان لە بیریان نەچێتەوە و هەتا ئەنقەرە [ ئانگارا ] رایان دەماڵم، دیارە ئەمە بۆ سمکۆ کارێکی گران نەبوو چوونکە سمکۆ رابەرێکی جەنگاوەر بوو و لە ماوەی شەڕەکانی خۆی لە گەڵ سوپای ئێراندا بەگژ قەزاق و ژاندارم و هەموو لەشکری ئێران دا چووە، لە شەڕەکانی شەکەریاز و سەڵماس و میاندواو و بۆکان گەورەترین ئەفسەرەکانی سوپای ئێرانی و سەرلەشکرەکانی لە خوێن دا گەوزاند. کەسانی وەک سەردار ئەرشەد قەرەچەداغی، کۆلۆنێل نەسروڵلاخان، خاڵۆ قوربان و مەلیک زادە ئەفسەری گەورە یا خود سەرلەشکری گەورەی سوپای ئێرانی بوون کە لەو شەڕانەی سمکۆ دا لە ناو چوون، تەنانەت کەسێکی وەکوو حەسەن ئەرفەع کە خوێندنی نیزامی لە فەرانسە و لە بەرزترین کۆلیجەکانی سەربازی ئوروپا خوێند بوو، باس دەکا دەڵێ : لە ئەرزینکان ویستمان هێرشی بکەینە سەر کوردەکان، بەڵام کە ئاوڕم داوە دێتم کوردەکان پشتیان لێ گرتووین و پەلاماری منیان دا دوای کووژانی ٤٠ کەس لە هێزەکەم یا خود بە دیل گیرانی ٩ کەس مەجبوور بووم بە پاشەکشێ و ڕا کردن، لە ئەرزینکان دوور بکەومەوە، بۆ ناوچەیەکی دواتر. دیارە سمایل خانی سمکۆ لە گەڵ هێندێک سەرکردەی دیکە زۆربەی کات لە پێشەوەی شەڕە کاندا بوون، جەنگاوەر بوون هێندێک لەوانەی






کە بێنیویانە زۆر پێی سەرسام بوون، باسی ئەوەی دەکەن کە هەموو کات ڕێک پۆش، گەنجێکی ژیر، ڕیش تاشراو بووە و سمێڵێکی بچکۆلانەی هەبوو. دەڵێن کەسایەتیەکی وا بوو کە لە رووی ڕەخسارەوە لە ئەفسەرە رووسەکان زۆر ڕێک و پێکتر دەهاتە بەرچاو. بێگومان کاتێک ئێمە مێژوو دەخوێنینەوە دەزانین کە لە زۆر حاڵەتداسمکۆ ئەو دڵڕەق و پیاو کوژە نیە کە دوژمنەکانی باسی دەکەن.

باس لەوە دەکرێ کاتی سمکۆ ویستی جووڵانەوەکەی خۆی دەست پێ بکا، جارچی نارد لە نێو ورمێ دا جاڕیان داو گوتیان ئەی خەڵکی ورمێ ئێمە گرفتێکمان لە گەڵ ئێوە دا نیە و ئێوە برای ئێمەن، ئێمە گرفتمان لە گەڵ ئەو دەوڵەتە زۆردارانەیە کە لە تاریکایەوە کەسانمان بۆ دەهێنن و بەسەر ئێمەیان دادەسەپێنن و زۆرداریمان لێدەکەن. وەرن با پێکەوە کارێک بکەین لە نێو خۆماندا کەسێکی شیاو هەڵبژێرین بۆ ڕێبەرایەتی خۆمان و تا لەم حکوومەتە فاسید و [ گەندەڵە ] رزگارمان بێ. هەروەها کاتێک گەمارۆی ورمێی دا بۆ رزگار کردنی، ئامریکاییەکان داوایان لێکرد کە مەسیحی یەکانی ورمێ بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن، مەجالیان بداتێ شاری ورمێ بەجێ بێڵن. زۆر بە ئاسانی ڕێگای بۆ کردنەوە کە هەرچی مەسیحی لە ورمێ هەیە بێنە دەرەوە، بۆ ئەوەی کاتێک پەلاماری ورمێی دا ئەو مەسیحیانە تووشی زیان نەبن، ئەمەش پێچەوانەی ئەوە دەردەخا کە سمکۆ کابرایەکی فیڵاوی یا خود دەمارگیر بووبێ لە رووی ئایینی یەوە واتە سمکۆ یەکێک بووە لەوانەی بە درێژایی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحمید گەورەترین دوژمنایەتی ئەو سوڵتانەی دەکرد، هەروەها ڕووداوێکی تر کە حەسەن ئەرفەع دەیگێڕێتەوە ئەڵێ : [ سمکۆ کاتێک هێزی ئێرانی تێکشکاند ئەفسەرێکی تێدا بوو، بە ئەفسەرەکەی وت ئاورە فێرم کە ئەم چەکە چۆن بەکار دێ؟ ڕەشاشێکی درێژ بوو، ئەفسەرەکە رووی چەکەکەی کردە سمکۆ بۆ کوشتنی. سمکۆ یەکسەر هەڵمەتی کردە سەری و دەستی گرت و پێی وت سپاست دەکەم ئێستا بۆ خۆم دەزانم چۆنی ڕەفتار دەگەڵ بکەم ].

ئەرفەع دەڵێ : هەموو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد بە توندترین شێوە لە ناوی بەرێ، کەچی دەستی کرد بە گیرفانی و لیرەیەکی زێری دایە و وتی [ تاگەیشتنەوەی بۆ نزیک لەشکری ئێران بەرێی بکەن ] یانی ئەمانە کۆمەڵێک هەڵوێستن. لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان باس لەوە دەکرێ سمکۆ تەلەفاتێکی زۆری لە سوپای ئێرانی گەیاندووە و بەیانێکی دەرکردوە، دەڵێت : پیویستە لەسەر هەموو عەشیرەتەکان بەشداری بکەن لەوەی ئەم تەلەفاتەی [ زیان ] دوژمن بە شێوەیەکی شیاو کفن و دفن بکرێن و نوێژیان لەسەر بکرێ و بە خاک بسپێردرین.

لە کاتیدا ئێمە دەبیینن کە دوژمنانی کورد دوژمنانی بنەماڵەی سمکۆ، بە چ شێوازێکی ناشایستە و نامەردانە، دەستیان لە کوشتنی کورد دا هەبووە و بە چ شێوازێک مامەڵەیان لە کوشتنی کورد دا کردوە و چۆن پاش کوشتنی هێشتا ئامادە نەبوون وازی لێبێنن، یەک لەوانە خۆدی سمکۆ بوو کە پاش شەهید کردنی لە ساڵی ١٩٣٠ سێ رۆژ بە دەرگای ورمێ دا هەڵیان واسی بوو. دیارە زۆر نموونەی تر هەیە کە ئێمە بیرۆرای ئەو شۆڤێنیستە فارس و لێپرسراوە کۆلۆنیالیستە بەریتانیەکان و هەروەها بەرژەوەندی خوازە تورکەکان ڕەد بداتەوە مەسەلەن کە یەکێک لە دوکۆنینتەکانی تورکی کە بەرپرسی ئەرکانی شەڕ بۆ ئۆزدەمیری بردووە ئەڵێ : [ سمکۆ گەنجێکی فێلبازە زۆر وریایە، ئەم کابرایە ئەڵێ : بیری سەربەخۆیی لە کەللەی دایە ئەو خەنجەرەی کە لە بەرپشتیندەکەی دایە بۆ کاتێکی هەڵگرتووە کە خۆی چاوەڕێی دەکا و هەر ئەوەندە کاری بە ئێمەیە هەتاکوو پرۆژەکەی خۆی دەچەسپێنی ]، لە ئێراندا بۆیە ئەوان هێچکاتی لە سمکۆ غافڵ نەبوون و کاتێکش لەشکری ڕەزاشا کە بە پاڵپشتی بریتانییەکان یەکسەر پەلاماریاندا،لە کەمینێک دا ژنەکەیان کوشت و سەروەت و سامانی جووڵانەوەکەیان بە تالان برد و خەسرەوی کوڕی کە تەمەنی چەند ساڵێکی کەم تێپەری نەدەکرد بە دیل گیراو خوشی بە هەزار زەحمەت لەو کەمینەی تورکەکان نەجاتی بوو. دیارە ئەگەر تەماشای دوکۆمێنتەکانی بەریتانیا بکەن لە سەر سمکۆ زۆر شتی تێدایە. یەعنی ئەو دوکۆمێنتانە هەموو باس لەوە دەکەن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمە دا بەرەو جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەڕوا، یەکێک لەو دوکۆمێنتانە دەڵێ : باشە ئەگەر کوردەکان ئێستا کە خەرێکن حکوومەتی فاسدی ئێران دەرووخێنن داوای ئەوەمان لێ بکەن کە پشتگیری ئەم پرۆژەی دەوڵەتە کوردیەکەیان بکەین و بەشێک بن لەو دەوڵەتە کوردییەی کە [ سیڤەر ] باسی کردووە مەعقووڵە ئێمە بڵێین لەبەر ئەوەی پەیمانمان بە ئێران داوە کە یەکیەتی خاکی بپارێزین، خۆمان لە ئاست ئەو سەرکەوتنەی کوردەکان بێدەنگ کەین؟ ئەڵێ : بەراستی کارێکی وا وەزعمان لە کوردستاندا دەخاتە حاڵەتێکی خراپ کورد قەبووڵ ناکات ئێمە لە سەر حیسابی ئەوان پەیمان نامەی خۆیان و بەرژەوەندی یەکانی خۆیان بەدێ بێنێن، دیارە هێندیک لەو ئەفسەرانە بە شێوەیەکی واقعی بۆچوونەکانی خۆیان



Sîmbola Komara Kurdistan, 1922,SIMKO






خستۆتە پێشەوە، بەڵام بریتانیەکان یا خۆ دەسەڵاتی باڵای بریتانیا بریاری ئەوە دەدات بە هیچ شێوەیەک نەک هەر هاوکاری سمکۆ نەکرێ بەڵکوو ئێمە دەبینین کە کودەتای شوباتی ساڵی 1921 کە بوو بە هۆی هاتنە سەر کاری رەزاخان راستە و خۆ دەستی سەید [ چیاالدین گباگبایی تێدا بوو ]. کودەتایەکی سیرف [ صرف ] بریتانی بوو. کاتێک بریتانیا ئەوەی دێت کە ئێران بەرەو پارچە پارچە بوون دەروا، لە باکوور جمهووریەتی گیلان دامەزراوە لە ئازەربایجان [ شێخ محمدخیابانی ] جمهووری ئازەربایجانی راگەیاندووە و پێوەندی یەکی توند و تۆڵی لە گەڵ سمکۆ هەیە، سمکۆ تەواوی رۆژهەڵاتی دەریاچەی وانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و لە خواریشەوە لە ناوچەی سنە مەحموود خانی دزڵی و سەرۆک عەشیرەتەکانی تر لە گەڵ شێخ مەحموود دا تێکەڵاو بوون و دەیانهەوێ دەسەڵاتێکی کوردی لەو بەینەدا دروست بکەن. ئەو پێی وا بوو ئەو مەسەلەیە بەرەو ئەوە دەڕوا کە بە فێعلی ئیستراتیژیەتی بریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەوێتە مەترسی. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بریتانیا بڕیاری وابوو کە ئێران تەنیا ناوچەی نفووزی بریتانیا خۆی بێ چونکو بۆ بریتانیا زۆر جێگەی بایەخ بوو. بە هۆی نفووزی بریتانیا لە باشوور. نەوتی ئەهواز، هاوسییەتیی ئێران لە دەوڵەتی رووسیە کە شۆڕشی ئۆکتۆبری تێدا بوو و سیستمێکی پێچەوانەی سیستمی رۆژئاوا ئایدۆلۆژیای رۆژئاوا تێدا هاتبوو سەرکار دەیان ویست لە ئێرانەوە گەمارۆی بدەن، لە ئێرانەوە و هاوکاری رووسە سپیەکان بکەن لە شەڕی ناوخۆ دا و هەروەها نفووزی بریتانییەکان لە مێزوپۆتامیا و هەروەها لە ئێران و پاراستنی خاکی ئێران. هەر بۆیە لە ١٩٢١ دا هاوکاری رەزاخانیان کرد کە بە شێوازێکی خێرا هێزەکانی زیندوو بکاتەوە، چەک و تەقەمەنی چاکیان پێ دا و جووڵانەوەکانیان یەک بە دوای یەک دا لە گیلان و ئازەربایجان خەڵتانی خوێن کرد و دوا جاریش رووی کردە کوردستان و هەتاکوو ساڵی ١٩٢٣ کە سمکۆی تێکشکاند رەزاخان و بریتانیەکان ئۆقرەیان نەکرت هەتا سەرنجام ساڵی ١٩٣٠ زایینی سمکۆیان بە شێوازێکی زۆر فێڵبازانە لە ناو شاری شنۆ دا کوشت دیارە سمکۆ بۆ خۆی هەم فارسەکان و هەم عەجەمەکانی باش دەناسی بەڵام بەداخەوە توانیان بیخەنە داوەوە.

هەرچەند بە تەنیا لە گەڵ فارسەکاندا نەچوو بووە سەر میزی گفت و گۆ، بەڵکوو دوو سەد چەکداری لە گەڵ دا بوو و تەواوی سەرۆک خێڵەکانی هەرکی و گەردی لە گەڵ دا بوو، بەڵام پیلانی کوشتنەکەی بە شێوازێکی زۆر زیرەکانە دارێژ رابوو کە ئەتوانین بە جۆرێک لە کۆمەڵ کوژی یان ژێنۆسایدی لە قەڵەم بدەین کە بە تەنیا مەسەلەکە سمکۆی نەگرتبوو، بەڵکوو نۆ کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە کە لە شاری شنۆ لە گەڵ سمکۆ دا بوون.

لێرەوە من سەعاتێک دوو سەعاتی تریش قسەتان بۆ بکەم پێم وانی یە بتوانم بە وردی تەواوی مێژووی سمایل خانی سمکۆتان بخەمە بەرچاو، ئەوەندەی هەیە سمایل خانی سمکۆ رێبەرێکی گەورەی جووڵانەوەی نەتەوایەتی و رزگارێخوازی گەلی کورد بووە. بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونە شۆڤینیستانەی کە پێیان وایە جووڵانەوەکەی یاغیگەرێکی خێڵەکی یە، ئەم جووڵانەویە کۆمەڵێک فاکتەری زۆر گرێنگی لە پشتەوەیە کە بەشێک لەو فاکتەرانە بریتین : لەوە کە دروست بوونی دەوڵەتە نەتەوایەتی یەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەر هەموویان ئاکامی دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو لە لایەن زلهێزەکانەوە دەوڵەتی ئەردەن [ اردن ]، دەوڵەتی سووریە، دەوڵەتی عێراق میرنیشیەکانی کەنداو پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێران و گۆرینی لە ئیمپرۆاتووریەتەکی قاجاری یەوە بۆ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی ئێرانی یە ئێرانچیەتییەکی تەواو، ئەمانە تێکرایان پاڵپشتی زلهێزەکان بە تایبەتی بریتانیای لە گەڵ بووە. دیارە لەو بەینەدا مستەفا کەماڵ و بزووتنەوەی کەماڵی دەتوانی وەک ئەوانەی دیکە نەبێ بەڵام جووڵانەوەی کەماڵیش ئەگەر هاوکاری رووسەکان نەبوونایە کە بە نوێنەری بورژوازی نیشتمانیان لە قەڵەم دەدا و بە هەزاران رۆبڵ و بە بارها چەکیان بۆ دەنارد ئەو جووڵانەوەیە نەیدەتوانی لە بەرامبەر یونای یەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت. دیارە سمکۆ تەواوی ئەو هێزانەی تاقی کرد بووە نەک لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانی لە جووڵانەوەکەی نەکرا، بەڵکوو لە لایەن هەموویانەوە بە توندی دژایەتی کرا، یەکیەتی سۆڤیەتیش لە رێکەی فیرقەی یازدەی بەلشەویکەکان بە هاوکاری ئێرانیەکان هەوڵیان دەدا بۆ گەرانەوەی لەشکری ئێران بۆ ناوچەکە، چونکە رووسەکانی بەڵشەویکێش بە رەزاشا هەڵ خەڵەتا بوون، پێیان وا بوو بەفێعلی رەزاشا کابرایەک نوێنەری بۆرژوای نێشتمانی یە، ئەوان دووهەم لایەن بوون لە پاش بریتانیا ئێعترافیان بە دەوڵەتەکەی کرد. تەنیا چوار رۆژ دوای کودەتاکەی ئیعترافیان پێ کرد. لە گەڵ ئەو هەموو هەوڵەی سمکۆ لە گەڵ رووسەکاندا نەک پشتیگیری یان نەکرد بەڵکوو هەم لە رووی ئابووری یەوەم هەم لە رووی سیاسی یەوە، هەم لە رووی چەکداری یەوە پشتگیری دوژمنەکەشیان کرد. دیارە کێشە ناوخۆیەکانی ئێمە هەموو کات لە بەر چاومانە، مەسەلەی کەم و کورتی یە ناوخۆیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری فاکتەرێکی زۆر گرێنگن و دەتوانێن یەکسانی بکەین بە فاکتەرە نیودەوڵەتی یەکان، بەتایبەت ئێمە دەزانین رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە ماوەیەک بوو داری بە سەر بەردی یەوە نەمابوو، شاری وای هەبوو ٥ جار سووتاو بوو، دروست کردنی دەوڵەت لەسەر خاکێکی سووتماک و وێران کراو بە تەنیا لە لایەن کەسێکی وەک سمکۆ بەبێ پشتیوانی کارێکی زۆر زەحمەت یان خۆد مەحاڵ بوو. سمکۆ خۆی لە قسە کردنەکان لەگەڵ ئەحمەد توقی و رەمزی قەزاز باس لە کەم کوری یە دەکات زۆر رەش بین دەبێت لە دوا ساتەکانی ژیاندا کە میللەتی کورد میللەتێکە لانی کەم لەم قۆناغە دا رۆحی بێگانە پەرستی خۆ بەکەم زانین و خەیانەتی زۆر تیدا بە هێزە، ئاخر ئەو لە پێناوی کورد دا تەواوی بنەماڵەی خۆی و






خودی خۆشی لەدەست داوە کە چی لە کاتێکدا تووشی تێکشکان هاتووە لە هیچ لایەکەوە ئاوری لێ نادرێتەوە، بێگومان لە قسەکانی دیکەی لە گەڵ نووسەران یان شایەد حاڵەکانی ئەو سەردەمدا بە تایبەتی ئەوەی لای ئەحمەد تەقی کورد کردوونی بۆمان دەردەکەوی ئەم کەسایەتی یە چۆن ئەو قۆناغە مێژوویی نەتەوایەتی یە دا لەو کاتە دا کە کورد بەرەو هەڵدێر و کوردستان بەرە و دابەشکردن دەچێ و هەر بەشێکی بەرەو بەستنەوەی بە دەسەڵاتێکی داگیرکەر و شۆڤینیستی یەوە دەروا، کارێگەری زۆر مەنفی لە سەر کردەوە و چۆن دڵی شکاوە بە چ شێوازێک تووشی رەش بینی کردووە. لەم هەل و مەرجە نادیار و ئاڵۆزە دا هەرچی یەک بێت قسە کردن لەسەر سمکۆ زۆری دەوێت، لە کۆتایی دا من درووود بۆ گیانی پاکی سمکۆی قارەمانی رابەر یان کەڵە پیاوی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد دەنێرم و لێرەوە هیوای سەرکەوتن بۆ فکری سمکۆ و فکری هەموو ئەو سەرکردانەی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد دەخوازم کە هیوایان سەربەخۆیی کوردستا بووە. هیوادارم کە ئەم بیروباوەرە پتەوتر بێت. دیارە ئەم بیرە باوەرە لە قۆناغێکی دا کە ئامانجی نوخبەی کوردی بووە، بەڵام هەنووکە وای لێهاتووە لە سەدا نەوەدو و هەشتی [ ٩٨ % ] خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی کورد دەدەن.

سەرچاوە : گۆڤاری تیشک ژمارە ١٩

دووبارە تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی

## کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان لەمەڕ کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات




س. چ. هێرش

به گوێرەی(مێژنامەی پەنجا ساڵ شاهەنشایی پەهلەوی)

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، ڕاگوێزران و وەرگێڕانەوەی گرینگترین ڕووداوگەلێکی سیاسی ـ نیزامی(سەربازی)ی زەمانی دوو پادشای بنەماڵەی پەهلەوی(ڕەزا شا و حەمەڕەزاشا) ن، سەبارەت بە کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە کتێبی(مێژنامەی پەنجا ساڵ شاهەنشایی پەهلەوی)دا تۆمارکراون.

شیاوی گوتنە کە سەرجەمی ڕووداوە تۆمارکراوەکان لە پێنج پاژ (جڵد) پێکهاتوون و لەلایەن (بنکەی چاپ و بڵاوکراوەکانی سوهەیل) ئامادەکراون و لە شاری پاریس لە چاپ دراون. دیارە لە کۆتایی پاژی پێنجەمدا، کورتە شیکردنەوەیەکیش لەلایەن «شوجاعەددینی شەفا» خراوەتەڕو و، تێیدا هاتووە کاتێک ئەو زنجیرە مێژنامەیە کە لە ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧)دا لە لایەن (کتێبخانەی پەهلەوی)یەوە ئامادەکراوە، ئەو بەڕێوەبەری کتێبخانەکە بووە؛ پاشان بە جیگیربوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تەواوی نوسخەکانی ئەو مێژنامەیە دەسووتێندرێن و لەبەین دەچن. بە گوێرەی قسەی دوکتور «شوجاعەددینی شەفا»، تەنیا نوسخەیەک کە لە لای وی بووە دەمێنێتەوە و، هەر ئەویش دەبێتە دەقی ئۆرگیناڵ بۆ لە چاپدانەوەی ئەو زنجیرەیە.

ئەوەش بگوترێ کە دەگەڵ گێڕانەوە و وەرگێڕانەوەی هەر ڕووداوێک، ئەگەر باسەکە هەڵبگرێ و پێویست بە شیکردنەوە بێ، ئەوا هەوڵ دەدرێ ڕوونکردنەوە و زانیارییەکی زیاتریش بخرێتە سەر باسەکە.

شیاوی بیرخستنەوەشە کە ئەو کۆمەڵە(مێژنامە)یە تەواوی ئەو ڕووداوانە دەگرێتە خۆ کە لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ١٢٩٩ی هەتاوی ـ ٢٢ی فورییەی ١٩٢١ی عیسایی دەست پێدەکەن و لە ڕۆژی ٢٦ی ١٣٥٥ی هەتاوی ـ ١٧ی مارسی ١٩٧٧ی عیسایی کۆتاییان پێ دێ. دەستپێکی ڕووداوەکانیش ئەو ڕۆژەیە کە »ڕەزاخانی میرپێنج» سەرکردەی تیپی هەمەدان بە دووهەزار و پێنسەد کەس قەزاق، بە مەبەستی کۆدەتا لە دژی «سپەهداری ئەعزەم» بەڕێوەبەری دەوڵەت، بەرەو تاران هەڵمەت دێنێ و دوای سەرکەوتن، بە لەقەبی (سەرداری سپا) دەسەڵات دەگرێتە دەست. پاشان دوای تێپەڕکردنی گەلێک پلە و پایە و لەقەبی جۆراوجۆر، بە فێڵ و فەرەج و ڕێنوێنی ئینگلیسییەکان لە ڕۆژی ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٠٤ ـ ١٢ی دێسامبری ١٩٢٥، لە جێگەی ئەحمەد شا ئاخرین پادشای قاجارکە ئەو کاتە لە ئورووپا دەبێ، بە نێوی «ڕەزا شا» لە کاخی گولستان تاجی پادشایی لە سەر دەنێ و بەمجۆرە دەبێتە ئەعلاحەزرەت ڕەزاشا!!

نێوبراو لەو ماوەیەدا، واتە تا مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی ـ ١٩٤١ ی عیسایی، کە لە سەر تەخت وەلادەندرێ و حەمەڕەزای کوڕی لە شوێن دادەندرێ، بەڕێوەبەری ڕەشترین و پیسترین ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئێران بووە و، هەربۆیە دیسانیش وەک جاری جاران «سەد خۆزگە بە کفنذزی هەوەڵێ» دەبێتەوە وێردی سەر زاران. (س. چ هێرش)

کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان لەمەڕ کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات:

• ١ی خەرمانانی ١٣٠٠ی هەتاوی ـ ٢٥ی ئووتی ١٩٢١ی عیسایی

ڕێچکەی نیزامی(سەربازی)ی کە بە فەرمانی سەردای سپا بۆ سەرکوتی چەتە و سەربزێوەکانی کوردستان چووبوونە ئەو هەرێمە، دوای تێکشکاندنی هێزەکانیان، هێنمایەتییان لەو مەڵبەندە سەقامگیرکردەوە. (لاپەڕەی ٦)

ـ سەرنج: مەبەست لە چەتە و سەربزێوەکان، کوردە ڕاپەڕیوەکانی هەرێمی شکاک بە سەرۆکایەتی «سمایل ئاغای سمکۆ»ن. دیارە، سەرلەبەری ڕاپۆرتەکە هەڵەیە و سمکۆ لەو شەڕو پێکدادانانەدا بە سەر هێزەکانی دەوڵەتییدا سەردەکەوێ.



• ١٧ی سەرماوەزی ١٣٠٠ی هەتاوی ـ ٨ی دێسامبری ١٩٢١ی عیسایی

پیاوێک بە نێوی عەبدولرەحمان پاشا کە خۆی وەک نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیس ناساندووە، بە نهێنی لە بەغدا ڕا هاتە چەهریق{چاری} ناوەندی چەتە چەکدارەکانی ژێرفەرمانی سمایلی سمکۆوە و، دەگەڵ سەید تەها یەکێک لە سەرانی کوردەکان پێوەندی گرت و ڕایگەیاند کە ئەگەر عەمەلیاتی ئەوان بە مەبەستی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەویش بە یارمەتی ئینگلیس کوردەکانی عوسمانی ناچاردەکا کە لەو ڕاپەڕینەدا بەشداری بکەن. (لاپەڕەی ١٠)

ـ سەرنج: ئەو کەسە، زۆر ڕێی تێدەچێ «مستەفا پاشای یاموڵکی» بێ کە لەوکاتەدا بۆ چاوپێکەوتن و هێندێک پێشنیار دەچێتە لای سمایل ئاغا و تەنانەت وتوێژێکیشی دەگەڵدا دەکا کە لە کتێبی: «سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد»، نووسینی: محمد رسول هاوار، بە وردی ئاماژەی پێکراوە.

ـ سەید تەهای شەمزینی(نەهریّ) کوڕی شێخ محەمەد سەدیق و نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریّ، یەکێک لە هاوکاران و ڕاوێژکارانی سمایل ئاغای سمکۆ بووە.

• ٧ی ڕێبەندانی ١٣٠٠ی هەتاوی ـ ٢٧ی ژانڤییەی ١٩٢٢ی عیسایی

کلۆنێل «لیندبێرگ/لیندبەری»ی سوێدیی دوای تێکشکان لە دەست چەتە و سەربزێوەکان هاتە تەورێز و فەرماندەریی پاشماوەی هێزەکانی ژاندارمی دایە دەست نایب سەرهەنگ «پولادین». بەڵام یەکێک لە خاوەن پلەکانی پێشووی ژاندارمەری بە نێوی «لاهووتی» کە ئەم دواییانە بۆ جاری دووهەم لە سەرکاردامەزرابوو بە هاندانی ژاندارمەکان ، سەرهەنگ پولادینی خستەزیندان و خۆی وێڕای ژاندارمە فریودراوەکان لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی ڕاپەڕی. (لاپەڕەی ١٢)

• ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٠٠ی هەتاوی ـ ٨ی فورییەی ١٩٢٢ی عیسایی

بە فەرمانی سەرداری سپا {ڕەزاخان}، سەرتیپ حەبیبوڵا شەیبانی وێڕای هێزی سەربازی بەرەنگاری لاهووتی بووەوە و دوای تێکهەڵچوونێکی توندوتیژ، خۆڕاگریی وی ێکشکاند و لاهووتی و چەند کەس لە یاغیبووەکان هەڵاتن و ئەوانی دیکەش خۆیان بەدەستەوەدا. (لاپەڕەی ١٣)

• ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٠٠ی هەتاوی ـ ١١ی فورییەی ١٩٢٢ی عیسایی

ئەبولقاسمی لاهووتی دەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیان کە پەیتا پەیتا لە ڕێژ ڕاوەدوونانی سەربازیدا بوون، بە تاڵووکە خۆیان گەیاندە سنوور و بەرەو ڕووسیا هەڵاتن. (لاپەڕەی ١٣)

ـ سەرنج: «ئەبولقاسمی لاهووتی(١٨٨٧-١٩٥٧)» شاعیری شۆڕشوانی کرمانشایی چەند جار لە دژی هێزە دەوڵەتییەکان ڕادەپەڕێ و ئاخر جار ناچار دەبێ ڕووبکاتە وڵاتی ڕووسیا و، هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکا. دیارە ڕاپەڕینی لاهووتی لەو سەروبەندیدا، هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆی بە ویست و ئامانجی کوردایەتی و ناسیۆنالیستییەوە نەبووە. تەنانەت لە شاری شەرەفخانەی ئازەربایجان کە دەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ تووشی شەڕ دەبێ، تێکدەشکێ و پاشەکشەی دەکا.

• ٢١ی گەلاوێژی ١٣٠١ی هەتاوی ـ ١١ی ئووتی ١٩٢٢ی عیسایی

قەڵای چەهریق بنکە و پەناگای سمایلی سمکۆ یاغیی بەناوبانگ کە کوشتار و جینایەتەکانی وی ئازەربایجانی وە لەرزە خستبوو بە هۆی هێزە بەڕێکراوەکانی سەرداری سپا{ڕەزاخان} گیرا. لەو قەڵایە هەژمارێکی زۆر لە چەکی دەوڵەتیی کە سمکۆ لە ماوەی سەربزێوی و هەڵمەتەکانی خۆی بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتیدا دەستی بەسەرداگرتبوون ئەستێندرانەوە. چەکدارەکانی سمایلی سمکۆ کە هەڵاتبوون بە هۆی هێزەکانی دەوڵەتی ڕاونران. (لاپەڕەی ٢٠ )

• ٣١ی گەلاوێژی ١٣٠١ی هەتاوی ـ ٢٢ی ئووتی ١٩٢٢ی عیسایی

ئەحمەدشا{قاجار} بە پێی تێلگرامێک کە بۆ سەرداری سپا و وەزیری جەنگی نارد، لە خۆبەختکردن و کۆششەکانی سەرداری سپا و سەربازە ئازاکان کە کۆتاییان بە گێرەشێوێنیی چەتە و سەربزێوەکانی ناوچەکانی چەهریق و سەڵماس هێناوە، قەدردانی کرد. (لاپەڕەی ٢٠ )






## چاوپێکەوتن و چوونی سەردارسپا(ڕەزاخان) بۆ لای سمایلاغای سمکۆ

- **٣ی خەرمانانی ١٣٠١ی هەتاوی ـ ٢٥ی ئووتی ١٩٢٢ی عیسایی**

بە بۆنەی داگیرکردنی قەڵای چەهریق(چاری) لە لایەن هێزەکانی نیزامی و بنەبڕکردن و لەناوبردنی یاغییەکان لە ڕۆژئاوای ئازەربایجان، سەردار سپا و فەرماندەری گشتیی هێز بە پێی فەرمانێک لە چالاکی و خێرایی کردەوەی سەرتیپ «ئەمانوڵلا میرزا» ڕەئیسی گشتیی ئەرکانی شەڕ و فەرماندەری گشتیی هێزی ئازەربایجان و ئازایی خاوەنپلە و سەربازگەلێک کە لەم عەمەلیاتانەدا بەشداربوون ڕێزی لێ گرتن. (ل ٢١ )

- **٥ی خەزەڵوەری ١٣٠١ی هەتاوی ـ ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٢٢ی عیسایی**

بە فەرمانی سەدارسپا، سەرتیپ فەزلوڵلا زاهیدی فەرماندەریی ئەستوونی گارد و سەرتیپ ئەمانوڵلا میرزا جەهانبانی فەرماندەری گشتیی هێزی ئازەربایجان و نایب دووهەم غولامعەلی بایندور فەرماندەری دەستەی ئاورباری گارد و دوو کەس لە خاوەنپلەکانی تر کە لە بنەبڕکردن و لەناوبردنی کوردەکان و سەربزێوان و پاککردنەوەی ناوچەگەلی ئازەربایجان و دیلمەقان لە یاغیبووەکان، بوێریی و ئازایەتییان نواندبوو شانازی وەرگرتنی نیشانی زولفەقاریان پێ برا. (ل ٢٢ )

ـ سەرنج: ئەوە ڕاستە کە سمایل ئاغای سمکۆ لەم شەڕەدا تێکدەشکێ و بەرەو سنوور پاشەکشە دەکا، بەڵام هەروەک لە ڕووداوەکانی دواتردا دەردەکەوێ، چەند جاری دیکەش بەرەنگاری هێزەکانی ژێر فەرمانی سەردارسپا {ڕەزاخان} دەبێتەوە تا ئەوەیکە بە فێڵ و دەهۆ دە داودەکەوێ و تیرۆردەکرێ.

- **١٧ی پووشپەڕی ١٣٠٣ی هەتاوی ـ ٨ی ژوئیبیەی ١٩٢٤ی عیسایی**

کارگێڕی کوردستان بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕاگەیاند کە کاپیتان «نۆل»ی ئینگلیسی و سەید تەهای کوڕی شێخ سەدیق، وێڕای دابەشینی چەک و تەقەمەنی بە سەر سەرۆک و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی دنە و هانیان دەدەن. (ل ٣١ )

- **٢ی گەلاوێژی ١٣٠٣ی هەتاوی ـ ٢٤ی ژوئیبیەی ١٩٢٤ی عیسایی**

خەڵکی شنۆ، بۆ ڕێزلێنان لە فیداکارییەکانی سەردارسپا لە پێناو جێگیربوونی هێمنایەتی و ئاسایش و قوتارکردنیان لە دەست یاغی و سەربزێوان، سەربازخانەیەکیان بە خەرجی خۆیان سازکرد و بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی نیزامی لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات پێشکێشی فەرماندەری گشتیی هێزیان کرد. (ل ٣٢ )

- **١٨ی خەرمانانی ١٣٠٣ی هەتاوی ـ ٩ی سێپتامبری ١٩٢٤ی عیسایی**

لە نێوان هێزەکانی سەرسنووری ئێران و پیاوە چەکدارەکانی سمکۆ لە باریکەی سنووری باکووری ڕۆژئاوای ئێران تێکهەڵچوونێک ڕوویدا کە لە ئاکامدا کوردەکان تابوشتی خۆڕاگرییان نەهێنا و لە بەرانبەر هێزەکانی دەوڵەتییدا هەڵاتن. (ل ٣٣ )

## سمایلاغای سمکۆ دەگەڵ سەرهەنگ نەورۆزی

سەرنج: مەسەلەیەکی زۆر گرینگ کە لەو سەردەمەدا ڕوویداوە، بەڵام لە »مێژنامە..»دا ئاماژەی پێنەکراوە، چاوپێکەوتن و چوونی سەردارسپا (ڕەزاخان) بۆ لای سمایل خانی سمکۆیە. بۆ ئەوەی گرینگیی ڕاپەڕینی سمکۆ، بەپێچەوانەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە ڕوونتر بخرێتەڕوو، واتە بەر لەوەی سمایلاغای سمکۆ چەند ساڵ دوای ئەو ڕووداوانە لەلایەن هێزەکانی ناوەندییەوە تیرۆر بکرێ؛ سەبارەت بەم سەفەر و چاوپێکەوتنە، بیرەوەرییەکانی «ڕەزا ڕەفیع» نوێنەری «مەجلیسی سەنا»دێنینەوە کە کاتی خۆی هاوسەفەری ڕەزاخان بووە و، ئەو ڕووداوەی لە »ساڵنامەی دنیا» دا گێڕاوەتەوە:

«بانەمەڕی ١٣٠٤ی هەتاوی {١٩٢٥} بوو، سەردارسپا{ڕەزاخان} لەوپەڕی دەسەڵات کە تەواوی هێزەچەکدارەکانی وڵات لە ژێر فەرمانیدا بوون و دیاربوو لە داهاتوویەکی نزیکدا بارودۆخ بە کاوی وی دەبێ و تەخت و تاجی بە نسیب دەبێ، هەروەک شەش مانگ دواتر بە گوێرەی بڕیاری مەجلیسی شۆڕای میللی بە {سەرۆک}ی حکوومەتی کاتیی و پاش پێکهاتنی «مەجلیسی موئەسسیسان»یش بە پادشایەتی ئێران گەیشت.

## فراوین لە خزمەت شا (ڕەزاخان) دا

ڕەنگە زۆربەی خوێنەرەوان نەزانن ئەغڵەب ڕۆژان نەهار لە دیوەخانی شا{ڕەزاخان}دا دەخورا و دوای هێندێک حەسانەوە لای ئێواران لە خزمەت سەردارسپا، بە پێیان لە ماڵەوە کە ڕووبەڕووی زانکۆی ئەفسەری و ئێستە کاخی مەلەکەی دایکە، دەچووینە عیمارەتی وەزارەتی جەنگ و سەرۆک وەزیران{ڕەزاخان}، دوای ڕاپەڕاندنی کارەکان سەرلەنوێ پێکەوە بە پێیان دەڕۆیشتین و دەگەڕاینەوە کۆشک. لە خاکەلێوەی ١٣٠٤ شای داهاتووی ئێران بڕیاریدا سەفەرێک بۆ ئازەربایجان بکا، بەڵکە بکرێ بە هێزی تەگبیر مەسەلەی سمایلاغای سمکۆ کە بە دەهەزار پیاوی چەکدار تەیار بوو، چارەسەربکا. شەوێک کە لە خزمەتیاندا بە چوارڕێی حەسەن ئابادا دەڕۆیشتین فەرمووی:






فلانی من بڕیارێکی وەهام داوە و عەبدوڵلاخانی تەهماسبی فەرماندەری ئازەربایجان بە پێی چەند ڕاپۆرتێک کە بۆی ناردووم ڕایگەیاندووە کە ئەو سەفەرە پێویستە و بۆ داسەکناندنی عەشیرەت و خێڵەکان دەرمانی هەموو دەردەکانە کەوابوو ئێوەش خۆتان کۆبکەنەوە کە ئەو چەند ڕۆژە دەبێ بۆ لای ئازەربایجان بئاژۆیین.

ئەمن زۆر لەو سەفەرە نیگەران بووم و نیگەرانی خۆشم نەشاردەوە چونکە سمایلاغا بە ڕادەیەک دەسەڵات و نفوزی لە ئازەربایجان پێکەوەنابوو کە تا ئەوکاتە شەڕ و پێکدادانەکانی هێزی دەوڵەتی کە لە باری چەک و تەقەمەنییەوە زۆر لە هێزی خوێنڕێژی سمایلاغا زێدەتر بوون، بە نەتیجە نەگەیشتبوو و هێزەکانی دەوڵەتی تێکدەشکان و دەسەڵاتی سمایلاغا هەراوتردەبوو، لە سەر ئەو ئەساسە عەرزم کرد ئایا بەو پێشینەیە سەفەرکردن بە سەلاحە؟

فەرموویان: چ دەبێ با ببێ، دەڕۆین و تەنانەت دەمەوێ خۆم چاوم بە سمایلاغا بکەوێ تا بزانم قسەی حیسابی وی چییە.

... سەرلەشکر تەهماسبی کە ئەفسەرێکی بە تەگبیر بوو، ئاکامی ئەو سەفەرەی بە گومانەوە چاولێدەکرد، دوای کەمێک فکرکردنەوە گوتی ئایا ئیجازە دەفەرمووی لە هێزە مۆڵدراوەکانی پادگانی ورمێ بۆ پاراستن و هێمنایەتی ڕێگاکان کە لەوپەڕی نائەمنییەوە دە ئاوری بێدادی سمایلاغادا دەسووتێن دەگەڵ خۆمان ببەین؟

شا{ڕەزاخان} لە وەڵامدا گوتی: نا، حەوجێمان بە تفەنگچی نییە، ئەمن دەمەوێ بەم جلانە و هەر بەو ژمارەیە لە خزمەتکاران کە لە تارانەوە حەڕەکەتمان کرد خۆم بە سمایلاغا نیشان بدەم و تێی بگەیێنم ئێمە قەستی براکوژی{!!}یمان نییە و دەمانەوێ بە ڕوحی پێکەوەژیان ئەو دووبەرەکی و سەربزێوییە لە ناوبەرین.

... بەهەرحاڵ سبەی ئەورۆژە بە وەسیلەی چەند دەزگا ئۆتۆمبیلی فوردی مۆدێلکۆن بەرەو سەڵماس ئاژواین، لە فەرسەخێکی سەڵماسەوە لەپڕ چاومان بە سوارەکانی سمایلاغا کەوت کە لە دەوروبەری جادە ڕیزیان بەستبوو، هەموویان سوار لە سەر ئەسپ و چەکدار بوون، چاوی ئەو سوارانە خوێنیان تێزابوو، تێکڕا ملەستوور و لە تیرئاوێژیی و ئاژاوە و کوشتن و تاڵان بەنێوبانگ بوون. هەڵبەت پێشتر خەبەری سەفەری سەردارسپا{ڕەزاخان} و هاوسەفەران بە سمایلاغا گەیشتبوو، ژمارەی ئێمە سەرجەم شەست و دوو کەس و هیچ سەرباز و ئەفسەرێکمان دەگەڵ نەبوو کە بە شکڵی چەکدار و گیانپارێز بن.

سەرداسپا و بە دوای ئەویشدا هاوڕێیان لە ماشێنەکان دابەزین و لە بەرانبەر ڕیزی درێژی هێزی سمایلاغا کە نزیکەی پێنجهەزارکەس دەبوون تێپەڕین، تەواوی چەکدارەکان زەق زەق چاویان دە سەردارسپا بڕیبوو و هیچ ڕێزێکیشان نەدەنواند، سەرانی لەشکر کە دەگەڵدا بوون حیسابی کاریان هاتەدەست و بە ئەندازەیەک ترس و دڵەڕاوکێ بە سەریاندا زاڵ ببوو کە سەرلەشکر خودایارخان هەر لە دەقیقەی یەکەم بە ماشێن گەڕاوە و حازرنەبوو پیادە لە بەرانبەر ڕیزەکانی ئەو خوێنڕێژانە تێپەڕێ. لە سەروسەکوتی سەردارسپا دەردەکەوت شای داهاتووی ئێرانیش دە دڵەڕاوکێییەکی سەیر دایە بەڵام ددان بە جەرگی خۆیەوە دەگرێ و، وەک فەرماندەرێک کە لە هێزەکانی خۆی سان ببینێ لە بەرانبەریاندا تێدەپەڕێ، ڕیزی ئەشراڕ(یاغییوان) کە هەموویان سوارە بوون ئەوەندە درێژ بوو نەدەهاتە ئەژمار. لە ئاخیری ڕێزەکەدا بوو کە قەڵافەتی سمایلاغای سمکۆ بە جلی کوردی دەرکەوت. سەرلەشکر ئەمیر تەهماسبی کە چەند هەنگاو لە پێش سەردارسپا و ئەوانی دیکەوە بوو گەورەترین فێڵی بەکارهێنا و دەستبەجێ خۆی گەیاندە سمایلاغا و وەک برایەک کە لە سەفەرێکی دوورودرێژ گەڕابێتەوە خۆی دە ئامێزی سمایلاغا هاویشت و بە گەرمی ڕوومەتی ماچکرد و ئەحواڵی پرسی. ئەو ڕەوتارەی سەرلەشکر تەهماسبی کاری خۆی کرد چونکە ئێمە تا دە دەقیقە پێش یەقین و باوەڕمان وابوو گیانی خۆمان لە دەست داوە و بە سیلەیەکی چاوی سمایلاغا گەورەترین کەسی مەملەکەت کە سەردارسپا{ڕەزاخان} بێ و لە دوای ئەویشا ئێمە ئەنجن ئەنجن دەکرێین بەڵام تەگبیری سەرلەشکر تەهماسبی باعیس بوو کە سمایلاغا دەگەڵ گەیشتنی سەردارسپا لە بەرانبەریدا ڕێزبنێ و خۆی بگەیێنێتە سەرۆکوەزیر{ڕەزاخان} و وێڕای ئەحواڵ پرسی خۆشی و کامەڕانیی بۆ بە ئاوات بخوازێ.

## پۆز و ئیفادەی سمایلاغا

سمایلاغا بە ڕادەیەک خاوەندەسەڵات و خۆخواز بوو کە لە بەرانبەر سەردارسپادا دەستی لە بەر پشتێنی نابوو، هەڵبەت کەمێکیش هەقی بوو چونکە وێڕای هێزە زۆروزەوەندەکانی خۆی دەگەڵ سەردارسپا ڕووبەڕووببوو و ئەگەر غەیرەی ئەوەشی کردبا، وەج و نفوزی خۆی لە دەست دەدا، چونکە لەمێژبوو وای دە کەسانی خۆی گەیاندبوو کە لە سەرانسەری ئێراندا کەس لەوی خاوەندەسەڵاتتر و بەنفوزتر نییە و هەموو کەس تەنانەت سەرۆکوەزیر{ڕەزاخان}یش لە ژێر فەرمانی ویدایە!

هەڵسوکەوتی سەردارسپا دەگەڵ سمایلاغا زۆر ساردوسڕبوو، لەوێ وەڕێکەوتین و لە نێوەڕاستی شار گەیشتینە کاروانسەرایەک. لە کاروانسەراکە پێشتر چوارپێچکی داریان دانابوو. لە سەر چوارپێچکەکان دانیشتین، {ڕەزاخان} کەمۆکێک دەگەڵ سمایلاغا قسەی کرد بەڵام لەبەر ترس و دڵەڕاوکێ کە بە سەر هەمووانـدا زاڵ ببوو و هەر ئێستە دەو فکرەدا بوون کە هێندەنابا هێزی سمایلاغا پەلامار بێنن، {ڕەزاخان} هیچ گفتوگۆیەکی دەگەڵ سمایلاغا نەکرد و نەیانپرسی مەبەستی ئێوە چییە و چ دەبێ بکرێ؟ هێشتا چەند دەقیقەیەک تێنەپەڕیبوو وێنەگرێک بە ئامێری وێنەگرتن کە لە سەر چوارپێچکێک دانرابوو هاتە ناو کاروانسەرا و سمایلاغا داوای کرد ئیجازەبدەن دەگەڵ سەردارسپا وێنەیەک بگرن، شا{ڕەزاخان} خۆی کە بە زمانی تورکی دەگەڵ سمایلاغا دەپەیڤی دوای بیستنی ئەو داوایە ڕووی لە من کرد و بە زمانی گیلەکی کە سمایلاغا تێی نەدەگەیشت فەرمووی: فلانی ئێوە هەستن وێنەیەکی دەگەڵ بگرن و بەویش بڵێن کە ڕەزا{خان} سەروکاری دەگەڵ وێنەگرتن نییە. لە وەڵامدا گوتم بە هیچ چەشنێک بەندە پێم خۆش نابێ دەگەڵ خەڵکێکی یاغی وێنە بگرم ئەمن موعاف بفەرموون.

سەرلەشکر تەهماسبی کە ئەو گفتوگۆیەی دەبیست ڕاوەستانی بە باش نەزانی، سمایلاغا و وێنەگری کێشایە قەراخێک و چەند وێنەیەکی لە حاڵەتگەلی جۆراوجۆردا دەگەڵ گرت






و بە تەگبیری دووهەمی خۆی لە هەڵە و پێشهاتێکی ناخۆش بەرگری کرد.

سمایلاغا سەرلەنوێ گەڕاوە و لە حزور سەردارسپا لە سەر چوارپێچکەکان دانیشتەوە. سەرۆکوەزیران و فەرماندەری گشتیی هێزەکانی ئێران{ڕەزاخان} ئۆنیفۆرمی سەربازی دەبەردابوو بەڵام هیچ دەمانچەی دەبەر قەدیدا نەبوو. کەچی بەپێچەوانە سمایلاغا غەرقی چەکی سارد و گەرم بوو و، هیچ زەردەخەنەیەکی لە سەر لێو نەبوو، دەو دەمەدا چایان هێنا، چا خورایەوە و شای داهاتووی ئێران ئارەزووی لەسەر ئەوەبوو پشوویەک بدا. چونکە لای زەردەپەڕ بوو، خانوویەکی ساکاریان لە قەراخ چۆم بۆ شا{ڕەزاخان} لەبەرچاوگرت کە شەو تێیدا پاڵ بکەوێ.

### کایەی تەختەنەرد دەگەڵ سمایلاغا گیانی شا (ڕەزاخان)ی کڕیەوە

دەگەڵ سەرلەشکر تەهماسبی خەریکی قسەکردن بووم، گوتی فکرێکم بە زەین گەیشت دەستبەجێ نایب یەکەم ئیبراهیمیم ڕاسپارد بچێتە مولاقاتی سمایلاغا کە هەر ئێستە لە ناو قشون لە چادرێکدا سەرنجدەری بارودۆخە، بچێ و بە زمانی لووس و نەرمی خۆی سمایلاغا بخافڵێنێ و بەتایبەت ئەختم جەخت کرد کایەی (تەختەنەرد)ی دەگەڵ بکا کە زۆری پێخۆشە و تا دەشتوانێ پێی بدۆڕێنێ بەشقەم سمایلاغا سەری گەرم بێ و بە عیشقی بردنەوە لە دەرکردنی هەرچەشنە بڕیارێک خۆببوێرێ، هەتا بەیان دادێ و سەڵماس جێبێڵین.

ئیبراهیمی زۆر بە زەحمەت تا بەیانی سمایلاغای خافڵاند، خۆی سەرلەشکر{تەهماسبی}یش چەند جاران سەری لە چادرەکەی سمایلاغا دا و بۆ کایەی نەردێن هانی دەدا و بە دەست و تاسی هەڵدەگوت.

بەکورتی تا بەیانی، زراوچوو چاومان لە سەریەک دانەنا و بەیانی شەوەکی بەبێ ماڵئاوایی دەگەڵ سمایلاغا، سواری ئۆتۆمبیلەکانی خۆمان بووین و سەڵماسمان بە پێنجهەزار هێزی چەکداری سمایلاغا جێهێلا و تا نزیک شاری ورمێ لێکدالێکدا پشت سەری خۆمان چاو لێدەکرد و پێمان وابوو هێزەکانی سمایلاغا ب دوومانەوەن.

ئەو سەفەرە یەکێک لە ڕاچڵەکێنترین سەفەرەکان بوو و لە یادمە هەروەخت لە خزمەت خاوەنشکۆ{ڕەزاخان} سەفەری سامناکی سەڵماسی دەهاتەوەبیر بۆ ماوەیەک مچوڕکێکی ڕوحی بە لەشدا دەهات.

چەندێک دواتر سەرلەشکر ئەمیر تەهماسبی بۆی گێڕامەوە سمایلاغا پاشان بەوی گوتبوو گەورەترین هەڵەی ئەو شەوە کردبوو ئەگەر تۆزوخۆڵێکی کەمۆکەی وەرێخستبا و سەردارسپا{ڕەزاخان}ی لەناوبردبا، بەبێ شک تەواوی خاکی ئازەربایجانی لە ژێر چنگدا دەبوو و داخی دەخوارد بۆچ نەیکرد و هەرچەند بە تەمابوو ئەگەر کار نەگاتە قەتڵ و کوشتاریش ژمارەیەک و لەوانە سەردارسپا بەدیل بگرێ*، قومار و نەردێنی ئەو شەوە سمایلاغای لەو فکرە گێڕاوە و کاتێکیش وەخۆهاتەوە کە هەزاران تمەنی بردبۆوە مەل لە قەفەس فڕی بوو». (تاریخ بیست سالە ایران، جلد سوم، نگارش و تالیف: حسین مکی){ل ٣٧٣-٣٨١}.

### سجیل وەرگرتن، سەربازی، شەپکەی پەهلەوی، تیرۆری سمایل ئاغای شکاک

هەروەک لە کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکانی بەشی یەکەم و دووهەم کە پێشتر بڵاوکرابوونەوە باسکرا، سمایل ئاغای شکاک ڕێبەری بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دوای ئەوەیکە لە ١٨ی خەرمانانی ١٣٠٣ی هەتاوی(١٩٢٤) بە هۆی ساردبوونەوەی گەلێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لە درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی، لە شەڕێکی نابەرانبەردا هەرێمی شکاک و ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی بەجێدێڵێ و بە ناچاری ڕوودەکاتە دیوی کوردستانی باکوور؛ ماوەیەکیش لە کوردستانی باشوور(گەرمێن) لە لای شێخ مەحموودی حەفید دەمێنێتەوە، بەڵکە بتوانێ بە خۆپۆشتەکردنەوە و وەرگرتنی یارمەتی دیسان تێهەڵچێتەوە و درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدا.

بەڵام وەک لێرەدا باسی لێوەدەکرێ بارودۆخی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و، بەهێندنەگرتنی شۆڕشی کورد لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمەوە، دەبنە هۆی ئەوە کە شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ، لەلایەن مەیتەرێکی بێ ناوونیشان و خزمەتکارێکی پێشووی هێزەکانی ئینگلیس کە لە داهاتوودا بازی بە سەردا هەڵداوێن و دەیکەنە پادشای ئێران، لەناوبچێ.

شیاوی گوتنە کە ڕەزاخانی پەهلەوی لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٠٤ (١٢ی دێسامبری ١٩٢٥)، بە پێی ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە مەجلیسی شۆڕای میللی، خۆی وەک پادشای ئێران(١٩٢٥ - ١٩٤١) دەناسێنێ و سوێندی خزمەت و وەفاداریی(واتە دزیی و خەیانت و پاشانیش هەڵاتن) بەجێ دەگەیێنێ.

لەوبەشەدا، کرۆنۆلۆژیی چەند ڕووداوی گرینگ کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی کورددا تەئسیری بەرچاویان هەبووە، دەخرێنەڕوو و، پاشانیش هەرکام لە خاڵە ڕووخراوەکان بە گوێرەی پێویست تاوتوێ دەکرێن:

- ٢٠ گەلاوێژی ١٣٠٧ی هەتاوی ـ ١١ی ئووتی ١٩٢٨ی عیسایی

. قانوونی تازەی سجیلی نفووس بریتی لە ١٦ خاڵ بۆ دەرکردنی وەرەقەی هەوێتی و دیاریکردنی نێوی بنەماڵە (شۆرەت)ی کەسەکان لەلایەن مەجلیسی شۆڕای میللی






پەسندکرا.(گاهنامە.. جلد١ ، ٦٩) ※

• ١ی ڕەزبەری ١٣٠٧ی هەتاوی ـ ٢٣ی سێپتامبری ١٩٢٨ی عیسایی

. فەرمانی پادشایانەی پێوەندیدار بە بانگکردنی مەشموولەکانی خزمەتی گشتی(سەربازی) ڕاگەیێندرا. (گاهنامە.. جلد١ ، ٧٠) ※

• ٦ی بەفرانباری ١٣٠٧ی هەتاوی ـ ٢٧ی سێپتامبری ١٩٢٨ی عیسایی

. قانوونی یەکدەستکردنی جلوبەرگ(لیباس) لەلایەن مەجلیسی شۆڕای میللییەوە پەسندکرا. بە پێی ئەو قانوونە تەواوی هاووڵاتییانی نێرینە جگە لە ڕوحانیی(ئاخوند)ەکان، پێویستە لیباسی یەکدەست دەبەربکەن. (گاهنامە.. جلد١ ، ٧٣) ※

• ١٠ی بەفرانباری ١٣٠٧ی هەتاوی ـ ٣١ی دێسامبری ١٩٢٨ی عیسایی

. فەرمانی خاوەنشکۆ ڕەزا شا لەمەڕ یەکدەستبوونی جلوبەرگی هاووڵاتییانی ئێران لە ناوەوەی وڵات کە لە شەشەمی بەفرانبار لەلایەن مەجلیسی شۆڕای میللییەوە پەسندکرابوو، شەرەفی دەرچوونی پێدرا. (گاهنامە.. جلد١ ، ٧٣) ※

سەرنج : ڕەزاخان دوای هاتنە سەر تەختی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢٥ ، لە پێناو دامەزراندنی «ئێرانێکی نوێ!»، ئەویش بە چاولێکەری لە »کەماڵ ئەتاتورک»ی سەرۆککۆماری تورکیا، لە ساڵی ١٩٢٨دا، یەک لە دوای یەک قانوونگەلی سجیل وەرگرتن، بەسەربازبردنی ئیجباری (مەشموول) و، دواتریش قانوونی جلگۆڕین و یەکدەستکردنی جلوبەرگ دەردەکا کە لە مەجلیسی شۆڕای میللی ـ مەجلیسی مۆرەچنراوی دەستکردی ڕەزاخان، پەسند دەکرێن. بە پێی ئەو فەرمان و قانوونانە، کاربەدەستانی سەر بە ڕێژیم لە تەواوی ئێران بە گشتی و لە ناوچەکانی کوردستاندا بەتایبەتی، بە شێوەیەکی وەها دڕندانە و زاڵمانە، وێڕای بوغز و غەرەزی نەتەوەیی دەگەڵ خەڵکی کورد دەجووڵێنەوە کە نارەزایەتی و ڕق و قین و بەرەنگاربوونەوە بەوپەڕی خۆی دەگا و، لە زۆر شوێنی کوردستان ڕاپەڕین و سەربزێوی سەر هەڵدەدا. بۆ نموونە دەکرێ بە ڕاپەڕینی «مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی» کە هەر لەوساڵەدا(١٩٢٨)، بە دژی قانوونی یەکدەستکردنی جلوبەرگ و بەتایبەت بە دژی لەسەرکردنی کڵاو یان «شەپکەی پەهلەوی» بەڕێوەچووبوو، ئاماژە بکرێ. ئەو ڕاپەڕینە لە کوردەواریدا بە »شۆڕشی دژی شەپکە» نێوی دەرکردووە.

«مەلا مارفی کۆکەیی» شاعیری ناوداری ئەوسەردەمە لەوبابەتەوە گوتوویەتی:

دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم

شەهرەبانی حازرە و داوای کڵاوم لێدەکا

سەیری خۆشتر، من کە »مەعرووف»م لە نێو ئەم شارەدا

تازە »ئیحسائییە» داوای ئیسم و ناوم لێدەکا

• ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٠٩ی هەتاوی ـ ٢١ی ژوئیەی ١٩٣٠ی عیسایی

. فەرماندەری لەشکری باکووری ڕۆژئاوی وڵات بە خاوەنشکۆ ڕەزا شای ڕاگەیاند کە لە شەڕو تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی یەکەکانی نیزامی لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات دەگەڵ هێزە شەڕکەرەکانی سمایل ئاغای سمکۆ کە لە تەحویلدانەوەی چەک و خۆبەدەستەوەدان بە هێزەکانی دەوڵەتی خۆیان دەبوارد، هێزی یاغیبووان پرژ وبڵاو بوون و خودی سمکۆ دوای ساڵەها یاغیبوون کوژرا.(گاهنامە.. جلد1 ، ٨٥) ※

لێرەدا بۆ ئەوەیکە، خەڵکی کورد و ناکورد بزانن کە دەوڵەت و حکوومەتە ناوەندییە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران(ئێستاشی لەگەڵدا بێ)، چ هەڵسوکەوتێکی دوژمنانە و سیاسەتێکی خوێڕییانەیان لە ئاست مەسەڵەی ڕەوای گەلی کورد ڕەچاو و پێڕەوکردووە و، هەروەها بزاندرێ کە کاربەدەستانی دەوڵەتیی ئێران، چ ترسێکیان لە دڵدا بووە و بە چ فرتوفێڵێک سمایل ئاغایان دە داو خستووە، لە زمان «ئیبراهیمی» حاکمی نیزامیی ئەو سەردەمەی مهاباد، کورتەیەکی ئەو ڕووداوە لە ژێر عینوان «ماجەرای قەتڵی سمایل ئاغای سمکۆ» دەخەینەڕوو:

"ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی(١٩٣٠ی عیسایی)یە. فەرماندەری لەشکری ئازەربایجان بە عۆدەی سەرتیپ «حەسەنی موقددەم»ە. شەڕەکانی ئاراڕات لە نێوان ئەرتەشی تورک و کوردە قاچاخەکانی ئاراڕات بەوپەڕی توندوتیژیی خۆی گەیشتبوو، بە شێوەیەک کە ڕاسپێراوانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و سەفارەتی کوبڕای تورکیا لە ئێران، ڕۆژ نەبوو موزاحیمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران نەبن و گلەیی نەکەن کە قشوونی ئێران بە کوردە قاچاخەکانی ئاراڕات کۆمەگ دەکا.

مەبەست لە لەفزی قاچاخ وشەیەکە کە ئەو ڕۆژانە بە سەر ڕێبەرانی کوردی تورکیا و عێراقیان دابڕیبوو کە لە کێوەکانی ئاراڕات لە دژی تورکەکان ڕاپەڕیبوون. لەوکاتەدا بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووکی عێراق کارگەلێک ئەنجام دەدرا و، شێخ مەحموودی بەنێوبانگ کە داواکاری پادشایەتی کوردستان بوو، ڕاپەڕیبوو و هۆی چەرمەسەریی مەلیک فەیسەڵی یەکەم پادشای عێراقی پێکهێنابوو کە خۆکوشتنی سەعدوون پاشا سەرۆکوەزیری نیشتمانپەروەر و بەشەرەفی عێراقی لێکەوتەوە. لەم ڕێکەوتەدا کە نووسەر بۆ بەڕێوەبەرایەتیی عەشایری مهاباد دەستنیشان و دوو ساڵ بوو کە لەم مەڵبەندەدا خەریکی بەجێگەیاندنی خزمەت بووم، سمایل ئاغای سمکۆ لە محاڵی «بارزان»... میوان بوو

... بڕیاری داوە بگەڕێتەوە ئێران و ئاژاوەیەکی نوێ وەڕێبخا بەڵکە بتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی ئاراڕات تا قەسری شیرین سێ مەملەکەتی ئێران و

عێراق و تورکیا بشێوێنێ و گۆڕەپان بە هەوساربەدەستانی سێ وڵاتی نێوبراو هەرچی زۆرتر تەنگەبەر بکا.

ئێمە ناچاربووین بەرەورووی مەترسی ببینەوە، تەیموور نێوێکی کوردی قاچاخی ئاراڕات کە ماوەیەک بوو بە هۆی پێکانی گوللە لە شەڕدا بریندار و دەستبەسەر کرابوو و ماوەیەکیش لە گرتووخانەی نیزامیدا مابۆوە لەلایەن لەشکری ئازەربایجانەوە ڕەوانەی لای من کرا، کە بە هۆی نێوبراوەوە دەگەڵ سمایل ئاغا پێوەندی بگرم. نێوبراو هەڵگری نامەیەک لە لایەن فەرماندەری لەشکر و من بە سمایل ئاغا بوو کە تێیدا ئەومان ڕێنوێنی دەکرد باشترە لەم سەرگەردانییە خۆی قوتار بکا و بگەڕێتەوە زێدی خۆشەویست و، ژێرفەرمانیی خۆی بۆ ڕەزا شای پەهلەوی بسەلمێنێ. بە ویمان بەڵێنی دابوو کە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران و قەبوڵکردنی مانەوە لە شوێنێک کە بۆی لەبەرچاودەگیرێ، لە هەر بارێکەوە ئاسوودە و خاترجەم بێ.

سمایل ئاغا کە بە خەیاڵی خۆی وایدادەنا دەسگایەک کە ئەوی بۆ خوڵقاندنی ئاژاوە ڕاسپاردبوو ئێمەشی هەر بۆ بانگهێشتنی وی ڕاسپاردووە، ئەم بانگهێشتنەی بە چاوێکی باش سەیر کرد و بڕیاری هاتنەوە بۆ ناو ئێرانی دەرکرد. لەوکاتەدا فەرماندەری لەشکر بۆ پێشکێشکردنی باسوخواسە پێویستەکان سەبارەت بە بارودۆخی ئاراڕات و سڕینەوەی بەد گومانی لە زەینی ڕاسپێراوانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و وەرگرتنی فەرمان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی شێخ مەحموود کە چاوەڕوان دەکرا بە ڕێگای سەردەشت و بانە و هەورامان لە ئێران ئاژاوەیەک بنێتەوە هاتبوە تاران.

... سەری شەوێ هەواڵێک بە من گەیشت کە سمایل ئاغای سمکۆ، بە مەبەستی ئێران، لە بارزانەوە بەرەو قەندیلی گەورە (زاگرۆس) وەڕێکەوتووە. ...

سەعات یازدەی بەیانی گەیشتمە شنۆ. لە ماڵە سەرهەنگ نەورۆزی، دەگەڵ سەرهەنگ دوکتور ئەمیر ئەعلەم و سمایل ئاغا و کەریم خان و خورشید ئاغا ڕووبەڕوبووم، سەرهەنگ نەورۆزی پێشتر جلی نوێ و خاوێنی بۆ سمایل ئاغا ئامادە و دەبەری کردبوو؛ لە تەک ئیسمایل ئاغا چاک و چۆنیم کرد، گوتی: هەر دەگەڵ گەیشتنم بۆشنۆ لە ئاغای سەرهەنگ نەورۆزی خەڵاتم وەرگرت.

کاتی فراوین بوو دەگەڵ سمایل ئاغا و حازران خەریکی نانخواردن بووین، ئەو لە سەر سفرە کە زۆر ڕووگرژبوو، گوتی: ئەمن ئیشتیام نییە تەنانەت ناشتوانم پێبکەنم. لەودەمەدا ڕووی لە خوسرەوی کوڕی کرد و گوتی هیچ نەبێ تۆ پێبکەنە کە من کەمێک لەو نارەحەتییە ڕوحییە بێمەدەرێ. لە کاتی نانخواردندا بووین کە ئۆتۆمبیلێک گەیشتەجێ و دەرکەوت بەردەستەکانی سەرتیپ موقەددەم فەرماندەری لەشکرن.

دوای خواردنی فراوین محەمەد پێشخزمەتی سەرتیپ موقەددەم هاتەژوورەوە و فەرمانێک کە بۆ سەرهەنگ نەورۆزی نووسرابوو پێشکێشی کرد. لە فەرمانەکەدا بە سمایل ئاغا وێڕای دڵاوایی بەڵێنی درابوو سەری شەوێ بۆ چاوپێکەوتنی وی خۆی دەگەیێنێتە شنۆ.

سمایل ئاغا لەو ڕووداوە خۆشحاڵ بوو و پرسیاری کرد چ وەخت دەگاتە شنۆیە؟

محەمەد بێ خەیاڵ گوتی: پێموایە سەعات سێ دەگەنێ.

... سمایل ئاغا زەنین دەبێ بڕیاردەدا کە هێزی شنۆ بەبێدەنگی لە بەین بەرێ و تا شەو چاوەڕوانی سەرتیپ موقەددەم بمێنێتەوە، ئەگەر نێوبراو بێباکانە بێتەناو شنۆوە دەستبەجێ بیگرێ و مفحی بکاتەوە دەنا سەری شەوێ دەگەڵ سوارەکانی خۆی بچێتە نەغەدە و ئەگەر سەرتیپ موقەددەم لەوێ خەوتبێ بیگرێ و بیکوژێ. بەم مەبەستە لە گەڕانەوەدا چەند مەودا سیمی تەلەفۆن دەپچڕێنێ دواتر خورشید ئاغا دەگەڵ چەند کەس دەنێرێتە ماڵە سەرهەنگ سادقی نەورۆزی کە نێوبراو دەسبەسەر بکا و بۆخۆشی وێڕای هاوڕێیان بەرەو ڕێگوزەری گشتی شنۆ بێتەپێش و، لە نزیک ماڵە سەرهەنگ نەورۆزی ئەسپی سوارەکان کە لە باغی میللی بەستراونەتەوە هەڵگرن و بەهۆی هێزی سوارەنیزامەوە بە سەر هێزی پیادەدا سەربکەون.

... سەرهەنگ کە دەنگی پێی چەندکەسێک لە پلیکانەکانەوە دەبیسێ دەرگای هۆدە لە پشتەوەڕا گاڵەدەدا دەچێتە سۆراغی تفەنگ کە ئەگەر ڕووداوێک قەوما بەخۆڕایی نەکوژرێ.

کەسەکان کە دەگەڵ دەرگای داخراو ڕووبەڕوو دەبن پاڵ بە دەرگاوەدەنێن و بە تەمای خۆ بە ژووورداکردن دەبن، لە لایەن سەرهەنگەوە گوللەیەک بەرەو دەرگای پەلاماردراو دەهاوێژرێ کە یەکێک لە نۆکەرەکانی خورشید ئاغا دەپێکرێ. لەو کاتەدا خورشید ئاغا قەراوڵی بەردەرگای ماڵە سەرهەنگ کە بە بیستنی دەنگی گوللە خۆی ئامادە کردبوو، بە دەمانچە هەلابەهەلا دەکا.

تەلەفۆنچی سەرهەنگ کە لە یەکێک لە هۆدەکان چاوەڕوانی بارودۆخ دەبێ دەستبەجێ بە گوللەیەک خورشید ئاغا ساردەکاتەوە. محەمەد پێشخزمەتی سەرتیپ موقەددەم کە لە بەر پەنجەرەی وەتاغ دانیشتبوو، سمایل ئاغا و ژمارەیەک ڕووبەڕووی خۆی دەبینێ کە بەرەو باغی میللی شنۆیە وەڕێکەوتوون و، یەکەمین تیری خۆی بە مەهارەتێکی تەواوەوە بەرەو سینگی سمایل ئاغا نیشانەدەگرێ و سمایل ئاغا دەست لە سەر زام بە گوتنی عەجەم بە لەعنەت بێ لە شوێنەکەی خۆی لوول دەخوا.

سیتوان یەکەم موبەشیر نیزام فەرماندەری دەستە کە لە باڵاخانەی تەنیشتەوە بووە بە تفەنگ دێتە ڕووبەڕووی پەنجەرە و گوللەی دووهەم بە سمایل ئاغاوە دەنێ. لەو کاتەدا سەرکار ئیسماعیل خانی سوارەش کە لە پشتەوە چاوەدێری بارودۆخ بووە تیری سێهەم بەرەو سمایل ئاغا سێرەدەگرێ، نیزامییەکان کە لە بنکە(هۆردووگا) و تەقریبەن چاوەدێری گۆڕەپانەکە بوون بە فەرمانی ئەفسەری جێگرتووی بنکە، چەکەکانیان هەڵدەگرن و بەرزاییەکان داگیردەکەن.






مەرگی خورشید ئاغا و سمایل ئاغا و برینداربوونی کەریم خانی خێڵانی، کەسانی عەشیرەتەکان بەبێ بەرپرس دەمێننەوە{دێڵێتەوە} هەرکام دەچنە لایەک و خەریکی دیفاعی تاکەکەسیی دەبن و موببەشیر نیزام هاواردەکا کە سمایل ئاغامان هیلاک کرد. ئەو هاوارانە دەبنە هۆی دڵەڕاوکێی کوردەکان و دنەدانی نیزامییەکان و لە کوردەکان چل کەس دەکوژرێن، سوارەکانی هەرکی بە پێی خۆخوازیی عەشیرەیی تەرمی خورشیدئاغا بۆ لای چۆم هەڵدەگرن و بە قوونەشەڕ خۆیان لە شەرگە قوتار دەکەن و، سێ کەس لە نۆکەرەکانی سمایل ئاغاش خوسرەوی کوڕی سمایل ئاغا لە پشت وارشی چۆمدا دەشارنەوە و گۆرەپان بەجێ دێڵن. کەریم خانی خێڵانیش بە دەستی گوللە پێکراو خۆی دەگەیێنێتە بەرزاییەکان و لە چاوان ون دەبێ..." **

سەرنج: جاری وایە مێژووش بە پێچەوانەی پرۆسەی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی، دژ بە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەها هەتڵە دەبێ کە کەس سەرەدەری لێ دەرناکا، ئەوەیکە لەو قۆناغەدا، بازی خۆشپەروازی پاشایەتی بە دەست چاوبەستانی ئینگلیس هەڵخرێ و بە سووراڕن و تەقڵەلێدان لە سەر شەپکەی کۆنە سەربازێکی نەخوێندەوار بنیشرێ، یەکێک لەو کارە سەیر و سەمەرانەیە.

وەختایەک ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢٥ بە نێوی «پەهلەوی» پاشایەتی ئێرانی بۆ مسۆگەر کرا، جگە لە بزووتنەوەی سمکۆ کە ماوەی چەند ساڵان درێژەی هەبوو و دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانی کوندەجەرگ کردبوو، بزووتنەوەیەکی ئەوتۆی گرینگ و جێی تەرس نەمابوو کە بە یارمەتی ئینگلیس سەرکوت نەکرێ.

بە پێچەوانەوی ئەو بیروبۆچوونە باوەی کەوتبوە سەر زاران، سمایل ئاغای سمکۆ، نە تەنیا سەربزێوێکی یاغی و ڕاپەڕیوێکی تۆڵەئەستێن نەبووە، بەڵکە خاوەنی ستراتێژی نەتەوەیی و تاکتیکی سیاسی و سەربازی بووە، کە لە پلەی یەکەمدا ویستوویە هەموو عەشیرە کوردەکان لە پێناو ئامانجێکی یەکگرتووی سیاسی و نەتەوەیی ڕێکبخا. دیارە لەو بوارەدا سەرەڕای چالاکیی چەکداری و هێزی نیزامی، بە ڕێگای سیاسی و دیپلۆماسیشدا هەوڵێکی زۆری داوە. سمایل ئاغا، بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد و دۆزینەوەی پشتیوانانی زیاتر، دەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت لە قەفقاز، کەماڵیستەکان لە تورکیا، ئینگلیسییەکان لە عێراق پێوەندی دەگرێ، بەڵام هیچکام لە دەوڵەتە هەندەرییەکان نەتەنیا لە کاتی تەنگانەدا بە فریای ناگەن، بەڵکە تووشی ئەو چارەنووسەشی دەکەن، کە بەداخەوە دواتر وەڕێی هات و، بەمجۆرە گەورەترین و بەهێزترین شۆڕشی گەلی کورد کە لە ساڵەکانی ١٩١٠ هەتا ١٩٣٠ درێژەی هەبوو، بە هاوکاری و گەلەکۆمەکیی ئێران و تورکیا و عێراق و هەروەها بریتانیا و.. کۆتایی پێهات.

* گاهنامه پنجاه سال شاهنشاهی پهلوی، جلد1 ، سازمان چاپ و انتشارات سهیل، پاریس.

** تاریخ بیست ساله ایران، جلد پنجم، نگارش و تالیف: حسین مکی {لاپەڕەی ٢٤٢ - ٢٥٠}.

٢٤ی ژانوییەی ٢٠٠٥

سەرچاوە : ماڵپەری گزینگ،

## سمکۆی شکاک ،لەنێوان تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی و،رق وبێزاریی داگیرکەرانی کوردستان!



نووسینی: سیروان کاوسی

داگیرکەران و دوژمنانی گەلی کورد، جگە لە تالانکردنی سامان و بەروبووی سەرزەوی و کان و کانزاکانی کوردستان و، هەوڵی بەردەوام بۆ ژێنۆسایدکردنی ڕەگەزی و ئابووری و فەرهەنگیی کورد، هەروەها تێکۆشیون بۆ شکاندنی کەسایەتی و سووکایەتیپێکردن بە ڕێبەرانی کلاسیکی کورد، بەتایبەتیی ئەو سەرکردانەی کە، بە باوەڕ و هەستێکی پاک و نیشتمانپەروەرانەوە، هەوڵی ڕزگارکردنی گەلی کوردیان داوە و، بەرەنگاری سیاسەتی دزێو و نامرۆڤانەی داگیرکەران بوونەتەوە. مەبەستی سەرەکیی داگیرکەران، لە پرۆپاگەندەکردن دژی ڕێبەرانی نەتەوەیی و ئازادیخوازی کورد ئەوە بووە، لەلایەک مێژوویەکی ناڕاست و پڕ لە درۆ، بۆ وەچەکانی داهاتووی خۆیان جێبێڵن و، ڕاستیی ڕووداوەکانیان لێ بشارنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، بڵاوکردنەوەیان لەنێو کورددا، ببێتە هۆی ئەوە کە کورد بڕوای بە سەرکردەی خۆی نەمێنێ و، ڕێبەرەکانی خۆی بە کەسانێکی نەشارەزا و دواکەوتوو بێتە بەرچاو، کە هیچ شتێکیان لەبارەی سیستەمی دەوڵەتداری و دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە نەزانیوە و، گەلی کورد و دراوسێکانی کوردیان تووشی شەڕ و خوێنڕشتن کردووە. ئەوجا گەلێکی وا، کە سەرکردە و ڕێبەری وا نەزان و خوێنڕێژی لێهەڵبکەوێت، نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی نزمە و، نەگەیشتووەتە ئاستێک بتوانی خۆی ببات بەڕێوە، ڕێگەچارەش ئەوەیە، گەلی کورد، لەلایەن گەلانی زانا و دێمۆکرات و ئاشتیخواز و خاوەن شارستانییەتی وەک فارس و ترک و عەرەب ببرێت بەڕێوە. گەلێک مخابن، ئەو پرۆپاگەندە و، درۆ و بوختانکردنانەی داگیرکەران،بەرادەیەکی زۆر کاریان کردبووە

سەر سیاسەتکار و خوێندەواری کوردەواری و، ئێستاش پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، هێشتا ئەو بیرە چەوتە لە مێشکی هەندێکدا ماوە و، گەلێک جار گوێبیستی، سووکایەتیکردن دەبین بە سەرکردە و نیشتمانپەروەرانی گەورە و زانای وەک شێخ مەحموودی نەمر و، پێشەوا قازی و سمکۆی شکاک و...هتد. هەروەک لەم دووایییانەدا، کابرایەکی رەگەزپەرستی ئازەری بەنێوی "دوکتۆر عەلیرەزا ئەمیر نەزمی ئەفشار" کە گوایە سەرۆکی "کۆمیسیۆنی دیپلۆماتیکی ئازەربایجانیشە"، نامەیەکی نووسیوە بۆ رێزدار کاک مستەفای هێجری سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و، لەنامەکەیدا، گەلێک جنێو و سووکایەتیی بە سمکۆی شکاک و، سەربەخۆییخوازانی کورد کردووە و، هێرشی کردووەتە سەر پێ کێ کێ و، پژاک و، گاڵتەی بە ئاڵای کورستان و، نەخشەی کوردستان کردووە. بەڵام کاک مستەفا هێجری کە ئەورۆکە خۆی بە جێنشین و درێژەدەری ئامانجەکانی پێشەوا قازی دادەنێت، لەباتی ئەوەی بەرپەرچی قسەکانی کابرای رەگەزپەرستی ئازەری بداتەوە، پشتی قسەکانی گرتووە و، کابرای ئازەری بە دۆستی خۆشەویستی خۆی و، بە کەسێکی بەتۆرە و زانا و، خاوەن هەڵوێست نێوی هێناوە و، پشتگیریی لە قسەکانی کردووە، کە ئەوە جێگەی سەرسووڕمان و، داخێکی گرانە.

هەروەها، میدیای کوردی، کە دەبوو ئەورۆکە، بەشێک لە بەرنامەکانی،ئاشکراکردنی رووی راستینەی کەسایەتی و، ئامانج و خەباتی ناوداران و سەرکردەکانی کلاسیکی کورد بوایە و، هەوڵی ناساندنی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی بدایە، بۆ ئەوەی بەرێگەی میدیاوە، گەلی کورد لەمێژووی راستینەی خۆی ئاگاداربێت، کە ئەوەش لە پەرەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوەییدا کارکردی بەرچاوی هەیە، زۆر بەداخەوە، دەبینین، هەموو کاتێکیان تەرخان کردووە بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی و، بەشان و باهۆهەڵدانی سەرکردەی حیزبەکەی خۆیان.

یەکێک لە سەرکردەکانی گەورەی کورد، کە هێندە دوژمنانی کورد لەسەری نووسیویانە، بەداخەوە نیو هێندە نەتەوەکەی خۆی باسی نەکردووە و، نایکا و، گەلەکەی خۆی لەژیان و خەبات و بیروباوەڕی بێئاگایە، سمکۆی شکاکە.

لێرەدا ئەم چەند لاپەڕەیە لە ژیان وتێکۆشینی سمکۆی شکاک - شۆڕەسوارەی رێگەی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان دەخەمە بەر سەرنجی ئێوەی هێژا و، نیشتمانپەروەری کورد، بەوهیوایەی لەداهاتوودا، کەسانێکی لەمن شارەزاتر و، قەڵەم بەبڕشتتر، هەوڵبدەن لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلتر و بابەتانەتر پێشکێشی گەلەکەیان بکەن. هەروەها ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ ساخکردنەوە و، نووسینەوەی ژیان و خەباتی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد. چۆنکە داگیرکەرانی کورستان، مێژووی راستینەی کوردیان، بە پێێ ئامانج و سیاسەتی داگیرکەرانەیان شێواندووە و، تێکیانداوە، لەبەر ئەوە ئەرکی نووسەر و رۆشنبیرانی کوردە، هەوڵبدەن بۆ توێژینەوە و، نووسینەوەی مێژووی گەلەکەیان بەهەموو تەوەر و لایەنەکانییەوە، تا لەداهاتوودا ببنە وانەی نێو پەرتۆکی قوتابخانە و خوێندنگەکان، لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا.

سمکۆی شکاک کوڕی حەمە ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوو. عەشیرەتی شکاک لە دووتیرەی "عەبدوویی" و "مەمدوویی" پێکهاتوون و، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە بەشی سەرووی گۆلی "ورمێ" لەرۆژهەڵاتی کوردستان. پاش مردنی حەمە ئاغا، برای گەورەی سمکۆ بەنێوی جەعفەر ئاغا، دەبێتە سەرۆکی هۆزی شکاک.


سیمیتقو همراه با سورمه خواهر مارشیمون ونیکیتین سفیر روسها

عەشیرەتی شکاک لەنێوچەکەی خۆیدا ملی بۆ هیچ هۆز و دەسەڵاتیک دانەدەخست. ئەوەش وایکردبوو عەشیرەتە کوردەکان و، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش، بەچاوێکی دیکە لێیبڕوانن. ساڵی ١٩٠٤ی زایینی، لەسەر داوای نیکۆلای دووەم - ئیمپراتۆری رووسیای تزاری، جەعفەر ئاغا و عەبدولڕەزاق بەدر خان و سەی تەهای شەمدینان سەردانی رووسیایان کرد. سەردانەکەی جەعفەر ئاغا، حکوومەتی قاجارەکانی ئێرانی خستە دلەڕاوکە و پەژارەوە. ئەوە بوو، ساڵی ١٩٠٧ی زایینی، "نزامولسەڵتەنە" سەرۆکوەزیرانی ئێران، بەنێوی وتووێژ سەبارەت بە ئاسایش و هێمنی نێوچەکە، جەعفەرئاغای بانگێشتی شاری تەورێز کرد، بەڵام کاتێ جەعفەر ئاغا و چەکدارەکانی دەگەنە شوێنی دیاریکراو، لەهەموو لایەکەوە دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە و دەیانکوژن.

کوژرانی جەعفەر ئاغا و پاسەوانەکانی بە نەخشە و پیلانی کاربەدەستانی ئێرانی، شۆرشێک لە مێشکی سمکۆدا بەرپا دەکا و، ئەو بیرە لای چەکەرە دەکا، کە نابێ، بەواده و بەڵێنی داگیرکەران باوەڕ بکا، تاکە رێگەیەک لەبەردەم کورددا هەبێت، ئەوەیە خەبات بکا و تێبکۆشێ بۆ رزگارکردنی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی.

لەو کاتەدا، رووداوێکی سەرنجڕاکێش روودەدات کە ئەویش لەداوخستنی زانا و نیشتمانپەروەری کورد، عەبدولڕەزاق بەدرخان دەبێ لەلایەن هێزێکی عوسمانییەوە. عەبدولڕەزاق بەدرخان، بەهۆی زەخت و گوشاری رژێمی عوسمانی، لە ترکییا رادەکا و، پاش ماوەیەک لە شاری تەورێز - نێوەندی ئازەربایجان دەگیرسێتەوە. بەدرخان، لە تەورێز، دیسان دەستدەکات بە چالاکی سیاسی و رۆشنبیری و، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتیی. دەولەتی عوسمانی، لەساڵی ١٩١٢ی زایینی، هێزێکی چەکدار دەنێرێت بۆ گرتنی بەدرخان و، هێنانەوەی بۆ ترکیا. دیارە، ئەو پلانە بە رەزامەندیی رژێمی ئێران ئەنجامدەدرێت. چەکدارە ترکەکان دەگەنە تەورێز و عەبدولڕەزاق بەدرخان دەگرن و، کوت و






زنجیری دەکەن و، ڕێگەی گەڕانەوە دەگرنەبەر. کاتێ دەگەنە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، لەنیوچەی بندەسەڵاتی عەشیرەتی شکاک نێزیک دەبنەوە، سمکۆ لە چۆنێتیی ڕووداوەکەی بەدرخان ئاگادار دەبێ،لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری عەشیرەتەکەی هەڵدەکوتنەسەر هێزی ترک و، چەندین کەسیان لێدەکوژن و، ئەوانی دیکەشیان چەک دەکەن و، بەدرخانیش ڕزگار دەکەن. سمکۆ فەرمانی کوشتنی چەکدارە ترکەکان دەدات، بەڵام بەدرخان ڕێلێدەگرێ و، دەبێتە تکاکار و، دەڵێ، ئەمانە سەربازی ئاسایی و بێتاوانن. سمکۆ وازیان لێدێنێ و، ڕێگەیان دەدەن بەرەو وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە (١ *).

لەگەڵ تێکشکانی سوپای عوسمانی، لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لەساڵی ١٩١٨ی زاینی، سمکۆ، بارودۆخەکە بە هەل و دەرفەت دەزانێ و، لەماوەیەکی کەمدا، سەرتاسەری نێوچەکانی دەوروبەری "ستانی ورمێ" لەهێزی عوسمانی و ئێران پاک دەکاتەوە و، دەیخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە.

لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم و، پاش تەواوبوونی جەنگیش، حکوومەتی بنەماڵەی قاجاریی لەئێران، لەهەموو ڕوویەکەوە لاواز بوو. لەکۆتایی ساڵانی١٩١٤ تا ١٩٢١ی زاینی، هەموو سوپای ئێران بریتیبوو لە ١٢٠٠٠ (دوانزە هەزار) ژاندارم و ٧٠٠٠ (حەوت هەزار) قەزاق. لەشکری قەزاق لەژێر کۆنترۆڵ و فەرماندەیەتیی ئەفسەرانی ڕووس دا بوون و، دەوڵەتی ڕووس جیرە و خواردەمەنیی سوپای ئێرانی دابین دەکرد. حکوومەتی ئێران، کە بە هاوبەشی ڕووس و ئینگلیز دەچوو بەڕێوە، لە ئەنجامی پیلانێکی سێ قۆڵی و، بە مەبەستی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی زیاتری سمکۆ، داوێکیان بۆ نایەوە و، بۆمبایەکیان لە نێو نامەیەکدا نارد بۆی. بومباکە تەقییەوە و یەکێک لە براکانی سمکۆی بەر کەوت و شەهید کرا، بەڵام سمکۆ خۆی لە پیلانەکە ڕزگاری بوو.

**هاوینی ساڵی ١٩١٩ ، سمکۆ هێرشی بردە سەر شاری "ورمێ" و ڕزگاری کرد.**

ساڵی ١٩٢١ هێزێکی زۆر لەتارانەوە، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی هێزەکانی ئێران لەنێوچەکە، گەیشتە شاری تەورێز. هێشتا سوپای ئێران لە تەورێزەوە بەرەو کوردستان ڕێنەکەوتبوون کە سمکۆ فەرمانی گرتنی شاری مەهابادی دەرکرد. ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ ، هێزەکانی کورد شاری مەهابادیان گەمارۆدا. ئێران تیپێکی ٥٥٠ (پێنسەت و پەنجا) کەسی ژاندار و سەربازیان لە مەهاباد مۆڵدابوو. پاش چەند ڕۆژ گەمارۆدانی شار، لە ئەنجامی شەویخوێن و هێرشی خێرای هێزەکانی سمکۆ، سەنگەرەکانی چەکدارانی ئێران، یەک لەدواییەک گیران و، توانای بەرگریکردنیان نەما. لە ئاکامدا سەت و پەنجا ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کوژران و، چوارسەت کەسی دیکەشیان لێ بەدیل گیرا.

دوابەدوای داگیرکردنی مەهاباد لەلایەن سمکۆوە، ئەفسەرێکی سوێدی بەنیوی "لاند بێرگ"، فەرماندەیەتیی هێرشێکی تازەی پێسپێردرا. لەشکری لاند بێرگ، ملی ڕێگەی گرتەبەر و، لەنێوچەکانی ڕزگارکراوی کوردستان نێزیک بووەوە. سمکۆ، هێزێکی ٢٠٠٠ کەسیی کۆکردەوە و، بەرنامەی تێکشکانی لەشکری ئێران بە فەرماندەیەتیی ئەفسەری سوێدی داڕشت. لەهێرشێکی خێرا و لەنەکاوی هێزی چەکداری کوردستاندا، بە سەتان چەکداری ئێرانی کوژران و، پاشماوەی هێزەکەشیان هەڵاتن و لەنێوچەکە دوور کەوتنەوە. شایانی باسە، لەو شەڕانەدا فەرماندەی هێزی ئازەرییەکان، " سام خانی ئەمیر ئەرشەد" بوو. ئەمیر ئەرشەد برای "زەرغام"، فەرماندەی سوپای ئازەرییەکان و، ئەو کەسە بوو کە لە شاری تەورێز بە داڕشتنی پیلان، جەعفەر ئاغا، برا گەورەی سمکۆی کوشتبوو. سام خانی ئەمیر ئەرشەد، بەدەستی سمکۆ کوژرا و، بەوجۆرە تۆڵەی خۆی لە زەرغامی دوژمن بە کورد و بکوژی براکەی، سەندەوە.

هێزەکانی ئێران لەبەرامبەر هێزەکانی سمکۆدا، پەیتا پەیتا تووشی شکست دەبوون و، شار و نێوچەیەکی زیاتری کوردستان ئازاد دەکرا و، دەکەوتەژێر دەسەڵاتی سمکۆوە.

فەرماندەکانی ئێران، جارێکی دیکە، هێزوتوانای خۆیان تاقیکردەوە و هێرشیان هێنایەوە. لەدوو نەبەردی گەورە و خوێناویدا کە لە "ئەزدیکان" و "قەرەتەپە" ڕوویاندا، هێزەکانی ئێران تێکشکان و، بەرەو شاری خۆی هەڵاتن، بەڵام هێزی کوردستان بەردەوامبوون لە هێرشیان و، لە سەرەتای دێسەمبەری ساڵی ١٩٢١ی زاینی، سەرکەوتووانە چوونە نێو شاری "خۆی" و ئەو شارەی کوردستانیش لە هێزەکانی داگیرکەری ئێرانی پاک کرایەوە.

ڕێز و خۆشەویستیی خەڵکی کورد بەرامبەر بە سمکۆ، بەرادەیەکی زۆر پەرەی سەند. تەواوی سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەریان بۆ نەوی کرد و، سمکۆیان بە سەرۆک و ڕێبەری خۆیان دەزانی. هەرلە سنووری باکووری کوردستان – لە ماکۆ وە تاکو بانە و مەریوان، بەدرێژایی سەتان کیلۆمەتر، لەژێر دەستی هێزەکانی داگیرکەری ئێران پاک کرایەوە.

سمکۆ لە گەرمەی سەرکەوتنەکانیدا، نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان، بەنێوی زەفەرولدەولە دەنووسێ و، تێیدا دەڵێت:

"ئێوە ببینن، نەتەوەکانی بچووکی جیهان کە ژمارەیان لە نەتەوەی کورد زۆر کەمترە، چلۆن توانییان مافی خۆیان لە وڵاتانی گەورەی وەک ئەڵمان بستێنن و، بە سەربەخۆیی بگەن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران بستێنێت، مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە".

**سمکۆ هەروەها لەوەرامی پرسیاری "جەنەراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری مەڵبەندە کوردییەکانی شاری ئەستەمۆڵ دا دەڵێت:**

"لەبارودۆخی ئێستەدا، من ڕێبەرێتیی بزووتنەوەکە دەکەم و، ڕێکخراو و کۆڕێکی سیاسیی تایبەتمان نییە. کاری گرنگ و سەرەکیمان ڕزگارکردنی کوردستانە. کاتێ بە ئازادی گەیشتین و، کوردستان ڕزگار بوو، گرنگ نییە چ کەسێک دەبێتە سەرۆکی کوردستان. من خۆم لەوبارەوە، بیری سەرۆکایەتی و دەسەڵاتخوازیم نییە، سەبارەت بە "ئاڵا" کە پرسیارتان کرد، بەباوەڕی من، کاتێ کوردستان ڕزگار بوو دەتوانین ئەوکات بیر لە ئالایەکیش بکەینەوە کە ڕەمزی ولاتەکەمان بێت...".

سمکۆ هاتبووە سەر ئەو باوەڕەوە کە، بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی، پێویستی بە پشتیوانیی وڵاتانی گەورەی دنیا و، چەکوچۆڵی جەنگیی هەیە. ئەوە بوو لەمانگی گوڵانی ساڵی






١٩١٩ی زانیی، سەی تەها راوێژکاری سمکۆ، بەرەو بەغدا دەکەوێتەرێ، تا لەگەڵ کاربەدەستی ئینگلیز لە عێراق بەنێوی "ویلسن" گوتوبێژ بکات و، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و، پرۆژەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی لەگەڵدا باس بکات.

ویلسۆن دژایەتیی بۆچوونەکەی سەی تەها لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکا، بەڵام سمکۆ هەر بەردەوام دەبێت لە پێوەندیگرتنی بە ئینگلیزییەکانەوە و، لە مانگی خەرمانانی سالی ١٩٢١، لە شارۆچکەی "شنۆ" ی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ کاربەدەستێکی دیکەی ئینگیزی بەنێوی "کاکس"، دیدارێک رێکدەخا. سمکۆ لەو چاوپێکەوتنەیدا، دیسان داوا لە دەولەتی بریتانیا دەکات، تا پشتگیریی کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی. ماوەیەک دوای ئەو دیدارە، کەسێک بەنێوی **بابەکرئاغای پشتدەری** دەبێتە خانەخوێ و میواندار و، هاوکات، بەشداری وتووێژێکی بەردەوام لەنێوان سمکۆ و ئینگلیزەکاندا، کە سێ مانگی دەخایەنێت. بەڵام وەک دواتر ئاشکرا بوو، ئینگلیزەکان چاویان لە ساویلکەیی و گوێڕایەڵی خان و شێخ و، خێروبێری وڵاتانی ئێران و عەرەب بڕیبوو و، کوردیان لەدەرەوەی بازنەی ئامانج و نەخشەی ئابووری و رامیارییان دانابوو لە نێوچەکە، لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێکی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان بێ ئاکام مایەوە. سمکۆ بۆ دواجار بەرێگەی "مستەفا پاشا" وە لەگەڵ ئێنگلیزەکان پێوەندیی دەگرێ و، نامەیەک دەنووسێ بۆیان. سمکۆ لەنامەکەیدا دەڵێ:

"ئەمن و سەی تەها، بەڵێنتان پێدەدەین، ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا چەک و چۆڵ و تەقەمەنیمان پێبدات، پشتوانیمان بکات و، مەرجەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی پەسند بکات، ئێمە ترکە رەگەزپەرستەکان لە شارەکان و مەڵبەندەکانی وان و ئەرزرۆم و سیواس و هەکاری و بتلیس پاک دەکەینەوە. هەروەها لە رەواندوز رایاندەماڵین و لەنێویان دەبەین... ئێمە دەتوانین شاری ئانکاراش داگیر بکەین! ئەگەر بەریتانیا رێگەمان بدات، لەماوەیەکی کورتدا شاری "سنە" ش داگیردەکەین و، ئێرانییەکان لەوێ رادەماڵین".

بەڵام دەولەتی ئینگلیز، وەک پێشتر ئاماژەم کردبۆی، نایەوێت هێچ گۆڕانێک لە ستراتیژ و نەخشەی داگیرکەرانەی خۆی لەنێوچەکەدا ئەنجام بدات و، هەر بەردەوام دەبێ لە سیاسەتی پشتگوێخستن و نکوولیکردنی کورد.

لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٢٢ دا، سمکۆ هەوڵیدا لە یەکێتیی سۆڤیێت بە سەرۆکایەتیی لێنین نێزیک بێتەوە و، نوێنەرێکی نارد بۆ لای رووسەکان، بەڵام دەوڵەتی نوێی رووسیا، بەپێی رێککەوتننامەی ٢٦ی فوریەی ساڵی ١٩٢٢، پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردبووەوە و، وازی لە پشتیوانیکردنی شۆرشگێڕانی باکووری ئێران بەسەرۆکایەتیی "میرزا کوچک خان" هێنابوو. ئیدی نەیدەویست نێوانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تێکبدات. بەوجۆرە، لێنین و دەولەتەکەی، بە کردەوە پشتیان لە پرنسیپەکانی مارکسیزم کرد، کە پشتیوانیکردنی گەلانی بندەست، لە خاڵەکانی بنگەهینی رێبازەکەیەتی.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٢٢، حکوومەتی ئێران، جارێکی دیکە بەهێزێکی زۆرەوە، بە فەرماندەیەتیی "ژنەراڵ شەیبانی" رووی لە کوردستان کرد. لەنێو سوپاکەی ئێراندا، کەسێک بەنێوی "خاڵۆ قوربان"، فەرماندەی هێزی عەشایری بەکرێگیراوی حکوومەتی پێسپێردرا. **خاڵۆ قوربان بە بنەچە کوردی کرماشان بوو.** لەسەردەمی راپەڕینەکەی "میرزا کوچک خان" (میرزا بچکۆل خان) کە لە باکووری ئێران، لەدژی حکوومەت و بنبڕکردنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەئێران بەرپاکرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری عەشیرەتەکەی، چوون بۆ یارمەتی و پشتیوانیکردنی راپەڕینەکەی باکووری ئێران. لەوێ خۆی و چەکدارەکانی گەلێک نەبەردی قارەمانانە ئەنجامدەدەن و لەماوەیەکی کەمدا نێوبانگی ئازایەتیی خاڵۆ قوربان لەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە. خالۆ قوربان، دوایی پشت لە بچکۆل خان دەکا و، لەگەڵ رژێمی قاجاری ئێرانیدا رێدەکەوێت. ئێران و ئینگلیزییەکانیش بەهەلی دەزانن و، پلانی شەڕی کورد لەگەڵ کورد دادەڕێژن. "خاڵو قوربان" ی کۆنە شۆرشگێڕ، جلوبەرگی جاشایەتی لەبەر دەکا و، بەرەو کوردستان رێدەکەوێت.

خالۆ قوربان بە هێزێکی ٦٠٠ کەسی تەیار و پۆشتەوە دەگاتە شاری میاندووئاو. لەکاتی دیاریکراودا، هێزەکانی ئێران لە چەندین قۆڵەوە بەرەو نێوچەکانی بندەسەلاتی سمکۆ پێشرەوی دەکەن و، بەشێکیان بەرەو بۆکان و مەهاباد دەکەونە رێ. هێزەکانی کوردستانیش لە چەندین قۆڵەوە هێرش دەکەنە سەریان و، لەهەموو بەرەکانی جەنگدا تێکیان دەشکێنن. لەئاکامدا بەسەتان سەرباز و ژاندار و جاش و ئەفسەری سوپای ئێران دەکوژرێن و، ژمارەیەکی زۆریش بە دیل دەگیرێن. لاشەی خاڵۆ قوربانی خاین بەکورد، لەنێو لاشەی کوژراوەکاندا بەجێدەمێنێ. هێزەکانی سمکۆ، لەدرێژەی هێرشەکەیاندا شاری میاندووئاو، نێوەندی فەرماندەیەتیی سوپای ئێران گەمارۆ دەدەن و، ئازایانە و دلێرانە، لەماوەیەکی کورتدا شارەکە داگیر دەکەن و، پاش کوشتن و راوەدوونانی هێزەکانی ئێران، چەکوچۆڵ و کەلوپەلێکی زۆر دەکەوێتە دەستیان.

کاتێ سمکۆ، لە پێوەندییەکانی لە گەڵ ئینگلیز و، وڵاتانی ئوروپایی ناهومێد دەبێ، بیر لەوە دەکاتەوە، لە ناکۆکیی نێوان ترک و ئینگلیزەکان کەڵکوەربگرێ و، داوای چەک و چۆڵ و پێداویستیی جەنگی بکات لێیان. بەو مەبەستە، لە گەڵ والی پێشووی شاری مووسڵ، بەنێوی "حەیدەر بەگ" ی ترک، لە شەمدینان دیدار دەکات. ترکەکان بە وتە و سەرزارەکی بەڵێنی پێدەدەن کە هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێدەکەن. سمکۆ بە وادە و بەڵێنی ترکان باوەڕ دەکا و، زۆر گەشبین دەبێ. ئەو دیدارە، ئینگلیزەکان دەخاتە پەژارەوە و، لەمانگی خەرمانانی ١٩٢٢، هێزێکی ئامادەی پەروەردەکراو، لە تارانەوە بە فەرماندەیەتیی "ژنەراڵ جهانبانی"، هەروەها لەشکرێک لە ئازەرییەکان ئامادە دەکرێت. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکانی ئێران، خولی راهێنانی سەربازیی تەواو دەکەن و، خۆبەخشانە تیپیکی سەربازیی پێکدێنن. کابرایەکی ئەرمەنی بەنێوی "زرایۆف"، دەبێتە فەرماندەی تیپی ئەرمەنییەکان کە لە سوپای پێشووی رووسیای تزاریدا، ئەفسەر بووە. ئەوجا نەخشەی هێرش بۆ سەر داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و، لەنێوبردنی هێزی چەکداری کورد، دادەڕێژن.






سوپای ئێران بەرەو شارەکانی **سەڵماس و ورمێ** دەکەوێتەڕێ. هێزەکانی کوردستان سێ هێرشی گەورە دەکەنە سەریان و زەرەر و زیانێکی زۆر بە دۆژمن دەگەیەنن، بەڵام وەک جارەکانی پێشوو ناتوانن هێزی دوژمن بشکێنن. بۆ جاریَ چوارەم، هێرش دەبەنەوە سەریان و، ئەوجارەیان دەبێتە **"شەڕی مان و نەمان"**. لەزۆرجێگەدا بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە و لێیان دەبێتە شەڕی دەست و یەخە و، بە خەنجەر و شمشێر، پەلاماری یەکدی دەدەن. لەئاکامدا بەهۆی تۆپبارانی خەستی تۆپخانەی ئینگلیزەکان و، زۆربوونی ژمارەی چەکدار و چەک و فیشەکی دوژمنەوە، لەشکری کورد دەشکێ و، بەناچاری پاشەکشە دەکات. سوپای دوژمن، پاش چەند رۆژ، شاری "ورمێ" داگیر دەکاتەوە. شایانی باسە، شاری ورمێ ماوەی چوار ساڵ لەژێر دەسەلاتی کورددا بوو. لەماوەی ئەو چوارساڵەدا کە ورمێ بەدەست کوردەوە بوو، رۆژنامەیەکی کوردی بەنێوی **"رۆژی کورد و شەوی عەجەم"**، بڵاودەکرایەوە کە سەرنووسەرەکەی نێوی **محەممەدی تورجانیزادە بوو** (٢ ※).

هێزەکانی ئێران، پاش داگیرکردنەوەی ورمێ، درێژەیان بە هێرشەکانیان دا و، هەموو نێوچەکانی کوردستانی ئازادیان داگیر کردەوە و، دەستیان کرد بە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد و، سووکایەتیکردن بە خەڵکی رەشوڕووتی کوردەواریی.

سەرۆکی کورد، سمکۆی شکاک، کە نەیتوانی لەبەرامبەر گەلەکۆمەی رووسی وئەرمەنی و ئازەری و ئینگلیزی و سوپای ئێرانی داگیرکەر و، سیاسەتی پڕ لەدرۆ و فێڵبازانەی ترکان، سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەرەو باشووری کوردستان رۆیی و، ساڵی ١٩٢٣ پێینایە شاری سلێمانییەوە.

لەوکاتەدا، شای کوردستان، شێخ مەحموودی نەمر، لە باشووری وڵاتەکەمان، حکوومەتی سەربەخۆی کوردستانی دامەزراندبوو. شێخ مەحموود، بەوێنەی سەرۆکی کوردستان، پێشوازی لە سمکۆ کرد. لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە، پشووی رەسمی راگەیەندرا و، بە موزیک و رێزی سەربازی و تەقاندنی ٧ گوللە تۆپ و، چەپڵەرێزان و هوتافکێشانی تێکڕای دانیشتووانی سلێمانی و، گوندەکانی دەوروبەری، ئەوپەڕی رێز لە سمکۆ – قارەمانی کورد گیرا. باشووری کوردستان بەو پێشوازییە گەرمەی، سوپاس و ئەمەگ و خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر سمکۆ - خەباتکاری ماندوویینەناسی رێگەی سەرفرازیی کورستان دەربڕی.

سمکۆ، ماوەی مانگ و نیوێک لە سلێمانی مایەوە و، میوانی شای کوردستان بوو. پاشان بەرەو باکووری کوردستان رۆیشت. ساڵی ١٩٢٤، بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی راپەڕینێکی نوێ، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕایەوە و، ژمارەیەک پێشمەرگەی لەخۆی کۆکردەوە و، "دەشتی سەڵماس" ی داگیر کرد و، گەمارۆی شاری سەڵماسی دا، بەڵام لەبەرامبەر هێزەکانی ئامادە و پڕچەکی دوژمندا شکستی خوارد و، بەرەو باکووری کوردستان پاشەکشەی کرد.

لەوکاتەدا، رژێمی ئەتاترکی خوێنرێژ و دوژمن بە کورد، بە هەوڵی دیپلۆماسی و، پشتیوانی سیاسیی یەکێتیی سۆڤێت، توانیبووی پەیمانی "سێڤر" هەڵوەشێنێتەوە و، کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دوور بخاتەوە و، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنووری ترکیای نوێ، کە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی لەخۆگرتبوو،دابسەپێنێ و، پێوەندیی نێوچەیی و جیهانیی خۆی لەگەڵ دەولەتان ئاسایی ئاسایی بکاتەوە. دوابەدوای ئەوە، لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێکەوە رێککەوتن بۆ بنبڕکردنی هەر بزاڤێکی نوێی گەلی کورد. ئەوە بوو لەگەڵ پەڕینەوەی سمکۆ و هاوڕێکانی بۆ نێو خاکی کوردستانی بندەستی ترکیا، لەلایەن سوپای ترکەوە گەمارۆ دران و، پاش خافڵاندنیان بەنێوی ئەوەوە گوایە گوتوبێژیان لەگەڵ دەکەن،چەکیان کردن و، داوایان لە سمکۆ کرد خاکی ترکیا جێبێڵێت..!.

ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٢٩، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، بە پاڵپشتی و یارمەتیدانی دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستیی، لەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە جێکەوتن و، لەرووی سەربازی و، چەکوچۆڵی جەنگیشەوە بەهێزتر بوون و، دەسەلاتی رەشی خۆیان بەسەر کوردستان و سنوورەکانی دەستکردیاندا پتەوتر کرد. داسەپاندنی شەوەزەنگ و ترس و سام و دیکتاتۆری، بوون بە سیاسەتی داگیرکەران لە کوردستان. لەو بارودۆخە دژوار و سامناکەدا، سمکۆی شکاک، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە و هاوڕێکانی، لەکاتێکدا تەنیا دە - دوانزە کەس لەگەڵی مابوون، ناهومێد و بێهیوا بە ژیان و چارەنووسی خۆی و گەلەکەی، بەنێو دۆڵ و ئەشکەوت و هەرد و شاخەکانی نێوان سێ سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، دەسووڕایەوە.

ساڵی ١٩٣٠، رژێمی ئێران پێوەندیی لەگەڵ گرت و، داوای لێکرد، خۆیبدات بەدەستەوە و، گوایە بەر لێبوردنی شای خاوەن شکۆی ئێران!! دەکەوێ. سمکۆ گەڕایەوە، **بەڵام رەزاشای دیکتاتۆر، کە درۆ و فێڵ و پیلان لە باوباپیرانییەوە بەمیرات ماوەتەوە بۆی**، پێشتر بڕیاری لەنێوبردنی دابوو. بەوجۆرە، **سمکۆ، قارەمانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی، لە شاری شنۆ بەدەستی بەکرێگیراوانی ئێران، شەهید کرا.**

رەنگە هیچ سەرکردەیەکی کورد، هێندەی سمکۆی شکاک، نەکەوتبێتە بەر رق و کینەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە. لەنووسراوەکانی هەموویاندا، گەلێک وشەی دزێو و نامرۆڤانەیان لەدژی بەکارهێناوە و، بە چەتە و بکوژ و خوێنرێژ و درندە نێویان بردووە. هۆی ئەوەش رۆن و ئاشکرایە. سمکۆ، شکستی سەربازیی زۆر گەورەی بە دەیان ژنەراڵی ئێرانی و ئەوروپایی هێنا، بەچەشنێ کە بە پەلەپڕووزە و سەرشۆڕییەوە لەبەری هەڵدەهاتن، یان لاشەیان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێدەمان. ئەو ئەفسەرانەی کە لە خوێندنگە و زانستگەی سەربازیی مۆدێڕنی ئەو سەردەمەدا پێگەیشتبوون،یەک بە یەکیان لەبەرامبەر ئازایەتیی هێزی کورد و، شارەزایی جەنگی و دلێری سمکۆی سەرکردەدا بە چۆکدا دەهاتن. هەروەها سمکۆ، رێبازێکی رۆشنی لەبەردەم خەباتەکەیدا گرتبووەبەر و، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەدا و، خوێنی رۆڵەی کوردی بە فیڕۆ نەدەدا بۆ پاراستنی سنووری نگریسی داگیرکەران و، پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و بنەماڵەکەی و، وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی، کە داگیرکەران بیبەخشن پێی. ئاوات و ئامانجی سمکۆ، رزگارکردنی کورد بوو لە کۆیلەتی و بندەستی و، دامەزراندنی کیانێکی کوردی لەسەرتاسەری خاکی نیشتمانەکەی، ئەوەش لەلایەک مایەی دڵخۆشی و پشتیوانیی گەلی کورد بوو






لە سمکۆ، لەلایەکی دیکەوە، ترس و پەژارەی خستبووە دڵی هەموو داگیرکەران و، هەموو دەوڵەتەکانی گەورەی ئەو سەردەمە - وەک رووس و بەریتانیا، کە لەئێران و لەنێوچەکە، شوێن بەرژەوەندی و سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان کەوتبوون.



سمکۆی شکاک،وەک هەر سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد، بێگومان دوور لە هەڵە و کەموکورتی نەبووە. تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی کلاسیک بریتین بوون لەوە کە، ئامانجیان رزگارکردنی نەتەوەکەیان بوو لەبندەستیی. بە دڵێکی پاگژ و تەژی لە هەستی نیشتمانپەروەرییەوە، بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان خەباتیان دەکرد. زیاتر خۆیان لە رۆل و نەخشی پێشەوای ئاینی، یان کۆمەڵایەتیدا دەدیت، وەک باوکێکی رۆحی و ریش سپی و، دەمڕاستی گەلەکەیان. هیچ هەڵاواردن و جیاوازییەکیان لەنێوان تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەیاندا نەدەکرد. گوێیان بە جیاوازیی ئاینی و، بیروباوەڕ و، زاراوەی جیاواز نەدەدا. بەکورتی، بەیەک چاو، سەیری گەلەکەیان دەکرد. باوەڕیان بە سازکردنی حیزب و دەستوور و پێرەوی حیزبی و، کاری رێکخراوەیی و راوێژ و کۆبوونەوە و لێکدانەوەی رووداوەکان و، دانیشتن لەگەڵ لێژنە و کۆمیتەی سەرۆکایەتی و، دەنگدان بۆ بیروراوەرگرتن نەبوو.... زۆربەی زۆری ئەو ئاکار و تایبەتمەندییانە لەژیان و هەڵسوکەوتی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد - لە شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی یەوە بیگرە هەتا مەلا مستەفا بارزانی، کە دوایین سەرکردەی کلاسیکی کورد بوو، زەق و دیاربوون.

لەبەر ئەو هۆیانە، وەک ئاماژەمان کردپێی، سمکۆی شکاکیش، لە هەڵە و کەموکورتی بێبەری نەبووە، بەڵام، ئێمە با بێین، کوردستانی نەوەت تا سەت ساڵ و، پێشتریش بهێنینە پێش چاوی خۆمان، کە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و بیری عەشیرەتی و خێڵەکیی، بەسەر کوردستان و سەرتاپێی نێوچەکەدا زاڵ بوو، لە کات و سەردەمێکی ئاوادا، سەرکردەیەکی وەک سمکۆ هەڵبکەوێ لە کوردستان، کە چوارچێوەی روانینی، لە سنووری عەشیرەت و خێڵەکەی خۆی بترازێ و، بیرلە رزگارکردنی نیشتمانەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە. بۆ جێبەجێکردنیشی پەنا بۆ سەرۆک و نوێنەری ولاتانی گەورەی سەردەم ببات و، لێیان بپارێتەوە و، داوای پشتگیرییان لێبکات. بە کردەوەش هێزی رزگاریخوازی کوردستان پێکبێنێت، بەنیازی رامالینی هێزی داگیرکەر لە کوردستان و، هەموو ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت بکات، ئەوجا، بەراوردی بکەین لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئەورۆی جیهان و رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان، ئاکار و هەڵسوکەوت و روانگەی ئەم سەرکردانەی ئەورۆکەی گۆرەپانی سیاسیی کوردستان لێکبدەینەوە، کە هەموو ئامانج و بیروباوەڕێکیان، بووەتە خۆدەوڵەمەندکردن و، هەوڵ و هەڵپەی دەسەڵاتی زیاتر، بۆخۆیان و حیزب و بنەماڵەکەیان و، بەفیرۆدانی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان و، فریودانی کورد بە درۆشم و قسەی بریقەدار و، هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و سنووری دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان، ئەوکات، ئاست و رادەی دڵسۆزی وبیروباوەڕی بەرز و، گەورەیی سمکۆ، لەلامان، زیاتر ئاشکرادەبێت.

بەڵێ، سمکۆ هەموو ژیانی لەپێناو سەربەرزی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا بەخت کرد. لەو رێگەیەشدا، دوو برای و ژنەکەی شەهیدکران و، کوڕەکەشی بەدیلی کەوتەدەستی دوژمنەوە. سەرئەنجام، خوێنی پاکی خۆشی پێشکێش بە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سمکۆی شکاک و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

(١ *) – لە پەرتۆکی "بقعە ضوء" (پارچەیەک رۆناهی) وەرگیراوە. ئەم پەرتۆکە، دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە ئەرشیڤی سەردەمی دوەڵەتی رووسیای قەیسەری دەرهێناوە و، لە رووسییەوە کردوویە بەکوردی. حەیدەر عومەر و، عەلی جەعفەر کردوویانە بە عەرەبی.

(٢ *) – مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی سەرنووسەری رۆژنامەی "رۆژی کورد و، شەوی عەجەم"، پاش تێکشکانی شۆرشی رزگاریخوازانەی سمکۆ، بەرەو عێراق رۆیی و، لە شاری بەغدا گیرسایەوە و. لەوێ بە نێوی "مەلا محەممەدی قزڵجی" دەناسرا.

سەرچاوە:

"بزووتنەوەی نەتەوەی کورد" نووسینی: "کریس کۆچرا". (ئیبراهیم یۆنسی) لە فەرەنسییەوە کردوویە بە فارسی.

"مێژووی ١٨ ساڵەی ئازەربایجان" نووسینی: ئەحمەد کەسرەوی.

تێبینیی!

ئەم وتارە ماوەی مانگێک لە رادیۆ رۆژاڤای کوردستان بڵاوکرایەوە. هەروەها لە سەر سایتی هەڵوێست و بروسکە دانران. ئێستاش لە **Google** بەم ئەدرەسە: (ئازادی بو کوردستان ئاشتی بو جیهان) دانراوە.

٢٩ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٦

## سمکۆی شکاک ڕۆڵی لە بزووتنەوەی کوردایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ( ١٩١٨ - ١٩٣٠ )




م.هۆشمەند عەلی

خوێندکاری دکتۆرا لەمێژووی هاوچەرخی کورد


**پێشەکی**

یەکێک لە لاپەڕە گرنگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جووڵانەوەکەی سمکۆی شکاکو شۆڕشەکانیەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە درێژایی ساڵانی ١٩٠٥ - ١٩٣٠ .

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی دەرکەوتنی سمکۆو هەروەها ئامانجمان تێڕوانینە لە ئاراستەکردنی ئەو ئەنجامانەی کە لەئەنجامی هەوڵەکانی سمکۆو هەڵەکانیەوە لەماوەی بزووتنەوەکانی دا کەوتنەوە.

وێڕای بینینی چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆر، بەڵام ئەوەی کە زیاتر سوودمان لێیان بینیوە کتێبەکانی (محمد رسوڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، صالح محەمەد ئەمین: کوردو عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران) و چەند سەرچاوەیەکی دیکەش.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی هەڵێنجانی زانیارییەکانمان گرتۆتەبەر لەسەرچاوە زانستییەکانداو وێڕای لێک بەستنەوەیان بەیەکتری، هەوڵمانداوە سەرنجو تێبینییەکانمان بەشێوەیەکی زانستییانە بخەینەڕوو.

توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی، لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسێکمان خستۆتەڕوو دەربارەی کەسێتی سمکۆو هۆکارەکانی دەرکەوتنی. وە لە تەوەری دووەم: هۆکارەکانی بەرپاکردنو شۆڕشەکانی سمکۆو تەوەری سێیەم و کۆتایش تایبەتە بە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی شکستی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سمکۆ.

لە کۆتایشدا ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو، کە لەتەواوی ئەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین.

### یەکەم

### کەسێتی سمکۆو هۆکارەکانی دەرکەوتنی:



اسماعيل آقا شكاك، «سمكو»

ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) ساڵی(١٨٧٥)(١) ، لە دایک بووە، کوڕی محەمەد ئاغایە لە هۆزی شکاک، باوکی سەرۆکی هۆز بووە و ناوو ناوبانگی لە ئەستەمبۆڵ و تاراندا دەرکردبوو، دوای مردنی باوکی برا گەورەکەی (جەعفەر ئاغای شکاک) دەسەڵات دەگرێتە دەست و پاشان بەپێی پیلانێکی دوژمنانی لە ساڵی ١٨٩٥ لە ناودەبرێت، ئەمەش وا دەکات ڕاستەخۆ سمکۆ بێتە شوێنی. (٢) واتە لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بۆتە سەرۆکی هۆزی شکاک، بەڵام لاوێکی چالاک و لێهاتوو بووەو هەرلە تەمەنی منداڵیەوە دووچاری ژیانێکی سەخت بۆتەوە.

هەروەها سمکۆ بەهێزترین کەسایەتی نێو هۆزی شکاک بوو، دوای وەرگرتنی سەرۆکایەتی هۆزەکەی لە پەلاماردانی دەوڵەتی قاجاریدا بەردەوام بوو، ئەمەش وایکردبوو ژمارەیەک لاوی ئازاو بوێر لە دەوری کۆببنەوەو پشتیوانی لێبکەن، وە لەوانەشە شوێنی جوگرافیا و دیالەکتیکی زمان و پەیوەندی باشی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردی کرمانشان و سنەو ئیلام و سەرۆک هۆزەکانی دیکەی کورددا، ڕۆڵی باشیان هەبوو بێت لە پێگەی هێزو دەسەڵاتیەوە. (٣)

کەسێتی سمکۆ بەزۆر شێوە و لە زۆرێک لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بە شێوازی جۆراو جۆر باسی لێوەکراوە، هەرچەندە ئێرانییەکان و تورکەکان بە تالانچی و ڕێگر ناوی دەبەن، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤێکی نەتەوە پەروەر بووە، وە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیدا کەسایەتییەکی نوێخواز بووە. (٤) بۆیە دەبینین هەریەکە لەنەیار و دۆستانی کورد بەجۆری






باسیان لێوە کردووە، کە هەندێک وەک ڕێگرو هەندێکی دیکەش وەک شۆڕشگێڕو نەتەوە پەروەر وەسفیان کردووە، بۆ وێنە: هاملتۆن دەڵێت: " سمکۆ ناودارترین کەسی شۆڕشگێڕی کوردستانە".(٥)

شێخ لەتیفی حەفیدیش لەبارەیەوە نوسیویتی: " کەسێکی چالاک و وووریا بوو، لە جەنگدا کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، دەیویست دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ و دژی داگیرکاری و تالانچێتی بوو، لەڕووی دیپلۆماسیەوە کەسێکی بەتوانابوو، هەمیشە پەیوەندی باشی هەبووەو کۆبوونەوەی دەکردو لەوسەرۆکانە بوو قەد بیری لەوە نەکردۆتەوە کە وولاتەکەی بە پارە بفرۆشێ یان حەز لە پایەی بەرز بکات".(٦)

لە ڕاستیدا چەند هۆکارێک بوونە هۆی زیاتر ناووناوبانگ دەرکردنی سمکۆ، هەم لەئێران و هەمیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، کە گرنگترینیان بەکورتی ئەمانەن:

١- بەهێزی هۆزی شکاک لە قۆناغە مێژوویەکانی ئێران و هەوڵەدژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ پاراستنی ماڵ و موڵکەکانیان لەدەست قاجارەکان، ئەمەش زیاتر بۆ سمکۆ گرنگییەکەی دەرکەوت کاتێک بوو بە سەرۆکی هۆزەکەیان.

٢- ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئێران و نێوچەکە، وە هاتنی عەبدولرەزاق بەدرخان بۆلایی و بەیەکەوە کارکردن بۆ یەک ئامانجی هاوبەش بەبرەودان بەچالاکی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی ١٩١٣ لە شاری (خۆی) سمکۆ بەهاوکاری عبدالرزاق بەدرخان یەکەم خوێندنگای بۆ منداڵانی شارەکە کردەوەکەو ٣٠ منداڵی کورد تێیدا دەیان خوێند ، خەرجی خوێندنگاکەش لەسەر ئەرکی دانیشتوانی ناوچەکە بوو. هەروەها ڕوسەکانیش هاوکاری فەرهەنگیان دەکردو زمانی ڕوسیش تێیدا دەخوێندرا. (٧)

٣- کاتێک سمکۆ بوو بەزاوای سەید تەهاو خوشکەکەی خواست، زیاتر ناوبانگی دەرکرد، چونکە نەک تەنها لەبەرئەوەی سەید تەها شۆڕشگێڕبوو، بەڵکو کەسایەتییەکی ئاینیی بەهێزیشی هەبوو، ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە- خزمایەتیەی لەگەڵیاندا زیاتر وایکرد سمکۆ لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستان ناودەربکات و بناسرێ.

٤- هۆکارێکی دیکەش بێلایەنی سمکۆ بوو لە ڕووداوەکان دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧و پاشان خۆی سازدا بۆ هەڵایسانی شۆڕش لە دژی قاجارییەکاندا. (٨)

دووەم:

هۆکارەکانی بەرپاکردن و شۆڕشەکانی سمکۆ

پێویستە ڕاشکاوانە ئەوە بخەینە ڕوو یەکێک لەهۆ پاڵنەرە سەرەکیەکانی هەڵایسانی شۆڕشو ڕاپەرینەکانی سمکۆ، وێڕای زوڵم و ستەمەکانی دەسەڵاتدارانی قاجاری و دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ کوردو نەسەلماندنی مافەکانیان، لەهەمان کاتدا کوژرانی (جەعفەر ئاغای شکاک) برا گەورەکەی سمکۆ، دەکرێت بەخاڵی سەرەکی وروژێنەر دابنرێت بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی، بۆیەش بەردەوام لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدا بوو تا لەڕێیەوە ڕقو قینەو تۆڵەی بنەماڵەکەیانیان لێبکاتەوە. (٩)

یەکێک لەودەرفەتانەی بۆ سمکۆ هاتە پێشەوە هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩٨١) بوو، کەوا زیاتر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە تێکچوو، چونکە یەکێک لە ڕووداوە هەرەگرنگ و چارەنوسازەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو، کە لەو سەردەمە دا گەلی کورد لەنێوان هەردوو حکومەتی عوسمانی و قاجاریدا دابەشکرابوو، هەربۆیە دوابەدوای بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی و تێوەگلانی لەوشەڕەدا، ئاگری شەڕ بۆ نێو کوردستان تەنیەوە، لەم ڕووەوە (لازاریێف) دەڵێت "لەڕاستیدا دەنگی یەکەم تەقەی شەڕ لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەکوردستانی ئێران بەرزبۆوە نەک لەدەریای ڕەشدا".(١٠)

بەمەش سمکۆ سەرەتا هەوڵی دا لە ڕێگەی برەودان بە شۆڕشەکانی کوردەوە ئاگرەکە خۆشتر بێتو پاشان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئازاد بکەن، بۆیەش کاتێک لەپاڵ ئەم بارودۆخانە دا شۆڕشێکی کورد لە بەتلیس سەر هەڵدەدات بەبەشداری و سەرکردایەتی ژمارە یەک لە سەرکردە دیارەکانی کورد لەوانە: عبدالرزاق، یوسف کامل، شێخ تەها، سمکۆش بەشدار دەبێت تیایدا، وە پاشان شۆڕشەکە فراوان بوو و سەرەتاش سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا، کە توانرا گەمارۆی شاری بەتلیس بدرێت و پاشان بچنە ناویەوە، بەڵام نەتواندرا لەناوی دا بمێننەوە بەهۆی هاتنی یارمەتی سەربازی زۆری تورک بۆ نێوچەکە، لە کاتێکدا هێزەکانی کورد لەڕووی چەک و ڕێکخستنەوە لاوازبوو، بەمەش تورکەکان توانییان شۆڕشەکە لەناوببەن و هەروەها ئەوپەڕی توندو تیژی و سزادانیان پەیرەوکردوو بەشێکیش لە سەرکردەکانی شۆڕشیشیان لە سێدارەدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد لەناوچەکانی دیکە بێزاری و تورەیی خۆی نیشان بدات بەرامبەر ئەو ڕەفتارە ناشیرینانەی کە ئەنجام درا لەلایەن سوپای تورکەوە بەرامبەر شۆڕشگێڕان. (١١)

بەڵام سمکۆ دوای جەنگ لە ساڵانی (١٩١٩- ١٩٣٠) خەباتی ڕزگاریخوازی گرتەئەستو بەئامانجی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

لەساڵی ١٩١٩دا شۆڕش و ڕاپەرینی سمکۆ زۆرێک لە نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەشێکی زۆری سەرۆک هۆزەکان دایەنە پاڵی، وە نێوچەیەکی فراوانی ڕزگارکرد، هەر لە ورمێ تا سنووری تورکیا، لە وێشەوە تا سابڵاغ و سەقزو بانەش، وە لەوکاتەشدا بەڕێوەبەرایەتییەکی لەو نێوچانە دا دامەزراندو شاری






ورمێی کردە نێوەندی دەسەڵاتەکەی، ڕۆژنامەیەکیشی بەناوی (ڕۆژی کوردو شەوی عەجەم) دەردەکرد وەک ئۆرگانی دەسەڵاتەکەیی و دواتر ئەمە بوو بە ڕۆژی کوردو پاشانیش کورد. (١٢)

لەدوای ئەو بڵاوکراوەیە بزوتنەوە چەکداریەکەی سمکۆی شکاک لەگەشە کردندا بوو ناوچەیەکی زۆری کوردستانی ئێرانی گرتبۆوە دەسەڵاتی خۆی چەسپاندبوو بۆیە لەپاڵ ئەو گەشە کردنە سیاسی و سەربازیە سمکۆ بیری لەدەرکردنی بڵاوکراوەیەکیش کردەوە وەک پێویستیەکی گرنگ بۆ گەشە پێدانی لایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەی بۆیە لەساڵی ١٩٢١ دوایی ئەوەی شاری وورمێی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک دوایی ئەوەی محمەد تەمەدونی خاوەنی چاپخانەی (تەمەدن) رایکرد و شاری وورمێی بەجێهێشت لەبەر ئەوەی ئازەریەکی شیعەی دژ بە کورد و جوڵانەوەکەی سمکۆ بوو ، لایەنگرانی سمکۆ دەستیان بەسەر چاپخانەکەدا گرتو ناوەکەیان لە (تەمەدون) کرد بە (غیرات) ئەوجا دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەناوی (ڕۆژی کورد – شەور عەجەم) پاشان کردیان بە (ڕۆژی کورد) دوایی تەنها (کورد) محەمەد تورجانی بەرپرسیاری بووە لەسەرەوەی کورد نوسراوە (واعتصموا بحبل الله جمیعا ولا تفرقوا) لەژێریشەوە دوودەست لەیەکدا وەک نیشانەی یەکێتی تێدابێ وەردەگیرێ جاری لەهەفتەیەکدا چاپ دەکرێ لەژێر ڕۆژنامەکەش نوسراوە (ڕۆژنامەیکە سیاسی ادبی ، اخباری ، سر مقالی ترجمە دکرد بفارسی ، دینوسی کوردیک بۆ هەموو کوردان). (١٣)

هەموو نوسەرانی کورد هەر تەنها ئەوەندەیان لەبەردەستدایە لەبارەی ئەو ڕۆژنامەیەکە بەمێژووی کۆچی دەرچووە گوایە ژمارەی یەکەمی لە ١٢ ی مانگی شەوالی ١٣٤٠ بڵاوبۆتەوە کەهەندێک پێیان وایە دەکاتە تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ ی زانینی بەڵام نازانرێ تیراژی چەند بووەو چەند ژمارەی لێ دەرچووە بەکۆتایی هاتنی بزوتنەوە شۆڕشگێریەکەی سمکۆ کۆتایی بەدەرچوونی ڕۆژنامەکەش هات.(١٤)



ئەم هەوڵانەی سمکۆ لەلایەن ئێرانەوە وا بەسانایی پەسند نەدەکراو بۆیە لەساڵی ١٩١٨ لەلایەن (مکرم الملک) حاکمی تەبرێز بۆمبێک بە شێوەی دیارییەکی پێچراوە دەنێرێت بۆ سمکۆ بەمەبەستی لەناوبردنی، بۆیە کاتێک زەرفەکە دەکەنەوە بۆمبەکە دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی کوژرانی (٢٥) کەس لەپیاوەکانی و بریندار بوونی ژمارەیەکی لەوەیش پتر لە دەست و پێوەندەکانی. (١٥)

پاشانیش کە گۆڕانکاریە سیاسیی و سەربازییەکان لە ئێراندا هاتە کایەوە بە دەرکەوتنی ڕەزاشای پەهلەوی، سمکۆ لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ سەردانەنواندن بەرامبەر بە ئێران و پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان، وە دەسەڵاتەکەشی فراوان کردبوو دەستی بەسەر نێوچەکانی نێوان خۆیو سەڵماسدا گرتبوو. (١٦)

بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی ڕەزاشا بێ ئاکام نەمایەوە لەسەر سمکۆ، بەڵکو دەسەڵاتی سمکۆ وورده ووردە دایە لاوازیو بۆ ماوەیەک لە چالاکیەکانی وەستا، چونکە نەیتوانی بەرامبەر هێرشی ئێران خۆی ڕابگرێت و بۆیەش شاری ورمێی لەدەستدا کە چوار ساڵ بوو حوکمی تێدا دەکرد، لە (١٩٢٢/٨/٤) هێزەکانی خۆی کشاندەوە بۆ تورکیا و دوای کەوتنە داوی سوپای تورک و زەبرلێوەشاندن و زیان پێگەیاندنێکی زۆری گیانی و ماددی توانی خۆی دەربازبکات لەدەستیان و پاشان خۆی گەیاندە باشووری کوردستان و لە نێوچەی ڕەواندزدا نیشتەجێ بوو، بەڵام ئەم شکستەی سەرجەم لایەکی گرتەوەو لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بە شێوازی جیا جیا باسیان لێوە دەکرد، وەهەوڵی دا پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئنگلیزدا دروست بکات بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لە دژی تورک و فارسەکان. [١٧] بەڵام دواتر سمکۆ هەڵوێستەکانی خۆی لەمەڕ بەریتانیاو فریودانی کوردو هاوکاری نەکردنەکانی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان دا خستەڕوو، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەحمەد تەقیدا. (١٨)

ئەم بارودۆخەی ژیانی سمکۆو هەوڵەکانی بەپێی هەڵبەزو دابەز لە دەسەڵاتیدا ڕوویداوە، کە ئەمەش بەئاشکرا لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ئاماژەی پێکراوە و تێیدا هاتووە:

"سمکۆ ڕەهبەرێکی کوردی بەناوبانگە، ساڵ و نیوێک دەبێت ناوی زۆر لەناو ناواندا نەماوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەموو کات لەوانەیە بێتەوە مەیدان و هێندەی شێخ محمود لەسلێمانی و باشوور گێرمەو کێشە بۆ حوکمەتی ئێران و تەنانەت عێراقیش دروست بکات".(١٩)

هەروەک لە بەڵگەنامەی بەریتانیەکاندا پێشبینی کرابوو و ئاماژەی بۆکراوە، دەبینین دوای دوو ساڵێک، سمکۆ هاتەوە مەیدانی خەباتو لەساڵی ١٩٢٣دا چوو بۆ سلێمانی و سەردانی شێخ محمودی کرد بۆ باس و مەسەلەکان و ستراتیژیەتێکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستاندا. (٢٠) بەڵام دوای ئەوەی ئێران لەسەر داوای تورکیا بڕیاری لێبوردن دەردەکاتو لەساڵی ١٩٢٤دا جێبەجێی دەکات، دوای ساڵێک سمکۆ بەخۆیی و چەکدارەکانیەوە دەگەڕێتەوە نێوچەکانی خۆیان و لە (چەهریقە) نیشتەجێ دەبێت. (٢١)

لەڕاستی دا ئەمەش لەئاکامی سیاسەتی تاکتیکی ڕۆژی ڕەزاشای پەهلەوی بوو، بۆ هێمن ڕاگرتنی ئاسایشی نێوخۆی وووڵات و تا خۆ قایم کردن و جێگیربوونی، ئینجا یەکلایی






کردنەوەی نەیارو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، وەک چۆن دەبینین لەدواتردا بەرامبەر بە سمکۆ هەر وایکرد.

دواتر سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٨ جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان و دەوڵەتی بەریتانیش داوای لە حکومەتی عێراق کرد کەوا هاوکاری ئێران بکات بۆ لە نێوبردنی سمکۆ، بۆیەش هەندێک وای بۆ دەچن کە کوژرانی سمکۆ دەستی بەریتانیەکانیشی تێدا بێت. وە لە مایسی ١٩٢٨دا ناچارکرا خاکی عێراق بەجێبهێڵێت، وە ڕووی لە تورکیا کرد، بەڵام ئەوانیش ڕێگایان لێگرتوو بەناچاری و بە زۆری هێز گەڕایەوە نێوچەکانی پێشووی خۆی لە عێراقدا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لەم قۆناغە دا سمکۆ لە هەڵومەرجێکی زۆر ناخۆشدا بووە، چونکە هەرسێ دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ئێران دژایەتیان کردووە و لەدژی وەستاون. (٢٢)

دواتر ئێران وای بەباشتر زانی سمکۆ بگەڕێتەوە بۆ ئێران، لە ڕاستیشدا ئەمە بۆ لەناوبردنی بوو، بەڵام سەرەتا کەسێکیان بەناوی (تەیمور ئاغا) ناردە لایی و بەڵێنیان بۆ ناردبوو کەوا پارێزراو دەبێت گەر بە هێمنی لەنێوچەکانی خۆیاندا دابنیشێت، وە بۆ زیاتر بڕواهێنان بە سمکۆ بڕیارێکی لێخۆشبوونیشیان لە نێو قورئانێکدا بۆ ناردبوو تا پێوەی فریوی بدەن، بەمەش سمکۆ فریوی خواردو و لەهەمان کاتیشدا هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمابۆوە بۆ خۆ دەربازکردن، بۆیە بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ئێران.|(٢٣)

پاشان بەفێڵی بینینی ڕەزاشاو گفتوگۆ بانهێشتی دەکەن بۆ شاری شنۆو سەرەنجام لەلایەن سوپای ئێرانەوە بە فەرمانی ڕەزاشا لە ڕۆژی (٢٠ / ٧ / ١٩٣٠ ) (٢٤) ، تیرۆر دەکرێت و کۆتایی بەخۆیی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیشی دەهێنن.

سێیەم

هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی شکستی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سمکۆ

یەکەم: هۆکارە نێوخۆییەکان:

١- سمکۆ هەرچەندە ناسراوترین کەسایەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڵام خاوەن ڕێکخراوێکی سیاسیی و کۆمیتەیەکی سیاسیی نەبوو، تا بەیەکەوە کارەکان ببەن بەڕێوە، بەڵکو هەرخۆی سەرکردەو بەرنامەدانەرو نەخشەدانەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بوو.



٢- هەروەها هێزە چەکدارەکانی سمکۆ هێزێکی ڕێکخراو نەبوون بەدیسپلینی سەربازی و دوای گرتنی نێوچەیەک نەیان دەتوانی پارێزگاری لێبکەنو بەڕێکو پێکی بیبەن بەڕێوە. (٢٥)

٣- بناغەی شۆڕشەکەی لەسەر بنەمایەکی پتەوو لەسەر بیری نەتەوایەتی پێک نەهێنابوو، وە هەموو ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون زۆربەیان زیاتر بەنا بەدڵی بوو، وەکاتێک هەڵێکی دیکەیان بۆ هەڵکەوتایە جێیان دەهێشت.

٤- وە کوژرانی مارشمعون لە ساڵی ١٩١٨ بەدەستی سمکۆ بە هاندانی ئێران، بووە مایەی ئاژاوەی نێوخۆیی و دژایەتی ئاسوورییەکان بۆیی و لاوازکردنی.(٢٦)

٥- وە پێمان وایە هۆکارێکی دیکە بۆ لاواز نیشاندان و بە خراپ لەسەر کەوتنی، ئەوە بوو کە سمکۆ خەباتی بەردەوامی نەتەوەیی و ئاگری تۆڵە لە جوڵانەوەکەیدا تێکەڵ بەیەک بوو بوون، بەهۆی ئەو زوڵمە بەردەوامانەی لەبەرامبەر بنەماڵە و خۆیدا کرابوو بەردەوامیش هەوڵی لەناو بردنیان دەدا.

٦- هەروەها پێویستە باری کۆمەڵایەتی ئەوقۆناغەی کوردستان بەگشتی لەبەرچاوبگرین، بەتایبەتی زاڵبوونی هەستی هۆزایەتی و نێوچەگەرێتی و یەکنەگرتنی سەرانی کورد دژ بەداگیرکەران و هەریەکە و بەجیاو بەبیری جیا هەوڵی دەدا، لەم نێوەندەشدا سمکۆ لێی بەدەر نەبووەو تەواو لەم چوارچێوەیە دا قەتیس ماوە.

دووەم: هۆکارە دەرەکییەکان:

١- ئینگلیزەکان بەهیچ شێوەیەک هاوکاری سمکۆیان نەکردو بەڵکو بەپێچەوانەوە یارمەتی زۆری ڕەزا شایان دا تا بتوانێ دەسەڵاتی بەسەرئێراندا بسەپێنێ و نێوچە کوردیەکانیش کۆنترۆڵ بکات و بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاش لە ئێراندا بپارێزێت.(٢٧) .

٢- بەهەمان شێوە سمکۆ ئومێدەکانی خۆشی لەسەر هاوکاری سۆڤیەتیەکاندا بنیات نابوو، لە ساڵانی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی جەنگو دواتریش، بەڵام هیچ کات سۆڤیەت ئامادەنەبوو هاوکاری ڕاستەقینەی سمکۆو بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد بکات، چونکە وەک بۆمان دەردەکەوێت سۆڤیەت زیاتر پاڵپشتی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا بووە بۆ زیاتر بەدەستهێنانی بەرژەوندیەکانی خۆی، بۆ وێنە باڵیۆزی ڕوسیا بەتوندی ڕەخنەی لە تورکیا گرتووە، کاتێک تورکیا داخوازی ئێرانی لەمەڕ بەدەستەوەدانی سمکۆ جێبەجێ نەکردووە. (٢٨)






وە سمکۆ سەرەتا زۆر لەژێر کاریگەری عەبدولڕەزاق بەدرخاندا بوو بۆ باوەڕبوونی بە ڕووسیا، هۆی ئەم باوەڕبوونەی عەبدولڕەزاقیش بە ڕووسەکان، (د.کەمال عەلی) لە گۆڤاری (چوار چرا) دا وتوویەتی: " هۆی پەیداکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسدا ئەوە بووە کە کورد لەڕێگەی ڕووسەکانەوە ئەتوانێت ڕزگاری بێت و هەوڵی ئەوەی ئەدا سوود لەو ناکۆکیەی کە لە نێوان ڕوس و تورکەکانی عوسمانیدا هەبوو بۆ سوودی کورد بەکاری بێنن".(٢٩)

وەپێویستە ئەوەش بخەینەڕوو کەوا (د.کەمال عەلی) لەم دواییانە ئەوەی بە ڕاشکاوانە خستەڕوو، کەوا سۆڤیەتو ڕووسەکان زیاتر تێڕوانینیان بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆیان بووە و هەروەها لەلایەنی پەیوەندی هەڵپەرستانەوە لە دۆزی کورد و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان ڕوانیوە. (٣٠) ئەمەش لەکاتی خۆیدا کاریگەری خراپی کردە سەر سمکۆ و هاوکاری نەکردنی کوردو ناسینی کێشەی کورد وەک کێشەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و داگیریان کردووە.

بۆیە ئەم هۆکارانەو چەند هۆکارێکی دیکەش بوونە هۆی لەنێوبردنی سمکۆو کۆتایی هاتن بەگیانی و شۆڕشەکەشی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

## ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند خاڵێکی سەرەکی گەیشتین، لێرە دا وەک ئەنجامی توێژینەوەکەمان دەیانخەینەڕوو، گرنگترینیان بریتیین لە:

١- سمکۆ لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا بۆتە سەرۆکی هۆزی شوکاک، بەڵام لاوێکی چاڵاک و لێهاتوو بووەو هەرلە تەمەنی منداڵیەوە دووچاری ژیانێکی سەخت بۆتەوە.

٢- چەند هۆکارێک بوونە هۆی زیاتر ناووناوبانگ دەرکردنی سمکۆ، هەم لە ئێران و هەمیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، وەک بەهێزی هۆزی شکاک و خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەید تەهاو یاخی بوونە بەردەوامەکانی لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی.

٣- یەکێک لەهۆ پاڵنەرە سەرەکیەکانی هەڵایسانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سمکۆ، وێڕای زوڵم و ستەمەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ کورد و نەسەلماندنی مافەکانیان، لەهەمان کاتدا کوژرانی (جەعفەر ئاغای شکاک) برا گەورەکەی سمکۆ، دەکرێت بەخاڵی سەرەکی وروژێنەری دابنرێت بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی. هەربۆیەش لە ساڵانی (١٩١٩-١٩٣٠) خەباتی ڕزگاریخوازی گرتەئەستۆ بەئامانجی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

٤- سمکۆ هەرچەندە ناسراوترین کەسایەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵام خاوەن ڕێکخراوێکی سیاسیی و کۆمیتەیەکی سیاسیی نەبوو، تا بەیەکەوە کارەکان ببەن بەڕێوە، بەڵکو هەرخۆی سەرکردەو بەرنامەدانەرو نەخشەدانەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بوو. وە پێمان وایە هۆکارێکی دیکە بۆ لاواز نیشاندانو بە خراپ لەسەر کەوتنی، ئەوە بوو کە سمکۆ خەباتی بەردەوامی نەتەوەیی و ئاگری تۆڵە لە جوڵانەوەکەیدا تێکەڵ بەیەک بوو بوون، بەهۆی ئەو زوڵمە بەردەوامانەی لەبەرامبەر بنەماڵەو خۆیدا کرابوو بەردەوامیش هەوڵی لەناوبردنیان دەدا. جگەلەمانەش لەهەندێک ڕووەوە بناغەی شۆڕشەکەی لەسەر بنەمایەکی پتەوو لەسەر بیری نەتەوایەتی پێک نەهێنابوو. ئەمانەش خاڵی هەرەلاوازی شۆڕشەکەی بوون.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کتێبە کوردیەکان:

ئەفراسیاو هەورامی (دکتۆر):

١- کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤیەت دا، پێدا چوونەوەی کوردیەکەی: مستەفا غەفوور، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦.

دیڤید ماکداوڵ:

٢- مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، ب٢ ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

شێخ لەتیفی حەفید:

٣- یاداشتەکانی شێخ (لگیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ محمود، ئامادەکردنی: کەمال نوری مەعروف، چ١، دهۆک، ١٩٩٥.

صالح محەمەد ئەمین:

٤- کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چ١، بەغدا، ١٩٩٢.

عەلائەدین سەجادی:

٥- مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد.

کەمال مەزهەر(دکتۆر):

٦- کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئا. عەبدوڵلا زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری، ب١ ، چ١،چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨.

٧- کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا، ١٩٧٥.

کریس کۆچێرا:

٨- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حمە کەریم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

محمد رسوڵ هاوار:

٩- سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چ٢ ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

جەلیلی جەلیلی :

١٠- بوژانەوەی رۆشنبیری و نەتەوەیی کورد) کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتایی سەدەی بیستەم ، سلیمانی ٢٠٠٠.

هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی:

١١- عەبدوڵرەحمان قاسملوو ژیان و رۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

یاسین سەردەشتی(دکتۆر):

١٢- کوردستانی ئێران، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

دووەم: کتێبە عەرەبییەکان:

ای.ام هاملتون:

١٣-گریق فی کردستان، ت.جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧٣.

أحمد عبدالقادر الشاژلی (الدکتور):

١٤- الاغتیالات السیاسیه فی ایران، گ١، العربی للنشر و التوزیع، القاهره، ١٩٩٧.

حامد محمود عیسی(الدکتور):

١٥- القچیه الکردیه فی ترکیا.

کمال مڤهر احمد (الدکتور):

١٦- دراسات فی تأریخ ایران الحدیپ و المعاصر، بغداد، ١٩٨٥.

سێیەم: محاجرات:

کەمال عەلی محەمەد (دکتۆر):

١٧- محاچرەی تایبەت لەسەر هەڵوێستی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرامبەر بە دۆزی کورد، خوێندنی باڵا/ دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ( ١٧ / ١٢ / ٢٠٠٨ )، کاتژمێر ٩ بۆ ١١ی سەر لەبەیانی.

پەراوێزەکان :

(١) لەراستیدا بەتەواوەتی مێژووی ساڵی لەدایک بوونی سمکۆ نەزانراوە، بەڵکو ساڵی جۆراوجۆری نزیک بەیەک دانراوە، وەک: هەندێک پێیان وایە ساڵی ١٨٨٩یان ١٨٨٧ ویان ١٨٧٥ کە لەسەرەوەش ئاماژەمان پێیداوە بەپێی زانیارییەکانی د.جەمال نەبەز لە کتێبی: کوردستانو شۆرشەکەی، بۆزیاتر بروانە: (محمد رسوڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چ ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٥٥ -٢٥٧).

(٢) عەلائەدین سەجادی: مێژووی راپەرینەکانی کورد، ل١٦٤.

(٣) صالح محەمەد ئەمین: کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چ١، بەغدا، ١٩٩٢، ل٣٣٦-٣٣٨.

(٤) کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و.حمە کەریم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٥٣ ، ٥٦.

(٥) ای ام هاملتون: گریق فی کردستان، ت.جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧٣، ص١٢٧.

(٦) بروانە: یاداشتەکانی شێخ (لگیف)ی حەفید لەسەر شۆرشەکانی شێخ محمود، ئامادەکردنی: کەمال نوری مەعروف، چ١، دهۆک، ١٩٩٥، ل٧٧.

(٧)جەلیلی جەلیلی : بوژانەوەی رۆشنبیری و نەتەوەیی کورد) کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتایی سەدەی بیستەم ، سلیمانی ٢٠٠٠ ل ١٣٥.

(٨) محمد رسوڵ هاوار: س.پ، ل ٢٦١-٢٦٢.

(٩) عەلائەدین سەجادی: س.پ، ل ١٦٤ -١٦٥.

(١٠) د.کەمال مەزهەر: کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد-بەغدا، ١٩٧٥، ل٥٣.

(١١) د.حامد محمود عیسی: القچیه الکردیه فی ترکیا، ص١٤٦-١٤٨.

(١٢) د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣،ل٣٧.






(١٣) نەوشیروان مستەفا / چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی بەرگی دووەم ، ٢٠٠٢ سلێمانی ل ٢٣ .

(١٤) تەنها لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی لەکتێبی (محمد تمدن) اوزاع ایران درجنگ اول یاتاریخ / تهران چاپ اسلامیه ١٣٥٠ .

(١٥) د. کەمال مەزهەر: کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئا. عەبدوڵڵا زەنگەنەو شەهلا تـاهیر حەیدەری، ب١ ، چ١ ،چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨، ل١٣١ .

(١٦) دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ١ ، ب ٢ ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٥٠-٤٥١ .

(١٧) عەلائەدین سەجادی: س.پ، ل ١٧٠-١٧١ .

(١٨) بۆ زیاتر بڕوانە: (محمد رسوڵ هاوار: س.پ، ل ٣١١-٣٢٠) .

(١٩) د. کەمال مەزهەر: کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا،ل ١٤٣ -١٤٤ .

(٢٠) بۆ زیاتر بڕوانە: محمد ڕەسوڵ هاوار: س.پ، ل ٥٨٠-٦٠١ .

(٢١) کریس کۆچێرا: س.پ، ل ١٠٤ .

(٢٢) صالح محمد ئەمین: س.پ، ل ٣٩٢ .

( ) محمد ڕەسوڵ هاوار: س.پ، ل ٦٤١-٦٤٢، عەلائەدین سەجادی: س.پ، ل ١٧٦ .

(٢٣) محمد ڕەسـوڵ هـاوار: س.پ، ل ٦٤٥. بەڕاستی پێویستە لێرەدا لە حاست سیاسـەتە فێڵاویەکـانی حکـومەتە یەک لەدوای یەکەکـانی ئێران بەرامبەر بە کەسـایەتیو سەرکردەکانی کورد هەڵوەستەبکەینو ئەوە بەبیرخۆماندا بهێنینەوە، کەوا دوای ٥٩ ساڵ هەمان سیناریۆی سیاسیی لە ئێرانـدا دووبـارە بـۆوە، وەک کاتێک لە ١٣ / ٧ / ١٩٨٩ د.عەبدولڕەحمان قاسملوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەننـای پێتەختی نەمسا تیرۆر کرا، کە ئەمەش دووبـارە بـوونەوەی مێژووە لە ئێران بەرامبەر بەکورد، چونکە هەردوو کارەساتەکەی سمکۆو قاسملوو زۆر لێک دەچن کە بەفێڵ بانگهێشت کرانو کوژران، بەتـایبەتی کە قاسملوو لە سـاڵی تیرۆرکردنی سمکۆ دا ١٩٣٠ لە دایک بـووە و لە هەمان مانگی کوژرانی ئەویشدا (مانگی ٧) تیرۆرکرا، بۆ زیاتر بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چ١ ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧)، هەروەها بۆ زیاتر لە بارەی تیرۆرە سیاسیەکانی ئێران بڕوانە: (د.أحمد عبدالقادر الشاژلي: الاغتيالات السياسیه فی ایران، ط١ ، العربی للنشر و التوزیع، القاهره،١٩٩٧) .

(٢٤) صالح محمد امین: کورد و عەجەم، ل ٣٥٩، ٣٦٥، ٣٤٠-٣٤١ .

(٢٥) محمد رسوڵ هاوار: س.پ، ل ٣٨٧، ٥٥٩-٥٦٠ .

(٢٦) د.کمال مظهر احمد: دراسات فی تأریخ ایران الحدیث و المعاصر، بغداد، ١٩٨٥، ل ٢٥٢ .

(٢٧) بۆ زیاتر بڕوانە: (د. ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیەت دا، پێدا چوونەوەی کوردیەکەی: مستەفا غەفوور، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦، ل ٣٢-٤٠) .

(٢٨) وەرگیراوە لە: (محمد رسوڵ هاوار: س.پ، ل ٣٠٧) .

(٢٩) د.کەمال عەلی: محاچرەی تایبەت لەسەر هەڵوێستی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرامبەر بە دۆزی کورد، خوێندنی باڵا/ دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (١٧ / ١٢ / ٢٠٠٨)، کاتژمێر ٩ بۆ ١١ ی سەر لەبەیانی.

سەرچاوە : کوردستان ٢١

## بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی سیاسییەوە"ڕاپەڕینی سمکۆ"

بێهزاد خۆشحاڵی و ئەفراسیاب گرامی

سمایل ئاغای سمکۆ لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی چاوی بەدنیا هەڵێناو پاش مەرگی باوکی، سەرۆکایەتی هۆزەکەی خۆی وەئەستۆ گرت. ئەو پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە پێناو داکۆکی لە مافی کوردەکان هاتە نێو گۆڕپانی سیاسییەوەو هەتا پێش ئەو لە مێژوو دا، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی نەبۆتە هۆی بەکردەوە بوونی بەشداری سیاسی لە گۆڕەپانەکاندا. هەرچەندە بە هۆی پێگەی بەهێزی خێڵەکی و کەسایەتییەکەی لە ساڵانی شەڕدا، لە لایەن ڕووسیەوە دەستبەسەر کراو و بۆ "تفلیس" دوور خرایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک بە مەرجی دانیشتنی زۆرەکی لە شارستانی "خوی"دا، ئازاد کرا.








سەرەتا پێویستە بە شرۆڤەی پێنج هۆکاری "کردەکار"،

کردەکار: راپەڕینی سمکۆ

هۆکار: سمایل ئاغای سمکۆو هۆزی شکاک

گۆرەپان:

ئەلف: کات (زمان): ١٩٣٠ . ١٩١٩ (لە ماوەی ١١ ساڵدا)

ب: شوێن: ناوچەی باکووری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان

ئامراز : شەڕی چەکدارانە لە پاڵ دیپلۆماسی نێونەتەوەیی لە شێوازی نووسین و بەڵگەنامە لەگەڵ نوێنەرانی بریتانیا، رووسیە و ئێراندا.

ئامانج : ئازادیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد

سمکۆ پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم وەک نیزامییەک و رێبەرێکی سیاسی، ناسراو و بە ئامانجی دامەزرانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکە و لە ساڵی ١٩١٩دا، راپەڕینی خۆی دەست پێ کرد و بەشێکی سەرەکی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان (باکووری رۆژئاوای ئێران)ی ئازاد کرد بەڵام لە ساڵی ١٩٢١دا، ناچار بە پاشەکشە بوو و پەنای بردە بەر تورکیە.

لە ساڵی١٩٢٤دا بە راگەیاندنی "لێبوردنی گشتی" گەڕایەوە ئێران و لە ساڵی ١٩٢٦دا هەمدیس راپەڕینێکی دیکەی وەڕێخستەوە کە ئەمجارە دەستبەسەر کراو و بۆ تورکیە دوورخرایەو لەوێ کەوتە بەندیخانەوە. سمکۆ پاش ئازادی، گەڕایەوە ئێران و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٣٠ بە دارشتنی پیلانێک بە فەرمانی رەزاخان، شەهید کرا. راپەڕینی شکاک بە شەهیدکرانی سمکۆ، پاش لە ١١ ساڵ چالاکیی چەکدارانە و سیاسی کۆتایی پێ هات.

### تایبەتمەندییەکانی راپەڕینی سمکۆ:

١- راپەڕینی سمکۆ، راپەڕینێکی ناوچەیی بووە و هۆزی شکاک رۆڵی سەرەکییان لەو راپەڕینەدا هەبووە.

٢- هۆزی شکاک لە دوو تیرەی "عەبدویی"و "ممدەویی" پێک هاتووە کە لە باکووری گۆلی ورمێ دا نیشتەجێ بوون (نیشتەجێن).

٣- هۆکاری بنەڕەتی بیچمگرتنی راپەڕینی سمکۆ، پیلانی کوژرانی "جافرئاغای شکاک" لە لایەن دەسەڵاتداری ناوچەی مەهابادەوە بووە.

٤- سمکۆ لە تەواوی وتەکانی خۆیدا باس لە "ئازادی کوردستان"و "دامەرزانی دەوڵەتی کورد" دەکات.

٥- ئەویش هەروەک شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، لە نامەکانی خۆیدا، بۆ کوردەکان لە وشەی "نەتەوە" کەڵک وەردەگرێ‌و لەگەڵ هێنانە بەرباسی نموونە، بە شێوەیەکی روون لە "ژێردەستەیی نەتەوەی کورد"و "مافی چارەنووس" بە واتای ئەمڕۆیی، دەدوێت.

لە نامەی سمکۆ بۆ "ڤفر الدولە" فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجاندا هاتووە کە:

"بڕوانن، زۆربەی نەتەوە چوکەکانی جیهان لە رووی بەربڵاوی حەشیمەتی و جوغرافیاییەوە لە نەتەوەی کورد کەمترن، چۆن توانیان ئازادیی خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵماندا وەدەست بێنن و سەربەخۆ ببن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافەکانی خۆی لە باڵادەست وەربگرێتەوە، "مەرگ" لە دیلییەتی و ژێردەستەیی و کۆیلەتی باشترە. (١٩٢٠)

سمکۆ هەروەها لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی "ژێنراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری ناوچە کوردنشینەکانی ئیستانبۆڵدا دەڵێ: " لە رەوشی ئێستا دا من رێبەریی راپەڕینی کوردەکانم و هێشتا تەشکیلاتێکی ئیداری و سیاسییەکی تایبەتیم نیە. گرینگترین و بنەمایی ترین ئامانجی ئێمە، ئازادی کوردستانە و کاتێک بە ئازادی گەیشتین، ئیدی زۆر گرینگ نیە کە کێ دەبێتە رێبەری کوردستان. من هیچکات بیرم لە رێبەری هەموو نەتەوەی کورد و دەسەڵاتخوازی نەکردۆتەوە. لەمەڕ "ئاڵا"ش کە پرسیارت کرد: " من لەو باوەڕەدام کە کوردستان ئازاد بێت دەتوانین بیر لە "ئاڵا"ی کوردستانیش بکەینەوە کە وەک هێماو نیشانەی نەتەوەیی ئێمە دەبێت" (١٩٢٠)

### ٦- پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان:

ئاڤریلی ١٩١٩، سەید تەها، وەک نوێنەر دەنێرتە بەغدا تا لەگەڵ "ویلسۆن" نوێنەری بریتانیا لە "بین النهرین" وتووێژو دانوستان بکات. تەوەری سەرەکیی وتووێژەکە هەوڵ بۆ بەقەناعەت گەیاندنی بریتانیایی یەکان بۆ قبووڵکردنی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی یە.

. سیپتامبری ١٩٢١ لە "شنۆ" لەگەڵ "کاکس"ی ئینگلیسیدا، چاوپێکەوتنیک دەکات. ئەم چاوپێکەوتنانە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژە دەکێشێت.

. لە ساڵی١٩٢٤ لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری ئینگلیس لە "بین النهرین" دەنووسێ:

"من و سەید تەها، بەڵێنیتان پێ دەدەین کە هەرکات دەوڵەتی بریتانیا پشتیوانیی لە ئێمە بکات و مەرجەکانی ئێمە بۆ دامەرزانی دەوڵەتی کوردی قبووڵ بکات، ئێمە تورکە رەگەزپەرستەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا وەدەردەنێین. ئێمە دەتوانین هەتا "ئانکارا"ش لە گەڵ دوژمنەکانماندا شەڕ بکەین، تەنانەت دەتوانین لە باشووریشدا هەتا "سنە"

بەرەو پێش برۆین و ناوچە کوردنشینەکان لە دەسەڵاتی ئێران وەربگرینەوە".



ـ سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢، نوێنەرێک دەنێرێتە لای رووسەکان، بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەت بە هۆی پەیماننامەیەک لە رێکەوتی ٢٦ی فوریەی ١٩٢٢و هێوربوونەوەی پێوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئێراندا، داوای هاوکاری "سمکۆ" رەت دەکاتەوە.

. داوای هاوکاری لە "حەیدەر بەگ کورک" و چاوپێکەوتنی لە شەمزینان

٧- هاوکاتبوونی راپەڕینی سمکۆ لەگەڵ راپەڕینی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان و سەردار رەشیدخان لە ناوچەی کرماشان کە بە پشتیوانیی ئینگلیسییەکان کەسێک کە سەرۆک کۆماری کوردستانی داهاتوو بوو.

٨- پێشوازی لە شێخ مەحموود وەکوو "قارەمانێکی نەتەوەیی"و بە فەرمی ناسینی وەک رێبەری تەواوی کوردەکان

٩- لەوانەیە چ لە گۆڕەپانی کردەوەداو چ لە مێژوونووسیدا، هیچ رێبەرێکی کورد وەک سمکۆ دەست نەکەوێ کە ئەوەندە کەوتبێتە بەر رقی هێزی باڵادەستەوە.

سمکۆ لە یەکێک لە داواکارییەکانی خۆی لە ژێر ناوی "وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت" دا دەڵێ:

" من رێزێکی زۆرم بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت کە پشتێنی هیمەتیی بۆ ئازادیی نەتەوەکانی جیهان بەستووە، هەیە. ئەگەر لە جیهاندا نەتەوەیەکی بەشەرف و خاوەن پرەنسیپ هەبێ کە تا ئێستا بە ئازادی و سەربەخۆی خۆی نەگەیشتووە، نەتەوەی کوردە کە لە لایەن دراوسێ باکووری یەکانی خۆیەوە پشتیوانیی لێناکرێ و منیش هەروەها ئەندامێکی چووکەی ئەو نەتەوەیەم. من لە پێناو ئازادی نەتەوەی کورد دا، ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەکم. (راپۆرتی چیچرێن بۆ وەزارەتی دەرەوەی رووسیە ١٩٢٢)".

**بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا:**

**سمکۆو هەڵوێستی بریتانیا لەبەرامبەر راپەڕینەکەی ئەودا**

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧١)، (٦٣٤٧)و (٢٢٦٢) لە رێکەوتی ٢٠ی ژولای ١٩٢١، نامەی نهێنی ئەفسەرێکی بریتانیایی یە لە "رانیە":

"ئاماژە بە نامەی "سمکۆ" بۆ "بابەکرئاغای پشدەر"، رای من لەمەڕ ئەو نامەیە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

"سمکۆ" کە لە ساڵانی تەمەنی خۆیدا، تێکڕووخانی چەند دەوڵەت و حکوومەتی بە چاوی خۆی بینیوە، بە پێی ئەوەی کە حکوومەتی ئێستا، رەوشێکی جیاوازی هەیەو پێگەی راستەقینەی خۆی نەناسیوە. ئەو حەز بە لەدەستدانی دەسەڵاتی ئێستا نیە. کەوابوو پێویستی بە پشتیوانێکی دەرەکی هەیە... لەمەڕ ناوچەکانی باکووریشەوە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ "سمکۆ"دا کاریگەرترین بەرژەوەندی دەبێت... دروست یان هەڵە بێت .. "سمکۆ" ئێستا ناوبەدەرەوەیە و لەو وەکوو سەردارێکی گەورە ناودەبردرێت...
بەڕای من دەتوانین بە یارمەتی دان بە "سمکۆ" زۆر لە هەڵوێستەکان بەردەممان بەرەو پێش ببەین.

.Fo371/ 6347/2262, 20 July 1921

لە هەمان بەڵگەنامە دا (س/٦٣/ رێکەوتی ٢٠ی جوولای ١٩٢١)، نامەی سمکۆ بۆ "بابەکر ئاغا"ی سلێمانی نووسراوە کە "مەلا سلێمان"چەپەر(نامەرسان)ی ئەو بووە و دەقی نامەکە بەم شێوەیەکی خوارەوە بووە:

"هیچ حکوومەتێکی دیکە جیا لە بریتانیا ناتوانێ توانایی ئیدارەی ناوچەکەی هەبێ. بلشویکەکان دوای پێشڕەوییە کاتییەکانی خۆیان، راوەستاو ناچار بە گەڕانەوە بوون. ئێرانیش ناتوانین وەک دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار بژمێرین. مستەفا کەماڵ و سوپاکانی لە بیست هەزار کەس تێ ناپەڕێ و پڕوپاگەندەکانی لە هێرش بۆ سەر ناوچەکە بە دوو مەبەستەوە پێک دێ: یەکەم کاریگەرییەکی خراپ لەسەر یەکگرتوویی خێڵەکان و دووهەم، کۆکردنەوەی دراوو باج ... هێزە چەکدارەکانی تورک کە هاتوونەتە "کانی رەش"، ئامانجێکی جیا لە ترس خستنەدڵی خێڵەکانی ناوچەکەیان نیە ... من دەزانم بە "فێلبازی" تاوانبار کراوم، بەمەوە هێشتا کەس ئامادەی وەرگرتنی قسەکانی من لە بەرگری لە خۆیدا نەبووە. نە هەوڵەکان و شەڕە پێشووەکانی من لە دوژمنی لەگەڵ بریتانیا دا نەبووە، بە پێچەوانەوە هەوڵم داوە پێوەندییەکی باشم لەگەڵ حکوومەتی بریتانیادا هەبێ. کەوابوو لە ئێوە "بابەکر ئاغا" داواکارم کە لە نزیکی پێوەندییەکانی بریتانیادا هاوکاریی پێویست بفەرموون ... من دەتوانم بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەری حکوومەت دا، بێمە "شنۆ".. دڵنیام کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایەندا هەیە...

لە یادداشتێکی دیکەدا ژمارە (ج/٦١ رێکەوتی ٢٩ی جوولای ١٩٢١) کە لە لایەن ئەفسەری بریتانیاوە بۆ نوێنەری "سامی" نێردراوە دەخوێنینەوە:






"بە هەڵسەنگاندنی جێگری ئەفسەری سیاسی لە رانیە "کاپیتان کوک" جێگای پەسەندمە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی ئێوەش بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشم:

١- نەخشەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی سمکۆ لە ناوچە کوردنشینەکاندا، مەودای نێوان ئێرانو تورکیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

"هێڵێکی درێژ لە "بیرەکەپرە" لە درێژایی زێی گەورەو لەوێڕا بەرەو لای دیلمان (سەڵماس) هەتا "خوی". لە "خوی" بەرەو لای باشوور هەتا کەنارەکانی گۆلی ورمێ و لەوێڕا هەتا "سۆلدوز"و "بانە" جیا لە سنەو مەهاباد ... بێگومان، پشتیوانییە مەعنەوەییەکانی بریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوبراو، چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی هەتا شارۆچکەی "دزا" [!!!وەرگێڕ] لە رۆژئاوای ئێراندا بەربڵاو بکات ...

٢- سەید تەها رەنگە لە وەڵامی دواکارییەکانی "سمکۆ"دا، لەگەڵ بریتانیا دا بکەوێتە وتوێژەوە.

٣- پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ "سمکۆی بەهێز"دا، هەڕەشە بۆ سەر سنوورەکانی ئێمە پووچەڵ دەبێتەوە.

٤- لەمەڕ ئێرانیش دەتوانم بڵێم کە ئەم دەوڵەتە بە هۆی لەدەستدانی زەوییەکانی کە بە کردەوە چاودێری بەسەردا نەماوە، دڵگران نابێت...

٥- لەمەڕ "سمکۆ"ش دەتوانین بڵێین کە کەسێکی بەهێزو بەرزنەفسەو کەواتە نابێ بەتەواوی متمانەی پێبکرێت ... ئەو ئەگەرچی ئێرانییەکانی شکست داوە، بەڵام باش دەزانێ کە پشتبەستن لە خێڵەکان وەک تەنیا پشتیوانێک، کارێکی دروست نیەو هەوڵ دەدا لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیادا بکەوێتە وتووێژەوە...

لە روانگەی منەوە، پشیتوانیی مەعنەوی لە ناوبراوەوە، لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەبەرامبەر تەواوی مەرجەکان دا ملکەچ بین...

ماڵپەری تاڤگە
٠١ / ٠٨ / ١٣٨٧

## سمکوی شکاک لە بیرەوەرییەکانی سپاه بۆد ئەمان الله میرزای جیهانبانی


Birayê Simkoyê Şikak Ehmed Axayê Şikak bi çend şervanên xwe re li kela Çariyê.

عومەر فاررووقی

لە تزاری روسیە تا شای ئێران ، بریتیبیە لە بیرەوەرییەکانی سپاە بۆد ئەمان الله میرزای جیهانبانی یەکەم سەرۆکی ستادی هێزە جەنگاوەرەکانی ئێران لە کاتی دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی و ڕاهاتووی زانستگای جەنگ لە سمکۆ پایەتختی رووسیە ی تزاری بووە کە بە هەوڵ و قەڵەمی مامۆستای زانا مەحموودی تلووعی لە ٣٧٦ لاپەڕە دا لە لایەن بنکەی چاپ و بڵاو کردنەوە ی عیلم لە تاران و بە تیراژی دووهەزار و دوو سەد نوسخە و قیمەتی ٩٥٠٠ تمەن بڵاو کراوە تەوە. ئەم کتێبە لە کۆتایی دا سەرجەم سی و سێ وێنە ی رۆشن و باشی مێژوویی و خانەوادەگی تێدا چاپ کراوە و لەوانە سێ وێنەی مەربووت بە سمایل خانی سمکۆ تێدایە کە یەکیان تاکە کەسیە و دوانەکەی تر هەمان وێنەکانن کە کار بەدەستانی نیزامی و بکوژانی سمکۆ بەر لە قە تڵ و پاش ئەوە لە سەر تەرمەکەی پێشان ئەدات هەروا دوو وێنەی شەهناز کچی گەورە ی حەمە رەزا شای تێدایە لە گەڵ مێردەکەی بە ناوی خوسرە و جیهانبانی کوڕی سوپا بود لە تافی لاووتی و پیریدا و بەو جۆرەی دەبێژن ئێستا ناوەکەی کردووە بە خاتوو هاجەری ئیسلامی و لە وڵاتی سویسڕا لە گەڵ خوسرەوی هاوسەری دەژی.

بێ گومان فرەکەس ئاگادارن کە بەندە ئۆگری خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان و بە تایبەت مێژووی هاوچەرخم و ئەگەر لە وانە دا چاکە یا کە ژرە وی ببینم کوڵ و گورج لە قاویان ئەدەم هەر بۆیە کاتێ لە لاپەرەی ١٥٢ دا چاوم کەوت بە هۆکاری راپەرین و شۆڕشی سمکۆ هەزار رەحمەتم نارد بۆ خاوەنی ئەو قەڵەمە لە بەر ئەوەی هۆکارە کەی بە وێژدانە وە نووسیوە و نە بۆتە هۆی گوم کردن و بزرکردنی ڕێگا وبۆ چوونەکان و ئەمەیش قازانجی فراوانی هەیە بۆ بەرەی داهاتوو و زانایانی عیلمی تاریخ لە داهاتوو دا. هەر چەند بە داخەوە قەڵەم فرۆشی وا هەن کە بۆ پەیدا کردنی پارە نانێک و بابۆڵەییکی بە تام دێن و سەری پێنووسەکانیان بەرە و ئاخوڕی ئەربابی لار دەکەنەوە بەڵام سوپاس بۆ یەزدانی مەزن مێژوو نووسانی با داد و با ئینساف لە ناوچەکە دا کەم نین و خودا نموونەیان زیادتر بکات.

سوپا بود جیهانبانی سەبارەت بە سمکۆ لە لاپەرەی ١٥١ دا نووسیویە تی: لە ئازە ربایجان و لە رەدەی سەرکردەکانی کورد دا کە سێ هەبوو بە ناوی ئیسمایل ئاغا سمکۆ کوری موحە ممەد ئاغای سەرۆکی هۆزی شکاک کە ئازا و بوێر بوو لە ناو هام قەتارانی خۆیدا قسەی یەکەمی دەکرد هەر بۆیە ئەم کەسە وەکوو سەرکردە و سەرۆکی عەشیرەی شکاک هەڵبژێردرا.

دژایەتی و ناکۆکی نێوان سمکۆ و حکوومە ت ئەو کاتە دەستی پێکرد کە براکەی بە ناوی جەعفەر ئاغا وەکوو میوان بە فەرمی لە لایە ن نظام السطنه قراجه داخی حاکمی






تەبرێز بۆ ئە و شارە بانگ کرا بوو بە لام زۆر بە ناجوامێرانە لە وێ کوشتیان!!؟ پاش ئەو کردەوەیش هەر ئەو حکوومەتەی تەبرێز بە ناوی دیاری و سەوقات بومێکی سەعاتی نارد بۆ سمایل خان تا ئەویش بکوژێت و بەم چە شنە هەر جووتە برا ترۆر بکات بەلام ئەم بومبا سمایل ئاغای نەکوشت. سوپا بود جیهانبانی هەر لە وێدا نووسیویەتی ... زۆر بەداخەوە ئەم رێ و ڕەسمە ناپەسەندە ماوەیێکە لە دەستوری کاروباری لێپرسراوانی وڵات دایە بەڵام ئەمانە ئاکامیان دەبێتە پێچەوانە و هەر جارێ بە جێگای ئەوە ئاژاوەکان ئارام بکاتە وە بووە تە هۆکاری تێک هەڵچوون و سەر هەڵدان و شێوانی بارودۆخە کە و ئەم ئیش و پلانەی حکوومەتی تەبرێزیش شۆرشی سمایل خانی سمکۆی لێ کەوتەوە و دەیان رۆڵەی بێ تاوانی کورد و تورک و فارس بوونە دەستە چیلەی ئاگری ئەو کوورەی کە حکوومەت خۆی هەڵیگرساند خوێنەری هێژا... کاتێ مرۆڤ ئەم چەشنە نووسراوانە موتالیعە دەکات پەی بەحەقیقەت و رەگ و ریشەکان دەبات. خۆ ئەگەر لە بنەرەتەوە خاوە ن قەڵەمەکانی ئێمە راستیەکانیان بنووسیبا ئێستا چارە نووسی ئێمە وانە دەبوو.

هەر ئێستا چەندین بەرهەمی مێژوویی هاوچەرخ لە بەر دەستدایە کە زۆربەیان شۆرشی سمکۆیان بە ئاژاوە و توغیان و شەڕی ناحەق و زوڵم و زۆر داوەتە قەڵەم بەڵام ئاوەتە ئەفسە رێکی پایە بەرزی وە کوو جیهانبانی بەو شێوە راستییەکان دەنووسێت و ددانی پێ دا دەنێت کە ئەمە شەڕێکی داسەپێندراوی حکوومەتی ناوەندی بووە بۆ سەر گەلیکی چەوساوە و ماف خواز بەڵام لە گەڵ ئەوەیش دا هەر چی بێت ئەمەیش سەرۆکی ستادی هێزە چەکدارە کانی ئەرتەشی شاهەنشاهی بووە و لە ڕوانگەی ئەوە هەر چەندە جەعفەر ئاغایان بە ناجوامێری کوشتووە، دیسانە کە هۆزی شکاک و گەلی کورد دە بوا مل کەچی فەرمانەکانی حکوومەت ببێت و مافی بەرەوایی بۆ گەلانی بن دەست نییە بۆیە لە لاپەڕە ی ۱۵۳ دا نووسیویەتی: ئیسمایل ئاغا سەر هەڵدانی دەست پێکرد و سەرەتا شاری دیلمقان ( سە لماس) ی داگیر کرد و دانیشتوانی ئەوی کە جووتیار و ئازەری زبان بوون خستە ژێر فشار و زە خت و زۆر و ماڵی تاڵان کردن و پاشان چووە مەڵبەندی ورمێ و هەموو ناوچە سنووریەکانی تورکیەی تا لێوارە کانی بەحری ورمێ کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی و ئەو ئەمینیە و ژاندارمانەی لە وێ بوون تەفروتونای کردن هەر چەند لە ساڵی ۱۲۹۸ کۆچی هەتاوی هێزێکی خۆجەئی و قەزاق بە فەرماندەی کولونیل فیلیپ ئەفسەری رووسی و سەروان روح الله میرزا کە یکاوسی بەرێگای شەرە فخانە دا چوونە سەلماس بەڵام نازانم چلۆن بوو کە کارەکە بە گوت و بێژ کۆتایی پێهات ئەمەیش بوو بە هۆی جەسارەتی فرەتری سمکۆو هاوکارە کانی.

تیمسار جیهانبانی لە درێژەی باسە کە دا هێرش دەکاتە سەر حاجی »حنجر السلطنه هدایت« والی ئازە ربایجان و نووسیویەتی: حاجی والی »تام الاختیار« و فەرماندە ی کوللی هێزە کانی ئازە ربایجان بوو و ماژور مەلیک زادە و فەوجەکەی کرد بە مەئمووری پاراستنی مەهاباد و ئەوانیش بە سواری گەمی لە بەندەری دانالودا چوونە قەراخەکانی گۆلی ورمێ و بە پێوانی رێگا خۆیان گەیاندە مەهاباد هەر چەند خەڵکی ناوچە بە گشتی لایەنگری سمکۆ بوون بە لام بە فەرمانی حاجی ئەو هێزە لاوازەی مەلیک زادە بە یەک عەررادە تۆپی سەحرایی و یەک عەررادە تۆپی کوێستانی بە رێگای حەیدەر ئاباد دا کەوتنە رێگا و بەر لە وە یش هێزێکی بچوکیان ئەجیر کردبوو تەنها بۆ شۆڤاری و هاوردنی دەنگ و باس هاوکات هێزەکانی سوپا روویان کردە ناوچەی خۆی و ئەژمارێکیش قەزاق بە فەرماندەیی » ظفرالدوله« (سەرلەشکر مقدم ) هاتنە شاهپور و بازنەیکیان بەدەوری هێزەکانی سمکۆ دا سازکرد بە لام کاتێ سمایل ئاغا بەم فێڵ و تەڵەکەی زانی لە گوندی لەشکر یازی هێرشی کردە سەر هەر دوو قۆڵی سوپای ئێران و لە ماوە یەکی کورتدا شڕ و شپرزەی کردن و هەر کەس بەلایەکدا بۆی هەڵات.

سەیر لەوە دایە »مخبر السلطنه« لەو کاتە دا تەلگرافی نارد بۆ مەلیک شازادە بەم شێوە یە ... ئاغای ماژور مەلیک زادە.... »ظفر الدوله« پەلەی کردە و ئەزموونی نەبووە تکایە تۆ بە خۆتا بچۆوە هۆشی خۆتان بێت.

جیهانبانی لە لاپەڕەی ۱۵۹ دا نووسیویەتی... کوردەکان هاتن و ئەرتەشیان رووت کردەوە و قەتار قەتاروە بەریان دان و دەیان بردنە بەردەم سمایل خان. سمکۆ فەرمانی دا کومەلیک زادە و بریکارە کەی بە ناوی سەروان ئالپ لە سەر کورسی دانیشن پاشان دیلەکانیان بردو جل و بەر گیان لە بەرداکەندن و بە گولەی تیربار هەموویان قەلاچۆ کردن. ئەم رووداوە هاوکات بووە لە گەڵ روژی سیزدەی رەزبەری ساڵی ۱۳۰۰ و لەو هێزانەی ئەرتەش تەنها مەلیک زادە و بریکارە کەی بە زیندوویی مانەوە بەڵام پاشان بۆمان دەرکەوت » ستوان دووهە م هاشم ئەمینی- ستوان دوم محمد مظلومی - ستوان یکم اسکندر محال بیگی و ستوان یکم نورائی« ویرای ئەوەی بریندار بوون بەرە و میاندواو هەڵاتبوون. لەم کاتە دا سمکۆ بە

مەلیک زادەی وتبوو ئێستا دەزانیت کە عەمەلیاتی نیزامی من بەرانبەر ئەو هەمووە هێزەی ئێوە دا بێ وێنە بوو.

خوێنەرانی زانا و بەرێز چەند ساڵ بەر لە ئێستا بەرهەمێکی هەرە بە کەڵکی مێژووی ئەو چاخەم ئامادە ی چاپ کرد بە ناوی کوردستان و بیرەوەرییەکانی کە بریتی بوون لە بیرەوە رییەکانی مەرحوومی میرزا کەریمی بارام بەگی بوکانی و بە ئامادە بوونی مامۆستایان ئەحمەد شەریفی – رەسوول رەش ئەحمە دی – سەلاح هێمن دام دەستی برایان »سیدیان« و گرێبە ستی چاپ کردنمان مۆر کرد و بەرگی لەوەم نارد بۆ زیندە یاد مامۆستا »محمد رسول هاوار« بۆ لەندەن کە سەر قاڵی چاپی کتێبی سمکۆی شکاک بوو بە خۆشی یەوە نزیکەی دەلاپەرە ی ئەوانەی لە کتێبەکەی خۆیدا کە چاپی سوئیدە لە چاپ داوە بەڵام بەداخەوە برایانی سەیدیان وەفاتیان کرد و ئەو کتێبە جوانە ئێستا و ئێستاش لە ناو جانتاێکی سامسونیت دا لە ژێر ویترینە کە دانراوە نە پێم ئەدەنەوە و نە چاپی دەکەن.

مەرحوومی میراز کەریم دەڵێ ئەو کاتەی سمکۆ و مەلیک زادە قسەیان دەکرد من لە لایان و ێستا بووم نووسیویەتی مەلیک زادە پرسیاری کرد ئەی جەنابی خان... بۆچی ئەو

خەڵکە بێ تاوانانە دەکوژیت لە کام یاسای جەنگ دا دیل دەکوژن؟ سمکۆ وتی: ئەوانە سەرباز نین بەڵکوو جەماعەتی بەکرێ گیراوی خەڵکی بناوو عەجەب شیر و مەلکەندین و من ئێستا یەک دوو جار ئەوانەم بە دیل گرتووە و هەر جاری لە گەڵیان دواوم و تەنانەت کرێ ماشین وخەرجی وپارە م پێ داون و داوام لێ کردن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و خەریکی کشت و کاڵ بن بەڵام ئەوان گوێ ڕایەڵ نەبوون و هاتنەوە بۆ جەنگی کوردان خۆ منیش دەوڵەت و حکوومەت نیم و بە ندیخانەم نییە ئەوانە ڕابگرم چاریان تەنها کوشتنە بەڵام منیش پرسیارێکم لە تۆ هە یە : مەلیک زادە وتی فەرموو: خان لێی پرسی ئەی مەئموورەکانی تۆ بۆچی لە بەردەرکی گەرماوی ژنان دا ڕاوەستاون و هەر کاتێ خاتوونە موسوڵمانە کان لە حەمام دە هاتنە دەر چارشێو نوێژە کانیان و لە چکیان لە سەر ردادە ماڵین و داوای کڵاوی پالەوی و بێحیجابی یان لێ دە کردن؟

ئایا نامووسی موسوڵمانان وا دە پارێزن؛ میرزا کەریم دەڵێ لەو کاتە دا عەلی خانی سەردار هات و سڵاوی کرد و ئەسپەکەی گیرا بوو دەیهەویست پێشکەشی سمکۆی بکات بەڵام سمکۆ وتی: ئەی جەنابی سەردار ، تۆ پشتا و پشت سەردار و میر و فەرمان رە وای کوردە واری بوویت – بەڵام دەبینم کاتێ کە سێ غەیرە کورد دێت وە کوو بەردە و عەبد سوجدەی بۆ دەبە یت و کوڕنش دەکەیت ئەمەیش بۆ سەردارێکی کورد زۆر ئیرادە و عارە.

من ئەسپی پیاوی وەکوو تۆم ناهەوێت تکایە هەڵیگرە و بچورە وە بۆکن ئەربابەکانت. من کوردێکم دەوێت کە بە روح و گیان کورد بێت نەک نۆکەر. پاشان وتی » سید طە« نوێنەری منە لە مەهاباد ئیتر دەستووری دا چارە وایان هێنا بۆ سەرهەنگ مەلیک زادە و بریکارە کەی و خێرا سوار بوون و لە گەڵ ئوردووەکەی و هاورێکانی خودا حافیزی یان کرد لە »سید طە« و بەرە و ورمێ کەوتنە ڕێگا و مەلیک زادە ی شان بە شانی خۆی دە برد.

ماڵپەڕی سیروان

## سماییل ئاغای شکاک لە بیرەوەریی تاج الملوک دا

حامید درودی

ماوەیەکە بیرەوەرییەکانی تاج الملوک، ژنی ڕەزاشا، لە ئینتەرنێت دا بڵاو دەبنەوە. بەشی ئەم حەوتوویە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی ڕەزاشایە سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سماییل ئاغای شکاک (سمکۆ، سیمیتقو). هەرچەند گێڕانەوەی مێژوو و ڕووداوێک، ئەویش دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ، هێندە جیگای بڕوا نییە، بەڵام هەر چۆنێک بێت بەشێک لە مێژووی سیاسیی گەلەکەمان باس دەکا و منیش پێم باش بوو بکرێ بە کوردی. ئەوا لە ژێرەوە ئەو بیرەوەرییە دەخوێننەوە و ئیتر بۆخۆتان قەزاوەت بکەن کە بەڕاستی بۆ ئێمە قەت سەرنەکەوتووین و زۆر جاریش هەلی باشمان بۆ ڕەخساوە بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیوە بەو جۆرەی کە دەبێ وابێ، کەڵکمان لێ وەرنەگرتووە. فەرموو ئێوە و ئەو بیرەوەرییە.



ڕەزاشا لە شەڕ لەگەڵ سماییل ئاغای شکاک هەڵات و شەوێکیش تاکو بەیانی لە ترسان خەوی لێ نەکەوت. هاوینی ١٣٠٢ ڕەزا سەرۆک وەزیرانی (رئیس الوزراء) ئێران بوو و بۆ دیدار لە ئازەربایجان و کوردستان چوو بۆ ڕۆژئاوای وڵات. ئەو کاتە بارودۆخی ناوچەی ئازەربایجان بەهۆی تێکۆشان و هەڵسووڕانی سەرلەشکەر ئەمیر عەبدوڵڵا خانی ئەمیر تەهماسبی یەوە زۆر ئەهوەن بوو. سەرۆکانی شاهسون لەنێوبران و شانسی پێکهاتنی سەڵتەنەتێکی ماکۆیی لەنێوچوو. کوردەکانی مەهاباد سەرکوت کرابوون، تەنیا سماییل ئاغای شکاک بوو کە وەک نیمە لە دەوڵەت یاخی لە ناوچەکەدا مابووەوە و چەکەکەی خۆی تەحویل نەدەدا و لە دەوروبەری سەڵماسدا بێ ئەوەی شەڕ بکا، کاتی تێدەپەڕاند.

لە تاران تاکو تەورێز لە هەموو ڕێگاکە خەڵک بە خۆشی و شادییەوە پێشوازیان لە سەرۆک وەزیران دەکرد. بەتایبەتی لە نزیک شاری تەورێز کە خەڵکەکە ڕژابوونە ئەوێ و ڕێگەی ڕێگەدار نەبوو، بە زۆر ماشێنەکان توانیان مەودای نێوان باسمنج لە چواردە کیلومیتری تەورێز تا نێو شار بە چوار کاتژمێر ببڕن. ڕەزا دوو، سێ ڕۆژ لە تەورێز مایەوە و دوای سەردان لە بنکە نیزامییەکان و بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامانەی کە بۆ ئەم سەفەرەی دیاریکردبوو، دەستی بە سەردانی شار و پادگانە نیزامییەکانی ڕۆژئاوای وڵات کرد.

بەو جۆرە کە بۆخۆی بۆمی باس کرد، کاروانەکەیان پێکهاتبوو لە ماشێنی ڕەزا و دە ئوتومۆبیلی هاوڕێیانی و دوو ماشێنی پاراستنی تایبەتی کە پێکهاتبوون لە سەربازی دەورەدیدە و چەکدار. سەرەڕای ئەوە، تێکۆشابوون کە نیزامییەکان زۆرتر لە سەربازخانەکان بمێننەوە، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە و پارێزگاری لە ماڵەکان و کۆڵان و جادە و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان، کارێکی کردبوو کە سەربازەکان لەم ناوچدا بڵاوە بکەن.

لە نزیک سەڵماس بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ڕەزا چاوی بە هەزار و پێنسەد تا دوو هەزار سواری چەکدار دەکەوێ، کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لەمبەر و ئەوبەری جادەکەوە ڕیزیان بەستبوو. لەبەرئەوە ڕەزا پێی وابوو ئەم چەکدارانە عەشیرەتی ناوچەکەن و سەربە حکومەت و خزمەتگوزاری دەوڵەتن، لە ماشێنەکەی دادەبەزێ. باقی هاوسەفەرەکانیشی لەبەر ئیتاعەت کردن لەو، لە ماشێنەکانیان دادەبەزن. ڕەزا دەچێ بۆلای سوارەکان و کاتێک نزیک دەبێتەوە، یەکێکیان کە پیادەبوو و لەنێو سوارەکاندا ڕاوەستابوو، دێتە پێشەوە و ئیحترامی دەگرێ.

سەرلەشکەر ئەمیر تەهماسبی یان لەبیری چووبوو یان وسیتبووی بە خەیاڵی خۆی ڕەزا "سورپرایز" (قسەی تاج الملوک) بکا، هەر بۆیە ڕاپۆرتی ئەو چاوپێکەوتنەی بە ڕەزا ڕانەگەیاند بوو کە بڕیار وایە لێرەدا، یەکەم یاخیبووی ئازەربایجان و کوردستان، واتە سمایل ئاغای سمکۆ ببینێ. بێجگە لەمەیش گوایە بڕیار وا نەبووە کە ئەم هەموو خەڵک و سوارە چەکدارە یاخییانە لەم بیاوان و نێو کێوانەدا کۆ ببنەوە!

ئەمیر تەهماسبی دێتە پێش و پێی دەڵێ: "قوربان جەنابیان سماییل ئاغان کە بۆ بەندەگی و خزمەتگوزاری تەشریفی هێناوە." ڕەنگ و ڕووی ڕەزا دەپەڕێ، شوێنەواری تووڕەیی لە نێوچاوانییەوە دەردەکەوێ، بەڵام ددان بە جەرگی خۆیدا دەنێ و نایخاتە خۆی. ڕەزا جاروبارە لەوپەڕی قەڵسی و تووڕە بوون دا پێکەنینێکی دڵسۆزانەی دەکرد و جاروباریش لەوپەڕی خۆشی و هێمنی دا، خۆی تووڕە پیشان دەدا. لێرەشدا ئاسەواری تووڕەییەکەی لە نێو دەبا و بەبێ ئەوە خۆی بدۆڕێنێ، چتێکی لەم بابەتە کە دەبێ هەموو عەشایر خزمەتگوزار و لە ڕیزی نیزامییەکانی دەوڵەتدا بن و بۆ پێشکەوتنی وڵات فیداکاری بکەن، بە سمکۆ دەڵێ. دواییش بەوپەڕی خێرایی و بێ ڕاوەستان دەگەڕێتەوە بۆلای ماشێنەکەی و سوار دەبێ و بەرەو سەڵماس دەگەڕێتەوە.

سەرلەشکەر ئەمیر تەهماسبی دوو قرانییەکەی دادەکەوێ، هەر بۆیە لە ترسان ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕێ! ڕەزایش لەم پێشهاتە زۆر تووڕە دەبێ. ئێوارە دەگەنەوە شار. لە پێش سەربازخانەکەی شاردا یەک نەفەر سوڵتان (سەرهەنگ) سڵاوێکی نیزامی بۆ ڕەزا لێ دەدا و بۆ ڕاپۆرتدان بەرەو فەرماندەی گشتی هێزە نیزامییەکان دەڕوا. ڕەزایش لەو بارودۆخەی سمکۆ بەو هەموو هێزە چەکدارە لەنێو کێوەکاندا و لەو ژمارە کەمە سەربازییەی شار هێندەی تر قەڵس و تووڕەتر دەبێ، هەربۆیە شمشێرەکەی سوڵتان (سەرهەنگ)ەکەی سەربازخانەکە وەردەگرێ و زۆر بە تووڕەیی یەوە بە لا پانەکەی شمشێرەکە دەکەوێتە لێدانی سەروگوێلاکی فەرماندەی سەربازخانەکە.

ڕەزا بۆی گێڕامەوە کە ئەو شەوە تاکوو بەیان لە ترسان خەوی لێ نەکەوتبوو. بەیانیش کە ڕۆژ دەبێتەوە بە زووترین کات خۆی دەگەیەنێتەوە ستادیۆمی ئەفسەرانی تەورێز و لەوێ مێوانداریيەکی باشی لێ دەکەن و نەخشەی ئازەربایجان کە لەسەر سەفحەیەکی تەلایی هەڵکەندرابوو و شارەکانی ئەو پارێزگایەی کە بە جەوهەرێکی گرانبایی نیشان دەدران، پێشکەشی دەکرێ و پاشانیش بەردێکی قیمەتی تاشراو کە وێنەی شاری ڕەزایە (ورمێی ئێستا) بوو. ڕەزا لەسەر مێزی نانخواردنی ئێوارەوە سوپاسی زەحمەتەکانی ئەمیر لەشکەر تەهماسبی دەکا و هەر لەوێش دەیکا بە نوێنەری خۆی لە وەزارەتی شەڕ و هەروەها سەرتیپ محەممەد حوسێن خانی ئایرم دەکا بە فەرماندەری گشتی لەشکەری ڕۆژئاوای وڵات. ئیتر بەم سیاسەتە ئەمیر تەهماسبی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ تاران. لەبەرئەوە لێی دووشک بوو و وای دەزانی ئەمیر تەهماسبی لەگەڵ سمکۆ پێوەندییەکی دۆستانەی هەیە، هەر بۆیە باش نییە لەو ناوچەیەی بمێنێتەوە.

دواتر لە ساڵی ١٣٠٦دا کە هێزەکانی سماییل ئاغای سمکۆ بەهۆی هێزەکانی تیمسار سەرلەشکەر ئەمیر ئەحمەدی منکوبەوە تێکچوو و ڕاونران بۆ خاکی تورکیا، خەفەت و حەسرەتی ئەوەی خواردبوو و پەیامێکی نارد کە گەورەترین هەڵەی من لە ژیانمدا ئەوە بووە کە ئەو ڕۆژە لە نزیک سەڵماس ڕەزاشا و هەموو هاوڕێکانیم نەکوشت!



سمایل ئاغای سمکۆ دەگەڵ سەرهەنگ نەورۆزی

٢٣ / ٢ / ٢٠٠٦

# لەیادی ٧٨ ساڵەی شەهیدکردنی سمکۆی شکاک – دا

سەڵاح حسێن

دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی، شۆڕشێکی گەورە بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، یان ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەلایەن کوردەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هەڵنەگیرسا تا ڕاپەرینی سمکۆی شکاک. کەسایەتی ناودارو ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا، ناوی ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی ئیسماعیل کوڕی سادق-ە، ساڵی(١٨٧٥ ) لەگوندی چاری لەناوچەی شپیران چاوی بەخاک و نیشتمانی کوردستان هەڵێ ناوە. ماوەی چارەکە سەدەیەک سمکۆ بێ وچان بەربەرەکانیی داگیرکەران و دوژمنانی کوردی کردووە، بەتایبەتی دژی هەردوو ڕژێمی کۆنەپەرستی قاجاری و پەهلەوی جەنگاوەو زەبری کوشندەی لیداون. لەماوەیەکی کەمدا وەکو مەزنیکی کورد ناوبانگی دەرکردووە، ئەویش دوای کوشتنی جەوهەر ئاغای برایی و مردنی محەمەد ئاغای باوکی کەسەرکردایەتی ئیلی شکاک - ی گرتەدەست، لەلایەکیترەوە بەهۆی تێکەڵاوی ژن و ژنخوازی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی- دا زیاتر ناوبانگی پەرەیسەند. سمکۆ بەپشتیوانی هێزی هۆزەکەیی و ئازایەتی و لێهاتووییەوە توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ناوچەکەیدا و سەربەخۆو دووربێت لەهەڕەشەو مەترسی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیی، لەبەرئەوە سمکۆو مەڵبەندەکەی بوو بەقەڵاو پەناگای کوردان، کاتێک کەسایەتی و ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا بەهۆی هەڵوێستی نەتەوایەتییانەوە ئاوارەو دەربەدەر دەبوون، لای سمکۆی شۆڕشگێڕی کورد دەگیرسانەوە، ئەویش داڵدەی دەدان و دەیپاراستن و خزمەتیدەکردن، لەوانەش وەکو عەبدولرەزاق بەگ بەدرخان، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی، مەحمود جەودەت، ئیحسان نوری پاشا- و چەند هاوڕێ یەکی دوای تێکشکاندنی شۆڕشی(١٩٢٥ ) لەباکوری کوردستان، بنەماڵەی شێخ مەحمود و زێوەری شاعیر دوای تێکشاندنی شێخ لەشەڕی دەربەندی بازیان لەساڵی(١٩١٩ )و دەستگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە خۆیان گەیاندە لای سمکۆ لەچاری و ماوەی ساڵێک مانەوە. سمکۆ لەهەوڵ و تەقەللای بەردەوامدا بوو بۆ پێشخستنی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، نەک تەنها بەخەباتی چەکداریی و بەکارهێنانی هێزی سەربازیی، بەڵکو ئەوەی بۆ ئاشکرابوو کە لەو بارودۆخەی ئەوکاتەدا کورد پێویستی بەبزووتنەوەی ڕۆشنبیرییەو بڵاوبوونەوەی زانست و خوێندەواری لەناو کورددا چەکێکی کاریگەرە بۆ ڕزگاربوون، چونکە هەمیشە دوژمنانی کورد لەڕێگەی نەخوێندەوارییەوە توانیویانە مەرام و پیلانەکانیان ئەنجامبدەن و کوردیان تەفرەداوە، سەرەتا لەکۆتایی ساڵی(١٩١٢ )دا لەگەڵ عەبدولرەزاق بەدرخان، گۆڤاری(کوردستان)یان لەشاری خوی-ی دەرکردووە. هەر بەهاوکاریی و پشتیوانی عەبدولرەزاق بەدرخان کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیان لەساڵی(١٩١٣ ) بەناوی(جیهاندانی) دامەزراند، کەسەرۆکەکانی کوردی ناوچەکە پشتیوانییان لێکرد، یەکەم کاری ئەو کۆمەڵەیە کردنەوەی قوتابخانەیەک بوو لەشاری(خوی) بۆ منداڵانی کورد، لەهەمان ساڵدا کاری دواتری هێنانی چاپخانەیەک بوو بۆ شاری ورمێ، سمکۆ بۆئەوەی نەتەوەکەی وشیار بێت و ئاگاداری بەسەرهات و ڕووداوەکان بێت ڕۆژنامەی(ڕۆژی کورد)ی دەرکرد، ڕۆژی کورد ئۆرگانی بزووتنەوەیەکەی سمکۆ بوو.



سمکۆ هەوڵی دیپلۆماسی خۆی خستەگەڕ بۆ پشتگیریکردن لەمافەکانی کورد، پەیوەندی بەوڵاتانی ڕوسیاو بەریتانیاوە کردووە، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی، سەردانی ڕوسیای کردووە بۆ دیتنی جێگری قەیسەری ڕوسی لەقەفقاس، بۆئەوەی داوای پشتیوانی و یارمەتیدانی بزووتنەوەی کوردی لێ بکەن، بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەریش لەماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی سمکۆو سەید تەهای شەمزینی و چەند ناودارێکی تری کورد(جەمعییەتی ئیستیخلاێ کوردستان)یان دروستکردو داوایان لەکاربەدەستانی ڕوسی کردبوو کەگفتوگۆ بکەن دەربارەی هاوکاریکردنی کوردو ڕوس دژی تورک، بەومەرجەی پشتیوانی لەئامانجەکانی کورد بکەن، ئەوەبوو سمکۆو عەبدولرەزاق بەدرخان و سەید تەهای شەمزینی لەگەڵ حکومەتی قەیسەردا پەیمانی کیان بەست کەپێکەوە خەبات بکەن. هەموو ئەم هەوڵانەی سمکۆ بێ ئەنجام بوو، چونکە ڕوسیا هیچ هاوکارییەکی پێشکەشنەکرد و بەڵێنەکانی خۆی نەبردەسەر، هەروەها سمکۆ دۆستی ئەو بزووتنەوە ئازایخوازانە بوو کە بەرهەڵستکاریی ڕژێمی ئێرانی بوون، پەیوەندیی گەرم و گوڕی شێخ محەمەد خیابانی سەرکردەی جوڵانەوەی دیموکراسی ئازربایجان و میرزا کوچک خانی، سەرکردەی بزووتنەوەی جەنگیدا هەبووە، لەساڵی(١٩١٨ )دا سمکۆ مارشەمعونی، سەرۆکی ڕۆحی ئاسورییەکانی کوشت لەدوای چاوپێکەوتن لەگەڵیدا. بەهۆی سووربوونی سمکۆ لەسەر پشتیوانی کردنی تەواوی بۆ ئەو پرۆژەیەی کەعەبدولرەزاق کاری بۆ دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، بەهۆی فراوانبوونی هەڵمەت و چالاکییەکانی بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەت، حکومەتی ئێرانی هەراسان کردبوو،






لەبەرئەوەی حکومەتی ئێران ئەو هێزو دەسەڵاتەی نەبوو بەشەڕێ سمکۆ لەناوبەرێت، بیریان لەسازدانی پیلانێک کردەوە بۆ لەناوبردنی، کەبریتیبوو لەناردنی دیارییەک بەناو قوتویەکی شیرینی بوو لەناویدا بۆمبایەک(نارنجۆک)یان دانابوو، بۆئەوەی لەکاتی کردنەوەیدا سمکۆ بکوژێت، هەرچۆنێک بوو سمکۆ لەو پیلانە رزگاری بوو، بەڵام لەئەنجامی تەقینەوەی بۆمبی ناو قوتووەکە برایەک و کوڕێکی کوژرا. سمکۆ ئاگاداریدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، لەساڵی(١٩١٩)دا کۆبوونەوەی لەگەڵ زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی کورددا کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی یاخیبوونی چەکداری دژی حکومەتی ئێرانی راگەیەندرا، بەڵام دواتر بریاری دواخستنی ئەو شۆڕشە درا تا وەرگرتنی رای هێزە گەورەکان، لەساڵی(١٩٢٠)دا جارێکیتر کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ(ئەنجومەنی سەرۆکەکانی کورد)دا کرد کەخۆی سەرکردایەتی دەکرد. بەشێوەی پراکتیکی سمکۆ لەساڵی(١٩٢١)دا دژی حکومەتی ئێرانی راپەری و ناوچەیەکی فراوانی ئازادکرد، لەماوەیەکی کەمدا شارو شارۆچکەکانی کوردستان مهاباد، شنۆ، خوی، دیلمان، سەلماس، کەوتنەدەست هێزی سمکۆ، چەندین هۆزی تری کورد دایانە پاڵ سمکۆو بەشداریی ئەو راپەرینەیان کرد، فەرمانرەوایی کورد لەشارەکاندا دامەزرا، ئازادی ئەم ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی سمکۆ دا درێژەی کێشا تاساڵی (١٩٢٢)، دوای ئەوەی رەزا خان پەهلەوی لە(١٩٢١) لەرێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵاتی گرتەدەست، لەخۆئامادەکردندا بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر سمکۆداو سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی هێزە جیاجیاکانی رێکخست و ئەرتەشی نوێی پێکهێنا، لەهەموولایەکەوە کەوتە پەلاماردانی هێزەکانی سمکۆ، ئەگەرچی شۆڕشگێرانی کورد ماوەی چەند رۆژێک بەرگرییان کردو دلیرانە بەرامبەر هێزی ئەرتەش وەستان، زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان پێگەیاندن، بەڵام لەبەر زۆری هێزی دوژمن و کەمبوونەوەی چەک و تەقەمەنی ناچاربوون پاشەکشە بکەن لەو ناوچانەو بگەڕێنەوە چارێ، سەرکردەکانی ئەرتەشی ئێرانی دوایانکەوتن بۆ ئەوەی هێزی کورد خۆی رێکنەخات و جارێکی تر پەلاماریان بدەنەوە لەچاریش دەریانکردن. لەئەنجامی ئەو هێرشە گەورەیەی ئیران کردی بۆ سەر مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆو داگیرکردنی بارەگای سەرەکی لەچاری، سمکۆ لەگەڵ چەند کەسێک لەخزمەکانی کشایەوە خاکی تورکیا، هەرچەندە تورکەکان لەسەرەتای راپەرینەکەدا بەچەک و تەقەمەنی پشتگیریی سمکۆیان دەکرد، کەچی بەپێچەوانەوە لەبری هاوکاریی و یارمەتیدانی لەناو خاکی تورکیا هێزێکی سوکەڵەی تورک لەناکاو لەشەودا پەلاماری سمکۆیان - دا بیکوژن، کە لەئەنجامدا ژنێکی سمکۆو هەندێک لەپیاوەکانی کوژران و خەسرەوی کوری بەدیلگیراو زێرو سامانی بەتاڵان برا بەپەلەخۆیی و ئەحمەد ئاغای برای و کۆمەڵێک لەپیاوەکانی خۆیان دەربازکردو هاتنە گوندی بەحرەکە لەباشووری کوردستان. لەبەرواری( ٨ / ١ / ١٩٢٣)دا، پاش چەند رۆژێکیش گەیشتە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمودو لەلایەن جەماوەرەوە وەکو سەرۆکێکی نەتەوەیی کورد پێشوازی گەرمی لێکرا. دوای ئەوەی سمکۆ ئامادەنەبوو داواکاری ئینگلیزەکان جێ بەجێ بکات کە لەکاتی هاتنی بۆ باشووری کوردستان پەیوەندیی لەگەڵ کردبوون بەئومیدی ئەوەی یارمەتی بدەن بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، ئینگلیزەکان لەرۆژی(٢٣ / ٢ / ١٩٢٣) بەفرۆکە بەیاننامەیان بۆ سمکۆ فرێ دایە خوارەوە، کەپێویستە دستبەجێ سلێمانی بەجێ بهێڵێت، سمکۆش بەرامبەر بەوە ناچار بوو لە(٢٨ / ٢ / ١٩٢٣) سلێمانی بەجێ هێشت و چوو بۆ تورکیا. رەشید جەودەت و فایەق ئیسماعیل، دوو ئەفسەری کورد بوون لەگەڵیدا چوون، رەشید جەودەت راوێژکاری سمکۆ بوو، لەساڵی(١٩٢٥)دا سمکۆ گەڕایەوە چاری و هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ رەزا شا یەکتریان بینی و سوێندی خوارد کەهەتا ماوە بێدەنگ دانیشێت، بەڵام پاش ساڵێک سەری بەرزکردەوە و بەیارمەتی چەند کەسێکی عەشیرەتی هەرکی هێرشیان بردە سەر شاری سەڵماس و گەمارۆیاندا، بەڵام ئەمجارەشیان شکاو هەتا سنووری تورکیا کشایەوە لەوی تورکەکان چەکیانکرد. لەکۆتایی(١٩٢٦)دا چووە ناو خاکی عیراقەوەو لە(١٩٢٧)دا دووبارە چووە ناو خاکی تورکیاوە، سەرلەنوێ لەساڵی(١٩٢٨)دا لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا چووە ناو خاکی عیراقەوە، کە ئێران داوای سمکۆی کرد لەعیراق، حکومەتی عیراق وەڵامی دایەوە سمکۆ پەنابەری سیاسییەو نادرێتەوە، دووبارە پاش چەند مانگێک گەڕایەوە ناو خاکی ئێران. جموجۆڵی سمکۆ بەردەوامبوو تاساڵی(١٩٣٠) نائارامی بۆ ئێران دروست کردبوو، رەزا شا بۆیدەرکەوت بەرامبەر سمکۆ بەشەڕ هیچی بۆناکرێت و ناتوانێت لەناوییبەرێت، هەروەکو نەریتی فارسەکان کە رژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران هەتا ئێستا بەردەوامن لەسەری کەچەندین کەسایەتی و سەرکردەی کوردیان بەفێڵ و لەرێگەی گفتوگۆوە بەنامەردی لەناوبردووە، بەوشێوەیە رەزا شا نەخشەی پیلانی کوشتنی سمکۆی دارِشت کەبەناوی گفتوگۆوە بانگهیشتی کرد بۆ شاری شنۆ، سمکۆش بەخۆیی و چەند سوارە و پیادەوە بۆ ئەو مەبەستە گەیشتە شنۆو چەند رۆژێک مایەوە، پاشان لەبۆسەیەکی نامەردانەدا لە(٢١ی جوونی ١٩٣٠)دا سمکۆو چەند کەسێک لەهاورێکانی شەهیدکران و خەسرەوی کوری بەبریندارای خۆی دەربازکرد، فارسەکان لەرابردوو دا چەندین کەسی بنەماڵەی سمکۆیان بەو شێوە ناجوامێرانەیە شەهید کردووە. دوای شەهیدکردنی سمکۆ تەرمەکەیان بردو شوێن بزریان کرد، کە تا ئێستا کەسوکاری نازانن لەچ گۆرستانێک دا نێژراوە، پێشتریش تەرمی جەوهەر ئاغای برای و محەمەد ئاغای باوکی لەلایەن فارس و تورکەکانەوە بەهەمان شێوە شوێن بزرکراوە. لەکۆتاییدا سمکۆ لەو سەرکردانە نەبوو کە بەناوی کوردەوە بازرگانی بکات و بەدوای پلەوپایەدا بگەرێت، لەهەوڵی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی زۆردا بێت، بەرژەوەندیی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی نەتەوەکەیەوە، بەپێچەوانەوە ماڵ و سامانی خۆی لەپێناوی کورددا داناو چەندین کەسی بنەماڵەکەشی کرد بەقوربانی کورد و کوردستان و ئاوارەو دەربەدەری وڵاتان بووە.

سەرچاوەکان


١- محەمەد رەسوڵ هاوار- سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شکاک)و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد- سلێمانی، ٢٠٠٥، چاپی دووەم

٢- حەسەن ئەرفەع - کوردەکان، وەرگێرانی سەردار محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠١

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین - کوردو عەجەم، سلێمانی، ٢٠٠٥

# تیشکێک بۆسەر ڕۆژنامەکەی سمکۆی شکاک


ڕۆژنامەی کورد – 1922

**ڕێناس نەورۆزی**

ڕۆژنامەی "کورد" ئۆرگانی بزوتنەوەی کورد بوو بە ڕێبەرایەتی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ). لەژێر کلێشەی ناوی ڕۆژنامەی "کورد" وا نووسراوە: "ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئەخباری." لەلای ڕاستی کلێشەکەدا ئەم ئاماژانە نووسراون: "جێگەی ئیدارە: ورمێ، چاپخانەی غیرەت"، مدیر: محەممەد تورجانی، مەقالاتێک مەنفەعەت کوردان تێدابێ وەردەگیرێ، جارێ لە هەر هەفتەدا یەکێک چاپ دەکرێ، ١٢ی مانگ شەوال ١٣٤٠". لەلای چەپی کلێشەکەشدا لەگەڵ ئاماژەکردن بە نرخ و ئابوونەی ڕۆژنامەکە، نووسراوە: "حەقی ڕۆژنامە پێشەکی وەردەگیرێ". لەناو خودی کلێشەکەشدا ١٣٤٠ نووسراوە، کە ساڵی دامەزراندنی ڕۆژنامەکەیە و دەکەوێتە بەرامبەر ساڵی ١٩٢٢ی زایینی.

زمانی ڕۆژنامەکە: کوردی "کورمانجی ناوین" و فارسی. ئەلفوبێ: عەرەبی. ئەم ڕۆژنامەیە کە بزوتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی ئیسماعیل خانی شکاک لە شاری ئورمیە دەریکردووە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١٢ی شەوالی ١٣٤٠ (١٩٢٢ی زایینی) بە ناوی "کورد" دەرچووە.

زۆر لە نووسەرانی کورد تا ئێستا بۆچوونی محەممەد تمدنی نووسەری ئێرانیان دووپات کردۆتەوە، کە پێیان وایە ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا بە ناوی "ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم" و پاشان بە ناوی "ڕۆژی کورد" و لە دواییشدا بە ناوی "کورد" دەرچووبێت. من دوور نابینم کە بزوتنەوەی سمکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە ڕۆژنامەی "کورد"، دوو ڕۆژنامە یا ئۆرگانی بە ناوی "ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم" و "ڕۆژی کورد" دەرخستبێت، بەتایبەتیش کاتێک کە عەبدولرەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩١٢دا گۆڤارێکی لە شاری خوی بە ناوی "کوردستان" دەرکرد، و پاش چوونی عەبدولرەزاق بەدرخان بۆ سانتپترسبورگ، سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩١٣وە بووەتە بەرپرسیاری ئەم گۆڤارە کە تا ساڵی ١٩١٤ بەردەوام بووە.

من پێم وایە دوای وەستانی گۆڤاری کوردستان، سمکۆی شکاک لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٢١ تاکە ژمارەیەک یا چەند ژمارەیەکی کەمی لە ڕۆژنامە یا ئۆرگانێکی بە ناوی "ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم" دەرخستبێت، و دوای ئەویش تاکە ژمارە یا چەند ژمارەیەکی کەمی لە "ڕۆژی کورد" و ئەنجا ئەم ڕۆژنامەی "کورد"ی دەرخستبێت. بە بۆچوونی من و بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانم لە دیرۆکی بزوتنەوەی سمکۆ "ڕۆژی کورد شەوی عەجەم" و "ڕۆژی کورد" دەبێ لەگەڵ ئەم "ۆژنامەی "کورد"ە جیاواز بن.

٠٧ / ١٠ /٢٠٠٤

ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە

# تیشکێک بۆ سەر دژایەتی عیساییە چەکدارەکان و کاریگەریی لەسەر سمایل خانی سمکۆ



**وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف**

دەوڵەتەکانی روس و ئینگلیزو عوسمانی، لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا بێگوێدان بەبێلایەنی ئێران هەر یەکێکیان بۆ پاسەوانی و سوودی نایاسایی خۆی، سوپایان رەوانەی ئێران کرد، روسەکان بەر لەجەنگ چەندان یەکەی سەربازییان لەئازەربایجان خستە خزمەتەوەو ناوچەکەش بەکردە ئەوان بەڕێوەیان دەبرد.

عوسمانییەکان لەرواڵەتدا بەبیانووی ئەوەی روسیای تەزاری بێلایەنی ئێرانی بەزاندووەو پارێزگاری لێنەکردووە، بۆیە سەربازی خۆیان رەوانەی ئازەربایجان کردو تیایدا مانەوە، بەوجۆرە لەسەرەتای جەنگ سەربازەکانی روس ناوچەکانی خۆرهەلاتیان بۆ ماوەیەک داگیرکردو تێکۆشان ئەرمەنییەکان و نەستۆرییەکانی دانیشتووی ناوچەکە بۆ مەبەستی سەربازیی سوودیان لێ ببینن.

(سیبیل جی. ئەدمۆندز) هۆکاری کۆچی عیساییەکانی نەستۆری بۆ ئێران بەوجۆرە باسدەکات: ئەوانە مرۆڤی کێونشین و شەرکەرن لەبەهاری ساڵی ١٩١٦ بەهاندانی فەرماندەی هێزی روسی کە لەو ناوچەیە (خۆرهەلاتی عوسمانی) بوون دەستیانکرد بەپەلاماردان و تورکەکانیش ئاژاوەیان تێکەوت، بەلام پاشەکشەی ناوەختی روسەکان ئەو مرۆڤانەی تووشی تۆڵە لێسەندنەوە کرد، ئەوانەی کە لەوەوبەر لەئێران لەژێر سەرکردایەتی روسدا بوون بەردەوامییان بەشەڕ لەگەڵ سەربازانی تورکدا دەدا.

(ئەدمۆند) ژمارەی پەنادراوانی نەستۆرییەکانی بە(٣٥) هەزار کەس داناوە، بەلام (کیسرەوی) بە(٥٠) هەزاری لەقەڵەمداوە، ئەوانە لەعیسایییەکانی کۆچکردووی عیساییەکانی عوسمانی بوون لەگەڵ کەمینەیەکی ئاسووری و ئەرمەنی کەچەند چاخێک بەرلەوە لەبەشی خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ)و شاری (ورمێ) جێگیربوو بوون، (ئەرفەع) دەربارەی هاوسەنگی کۆمەڵگەو پەرتوبلاوی ئاسوورییەکانی ئێران بەوجۆرە دەنووسێ: لەخۆرئاوای دەریاچەی ورمێ دوو ناوچە هەبوون کە دانیشتوانەکانیان تێکەلاوبوون لەئازەری زمان، بەلام جەعفەری مەزەب بوون و ئاسوورییەکانیش لەناویاندا دەژیان کە سێ بەش لەچواربەشیان موسوڵمانبوون و بەشەکەی تریان مەسیحی، ناوچەکانی باکووری (سەڵماس)یش کە بە(شەست ئاباد)ی ناسراوە لەگەڵ ناوچەکانی باشووری (ورمێ) کەخاوەنی (سێسەد ئاباد)ەو دەکەوێتە نێوان دەشتی دەریاچەکەو شاخەکان کەبارەگای کوردەکانی لێیەو لای خۆرئاوای کەوتووە، هەروەها ناوچەکانیتری تەرەفی (رەزائییە)ش واتە لای باکووری و خۆرئاوای و باشووری شوێنی دانیشتنی کوردەکان بوو بەوپێیە زۆرینەی جەعفەرییە ئازەرییەکان کەکورد بوون لەناویاندا کەمینەیەکی ئاسووری دانیشتوو هەبوو، هەڵبەتە ئەوە زانراوە کە ئاسوورییەکانی ئێران نزیکەی ٤٠ هەزار کەس بوون کە پەنایاندا بە(نەستۆرییەکان)ی دەربەدەری و کە بە(جیلۆ) یان (جلۆ) ناسراون و هاودەرد بوون، روسەکان لە(ورمێ)ش سوپایەکی نیزامییان لەئاسوورییەکان دروستکرد، لەو دەمەشدا سەرچاوەکانی فارسی و هەندێک سەرچاوەی خۆرئاوایی تریش نەستۆرییەکانیان بەجیلۆکانی ئاسووری ناوبردووە، ئەمانە پەیوەندی گەرمیان لەگەڵ رابەری مەزەبییاندا دروستکردبوو، (لازاریف) دەربارەی چۆنیەتی ئەم پەیوەندییانە نووسیویەتی: حکومەتی روسیا سالانە بڕی (٥٠٠) رۆبڵی داوە بە(مارشیموون). ئەو دوو لەشکرەش کە لەلایەنگرانی ئاسوورێن سەربەخۆی دایمەزراندوون. لەوانە لەشکرێکی پیادەی لێدروستکردووە بۆ پاراستنی، بەلام ئەوانە ئامانجیان خراپەکاریی و ئازاردانی گەورەکانی کورد بووە بەتایبەتی سمکۆ کە زووتر بڕیاریان لەسەرداوە.

### ولاتێکی عیسایی

عیساییەکان بەپەرۆشەوە تێکۆشان ئازەربایجانی خۆرئاوا دابەشبکەن و ولاتێکی عیسایی دابمەزرێنن کەنییەتی خۆیان بۆ دەرخستووەو ئارەزوویان بەپێی قسەکانیان کردووە، موسوڵمانە کوردەکان و ئازەرییەکانیش لەبوونی ئەوانەدا لەناوچەکەدا هەستیان بەتەنیایی خراپەکارییان کردووە، دەوڵەتەکانی خۆرئاواش وەکو ئینگلیزو فەرەنسا جووڵەیان خستووەتەبەر عیساییەکان و نەخشەیان بۆ دارشتوون، لەم هەوڵەیاندا هۆکاری تریش هەبووە لەوانە ئایینی کە ئەمریکییەکان و ئەوروپییەکانیش تیایدا هاوبەشبوون. ئەم ئایینە هاوبەشە وایلێکردوون لەرۆژگاری سەفەوییەکانەوە بچنە ناو ئاسوورییەکان و ئامانجیان لەمەشدا بۆئەوە بووە لەمەزەبی کاسۆلیکییەوە بیانکەن بەپرۆتستان.

ئاسوورییەکان لەساڵی ١٩١٦ یەکێتییەکی سەربەخۆو ناسراویان هەبوو، بۆئەمە هێزی چەکدارییان و بازووی سیاسییان کەوتنە کارکردن. (محەمەد تەمەددون) لەرووی باسکردنی ئامانجی ٢٠ خاڵی هێزی چەکدارییان بۆ دانانی نیزامی کۆماری ئاسووری پەرلەمانی بوو بۆ دروستکردنی ولاتێکی ئاسووری کە لەناویا سیستمی داراییان رێکبخەن، هەروەها تێبکۆشن بۆ زیندووکردنەوەی زمانی سریانی و ئاخاوتنی پێبکەن، دەربارەی بەندی یەکەمی پەیڕەونامەی ئەو سوپا ئاسوورییە دەنووسێ: هۆکاری بنەڕەتی بۆ دروستکردنی ئەو یەکێتییە سەربەخۆیە ئەوەبوو گەلی (نەسارا) بەهەڵبژاردنی سەربەخۆو ژیانی نوێنەرایەتی بگات!

لەو خالانەی بەگشتی دیاریمانکرد دەبێت: (ورمێ) و (موسڵ) و (تورعابدین)و (نەسیبین)و (جەزیرە)و (جۆلامەلک) (جۆلامێرگ) بچنە پاڵ روسیای گەورە (بۆئەوەی سەربەستبن و لەکارەکانی بازرگانی و نیزامیشدا یەکگرتووبن)، بەگەڕانەوەی روسەکان و بەجێهێشتنی ناوچەکە ئاسوورییەکان ئامادەییان نیشاندا بۆ جەنگ، بۆیە هێزەکانیان کە لەوەوبەر روسەکان کۆیانکردبوونەوە تەواوی (ورمێ)و ناوچەکانی ئەترافیان دەستبەسەرداگرت، بەو کارەشیان ترسیان خستەدڵی دەوڵەتی ئێرانەوە، بەلام لایان هەموو کارەکە هەر ئەوەبوو، لەبەرانبەر کوردەکانیشدا کەئاشنایەتی لەوەوبەریان هەبوو نەیاندەتوانی دژیان بووەستنەوە، چونکە تورکەکان هاتن بەدەنگیانەوەو لەو رەشەکوژییەی کە لەشاری (ورمێ) دروستبوو رزگاریانکردن.

### سمکۆ لەچاوەڕوانییدا

سمکۆ لەبارەگای خۆی لە(قتوور)و (چهریق) لەچاوەڕێی رووداوەکاندا بوو، لەئاسوورییەکانیش نەدەترسا، چونکە هەرکاتێک پێویستی بووایە لەعوسمانییەکانەوە یارمەتی دەدرا، لای ئاسوورییەکانیش تەنیا عەشیرەتی شکاک کۆسپ بوو لەبەردەمیاندا بەسەرۆکایەتی سمکۆ، بۆیە (مارشیموون) گەورەی ئاسوورییەکان خوازیار بوو یەکێتی سیاسی و سەربازیی لەگەڵ سمکۆدا گرێبدات، ئەوەبوو لە٢٥ی ئەسفەندی ١٢٩٦ی هەتاوی (مارشیموون) لەگەڵ (١٤٠) سوار رۆشت بۆ دیبەنی سەر ئێلی شکاک لە(کۆنەشار)ی (سەڵماس). کیرەوی لەقسەی سمکۆوە نووسیویە: (مارشیموون) بەئەوی وتووە: ئەو خاکەی کەناوی کوردستانە، نیشتمانی هەموومانە، بەلام جودایی لەئاییندا هەموومانی پەرتەوازەکردووەو بەم حاڵەی گەیاندووین کەپەرت پەرت بین، ئەگەر ئێمە هاوکارو هاوبەشبین دەتوانین ئەم خاکە بپارێزین و تیایدا بژین، هەروەها وتوویە: ئێمە تفاقی شەڕمان هەیە، بەلام شەڕکەرمان نییە ئەگەر ئێوە لەگەڵماندا هاوپەیمانبن بەو شەڕکەرانەوە دەڕۆینە سەر (تەورێز)و داگیری دەکەین.

(ئاقاسی) جارێکیتر بەپشتبەستن بەیاداشتەکانی (مەلا محەمەدی جەعفەری) نووسیویە: (مارشیموون) خوازیار بوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا دروستبکات تاوەکو بتوانێت نیشتمانی هاوبەشی کوردو عیسایی بەمانا کوردستان لەچنگی داگیرکەری ئێرانی رزگاری ببێت، ئەمە بۆ یەکەمجار بوو ناوی ئێرانییەکانی داگیرکەری کوردستان بهێنێ و خاکێک کە بەهەمیشەیی هەر بەشێک بووە لەئێران، بەڵکو ناوی دانیشتوانەکەشی هەر بەئێرانییەکانی کوردستان رۆیشتووە، لەڕاستیدا ئەو نووسەرانە خۆراسانی بوون کە لەرۆژگاری سوڵتان (سنجەری) سەلجووقی بەشێک لەخۆرهەلاتی ویلایەتی شاخەکانیان بەکوردستان ناوناوەو ئەو بەشەیان لەشاخەکان جیاکردووەتەوەو (والی) ئەوێ بڕیاری بۆداوە، دوای






ئەوان روسەکان و ئەوروپییەکان بوونەتە داگیرکەرانی کوردستان بەناوی ئەوەی ولاتێکی جیایەو یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆیەکە ئێران بەهێزی چەک داگیریکردووە بەڵگەش بۆئەمە یەکەمین دەوڵەتی ئێرانی لەناوچەی ماددەکان بووەو دەوڵەتی هاخامەنشیش لەو دەوڵەتەوە سەریهەڵداوە، هەرچۆنێک بێت گەورەی ئاسوورییەکان لەگەڵ ١٤٠ کەس کە لەگەڵیدا بوون بەدەستی سمکۆ کوژران، ئەم کارە کاردانەوەیەکی خراپی بەهێزو سەرسوڕهێنەری لای ئاسوورییەکانی ورمێ دروستکرد بەجۆرێک کەهەزاران کەس لەدانیشتوانی (ورمێ) بەدەستی عیسایییەکان رەشەکوژکران.

## شکستی سمکۆ

(کیسرەوی) ئەم کارەی سمکۆی بەکارێکی ترسنۆکانەو شێتانە داناوە کەبووە هۆی مەرگی ١٠ هەزار کەس لەدانیشتوانی بێتاوانی ورمێ، بەلام دانەری مێژووی (خۆی) باوەڕی وایە کەکوشتنی (مارشیموون) بەهۆی کۆبوونەوەی رقی خەڵکی (تەورێز)و (ورمێ) دروستبوو کە لەئەنجامی دانانی نەخشەی عیسایییەکان هاتەگۆڕێ بۆ پارچەبوونی ئازەربایجان کەئەوانی بەئاگا هێنایەوە.

ئەوەی لەباسەکەدا دیارە هەق بەدانەری مێژووی (خۆی) دەدرێت، چونکە سمکۆ نەخشەی پارچەبوونی ناوچەی (ورمێ)ی داوای عیسایییەکانی داوەتە دواوەو نیشانیداون کەدانیشتوانی ئازەربایجان رێگە بەنانەوەی ئاژاوە نادەن و کوردیش لەگەڵ جیاوازییەکانیدا رێگە بەپارچەبوونی ئەو ویلایەتە ناداو لەبەرانبەردا لەداوای عیسایییەکان بەرهەڵستی دەکات.

ئاسوورییەکان دوای سەرکوتکردنی خەڵکی ورمێ هێرشیان بردەسەر (چهریق) لەجەنگێکی بەهێزدا سمکۆ شکستی خواردو هەندێ لەئەندامانی خێزانەکەشی کوژران یان بەدیل گیران.

لەکۆتایی ساڵی ١٢٦٩ی کۆچی هەتاوی تاوەکو کۆتایی بەهاری ١٢٩٧ی کۆچی هەتاوی لەبەڵگەنامەیەکی کەم وێنەدا نەخشەی روسیا لەکاروباری ئێراندا بەهۆی کودەتایەکی ناوخۆی ئەو ولاتە گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بۆیە عیسایییە پەرتەوازەکان داوایان لەئینگلیزەکان کرد یارمەتییان بدەن، گەورە پیاوەکانی ئاسووریش پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای ئینگایزدا لەئێران بەست، دوای هاتنەوەی مانگی خوردادی ١٢٩٧ی کۆچی هەتاوی چەند شەڕێکی خوێناوی لەنێوان عیسایییەکان و تورکەکان روویدا کەبەشکستی عیسایییەکان کۆتاییهات، لەوکاتەدا سمکۆ بەو ژمارە کەمە کوردەی خۆی کەچەکداری بوون توانی لەگەڵ هێزەکانی ئەرمەنیدا کەبۆی بووە سەرچاوەی هەڕەشە لەبۆسەیەکدا لەدەربەندی (قتوور) لەشەڕێکی ئەوە راگەیاندراو بلاوبۆوە رێزیان لێنا.

بەوجۆرە سەردەمی دەسەلاتی ئاسوورییەکان بەسەر (ورمێ)وە کۆتایی هاتو پاشماوەی هێزە چەکدارەکانیان بەفەرماندەی (ئاغاپەترۆس) لەگەڵ سەربازەکانی تری عیسایی لەسەرەتای هاوینی ١٢٩٧ی کۆچی هەتاوی لەبەرانبەر هێزی تورکدا رایانکردو لەرێگەی (ساین قەلا)وە هەموویان رۆیشتنە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئینگلیز لە(بیجار)و دواتر گەیشتنە عیراق.

## داوای سەربەرخۆیی ئاسورییەکان

لەڕاستیدا کاریگەرێتی بیروباوەڕی عیسایییەکان بۆ داوای جیابوونەوە بووە هۆی کەرتبوونیان کەبەدرێژایی سالانی دەسەلاتیان لە(ورمێ) لەبیری کوردەکاندا بەلایانەوە شتێکی باشنەبوو؟ ئایا نیشاندانی مەیلی (مارشیموون) بەدروستکردنی یەکێتی لەگەڵ کوردەکان سمکۆی خانی کورد خۆی نەیدەتوانی بەتەنیا داوای ولاتێکی جیا لەئازەربایجان بکات؟ ئایا لاوازی دەوڵەتی ناوەندیی و پارێزگاریی عوسمانی و ئینگلیز نەخشەی سمکۆی بەوشێوەیە لەگوماندا هێشتەوە کە ئەنجامی نەبوو؟ (محەمەد تەمەددون) دەربارەی کاریگەریی دروشمەکانی داوای سەربەخۆیی ئاسوورییەکان لەناو کوردەکاندا نووسیویە: عیسایییەکان و پەنابەرەکانی (جیلۆ) هەموویان بەیەکەوە ئامێرێک بوون بەدەست بێگانەکانەوە کە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییان داوادەکرد بۆ (ورمێ) ئەوەبوو سەرەتا مەجلیسی شوورایان لەشارەکەدا دروستکردو هەیئەتی سەرۆکایەتیشیان دانا ئەمە هەمان شێواز بوو کە کەسی (ئیسماعیل ئاغا) (سمکۆ)ش دواتر بیری لێکردەوە، بەلام لەهەوڵەکەیدا سەرنەکەوت.

ئاسوورییەکان هەتاکو دوای دەرچوونیشیان لەئێران بیری کۆنیان فەرامۆشنەکردبوو، (ئاغا پەترۆس) کەئینگلیزەکان پارێزگارییان لێدەکرد، وەزیری دەرەوەی ئەو ولاتە (لورد کیرزن) لەکۆنفرانسی (لۆزان) لەکانوونی دووەمی ١٩٢٣ داوای لەدەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگ کرد بنکەیەک بۆ ئاسوورییەکان لەسنووری نێوان موسڵ و کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران تا سنووری (ورمێ) لەبەرچاو بگرن، ئەم داواکردنە بەتوندیی ئێران و تورکیا رووبەڕووی وەستانەوە، ئەوەبوو سمکۆش رازینەبوو بەو داوایەی ئاسوورییەکان بۆ پارچەبوونی ئازەربایجان و دروستکردنی ولاتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا کەلای ئاسوورییەکان سەریهەڵدابوو، لەلایەکی تریشەوە خانی کورد بەپێی بەڵگەکانی ناسیۆنالیزم نەرۆیشت بۆئەوەی رق و دوژمنایەتی قووڵی نێوان کوردو عیسایی قووڵتربکاتەوە، نە هاوکاریشیکردن کەدڵنیایی بەوان دابێت، ئەم هەڵوێستەی سمکۆ بەخزمەتی ئێران کەوتەوە کەپارێزگاری لەیەک پارچەیی ولاتەکەی کرد، بەواتای کیسرەوی (لەم داستانەدا ئەوە وتراوە کەئێرانییەکان بەکارێکی گەورەو دەرکەوتوویان داناوەو نرخی ئەوکارەی ئەویشیان زانیوە).

## یەکپارچەیی خاکی ئێران

سمکۆ لەکاتێکدا هاوکاری لەپێشنیازی نەخشەی پارچەبوونی ئازەربایجان نەکرد کەدەوڵەتی ئێران هیچ جۆرە هێزێکی نیزامی و توانایەک سیاسی نەبوو کەپێشگیری لەو رووداوە

بگرێت، لەمێژووشدا ئەوە راستییەکە لەسەر بنەمایەکی نەگۆڕ تۆمارکراوەو نیشانمان دەدات کە لەگەڵ یەک پارچەیی خاکی ئێراندا بووەو بۆی بەوەفابووە.

لەلایەکیترەوە ئەو هەڵوێستە ئاغای گەورە (خان ئیبراهیمی) کەماوەیەک دادوەری مەهاباد بووەو جارێکیش نوێنەر بووە لەئەنجومەنی هەڵبژێردراو رێزی لەو خزمەتەی سمکۆ ناوە کەبەقازانجی ئێران کەوتووەتەوە، ئەمەش راستییەکە کەکوردەکان لەدوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا ئەو توانا بەرچاوەیان بۆ نەڕەخسا کەبەرامبەر دەوڵەتی ئێران ئامادەییان هەبێت وەکو لەو رۆژگارەدا هەیانبووە، بەلام توانای جەنگی و سامانی سیاسی ئەو گروپە بەمانا عیسایی بالاتر بووە لەتوانای کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئێران، بۆیە بەپێویستیان زانیوە داوای هاوکاری لەسەرۆک عەشایەرەکانی کورد بکەن بەتایبەتی سمکۆ کەدەستی لێوەشاندوون، لێرەدا بەو ئەنجامە گەیشتم کوشتنی (مارشیموون) شێوە ئاگادارکردنەوەیەکی لەخۆگرتووە، تاوەکو بەوشێوەیەی دکتۆر زاهدی دەڵێت: بۆ چاوتێبڕینی نرخی موستیلەی پەنجەکەی بوویێت.

دوای سەرکەوتنی سمکۆ بەسەر هێزی عیسایی لە(قتوور) توانای ئەو زیاتربوو بەجۆرێک کەدوای دەرچوونی عیساییەکان لەورمێ لە 8ی کۆچی هەتاوی عەشیرەتی شکاک گەورەترین هێزی نیزامی بوو لەئەتراقی ورمێ، سمکۆ دوای ئەوە دەستی بەسەر ناوچەکانی ئەترافی دەریاچەی ورمێ و شارەکانی (خۆی) و (سەڵماس) و (ورمێ) گرت، بەلام لەم کارەیدا هیچ هەڵوێستێک نەبوو لای دەوڵەتەوە بۆ پێدانی (خودموختاری) بۆ ناوچەکانی کوردنشین، یان یاسایەک لەو رووەوە هەبێت.

بەوپێیە دەتوانین بڵێین دروشمەکانی مەسیحی بۆ پارچەبوون بارێکی گرانی لەناوچەی کوردەکاندا خستەوە ئەوەش سەرئەنجام بەلاوازکردنی ئازەرییەکان و بەهێزکردنی کوردەکان کەوتەوە، چونکە ئازەرییەکان لەو رۆژگارەدا دامەزراوێکیان نەبوو لەناو ئێل و عەشیرەتەکانیاندا بۆ یارمەتیدانی یەکتری کەبەکشتوکاڵ و بازرگانییەوە خەریکبوون.

سیاسەتی تێکدەرانەی ئاسوورییەکانیش شکستهێنانی بۆ هێزە دروستکراوەکانیان هێنا کەبووە هۆی لەناوچوونی ژێرخانی ئابوورییان کە لەوەوبەر هەیانبووە، بەلام کوردەکان بۆ بەرژەوەندیی پارێزگاری لەقەوارەی عەشیرەتییان توانای نیزامییان نەک تەنیا لەناو ئەو ململانێیەدا هەیانبوو، بەڵکو بوونە چاودێریش بەسەر مەسیحییەکان و بەردەوامییان بەشەڕدا لەئەنجامدا مەسیحییەکان لەناوچەکەدا کرانە دەرەوە، دانەری مێژووی (خۆی) باوەڕی وایە. جموجۆڵی سیاسی مەسیحییەکان هۆکاری بۆ عەشایەری کوردو پێشتریش بۆ عەشیرەتی شکاک دروستکرد کەتوانای زۆریان لەدەستداوەو تێکۆشان بۆئەوەی دەستبەسەر ناوچەی خۆرئاوای (ورمێ) بگرن.

سەرچاوە:

مجتبی برزویی، أوچاع سیاسی کردستان از سال ١٣٢٥ تا ١٣٥٨ هجری شمی

با مقدمە: دکتر ابراهیم یونسی

چاپ: تهران ١٣٧٨

أنتشارات: نشر فکر نو ل٢ ١٥٩-١٦٤

١٧ی جوونی ٢٠١٠

ماڵپەری کوردستانی نوێ

## پەیوەندییەکانی سمکۆ بەتورکەکانەوە لەساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا

[ بەشی یەکەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەی سەدەی فەرمانڕەوایەتی حکومەتی تورک و زانیارییەکانمان لەسەری بەبزووتنەوەکەی سمکۆی شکاکیشەوە لەبنەچەدا بۆ رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانی و تورکە لاوەکان و سەردەمی کەمالییەکان دەگەڕێتەوە، ئەمانە هەموویان پەیوەندیی توندوتۆڵ و قووڵیان بەکۆمەڵگای کوردی ئێرانەوە هەبووە، بەلام نفووسیان تەنیا لەناو عەشایەری کورددا جێگیر بووە، کە پەیوەست نەبووە بەشێوە مەزهەبییەکەوە، بەڵکو تایبەت بووە بەناوچەی ئازەربایجان، بەر لەوانەش بەدرێژایی سنوور بەشدارییان هەبووە لەزەوی ئێراندا، ئەمانەش هەموویان زیانیان بەڕامیاری-ئابووری رووسیا گەیاندووە، ئەوەی بەو هۆیەوە لەو رووەوە دروستبووە بۆ نەمان و لێدانی هەستی بەرزی نەتەوایەتی کورد بووە لەئێرانداو زیانیشی بەکەسایەتی عوسمانییەکانیش گەیاندووە کە (٣) تا (٤) ناوچەی کوردنشین لەخۆرهەڵاتیاندا خراونەتە سەر قەڵەمڕەوی ئێران و بڕیاری مانەوەیان بۆ دراوە، بەدوای ئەمانەشدا پشتیوانی تورکە لاوەکان و کەمالییەکان بۆ سمکۆ دەستپێدەکات کە لەبنەمادا پەیوەندی بەپێشەوایەتی بزووتنەوەی میللییەوە نەبووە، بەڵکو بۆ سەرۆک عەشیرەتێک بووە کە بزووتنەوەکەی دژی دەوڵەتی ئێران هاتووەتەڕوو.

### پەیوەندیی عوسمانییەکان بەکوردەوە

کۆمەکی تورکە لاوەکان بەژمارەیەک چەک و تفاقی جەنگی تر بوو بۆ شەڕکەرەکانی سمکۆ کە چاوەڕێی ئەوەیان لێنەکردووە بەو توانا کەمەوە ناوچەکانی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ بگرێ و دابەشیبکات، چونکە سەرەتا ئەو یارمەتییانەیان بۆ خانی کورد بۆ ئەوەبووە کە رۆژگارێک دێت بتوانن واژۆی پەیماننامەی دانانی سنووری عوسمانی لەگەڵ






ئێراندا بکەن و بەلاوازیش ئێران بهێڵنەوە، پەیوەندیی تەواوی عوسمانییەکان بەکوردەوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە سمکۆ دەسەڵاتی وەرگرت لەناوچەی ستراتیجی (قتور) و ناوچەکانی تری ئەترافی لەنێوان ساڵەکانی ١٢٨٧–١٢٩٤ )ی کۆچی هەتاوی ئەوەش بەکۆنترۆڵکردنیان و دەست بەسەرداگرتنیان بووە، لێرەوە تێکۆشانی رووسیای تزاری دەستپێدەکات بۆ نزیکبوونەوە لەسمکۆ و بەرەوپێشبردنی لەسەر حەزو ئارەزووی خۆیان (لازاریف) بەپشتبەستن بەبەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیای تزاری ئەوەی نیشانداوە کە دیپلۆماسەکانی ئەو وڵاتە هەستیان بەگرنگی سمکۆ کردووە، بۆیە رامیاری رووسی لە(تفلیس) بیریان کەوتووەتەوەو لە (تاران) و (پترسبۆرگ)یش لێپرسراوانی دەوڵەتی رووس ئەوەیان بەهەند وەرگرتووە، سەرئەنجام (تفلیس) لەمانگی (١٢ی ١٩١٢)دا پێشوازی لەسەرۆکی عێلی شکاک کردو ئەو میوانی حاکمی شاری (وارتۆف داشکۆف) بوو بەئاشکراو مەدالیای وەرگرت، بەرامبەر بەو چالاکییە عوسمانییەکان لەرێگای باڵیۆزەکەیانەوە (ترحان پاشا) لەروسیا بەو پێشوازییە نارازیبوو وەزیری دەرەوەی رووسیاش بەرێگای دیپلۆماسی دڵنیایی پێدان کە سمکۆ بۆ دژایەتی دەوڵەتی ئەوان سوودی لێنەبینراوە، بەو پێیە دەوڵەتی رووسیا نیشانیداوە کە ئامادەیە لاوازی بەئێران بدات لەبەرامبەر عوسمانیدا، بەڵام ناهێڵێت تورکە لاوەکان پێشڕەوی بکەن بەرەو باشووری قەفقاز.

### شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شۆڕشەکەی سمکۆ

لایەنی سەرەکی لەسیاسەتی رووسدا لەو سەردەمەدا پێکهاتووە لەبەهێزکردنی هەندێک لەسەرۆکە بەتواناکانی عەشایەری سنوورنشینی هاوشێوەی سمکۆ بۆ ئەوەی نەهێڵێت یەکێتی کوردەکان لەژێر ئاڵای سوڵتانی عوسمانیدا دروست بێت، دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان کودەتای مەشروتیەت تاوەکو دەگاتەوە بەجەنگی جیهانی یەکەم رازیبوو بەرێککەوتنەکان و ئەنجامی ئەمانەش لەسەر پەیمانی (ئەرز رۆم) (١٨٤٧ز) (١٢٦٣ی کۆچی قەمەری)و رای کۆمسیۆن بوون بۆ دانانی سنوور، واتە سنووری (١٩١٣ز) (١٣٣١ی کۆچی قەمەری) هەروەها لەسەر بەندەکانی پەیوەست بەمافەکانی ئێران لەپەیماننامەی (سان ستیفانۆ) و (بەرلین) وەرگیرا کەهەنگاوێک بوو بەرەو پێشچوو، سەرەتایەکیش بوو بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ و سەرقاڵکردنی ئێران لای دراوسێکانی بەتەگبیری هەمەلایەنە گۆشەگیر کرا، بەر لەوەش عوسمانییەکان بەدرێژایی جەنگی گەورە تێکۆشاون سەرۆکەکانی کورد لەوانە سمکۆ لەژێر کاریگەرێتی دروشمی ئیسلام بۆ لای خۆیان بەرن، هەروەها ئەوەش دیارە کە سمکۆ لەناوەڕاستی شەڕەکەدا جۆرێک لەسیاسەتی بێلایەنی پەیڕەو کردووە ئەو رێگایەش تواناو دەسەڵاتێکی نوێی پێبەخشیووە، کودەتای ئۆکتۆبەر هۆکار بوو بۆ دوورخستنەوەی رووسەکان لەناوچەکەدا لەهەردوو رووی سیاسی و نیزامییەوە، بەرامبەر بەوەش بزووتنەوەی عیسابییەکان پەرەی سەندو شۆڕشی سمکۆش لەبەرامبەر دەوڵەتی ئێراندا گەیشتە لوتکەو دەرکەوتنیشی بەو شێوەیە ئەوەبوو لەلایەن هێزی دەرەکییەوە پارێزگاریی لێدەکراو تورکەکانیش بەو هاوکارییە دوولایەنیانە بەزوویی نیشانیاندا خۆشحاڵن.

تورکەکان ئامێری سەربازی پێویستیان دانا بۆ دامەزراندنی تیپێکی تۆپخانە لەژێر دەسەڵاتی کوردەکانداو راوێژکارەکانی تورکیش دەسەڵاتیان بێ سنوور بوو لای سمکۆ کە بەکاری دەهێنان، ژمارەیەک لەو راوێژکارانەش ئافرەتی شکاکیان مارەکرد بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لێیان، بوونی نیزامییەکانی تورک لەدامودەزگاکانی سمکۆدا بەو قەوارەیەو ئاشکرایە وایکرد دەوڵەتی ئێران سەرئەنجام لەو هەڵسوکەوتانە بەئاگابێ کە هەبوو. لەقسەکانی (مەهدی ئەلهامی) یاریدەدەری ویلایەتی ئازەربایینجان بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەرۆژی (١٦ی سونبولەی ١٢٩٩)هاتووە: دوای ئەوەی کارو چالاکییەکانی عەشایەری ژێر فەرمانی (ئیسماعیل ئاغا) بەدەستمانگەیشتووە لەناوچەی خەسرەو ئاباد (پانزە سەربازی عوسمانی مانگانە بۆ هەر یەکێکیان (٥٠٠) تومان براوەتەوەو ئیسماعیل ئاغاش خستوونیەتە خزمەتەوەو بۆ خۆی دایناون).

### ناسیۆنالیزمی کورد لەخاکی عوسمانیدا

کیسرەوی، ژمارەی ئەو کەسانەی لەتورکەکان مووچە وەردەگرن بەچەند سەد کەسێک داناوە، وەکو زانراویشە (تەمەدون) ئەوانەی بەسەد کەس هەژمار کردووە، هەندێک لەسەرچاوەکان بۆ ئەوە دەچن ئامادەبوونی تورکەکان بەو شێوەیە یەکێکە لەبەڵگە بەهێزەکانی سمکۆ بەرامبەر بەهێزەکانی دەوڵەت، ئەوەی لێرەدا سەرنجراکێشە سمکۆ مۆڵەتی بەخۆی داوە کە بەشێوەیەکی ناسنووردار لەگەڵ تورکەکاندا هاوکاریی بکات، بەهەمانشێوە (برۆیەنسن) و (کیسرەوی)ش بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کاریگەرێتی پێشوازی لێکردنی ئەو بەو سیفەتە بووە کە سەرکردەیەکی کوردەو بەر لەجەنگی گەورەش پەیوەستبووە بەتورکەکانەوە ئەوەش پێشینەیەکی پێشووتری هەبووە، بۆیە (ڤان برویەنسن) سمکۆی بەپێشەوای بزووتنەوەی تەرەفداری میللی لەناو کوردەکانی ئێراندا ناساندووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە لەدروشمەکانی یەکێتی ئیسلامی عوسمانی دەتوانین حوکم بدەین کە ناسیۆنالیزمی کورد لەخاکی عوسمانیدا سەرەتا لەناسیۆنالیزمی ئەرمەنەوە وەڵامی دراوەتەوە، دوای ئەوانیش لەبزووتنەوەی تورکە لاوەکانەوە خوێنەری کورد بەقووڵی بەوانەکانی ئەوان ئاشنابوو و لەناودا بڵاوبۆوە، دوای جەنگی گەورەش بەبەڵگەی شکستی عوسمانییەکان بەخێرایی لەناو کوردەکانی تورکیاو عیراقدا بڵاوبۆوە، کە لەو رۆژگارەدا بەزۆری سەرۆک عەشایەرو رۆحانییەکان کەوتنە خۆیان بۆ خزمەتی بیری ناسیۆنالیزمی کە دەتوانین لەسمکۆدا ئاماژەی پێبدەین (کیسرەوی) بیری سیاسی سمکۆ وا دادەنێت کە لەدیپلۆماسە ئەوروپییەکانەوە بەو گەیشتبێت، سمکۆش ئەو ئارەزووەی بەگەڕخستووەو پەیڕەوی ئازادیخوای عوسمانی کردووە کە ژنی تورک دەوری هەبووە لەبڵاوکردنەوەی، بەقسەی ئەو جیاوازی لەبیری داواکانیاندا لەناو کوردو ئەرمەن و ئەوانی تردا هەبووەو کوردەکانیش ساڵانێک بەو جۆرە سەرقاڵبوون و لەناویاندا دەرکەوتووەو بەناو ژنی کوردیشدا بیرەکە بڵاوبۆتەوەو رۆڵیشیان هەبووە لەگەیاندنیان بەناو خەڵکدا.

### دژایەتیکردنی عەشیرەتی میلان بۆ تورکە لاوەکان

(برۆیەنن) و (کیسرەوی) هەردووکیان لەحوکمدانیاندا لەسەر ئەو رایەن کە سمکۆ تاکە نوێنەری ناسیۆنالیزمی کورد بووە کە لەبنەمادا لەعەشیرەتەکەیەوە مۆڵەت بە ئەو دراوە






کە لاسایی تورکە لاوەکان بکاتەوە بۆ دروستکردنی دامەزراوێکی سیاسی، بەڵام ئەوە دیارە کە سەرۆکی عێلی شکاک لەسەرتاسەری سەردەمی دەستڕۆشتووەکەیدا حزبی سیاسی دروستنەکردووەو لەبناغەشدا هیچ جۆرە بیرێک یان سیاسەتێک لەناو کوردەکاندا لەو شێوەیە نەبووە کە سەرچاوەی پشتگیری بێت، سەلماندنی ئەمەش کارێکی دژوار بەیەکتری دروستدەکات، بەو جۆرە لەناو تەواوی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ئێراندا تەنیا کەسێک هەبووبێت، ئەویش سمکۆ بووە کە لەژێر کاریگەری تورکە لاوەکاندا بڕیار بەدەستبووەو دروشمی ناسیۆنالیزمی کوردی بەرزکردۆتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە سەرۆکەکانی عەشایەری کورد لەعوسمانیدا لەتورکە لاوەکان ڕەشبین بوون، چونکە ئەوان ترس و لەرزیان لەدڵی هەمووواندا چاندبوو.

سێرجیراڵد لویتەر، باڵیۆزی ئینگلیز لەئاستانبووڵ ئەو بەڵگە ڕەشبینییانەی کە لەساڵی (١٩٠٨) دەستی کەوتوون بەو شێوەیە ڕای لەسەریان داوە: شوێنی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر خانەکان و سەرۆکەکانی کورد لەڕژێمی نوێ (بەمانای ڕژێمی تورکە لاوەکان) ناڕازیبوون، چونکە ئەو نیزامە نوێیە بەترس ناتوانێت ئاسایش و یاسا دروستبکات و ڕێگربێت لەبێ یاسایی و ئاژاوەگێڕیی، زیاتریش لەمە بزووتنەوەی تورکە لاوەکان توانای خانەکانی کوردیان بۆ لای خۆیان بردووە کە لەوەو بەر ئەوانە پشتیان بەسوڵتانەکان بەستووەو توانایان لەوانەوە بۆ ڕەخساوە، لەڕاستیدا ئەو چینە ئاشنایەتییان لەڕای سیاسیی خۆرئاوادا هەبووەو هاوکاریی سیاسیشیان لەگەڵ تورکە لاوەکاندا بووە، ئەمانە لەململانێدا بوون لەگەڵ ستەمی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) کە توانیان بۆ یەکەمینجار ئەحزابی کوردی دروستبکەن وەکو (کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان) کە حزبێکی نوێی ئەنجومەنی هاوکارانی کوردو هیوای کوردە، کۆچیرا لەسەر چینی ناوەند هەواڵ دەدات لەبارەی کوڕانی میرەکانی پێشووی کورد یان کوڕانی سەرۆک عەشایەرەکان کە لەقوتابخانەکان یان ئەکادیمیای نیزامی ئیمپراتۆری عوسمانی خوێندنیان تەواوکردووەو بوونەتە یەکەمین لایەنگرانی کورد کە بەمانای ئەمڕۆ زانراوە. بەو پێیە کاریگەریی سمکۆ لای تورکە لاوەکان لەکاتێکدا بوو کە سەرۆک عەشایەرەکانی عوسمانی لەوان بێزاربوون، ئەمەش ڕازیبوونی ئەوان دەردەخات بۆ کۆمەکی خانی کورد کە دواتر کەمالییەکانیش هاوبەشبوون تیایدا کە سەرئەنجام دەستێوەردانێکی سیاسیی دروستکردو دامەزراوەکانی تورکە لاوەکانی هێنایە گۆڕێ کە نوێنەری وردە بۆرژوای چینی ناوەند بوون لەکۆمەڵگای عوسمانیدا، ئەمە ئایە چ سیحرێکی تیادا هەیە بۆ سەرۆک عەشیرەتێکی کوردی ئێران کە خۆی دژی چینی ناوەندی شارنشینی بووە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەدەوڵەتی ناوەندیدا، لەڕاستیدا سمکۆ بەهۆی کوشتنی ئیبراهیم پاشای سەرۆکی عەشیرەتی (میلان) کەوتە دژایەتیکردنی تورکە لاوەکان، چونکە بەو کارەیان ئاشنای ستەمکارییان بوو، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت میلانییەکانی عوسمانی تایەفەیەک بوون لەئێران لەگەڵ عەشیرەتی شکاک یەکگرتووبوون، ئەو کوشتنەی ناوبراو لەکێوی عەبدولعەزیز بەدەستی تورکە لاوەکان کاریگەریی هەبوو لەسەر سمکۆو ئەوانی تر لەسەرۆکەکانی کوردی ئێران کە لایەنگرانی کوردی عوسمانی بوون، لەئەنجامدا ڕێگای یاخیبوونیان گرتەبەر، تورکە لاوەکانیش لەئیمپراتۆری دروستکراوی خەیاڵی تۆرانیاندا شوێنی کوردی تیادا نەبوو.

### وەرگرتنی چەک و پێداویستی بەنەهێنی

نووسەری فەرەنسی (کۆچیرا) باوەڕیوایە کە سمکۆ لەبیریدا بووە ئینگلیزەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت یان پەنایان بۆ بەرێت، چونکە ناچاربوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە بۆ ئەوەی کۆمەک لەتورکەکان بووەستێنێت ئەوەشی بەهۆی ئەوە بووە لە(ناسیۆنالیزمی تورک دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەوانە زیاتر دوژمن بەکورد بوون لەئێرانییەکان هەروەکو زانراوە) بەڵام دیارە هەرگیز پەیوەندیی لەگەڵیاندا نەبڕیووەو بەنهێنی چەک و پێداویستییەکانی تری هەر لێ وەرگرتوون و ئەوانیش پێشکەشیان کردووە، نووسەری فەرەنسی ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو ئەو پێشکەوتنەی ناردنی چەک لەلایەن تورکەکانەوە بۆ سمکۆ دەباتەوە بۆ سەردەمێکی پێشتر کە پێشینەی هەیە واتە بۆ ساڵەکانی بەر لەمەشروتییەت و جەنگی یەکەمی جیهان کە چۆن لایەنگرانی کوردی عیراق لەگەڵ نەخشەی بەریتانیادا بوون بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی کە لەعەرەبەکان داوایانکردبوو، هاوشێوەی ئەوەش بۆ ئەوەی سمکۆ لە (لەندەن) وەریبگرێت لەئینگلیزەکان نزیک بۆتەوە، ئەم بابەتەی هەیە وایکرد تورکە لاوەکان و کەمالییەکان چەک بدەن بەسمکۆ تا ناوچەیەکی سەربەخۆی پێ دروستبکات بۆئەوەی خزمەتی یەکێک لەئامانجە کۆنەکانی خۆیانی پێ بکەن، بەمانا دابەشکردنی بەشێک لەئازەربایجانی خۆرئاوا، ناوچەکانی وەکو (ماکۆ) و (قگور) کە (تاهیر) پاشای نوێنەری تورکە لاوەکان لەساڵی (١٩٠٨) لەو ڕووەوە ڕاپۆرتی داوە بەکۆنسۆڵی ڕووس لە(ورمێ) داوای گەڕاندنەوەی حاکمییەتی تورکیای کردووە، بۆ سەر ئەو شوێنانە کەموڵکی ئەوانەو دەکەونە نێوان هێڵەکانی (٣٠) و (٤٠) کە بەشی زۆری کوردستانی ئێران دەگرێتەوە.

٨ی ئاگوستی ٢٠١٠

## پەیوەندییەکانی سمکۆ بەتورکەکانەوە لەساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا

[ بەشی دووهەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

کاتێک سنووری نێوان ئێران و تورکیا لەسەردەمی شۆڕشی ئارارات بڕیاری دانانی بۆ درا لە(١٩٣٠)ی زایینی (١٣٠٩)ی کۆچی هەتاوی سمکۆ نیشانیدا کە تەنیا سەرچاوەی






ئامانجی ئەو بۆ ئەوەیە لەبەرژەوەندیی تورکیا بگەڕێتەوە هەر لەو کاتەشدا تێکۆشاوە کە دووبارە لەو رووەوە سوودی لێ ببینن. (کاوە بەیات) بەبەڵگەی رێککەوتنی ستراتیژیی شورەوی و تورکیای کەمالی نیشانی دەدات لەساڵەکانی دوای کەوتنی کۆمارەکانی (مەساوات) و (ئەرمەنستان) لە(١٩٢٠)دا تورکەکان حەزیانکردووە (ماکۆ) بخەنە ژێر دەسەلاتیانەوە.



## گرنگی خاکی ماکۆ بۆ تورکیا

هەر بەو جۆرەش لەوتەکانی باڵیۆزی ئێران لەفەرەنسا ساڵی (١٩٢٢)ی زایینی ئاماژە بەو رووداوە دەدات کە تورکە کەمالییەکان بەبیانووی ئەوەی بەرهەمیان هەبێت خاکی (ماکۆ) کەگرنگی هەیە بۆ ئیدارەی تورکیا، تێکۆشاون بخرێتە ژێر سوڵتەیان و یەکێتی شورەیش رازیبووە بەحاکمیەتی تورکیا لەو ناوچەیەدا، لەبەرامبەر ئەوەدا تورکیا بۆ بێلایەنی هەنگاو بنێ و رەزامەندی دڵنیایی بدات، بۆیە دوورە کەدەوڵەتی تورکیا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردو پارێزگاریی لەسوودی کوردەکانی لەبەرچاو گرتبێت لەبەرامبەر پارچەبوونی ئازەربایجان و وەرگرتنی رەزامەندی یەکێتی جەماوەری شورەوی کە چەک بەسمکۆ بدات، لەوە زیاتر نەبووە کەمۆڵەتی بەسمکۆ داوە بۆئەوەی لەپارچەبوونی ئازەربایجانی خۆرئاوادا تورکیا مەرامی بەئەنجام بگەیەنێت، لەمەدا موڵکدارێتی بەشێک لەو زەویانەی کەباشن بۆ کشتوکاڵ لەناوچەکەدا بدەن بەسمکۆ بەپێی ئەو پەیمانەی کەدابوویان بەسمکۆ لەساڵی (١٩٢٣) کە رازیبووە خۆشی لەسەر ئەوە بەپێچەوانەوە لەسەر هەمان ئەو پەیمانە کە دابوویان بە(شێخ مەحمود بەرزنجی) بەمەرجێک کوردستانی عیراق بخرێتە سەر تورکیا، بەلام ئەو رازی نەبووەو دژی وەستاوەتەوە (کیسرەوی)و (تەمەدون) دەڵێن: (سەرداری سەرکەوتوو) توانیوویە بەشێک لەسوپاییانی تورک لەکۆتایی جەنگدا کە بەختەوەربوون لەساڵی (١٣٠١)وە بەردەوام لەخزمەتی خانی کورددا بڕیار بەدەستبوون، لەبنەماشدا بوونی سمکۆ لەخاکی تورکیادا دوای (٩) ساڵ ئەو راستییە دەردەخات کەتورکە کەمالییەکان هەروا بەسانایی مەبەستیان نەبووە دەستبەرداری ئەو بن.

## پەیوەندییکردنی کورد بەئینگلیزو ناسیۆنالیزمەکانی تورکەوە

برۆیەنسن، بەپشتبەستنی بەسەرچاوەکانی ئەرمەنی مەبەست و ئامانجی کەمالییەکان دەردەخات بەکۆمەک کردنیان بەسمکۆ لەو سەرچاوەیەوە دەنووسێ: بەپێی سەرچاوەکانی ئەرمەنی سمکۆ و سەید تەها لەو کاتەدا واتە (ساڵی 1919 سەید تەها لەحاڵێکدا کەبڕیاری پەیوەندیی دابوو لەگەڵ بەریتانیا) سەرگەرمی دروستکردنی شێوەیەک لەنزیکبوونەوە بوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمەکانی تورک لەشاری (وان) حەزیشی دەکرد چاوگێڕانێکی تر بەنەخشەی ئەرمەنییەکان بکاتەوە لەئاسیای خۆرهەلات، لەو دوو پەیمان دانەوە بوو کۆمەکیان کردن، لەساڵی (١٩٢٠) هەردوو سەرۆکی کورد لەگەڵ ئینگلیزەکان و ناسیۆنالیزمەکانی تورکیش پەیوەندیانکرد.

بەو جۆرە هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی سمکۆ بەتورکە کەمالییەکانەوە دەریدەخات هیچ شێوەیەکی دروستنەکرد بەو جۆرەی کەسەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بکات کە لەوەوبەر دیمەنێکی بەو جۆرە لەناو مێشکیدا دروستکردبێت، ئەوەی لەوەوبەریش نیشانی دەدات کە سەرۆکی شکاکەکان بەهیچ شێوەیەک خاوەنی روویەکی سیاسیی وەرگیراو نەبووە، لەکاتێکدا شێخ مەحمودی بەرزنجی هەرگیز فریوی نەخوارد بەپەیمان و بەڵێنی (مستەفا کەمال) و ئینگلیزەکان، رووداوەکانی دواتریش نیشانی دەدات کە حەق بەدەست ئەو بووە، پێشتر دیم کە سمکۆ بەزۆری لەژێر کاریگەریی کۆمەڵەی تورکیادا لەکەمالییەکان نزیکبۆتەوەو پەیوەندییەکانی ئەویش لەگەڵ مەرکەزی سەرکردایەتی سەربازی بالای هێزەکانی خۆرهەلاتی تورکیا بووە لەشاری وان کە خۆی یەکێک بووە لەئەندامانی ئەو حزبە.

لەڕاستیدا خانی شکاک بەشێک لەو بەڵگانەی کەپەیوەندییەکانی دەردەخات لەگەڵ تورکیادا لەڕێگای کۆمەڵەی تورکیاوە بووە کەهانیانداوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بەقسەی (ئەحمەد تەقی) و بەقسەی (مەحمود فازیل)ی وەکیلی کورد کە لەقەدری بەگ وەریگرتووە نووسیویەتی: سمکۆ لەساڵی (١٩٢٠)ەوە لەناوچەکەی خۆیدا پەیوەندیی پتەوو بەهێزی لەگەڵ تورکەکاندا دروستکردووەو دۆستی ئەو ژەنەراڵ (کازم قەرە پاشا) بەژمارە دەیگێڕێتەوە کە تورکەکان لەجۆرەکانی چەک و شتە گرنگەکانی تردا یارمەتیانداوە.

## دەرکەوتنی ئامانجی دوورو درێژی تورکەکان

سمکۆ کە بەو جۆرە گرنگی بەسوودی تورکیا داوە لەسەرەتای شۆڕشی عەشایەری رەواندز دژی ئینگلیزەکان لەهاوینی (١٩٢٠) کە هەتاکو ئەو کاتە کەمالییەکان هەڵوێستیان بەرامبەر ئەوانە نیشان نەداوە، چۆن بیری نەکردۆتەوە کە هاوبەشی بکات لەو شۆڕشەدا بەقازانجی تورکیاو هاوبەشی نەکردووە.

ئەحمەد تەقی کە نوێنەرو نێردراوی شۆڕشییەکان بووە بۆ لای سمکۆ دەربارەی هەستیاریی خانی کورد بەسوودی تورکیا نووسیوێتی: (بەڵگەی هاوکاریی نەکردنی سمکۆ بەشۆڕشگێڕانی رەواندوز ئەوەبوو کە خۆی پەیوەندیی زۆرو پتەوی لەگەڵ تورکەکاندا هەبوو و نەیویستووە ئەوە دووچاری هیچ شێوە زیانێک ببێت، چونکە ئەو بەو جۆرە دیاریکردبوو کەسوودی تورکیا تەنیا لەڕێگایەکەوە پارێزگاری لێدەکرێت کەبلاوکردنەوەی ئاژاوەیە لەکوردستانی ئێران بۆئەوەی تورکەکان بتوانن بچنە ناوەوە) دواتر تورکیا یەکێک لەفەرماندە بچووکەکانی عەقید (عەلی شەفیق) ناسراو بە(ئۆزدەمیر) رەوانەی (رەواندوز)ی کرد، ئەو ناوچەیەش بوو بەشوێنی بزووتنەوە لەو ولاتەداو گۆڕا بۆ دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان.

گرنگی دەرخستنی (ئەحمەد تەقی) دەربارەی ئامانجی دوورو درێژی تورکە کەمالییەکان و بێ ئابڕوویان لەخاکی ئێرانداو خزمەتکردنی سمکۆ بۆیان لەو رێگایەوە کاتێک ئاشکرابوو لەسەر زمانی (ئەحمەد تەقی)یەوە بوو کە ئەندامی کۆمەڵەی تورکیا بوو، هەروەها کەسایەتییەکەشی سەرچاوەی دڵ ئەمینی کەمالییەکان بوو، لای سمکۆش راوێژکاری بوو کە باوەڕی پێی بوو و نزیکترین شەرکەری کورد بوو بەو کە لایەنگری بوو، لەقسەکانی خۆیدا کە لەسمکۆوە وەریگرتووەو گواستوویەتییەوە نیشانیداوە کە مەبەستی کۆتایی تورکەکان لەکۆمەک کردنیان بە ئەو دابەشکردنی بەشێک لەخاکی ئێران بووە.

## راپۆرتی چۆڵکردنی ئینگلیز لەلایەن عیراقییەکانەوە

دوا تێڕوانینمان بۆ سەر بارودۆخی سیاسی ولاتانی عیراق لەساڵی (١٩٢١) راستییەکەی (١٩٢٠) راستی و دروستی ئیدیعای ئەحمەد تەقی ئاشکرا دەبێ دەربارەی هیوای داوای فراوانخوازی تورکە کەمالییەکان بەرەو زەوییەکانی ئێران کە لەڕاستیدا تورکیا دوو ئەوەندەی ئینگلیزەکان ئەو ئامادەییەیان هەبووە لەئەنجامی کودەتای چەکدارانەی شیعەکانی عیراق سوود ببینن بەپێشەوایەتی پیاوانی ئایینی نەجەف و کەربەلا لەساڵی (١٩٢٠).

ئەم داوایە لەدیدی بەریتانیادا بەنهێنی نەبووەو یەکێک لەئاگادارترین فەرمانبەرەکانی ئەو ولاتە بەناوی خانمی(گرترود مارگریت بێڵ) دەربارەی ئەگەری راپۆرتی چۆڵکردنی عیراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەو کاتەدا نیشانیداوە: ئەگەر بەریتانیا بڕیاری گۆشەگیریی بدات لەعیراق، زۆرینەی نزیک بەهاوپەیمانێتی عیراقییەکان دووبارە دەبنەوە بەلایەنگری تورکەکان (عەبدولهادی حائری) باوەڕیوایە کە لەشێوەی دەستبەسەرداگرتنی سەر لەنوێی تورکەکان بەسەر عیراقدا، دەوڵەتی تورکیا نفووسی فەرەنسییەکان لەسوریاو نفووسی ئینگلیزەکان لەفەلەستین و ئوردن و میسرو سودان و پشتی ئوردن و نیوە دوورگەی عەرەب بەشەڕ داوا دەکەن و تا سنوورێکی دووریش تیایدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.



لەباسی هاتنی ئیمپراتۆڕی عوسمانی بۆ ئاسیا دوای جەنگی یەکەم کەمێک گەورەکردنی پێوەدیارە لەچاوی ئەوانەی بەو شێوە روانینە گەیشتوون، بەلام ئێمە دەتوانین بڵێین لەشێوەی هەڵچوونی ئینگلیزەکان لەعیراق تورکە کەمالییەکان باکووری ئەو ولاتەیان خستە ژێر دەسەلاتیان و لەبەشەکانی تری باکووری خۆرئاوای ئێرانیش تیایدا بالادەستی پەیدابکەن، لەڕوودانی ئەمەدا دوور نەبووە یەکێتی شورەوی لەسەرچاوەکانی قازانجی ئینگلیز لەئێران و عیراق بەرامبەر بەو دەستدرێژیانەی لەسەرچاوەکان بەرهەم دەهێنن.

## دوای شکستی ١٣٠١

دوای کودەتای (١٢٩٩)ی کۆچی هەتاوی دەوڵەتی ئێران تێکۆشاوە بۆ فشار خستنەسەر تورکیای کەمالی بۆ بڕینی کۆمەک بەسمکۆ لەڕێگای دیپلۆماسییەوە، بەقسەی (مەهدی ئیعتیمادی موقەدەم) لەئەندامانی یەکەمینی دەستەی نێردراوی ئێران بۆ تورکیا لەساڵی (١٣٠٠)ی کۆچی هەتاوی لەسەر داوای سەرداری سوپای ئێران داوای لە (مستەفا کەمال) کرد تورکیا چەک بۆ کوردەکان نەنێرێت و ناردنی راوێژکاریش بۆ سمکۆ کۆتایی بهێنێ.

دوای شکستی ساڵی (١٣٠١)ی کۆچی هەتاوی سمکۆ وردە وردە لەتورکەکان رەشبین و بوو، سەرەتا ئەوەبوو لەوان بەگومان بوو کەدووبارە ئەوانە بەعەشیرەتی ئەو چەکی نوێ و کاریگەریی بەو بدەن کەداوای بکات، بەلام دەستپێکردنی شەڕی تورکەکان لەجەنگیاندا دژ بەیۆنانییەکان ئەوە جێبەجێ نەبوو، بۆیە خانی کورد تێکۆشا داوا لەکۆمەڵەی عیراق بکات لەئینگلیزەکان نزکی بخەنەوە بۆ ئەوەی کەمالییەکان بکەونە ژێر فشارو بڕیار بدەن، بەلام وەلامدانەوەی ئەمانە خێراو وێرانکارییانە بوو بەو شێوەیەی کە ئاشکرا بوو سمکۆ لەڕێگای (مستەفا پاشای یامولکی) و (بابەکر ئاغای پشدەری) پەیوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کردووەو لەسنوور سەرگەرمی وتوێژن، یەکەیەک لەسوپای تورکیا رۆیشتە سنوورو هێرشی بردە سەر خانی کورد بەو هۆیەوە یەکێک لەژنەکانی کوژراو کوڕەکەشی دیلکرا.

رەفیق حیلمی، باوەڕی وایە کەمالییەکان جگە لەدڵتەنگییان بۆ هاوکاریی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەخاکی عیراق بەڵگەیەکی تر هەیە بۆ نیگەرانییان لەبارەی وتووێژەکانی ئەو لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکی کەهەستیان بەوەکردووە پەیوەستە بەئاسایشی ناوخۆی تورکیاوە، مستەفا کەمالیش ئەوەی دەزانی کەمستەفا پاشا لەناو کوردەکانی تورکیا شوێن پێی دیارەو سمکۆ-ش بۆ رابەری سەربازی لەبەرچاو و دیارە، ئەمە راستییەکە (رەشید جەودەت) جارێکیتر پشتگیریی لەوە دەکاو یادداشتەکانیشی بەو جۆرەیە کە هەڵسوکەوتی سمکۆ تەواو لەژێر چاودێری تورکەکاندا بووەو سروشتی بووە کەکەمالییەکان نەهێڵن سمکۆ لەسەر هێڵی رامیاری کۆمەڵەی عیراق و ئینگلیزەکان ببینرێ، لەهەمان ئەو تێڕوانینەوە سەرۆکی شکاکەکان پەیوەستیشە بەگیانی کوڕەکەی و پەیوەندیشی بەلیرەو گەوهەرەکانیشییەوە هەیە کەداوای دەکات و ناتوانێت دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەستبەرداری بێت.

## وتوێژی نێوان شێخ مەحمودو تورکەکان

لەکاریگەریی هەمان ئەو فشارەوە سمکۆ لەئۆکتۆبەری (١٩٢٢)دا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ مەئمورەکانی ئینگلیز بڕی و پەنای بۆ شێخ مەحمودی بەرزنجی برد لەسلێمانی کە لەو کاتەدا لەدەرەوەی ناوچەی نفووسی بەریتانیا بوو.

دەوڵەتی تورکیا لەو کاتەدا بەسوود وەرگرتن لەدوژمنانی شێخ مەحمودو ئینگلیزەکان ژمارەیەکی کەم لەسەربازانی تورک لەژێر فەرماندەی سەرهەنگ (عەقید) عەلی شەفیق ناسراو بەئۆزدەمیر کە پێشتر لەبەرەی (ئادانا) جەنگاوە دژی فەرەنسییەکان ڕەوانەی ڕەواندوزیان کرد، ئەو بەردەوام بەناردنی نامەی زۆر بۆ زاناو سەرۆک عەشیرەت و بازرگانەکانی کورد دەستبەکار بوو، تێدەکۆشا تاوەکو بتوانێت ناوچەکانی (موسڵ، بادینان، ڕەواندز، ڕانیە، زاخۆ) پەیوەستیان بکات بەتورکیاوە، (ئۆزدەمیر) بۆ نەهێشتنی دروستکردنی بەرەیەکی دژ بەتورک کە پێکهاتبوو لە(سمکۆ، شێخ مەحمود، کۆمەڵەی عیراق و ئینگلیزەکان، دەستەیەکی لەئەفسەرانی تورک و کوردی لایەنگرانی تورکیا)ی بەنهێنی ڕەوانەی سلێمانی کرد تاوەکو نەهێڵن سەرۆکی شکاک لەگەڵ دوژمنانی تورکیا کۆببێتەوە.

مەئموورەکانی ئۆزدەمیر داخوازییان لەسمکۆ کرد کەلیرەکانی و کوڕەکەی دەدەنەوەو لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەتوانێت بمێنێتەوە لەناوچەکانی (شەمدینان) و (وان) بەمەرجێک لەهاوکاریی کوردەکانی عیراق دەستبەردار بێت، هەروەها داوایان لەو کرد کاتێکی لەبار بۆ وتووێژ لەنێوان شێخ مەحمودو ئۆزدەمیر فەراهۆش نەکاو کاری بۆ بکات کەشێخ هاوکاریی تورکیا بکات.

بەو جۆرە سمکۆ گەڕایەوە بۆ خزمەتی سیاسەتی کەمالییەکان و بەخێرایی زەمینەی لەباری دروستکرد بۆ وتووێژ لەنێوان شێخ مەحمودو تورکەکان، شێخ ڕازی بوو هەیئەتێک بنێرێت بۆ گفتوگۆ بۆ لای مستەفا کەمال، ئەحمەد تەقی کەیەکێک بوو لەهەیئەتی نێردراوی ئۆزدەمیر بۆ سلێمانی لەو ڕووەوە نووسیویەتی: بۆ لەیەکتری تێگەیشتن سمکۆ نەخشەی سەرەکی هەبووە، ئەوە بوو کەشێخی خستەسەر ئەوەی داوا لەئۆزدەمیر بکات سەرەتا هەیئەتێک بنێرێت بۆ سلێمانی بۆ گفتوگۆ.

ئەنجامی ئەم وتووێژانە سەرەتا بەزوویی بەڕێککەوتنی هەردوولا تەواوبوو و شێخ مەحمود هەیئەتێکی نارد بۆ کۆماری تورکیا بۆ لای مستەفا کەمال لەئەنقەرە دەربارەی سنووری خود موختاری بۆ کوردەکان، بەو جۆرە سمکۆ خزمەتی گەورەو جوانی بەکەمالییەکان پێشکەشکردو دژایەتی شێخ مەحمودی بۆ تورکیا نەهێشت.

٩ی ئاگوستی ٢٠١٠

## پەیوەندییەکانی سمکۆ بەتورکەکانەوە لەساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا

[ بەشی سێهەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

مێژوونووسی کورد (ڕەمزی قەزاز) لەبارەی ئەو بەڵگانەی لەنێوان تورکەکان و سمکۆدا ئاڵوگۆڕکران بەو شێوەیە دەدوێ: ئینگلیزەکان ڕووبەڕووی هاتنە پێشەوەی سەرهەنگ ئۆزدەمیر بوونەوە بەپشتیوانی (نەستۆریەکان) ئەوەبوو فەرمانیاندا بەرەو ناوچەکانی (هۆرەمار و زاخۆ و چۆڵەمێرگ) هێرش بەرن (مستەفا کەمال)یش بەرامبەر بەوە تێکۆشا سوود لەسمکۆ ببینێ.



لەلایەکی ترەوە شێخ مەحمود بەرزنجی لە(بەهاری ١٩٢٣) لە (ئەستانە) بەتەواوی بڕیاری شەڕیدا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، فڕۆکەکانی ئینگلیزیش لەڕۆژەکانی (١٦)و ( ٢٣ / ٢ / ١٩٢٣) ڕاگەیاندنی خۆی بە بەیان بەسەر دانیشتووانی سلێمانیدا بەفڕۆکە خستەخوارەوەو داوای لەدانیشتوانی شار کرد شارەکە بەجێبهێڵن، چونکە ئەو بۆردومانە تەنها شێخ مەحمودو سمکۆ دەگرێتەوەو بۆئەوەی بۆردومانەکە زیانیان پێنەگەیەنێت، ئەم ڕووداوانە وایکرد سمکۆ لە( ٢٨ / ٢ / ١٩٢٣ ) سلێمانی بەجێبهێڵێ و ژیانی خۆی تەواو بخاتە خزمەتی سیاسەتی تورکیاوە، واتا سەرۆکی شکاکەکان بەناچاری ڕۆشت بۆ تورکیا، لەو ماوەیەدا بەهۆی کاریگەریی تێکۆشانی کۆمەڵەی تورکیاو ڕۆشتنی خێرای ڕووداوەکان کە بەخۆوەی گرتبوو ژەنەراڵی تورک (کازم بەکر پاشا) کوڕەکەی و هەزار لیرە لەپارەکەی بۆ گێڕایەوە.

### هێرشی ئینگلیزەکان بۆ سەر ڕەواندوز

لەسەرەتای هاوینی(١٩٢٣)دا ئینگلیزەکان لەدوو لاوە بەخێرایی دەستبەکاربوون و لەدوولاوە هێرشیان برد بۆ ڕواندوز، کۆمەڵێک لەژێر فەرماندەی سەید تەهاو شەرکەرەکانی هەرکی و کۆمەڵێکی تریش لەسوپای ئینگلیز ڕواندوزیان لەگەمارۆ دەرهێنا، ئەنجام (عەقید ئۆزدەمیر) بێئەوەی دەستگیری بکەن لە( ٢٢ / ٤ / ١٩٢٣ ) لەگەڵ سوپاکەی چوونە دەرەوەی ناوچەکەو دەوڵەتی بەریتانیاش سەید تەهایان کردە قایمقامی ڕواندوز.






سمکۆی شکستخواردو ئامادەبوو لەو کاتەدا تەرازووی هاوکاریی خۆی لەگەڵ کەمالییەکاندا زیاتر بکات بۆ لێدانی شێخ مەحمودو شکاندنی، کە بەتەمابوو سوپای تورک لەباکووری عیراق دەربکات، چونکە پەنایان نەدا لەو ولاتەداو ئینگلیزەکانیش ئامادەنەبوون پارێزگاریی لێبکەن، تەنیا کەسێک کە ئامادەو رەزامەند بوو مستەفا کەمال بوو، دوای بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، کۆمەڵەی تورکیا ئامادەکاریی بۆ کرد کەئەفسەرەکانی تورک کوڕی سمکۆ ئازاد بکەن و هەزار لیرەشی لەدارایيەکەی بۆ بگێڕنەوە، دوای ئەوە پێیانوت بڕوات بۆ شاری (وان) تاوەکو مەرجەکانی هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کەسەرچاوەی لێکۆڵینەوەن بڕیاری لێبدات، سمکۆ لەگەڵ رەشید جەودەت و ئەحمەد تەقی رۆشت بۆ بارەگای ژەنەراڵ (سلێمان سەبری بەگ) کەسەرکردەی هێزەکانی ئاسیای تورکیا بوو لە(وان) ئەفسەرەکانی تورک بەتیپێک سەرباز پێشوازییان لێکرد، لەناو ئەوانەشدا عەشایەری کورد هەبوون لەهەردوو لای سنوورەوە لەدیداری سەر عێلی شکاکدا ئامادەبوون، بەپێی نووسراوەکەی ئەحمەد تەقی ژەنەراڵ (سەبری بەگ) دەستووریدا ژمارەیەک تفەنگ و شتە گرنگەکانیتر رەوانە بکەن بۆ چەکدارەکانی سمکۆ، دوای ئەوەش پێیانوت: (حکومەتی تورکیا مەبەستێتی و بڕیاریداوە کە هەزار سەربازی تورک بەجلی کوردی و چەکی تەواوەوە بخاتە خزمەتی تۆوە، هەروەها مۆڵەتی بەعەشایەری کوردی تورکیاش داوە کەهاوکاریی تۆ بکەن، بڕۆ بەرەو ئێران و ناوچەی کوردنشین بخەرە ژێر دەسەلاتی خۆتەوە، براکەت (ئەحمەد ئاغاش) بکە بەجێنشینی خۆت و بڕیاری لێبدەو بەهەموو هێزەکانتەوە بەرەو باشوور بڕۆ).

## ئاژاوەگێڕیی تورکەکان و پەیمانی لۆزان

ئەفسەری تورک داخوازی لەسمکۆ ئەوە بوو (کەمەبەستێتی ئەو وتووێژانە لەشوێنێتر قسەی لەسەر نەکرێت و خۆی بڕوات بۆ ناوچەی (باشقەلا) تاوەکو هێز تر ئەم نەخشەیە لەبەرچاو بگرن و یارمەتیت بدەن) بەلام بەخت یاوەری سەرۆکی شکاکەکان نەبوو لەبەرئەوەی ئەو رۆژەی تورکەکان سەرگەرمی چوونە ناوەوەو ئاژاوەگێڕیی بوون لەئازەربایجان و کوردستانی ئێران، نوێنەرەکانی تورکیاو بەریتانیا لە(لۆزان) گەیشتن بەرێککەوتن و پێشەکی پەیمانی دانانی هێڵەکانی سنووری تورکیاو عیراق لەلایەن هەردوو لاوە بە(واژۆ) گەیشت و بڕیاریشدرا پرسی موسڵ بەگەڕانەوە بۆ رای دانیشتووانی ناوچەکە لەرێگای دەنگدانەوە دابنرێت و کۆبکرێتەوە.

پەیمانی لۆزان لە(٢٢ی جوونی ١٩٢٣)دا بەواژۆی تورکیاو دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگی گەورە گەیشت و کاتیش بۆ رێککەوتنی (بڕۆکسل) ئامادەکراو رەخسێنرا کەسەرئەنجام کۆمەڵەی گەلان لە(١٦ی دێسامبری ١٩٢٥)دا هێڵی سنووری عیراق و تورکیا کەناسرابوو بەهێڵی (بڕۆکسل) پشتگیریی لێکرا.

بەر لەو گۆڕانکارییانە کە لەوانە بوو ئەرمەنستان و کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنێت و کوردەکانی عیراق و تورکیا کە بەر لەوە لەپەیمانی (سیڤەر-sever)دا شایستەی نیشتمانێک بوون کە بەناوی کوردستانێکی سەربەخۆ دیاریکرا، بۆ هەتاهەتایی لەو مافە بێبەش بوون، بەلام ئەنجامەکانی پەیمانی لۆزان بۆ سمکۆ زیانی لەوە زیاتر بوو.

ئەحمەد تەقی کە بۆ هەموو شوێنێک هاوڕێی سمکۆ بوو لەگەڵ ژەنەراڵ سەبری بەگ لە(باشقەلا) کە لەگەڵ خانی کورددا رۆشتبوو بۆ ئەو ناوچەیە تاوەکو چاودێریی دامەزراندنی یارمەتی سەربازانی تورک کەبڕیاربوو بۆ خزمەتی سمکۆ لەئاییندەدا بگەیەنێت، بەلام لەدواساتدا تەلەگرافێک لە(مستەفا کەمال)ەوە گەیشت بەژەنەراڵ (سەبری بەگ) کە ئەمەی تیادا نووسرابوو: (بەپێی بارودۆخی نێوان میللەتان ناچارم سەربازەکانی بزووتنەوەی ئیسماعیل ئاغا بەرمە دواوەو دوعای من بەئیسماعیل ئاغا بگەیەنەو رێزی ئەو لای تۆیەو بیپارێزەو مەرجەکانی ئاسایش هەمووی بۆ ئەو ئامادە بکە، بەیارمەتی خوا لەفرسەتەکانی ئاییندەدا بەئەو کۆمەک دەکەم).

## شۆڕشی ئارارات و کاریگەرییەکانی

بەو جۆرە سمکۆ دواین شانسی خۆی بۆ نوێکردنەوەی هێزی سیاسیی و سەربازی لەدەستداو هەتاکو دواساتەکانی ژیانی پشتیدا بەسوپای تورکیاو عەشایەری کوردی ئەو ولاتە، کەمالییەکانیش هەر بەو شێوەیە لایان مایەوەو لێیان نەپرسییەوەو ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانەش کەحاسلاتیان دەدا لە(شەمدینان)و هەیئەی نێردراو (ئۆزدەمیر) بۆ سلێمانی قەولیان بەخانی کورد دابوو خۆیان لێ بێدەنگ کرد، دوای ئەوەی سمکۆ نفوس و توانای خۆی لەناو عەشایەری ئازەربایجان لەدەستداو سوڵتەی رامیاریی بەریتانیاش توانی شوێنی خۆی جێگیر بکات لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەئێران و عیراق، حکومەتی پەهلەویش لەڕووی سەربازی و رامیارییەوە بەهێزتربوو چاودێریکردنی سوپای دروستکراوی نوێی ئێرانیش لەسنوورەکاندا کاریگەرتر بوو، ئەوە دەنگێک بوو کەداواو داخوازی لایەنگرانی کورد لەتورکیاو لەناو کوردەکانی ئەو ولاتەداو کەمالییەکانیش بتوانن سوود لەسمکۆ ببینن دژی دەستکەوتەکانی ئێران، بەلام دژوارتر بوو بەرلەوەی بکەوێتە دەستیان، چونکە دیارینەکردنی هێڵەکانی سنووری نێوان ئێران و تورکیاو هەڵگیرسانی شۆڕشی (ئارارات) لەساڵی (١٩٢٧) زایینی (١٣٠٦) کۆچی هەتاوی هۆکاربوون لای کەمالییەکان و گرنگ بوو سمکۆ دووبارە بەرەو سنوور بڕوات، تورکیاش کە بەنۆرە عەشایەری کوردی ئازەربایجان بۆ لەوەڕگاکانی دەڕۆشتن بۆ ئێران، سوودو دەستکەوتی هەبوو ئەمە دەستپێشخەرییەک و رازی نەبوونی لای کوردەکان دروستکردو بناغەیەکی دانا بۆئەوەی هەستن بەکردەوەیەک.

کاوە بەیات، لەلێکۆڵینەوە فراوانەکەی خۆیدا دەربارەی شۆڕشی ئارارات و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێرانی دەرەوە لەساڵەکانی (١٣٠٧-١٣١٠) بەپشتبەستن بەبەڵگەنامەو سەرچاوە جۆراوجۆرو جیاجیاکان نیشانیداوە کەکەمالییەکان تاوەکو سەرکوتکردنی کوردەکانی شۆڕشی ئارارات و بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەرێککەوتنی هەردوولاو دانانی سنوور لەگەڵ ئێران سمکۆ قەمەیەک بوو دژی ئاسایش و مافی حاکمیەتی ئێران کەمالییەکان سوودیان لێبینی.

بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری نێوان ئێران و تورکیاو دانانی هێڵەکانی، لەو بەندانە بوو کە سەرەتاکەی لەساڵی (١٣١١)دا دەرکەوت کە تاوەکو ناوەڕاستی (١٣١٣)ی خایاند ئەمەش لەئەنجامی وتووێژی دوو دەوڵەت دروستبوو کەرێکەوتنی بەدواهات و درێژەی کێشا لەساڵەکانی (١٣٠٧)وە تاوەکو (١٣١٠) ئەو رێککەوتنەش






بەهەر شێوەیەک بووبێت بەزیان بۆ سوودی ئێران تەواو بوو.

### سەرکوتکردنی کوردەکانی ئارارات

لەئەنجامی ئەم رێککەوتنەدا رژێمی پەهلەوی نەک بەتەنیا لوتکەی ستراتیژیی ئاراراتی بچووکی لەدەستدا، بەڵکو رەزامەندیش بوو کوردەکانی ئارارات سەرکووت بکرێن لەلایەن کەمالییەکانەوە کەبێزاری لەناو کوردەکانی ئێراندا دروستکرد، بەرامبەر ئەو سیاسەتەی گرتییەبەر کە هەتاکو ئەو کاتەش کوردەکان خۆیان بەبرای بچووکی فارسەکان دەزانی بەرامبەر بەو ململانێیەی دەیکرد دژی نەژادەکانی زەردو سامی کەیارمەتیدەر بوون بۆ ئەو برا گەورەیەی هەیان بوو، بەلام بەدبەختانە رژێمی پەهلەوی بەبێ هیچ بەڵگەیەکی پەسەندکراوی ژیری و بیئەوەی بچوکترین هەڕەشە لای کوردەکانەوە بەرەو رووی ئاسایشی کوردستانی ئێران بووبێتەوە رێگای بەکەمالییەکاندا شۆڕشگێڕانی ئارارات سەرکوتبکرێن، بەلام نەخشەی سمکۆ لەم نێوانەدا جارێکیتر سەرنجڕاکێش بوو، چونکە هاوکاریی ئەو بۆ کەمالییەکان لەکاتێکدا ئەوانە سەرگەرمی کوشتن و لەناوبردن و چەوسانەوەی کوردەکانی تورکیای سەر بەخۆیان بوون لەئارارات، جارێکیتر سمکۆ نیشانیدا کەئەو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەلایەنگری کوردەکانی تورکیاو عیراقەوە نەبووەو حەزی بەوە کردووە پشتبداتەوە بەتورکەکانەوە، چونکە خۆی فیوداڵێکی بەتوانای پێشووتر بووە لەخۆرئاوای ئازەربایجان، سمکۆ ئەگەر جارێک باسی کوردستانی سەربەخۆو مافی کوردی کردبێت و لەمەدا سەرنجڕاکێش بووبێت و لەکۆمەکی کۆمەڵەی عیراق و تورکیاش سوودمەند بووبێت، بەلام ئەمجۆرە ئیدیعایانە تەنیا پۆشاکێک بوو، چونکە داوای رەسەنی ئەو بۆ حکومەتێک بوو لەئازەربایجان.

لەمانگی (ای ساڵی ١٩٢٣) تەلەگرافێک لەمستەفا کەمالەوە گەیشت بەژەنەراڵ سەبری بەگ لێپرسراوی سەربازی پاسەوانی سنووری تورکیا لەخۆرهەلاتی (ئانادۆڵ) بۆ پێنەدانی پێداویستی شەڕ بەسمکۆ، سەرۆکی شکاک کەفرسەتی گەورەی لەدەستدابوو پەردەی لەسەر مەرامی رەسەنی خۆی لەهاوکاریی لەگەڵ تورکەکاندا لاداو نزیکی ئەویش (ئەحمەد تەقی) دانی پێدانا کەپەیوەندییەکانی ئەو بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجانی خۆرئاوا بووەو لەوەش زیاتر وتوویەتی: (هەرگیز ئەو شوێنە موناسیبەم بەدەست نەهێناوەو تەنها بەوە کۆتایی هاتووە بگەمەوە بەخاکی ئێران، ناوچەکانیش کەسەرچاوەی تێروانینمن بیانخەمەوە ژێر دەسەلاتم، لەو شێوەیە زیاتر هەرگیز بەدوای سیاسەتدا نەڕۆشتووم) لەساڵی (١٣٠٩) سمکۆ ئەوەی هەیبوو نەخشەیەک بوو بۆ بەرێوەبردنی ئازەربایجانی خۆرئاوا، ئەو وتووێژانەش کە لەرواڵەتدا دەیکرد لەگەڵ دەوڵەتی (شا)دا دانانی بوو بۆ بەرێوەبردنی دەسەلاتی لە(شنۆ)دا، بەلام ئەفسەرانی سوپا کەدڵنیابیان لەو لایەنەوە بەئەو نەدابوو بەفێڵ ئەویان لە(شنۆ) بەکوشتن گەیاند.

### ئامانجەکانی تورکیا لەکۆمەککردنی سمکۆدا

لەو هەڵوێستەوە سمکۆ پێچەوانەی شێخ مەحمود بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران و پێشەوایانی شۆڕشی ئارارات بوو کەنوێنەرەکانیان راستگۆ بوون و رێکبوون لەسەرئەوەی کەتەمسیلی ناسیۆنالیزمیان کردووە، بێ ئەوەی داوای سیاسی نووسراویان هەبێت، سمکۆ تاوەکو دوا چرکەی ژیانی داخوازییەکانی کە بەدواچوونی بۆ دەکرد دەستگیرکردنی توانای بەرێوەبردنی خۆجێیەتی و ناوچەیی بوو کەبەوردی بۆی دەجولا، بەلام تورکەکان ئەویان بۆ بەجێگەیاندنی نەخشەکانی خۆیان بەموناسیب دیاریکردبوو بۆیە دایاننابوو.

ئامانجی پەیوەندییەکانی تورکیای کەمالی جیاواز بوو لەگەڵ ئێران و نییەتی حکومەتی عوسمانی و تورکە لاوەکان، چونکە ئەوە نەبوو کە تا سنوورێک خۆی بەجێگرەوەی ئەوان بژمێرێت، گرنگترین ئامانجەکانی تورکیاش لەکۆمەک کردنی سمکۆدا پێکهاتبوو لە:

١- تێکۆشان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەشێک لەزەوی ئێران لەگەڵ دەسەلات پەیداکردنی لەسەر خاڵە ستراتیژییەکانی وەکو (ماکۆ)و (قتور)و (لوتکەی ئاراراتی بچووک) کە لەبەردەمی نەخشەکانی کۆمسیۆن سنووردارکراون و سنووری بووە لەساڵی (١٩١٣)و پەیوەستکراون بەئێران.

٢- دەست بەسەرداگرتن و سوود وەگرتن لەلاوازی دەوڵەتی ئێران بۆ پارچەبوونی ناوچەکانی سنووری نێوان (مەهاباد)و (لاهیجان)و (وەزنە)و (سۆمای)و (برادۆست) هەڵبەتە لەمەرجەکانی ناسراو و ئاساییدا لەوانەیە جێبەجێبوونیان مومکین نەبێت، بەلام لەبوونی نموونەی وەکو سمکۆداو ئاژاوەگێڕیی لەو ناوچانەدا بەدەستی ئەوانە شانسی دەستکەوتنی تورکیا بەو ئیمتیازاتە زیاتر لەدەستدا دەبێت، ناردنی زیاتری شتە گرنگەکانی شەڕو راوێژکاران و سەربازانی تورک لەپۆشاکی کوردیدا بۆ سمکۆو پێدانی دەستووری کارکردن بۆ نانەوەی ئاژاوە لەئازەربایجانی خزمەتی ئەو ئامانجەی لەخۆگرتووە.

٣- لەشێوەیەکدا ئامانجی نایاسایی کەمالییەکان بەجێگەیەنرا، لەوانەیە سمکۆ حکومەت لەناوچە کەرتبووەکاندا تا ماوەیەک پارێزگاری لێبکات، بەلام لەهەمانشێوەدا کە (ئەحمەد تەقی) نیشانیداوە برپاربوو کێڵگە بەپیت و گەورەکانی پێبدەن لەئەترافی (وان)و (شەمدینان)و لەناو (تورکیا) ئەم خاڵە تەنیا کەسی خۆی پشتگیریی لەڕاستییەکەی دەکات، نەخشەی سمکۆش بەزۆری لەتەواوبووندا بووەو نەخشەیەک بووە شتی حەلاڵ کردووە، بەلام ئەوە نابێت کەمستەفا کەمال و (پاتنۆرانیزمەکان)ی کوڕانی ناشەرعی رەزامەندی بفەرموون لەبوونی گەلی کورداو کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کەدراوسێی سنووری تورکیا بێت.

### بەراوردکردنی پەیوەندیی تورکیاو ئینگلیز

ئێستا پێویستە ئاماژە بەخاڵێک بدەین کەجۆری پەیوەندیی تورکیاو سمکۆ لەگەڵ پەیوەندیی شێخ خەزعەل و ئینگلیز بەیەکتری بەراورد بکەین کەگونجاون و هاوشێوەن، چونکە ئەو دووانە دوو نوێنەر بوون مەیلی دوورکەوتنەوەیان بووە لەمەرکەزو لەکوردەکان و عەرەبەکانی دانیشتووی ئێران بوون، بەوردی بەهەمان بەڵگەو لەترسی گرنگی ستراتیژیی ناوچەکانی ژێر نفوسیان بووە کەسەرچاوەی تێروانین و پارێزگاریی تواناکانی بێگانە بن و برپاریان لێبدەن، بەلام هیچ کام لەوانە نەیانتوانیوە نوێنەری ناسیۆنالیزمی کورد،






یان عەرەب بن لەئێران ئەوەش دیارە کەسمکۆ هەرگیز لەسەر لایەنگرانی میللی کوردی بڕیاری بۆ نەدراوە هەر بەو جۆرەش شێخ خەزعەل تەنیا بۆ ئەنجام گەیاندنی سوودەکانی ناوچەیی و خۆجێییەتی خۆی لەتێکۆشاندا بووە.

سەرچاوە:

مجتبی برزویی/ اوچاع سیاسی کردستان

درسال ۱۳۵۸ تا ۱۳۲۵ هجری شمسی

بامقدمە: دکتر ابراهیم یونسی

چاپ تهران: ۱۳۷۸.انتشارات: نشر فکرنو لا ۱۹۵-۲۰۹

١٠ی ئاگوستی ٢٠١٠

ماڵپەری : کوردستانی نوێ

## کاریگەریی لایەنگرانی کوردی باشوورو باکوور بەسوودی بزووتنەوەکانی سمکۆ



[ بەشی یەکەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

### سەید تەها ئەفەندی و سمکۆ

ڕووداوەکانی ئازەربایجان و دەرکەوتنی سمکۆ بەزوویی وەکو بەتوانایەکی نیزامی کە کاریگەریی هەبوو لەرۆژگاری دوای جەنگی گەورە لەسەر ڕووداوەکان سەرنجی کوردەکانی ئەودیو سنووری بۆ لای خۆی راکێشا لەو شوێنە نوێیەی کە هەیبوو بەو جۆرەی کە زانیاریی لەوە نەبووە لەئێران شوێنی دەزگاو هێزەکانی سیاسی کاریگەرییان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، سمکۆش نوێنەری نیوداڵی ناوچەکەیەو بڕیاری داوە تیۆری سیاسی خۆی بخاتە خزمەتی بزووتنەوەکەی و بڕیار بدات لەڕووە سیاسییە پێگەیشتووە تەواو نەبووەکەی بەو بەڵگەیەی کەسانی بەتوانای وەکو سەید تەهاو موستەفا پاشای یامولکی نێردراون بۆ (چهریق) بۆ لای.
سەید تەها ئەفەندی، کوڕی شێخ عەبدولقادرو برازای شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییە لەپیاوە سیاسییەکانی کوردستانی عوسمانییە لەسەرەتای چاخی بیستەمەوەو کەسێکە کە لەنەخشەی گەورەدا داوەری هەبووە بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی بزووتنەوەکەی سمکۆ و عەشیرەتەکەی کە سمایل خان گرتوویەتە خۆی. سەید تەها لەساڵەکانی جەنگی گەورەدا لەدامەزرێنەرانی ئەندامانی کۆمەڵەی رزگارکەری کوردستان و نێردراوی ئەو گرووپە بووە بۆ لای کۆنسۆڵی روسیا لەورمێ بۆ هێنانی پاراستنی روسیای تەزاری بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە. هەڵبەتە ئەوە زانراوە کە هیچ جۆرە نیشانەیەک یان قەواڵەیەک کە دەربڕین لەهاوکاریی یان ئەندامێتی سمکۆ بکات لەو دەزگایەدا لەبەردەستدا نییە، بەلام پەیوەستی سەید تەها بەسمکۆوە لەپرسی سیاسییەوە نەبووە، بەڵکو نزیکیی ئەو بەبنەماڵەی محەمەد ئاغای (شکاک)ەوە بووە. سەید تەها لەواقیعدا مێردی خوشکی جەعفەر ئاغای برای سمکۆیە. ئەو لەکەسایەتییە میللییەکانی کوردی عوسمانی بوو، کە لەو رۆژگارەدا لەژێر کاریگەرێتی گرووپەکان و دەزگاکانی میللی تەرەفداری کوردی بوو بەمانا بەدوای سوپایەکی پشتیوانی دەگەڕا بۆ دروستکردنی پاڵپشتێکی بەهێز کە توانایەکی گەورەی جیهانیی هەبێت وەکو روسیا، یان ئینگلیز بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە بەسوود وەرگرتن لەچەکی بڕیار بەدەست.

### شۆڕش لەناو کوردەکانی ئێران و عیراقدا

لەتێڕوانینی ئەو جۆرە کەسانەوە دروستبوونی توانای نیزامی لەیەکێک لەبەشەکانی کوردستان وەکو شێوە جێبەجێکردنی یەکێک لەو مەرجە پێویستییانەیە بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی کوردستان لەناوچە کوردنشینەکاندا، کاتێک کە (تەها) چووەتە ئێرانەوە دەوڵەتی عوسمانی لەوپەڕی بێتواناییدا بووەو نزای سەربەخۆیی بۆ دامەزراندنی ولاتی ئەرمەنی لەخاکی عوسمانیدا بەگوێچکەی دەوڵەتەکانی سەرکەوتووی جەنگی گەورە گەیشتووەو کۆمەڵەی تورکیاش کە (عەبدولقادر)ی باوکی (تەها) بەپیاوی ژمارەیەک دەژمێردرێت رای لەسەر ئەوە بووە دروستکردنی شۆڕش لەناو کوردەکانی ئێران و عیراق ئاییندەی تورکیاو کۆمەڵگای میللەتان بەرەو پێدانی ماف بەکوردان دەبات، تەهاش لەو تێڕوانینەوە گەیشتووەتە ئێران. هیوای سیاسی بەزۆری لای سەرۆکەکانی کورد لەو چاخەدا لەچوارچێوەی ناسیۆنالیزمی عەشایەری شێوەی خۆی وەرگرتووە. نیگایەکی کۆتایی بەبنەچەی کۆمەلایەتی کوردەکان کە یەکەمین پارتی سیاسی کوردی دروستکرد، بەمانا کوڕانی بەدرخان و کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلاو شێخ سەعیدی پیران و شێخەکانی بارزان و شێخ مەحمودی بەرزنجی و سەید رەزا بوون، وەکو دەبینم کە هەموویان لەبنەچەی (عەشیرەتی- مەزهەبی)ین، نموونەش بۆ ئەمە شێخ عوبەیدوڵلاو شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ






مەحموده کە هەموویان زەمینەیەکی گەورەیان لەناو رووە مەزهەبییەکەدا هەبووە. ئەوانە لەشۆڕشەکانی ئارارات و شێخ سەعیدی پیران تاوەکو ئەندازەیەک زیاتر بەهێزی عەشایەر پشت قایم بوون. بەو پێیە نەخشەی ئەو سەرۆکانەو ناسیۆنالیزمی عەشیرەتییان لەپەیدابوونی هەستەکانی میللی لەناو کوردەکاندا گرنگی گەورەی هەبووە. هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی لەناو هەموو ئەو تێڕوانینە فەرهەنگی سیاسی- میللییانەوە قەرزاری رۆشنبیرەکانی شارنشین و رۆحانییەکانن، بەلام کاریگەریی تەواوی ناسیۆنالیزمی عەشیرەتی لەمێژووی کوردەکاندا بەوەرنەگیراوی ماوەتەوە.

### پشتگیریی لەدامەزراندنی کوردستانی گەورە

لەفەرهەنگی ناسیۆنالیزمدا سەرۆک عەشایەرەکان خاوەنی دەستخستنی خود موختاری و ئازادیی بوون بەمانا خانەوادەکانی کۆنی کورد کە سەر بەوان بوون بۆ چەند سەدەیەک سوودیان بینیووەو شەڕکەرانی کوردیش بەئامانجی سەرەکی خۆیان گەیشتوون، لەمەدا پێشەوایانی ناسیۆنالیزمی عەشیرەتی بەتەنیا بوون و هێزی مرۆڤی شارنشینەکانیش چالاکی لەبەرچاویان نەبووەو پشت بەستنیان زیاتر بەتوانای بێگانەو ئەو کۆمەڵە چەکدارەی عەشیرەتەکە بووەو لەوانەوە بەئەنجامەکان گەیشتوون.

سەید تەها کە بەنێردراوی تەواوی عەیاری ئەم تەرزە ناسیۆنالیزمە دەژمێرێ، ئەوەبوو دوای شکستی سمکۆ لەلایەن هێزەکانی سەرهەنگ (فیلیبوف)ەوە لەبەغداوە گەیشتە (چهریق) لەمەڕا سوودی عەشیرەتی سەرعێلی شکاکی تیادابوو لەو تەرەفدارییەی بۆی. سەید تەها لەو هەوڵەیدا تەنیا نەبوو، بەڵکو ملیۆنێک کوردی تورکیاو عیراق بە ئەوەوە پەیوەستبوون، تێکۆشانی سیاسیی سەرەکی ئەو بۆ بەسیاسیکردنی بزووتنەوەکەی سمکۆ بوو، بەلام لەو رێگایەوە نەیتوانیووە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. دانەری کتێبی (شۆڕشەکانی کورد) لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ دەربارەی کاریگەرێتی سەید تەهاو کەسانی کوردی تر لەسەر بیری سمکۆ نووسیویە! سمکۆ بەپێی ئەو بەڵگانەی کە هەن بەئاسانی توانییوویە بیری خۆی بگۆڕێت. لێرەدا ئەوەی پێویستەو بەبیردا دێت ئەوە دەردەخات کە ئەو لەژێر کاریگەریی نفووسی بەشێک لەکەسانی ناسراودا بووەو بڕیاریشی لەوان وەرگرتووە. بەتایبەتی هەڵسوکەوتەکانی شۆڕشگێڕانەی سمکۆ لە دە ساڵەی نەخشەی گەورەیدا کەسایەتییەکەی سەید تەهای بەرجەستە کردووە لەشۆڕشەکانی کوردی باکووردا. سمکۆ بە ئەو پەیوەندییەکانی بەو ئەندازە دۆستانەیە بووە کە لەژێر کاریگەریی نفووسی ئەودا پشتگیریی لەدامەزراندنی کوردستانی گەورەو سەربەخۆ کردووەو ئەو بیرەش رەگ و ریشەی داکوتاوە. برۆیەنسن جارێکیتر باوەڕی وایە کە بەیەکگەیشتنی سەید تەها و سمکۆ، ئەو بۆ وتووێژی سیاسی سوود بینین بووە، کە بەخاوەنی کەسایەتی نفووسداری سنوور دەژمێردرێت و ناسیۆنالیزمی بەتوانای پێشەوایەتی بووە.

### چارەنووسی کوردستانی ئێران

سەید تەها، هەمیشە بەبیانووی ئەوەی لەئێران موڵکی هەیە بۆ ئەو لایەی سنوور رۆشتووەو هەر بەو بەڵگەیەش دەوڵەتی ئێران دواتر موڵکەکانی داگیرکردووە (تەها) دوای لێکۆڵینەوە لەلایەنەکانی کاری سمکۆو دەرچوونی قۆزاقەکانی (فیلیپۆڤ) لە (چهریق) بەخێرایی چووە بۆ بەغداو پەیوەندیی بە(ویڵسوون)ی لێپرسراوی بەشی پۆلیسی بەریتانیا لەعیراق کردووە، لەدیدارێکیدا لەگەڵیدا داوای کوردەکانی بەو گەیاند. لەو دیدارەیدا چارەنووسی کوردستانی ئێرانیش لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، رەفیق حیلمی داوای (تەها)ی لەئینگلیز بەو جۆرە نووسیووە:

١- دامەزراندنی یەک پارچەیی دەوڵەتی کورد لەژێر چاودێریی بەریتانیا بەمەرجێک کوردستانی ئێران بەشێک بێت لەو دەوڵەتە.

٢- دەرکردنی لێبووردنی گشتیی بۆ هەموو کوردەکانی عیراق.

٣- دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کە سەرچاوەی باسە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمەلایەنە بەمانای کۆماریی.

٤- پێدانی دڵنەمینی بەکوردەکان لەلایەن ئینگلیزەوە، پەیمانەکەش دەبێت تۆمار بکرێت، دەربارەی پاراستنی ئاسایشیی کە لایەنی ئەرمەن و ئاسوورییەکان نەتوانن دژایەتی بەرامبەر دەوڵەتی نوێی کورد بکەن.

٥- هاوشێوەی ئەو کەمە ئامۆژگارییانەی بەریتانیا کە بەدەوڵەتی عیراقی دەدات دەبێت بەکوردیشی بدات.

### بەدەستهێنانی برایەتی بەریتانیا

برۆیەنسن، بەم خاڵە ئاماژە دەدات لەکاتێکدا وتووێژ لەنێوان (ویڵسوون)و سەید تەها لەبەغدا بەردەوامی هەبووە، نامەیەکی سمکۆ گەیشتووە بەلێپرسراوی بەشی پۆلیسی بەریتانیا کە پشتگیریی بووە بۆ ئەو نەخشەیەی (سەید تەها) سمکۆ دەریخستووە کە بەئاماژەی (تەها) دەست بەم کارە دەکات. ئەو بەرلەوەش هەتاکو لەگەڵ پرسەکانی کوردستانی باشووریش پەیوەندیی و هەست دەربڕینی نیشانداوە، کە تا چ سنوورێک پەیوەندیی بەبارودۆخی کوردستانی باشوورەوە هەبووە. کریس کۆچێرا، رای وایە کە سمکۆ (لەوانەیە لەژێر کاریگەریی (تەها)دا بوویێت لەساڵی (١٩١٩)دا کە هەوڵیداوە بۆ بەدەستهێنانی برایەتی بەریتانیای گەورە) بەلام وەلامی مەئموورەکانی بەریتانیا بەنەخێر بووە، لەبەرئەوەی بەریتانیا لەو کاتەدا رازی نەبووە بەبڕیاری (١٩١٩) لەسەر ئێران، چونکە نەیویستووە بەهانە بەداتە دەست ئێران، ئامانجی سەید تەها لەم بەرەوپێشچوونەی بۆ بەدەستهێنانی بارە سیاسییەکە بووەو هەندێکجاریش نیزامی بووە، بەلام بەبەڵگەیەک هۆکاری دۆستایەتی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیز کە لێیان نزیک بۆتەوە بۆ ئەوە بووە چەکیان لێوەربگرێت. هەر ئەو هۆکارەش بووە کە لەسەرەتاوە توانای خستۆتە کار بۆ نزیکبوونەوەی لە(مستەفا کەمال) برۆیەنسن لەسەرچاوەکانی بەرزی ئەرمەنییەوە نووسیویە کە: (سەید تەها) و (سمکۆ) هەنگاویاننا بۆ (نزیکبوونەوەیان لەئینگلیزەکان) و ناسیۆنالیزمەکانی کەمالی لەشاری (وان) لەو پەیوەندییەی کردیان






تورکەکان داخوازییان لێکردن بۆ سەرکوتکردنی ئەرمەنییەکانی ئەنازۆلی خۆرهەلات کە پێویستیان پێیان بوو لەو ناوچەیەدا دەربکەون).

٢٥ی سیپتامبری ٢٠١٠

## کاریگەریی لایەنگرانی کوردی باشوورو باکوور بەسوودی بزووتنەوەکانی سمکۆ

[ بەشی دووهەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

تەها، هەوڵەکانی تەنیا بۆ دامەزراندنی یەکێتی عەشایەری کورد بوو بەسەرۆکایەتی سمکۆ کە کاریگەریی هەبوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دوای هاتنی تەها سەرەتا عەشیرەتی (هەرکی) کە عەشیرەتی ژێر فەرمانی خۆی بوو، بانگهێشتی کردن، ئەو سمکۆ کاتێک لەجەنگی میاندواو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دژی جەندرمەکان لەناوەڕاستی (هاوینی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی) عەشایەری مامش و مەنگوڕو دیبوکری و پیران و زەرزاو گەورک و فەیزوڵلا بەگی و پشدەرییەکانی کوردستانی باشوورو بانەو قادرخانی کوتوپڕ هەموویان داخوازی دروستکردنی یەکێتییان پێشکەش بەسمکۆ کرد، لەو هێزانەش سوودیان بینی و (مەهاباد) یان گرت، لەمەدا گومانی تیادا نییە کە (تەها) خانی شکاکی هاندا بۆ ئەو هێرشبردنەی سەر (مەهاباد) هەر ئەوەش بوو کە زۆری لەسمکۆ کرد سەقزو ویلایەتی کوردستانیش بگرێت. لەکۆی هەموو ئەوانە سەید تەها دڵخۆشبوو کە سەرۆکایەتی عەشایەری موکری کردووە، لەدروستکردنی یەکێتی عیلەکاندا لەژێر سەرکردایەتی پێشەوا سمکۆ کە لەڕاستیدا ئەو هێزی چەکداریی دە هەزار کەسی کوردی بۆ سەرۆکی شکاکەکان دروستکرد.

### بەڕەسمیکردنی زمانی کوردی

کارەکانی تری سەید تەها لەڕاستیدا هەرچی زووە بەکوردی کردنی شۆڕشی سمکۆ بووە، کە ئەو شێوەیە وەربگرێت، بەمانا ئەو و لایەنگرانی هەوڵیانداوە بۆ بەڕەسمیکردنی زمانی کوردی، لەڕێگای چاپ و ڕۆژنامەوەو ئەوراقی گومرگیش بەکوردی بنووسرێت (محەمەد تەمەددون) دانەری کتێبی بارودۆخی ئێران لەشەڕی جیهانی یەکەمدا باسیکردووە کە چۆن ڕۆژێک لەمانگی (شەوالی ١٣٤٠ی کۆچی قەمەری- ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی) سەید عەبدوڵلا کە لەخزمەکانی سەید تەهاو لەکەسانی تێگەیشتووی سمکۆ بوو بەدیداری ئەو گەیشت وتی: سمکۆ داوای ڕۆژنامەی کوردی کردووە بڵاوبێتەوە هەر لەو ڕوانگەیەوە پێویستی بەچاپخانەی ئەو بووە، بەڵام ڕازی نەبووە، چەکدارەکانی سمکۆش بەزۆر دەستیان بەسەر چاپخانەکەیاندا گرتووەو ناویان ناوە (تەمەددون) و گۆڕیوویانە. ئەم ڕۆژنامەیە کە ڕۆژی کوردو



شەوی عەجەم (ئازەریی یان فارسی شیعە مەزهەب) ناوی بوو، سەرنووسەرەکەی مەلا محەمەد تورجانی زادە بوو بەدوو زمانی کوردی و فارسی هەفتانە بڵادەوبۆوە جگە لەوەش ئەم ڕۆژنامەیە ئەوراقی گومرگیشی بەزمانی کوردی بەهۆی (لەتیف چاوەش) کە لەخزمانی سەید تەها بوو هەر لەچاپخانەکەدا چاپی کردووەو بڵاوبۆتەوەو لەماوەی دەسەڵاتی سمکۆ بەسەر (ورمێ)دا لەبەندەری گلمانخانەو ناوچەکانی کوردنشین ڕەواجی پەیدا کردووە.

هەڵبەتە دانەر دەربارەی شەڕی کوردستان لەسەر ئەو ڕایە مستەفا پاشا کە لەئەندامانی ڕەسەنی کۆمەڵەی ئەم ڕۆژنامەیە بووە کە لە(ورمێ) ئامادە کراوەو بڵاوبووەتەوە لای ئەو ڕەونەقی زۆری نەبووە. ئەو دەڵێ: سمکۆ هاوکاریی لەگەڵ سەید تەها لەو ڕووەوە تەواو نەبووەو سەید تەهاش نەیتوانیووە بزووتنەوەکەی ئەو بەشێوەی شۆڕشێکی تەواوی میللی لەسەر باوەڕی ناسیۆنالیزمی دروستبکات و هەتاکو لەئەوپەڕی تواناو دەسەڵاتیشیدا سمکۆ نەیتوانیووە لەدڵ و دەروونی عەشایەری لایەنگرانی شۆڕشدا ئەو گۆڕانە دروستبکات. ئەو بزووتنەوەیەش لەتەواوی ئەو ماوەیەیدا نەیتوانیووە لەدڵی گوندنشینەکاندا شوێنی خۆی بکاتەوە هەروەها لەناو شارنشین و پیاوانی ئایینی کوردیشدا پەیوەندیی تەواو لەگەڵیاندا دروستبکات.






## سمکۆو کوردەکانی تورکیاو عیراق

لەدەیەی سەدەی بیستەمی رابردوو لەئێراندا دامەزراوەکانی سیاسی کورد هێشتا دەرنەکەوتبوون، سمکۆش وەکو بەتوانایەکی نیزامی لەناو کوردەکانی ئێراندا بەزوویی دەرکەوت و حزبەکان یان کۆمەڵەی کورد لەتورکیاو عیراق هاتنە مەیدانی تێکۆشان هەڵسورێنەرەکانی ئەم حزبانە یان کۆمەڵانە بەزوویی تێکۆشاون کە سەرۆکی عێلی شکاک بەبیری ناسیۆنالیزمی ئاشنا بکەن و دروشمەکانی بەرەو کۆمەڵگای کوردی ئێران بگوێزنەوە تاوەکو سوودی لێببینن بەو ئامانجەی کۆمەڵگای گەلان ئاشنابن بەمافەکانی کورد. لەو رۆژگارەدا ئینگلیزو فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە وڵاتانی سەرکەوتوو بوون لەشەڕی گەورەدا، دامەزراندنی وڵاتی ئەرمەنستان و کوردستانی سەربەخۆ کە لەپەیماننامەی سیڤەردا واژۆی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بوو بڕیاریان لێدابوو، بەڵام دواخرا لەئەنجامی ئەوەی چاوەڕێی چارەسەری ناکۆکی یۆنان و کەمالییەکان بوون. یەکێک لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە روویان کردبووە کۆمەڵەی تورکیاو عیراق پرسی شۆڕشی سمکۆ بوو، ئەو دوو دامەزراوە سیاسییە هەر یەکێک لەوان بەپێی بارودۆخی ناوچەکەی لەخانی شکاک چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد سمکۆ بەوان ئاشنا بێ. لەتەواوی درێژەی ئەو پەیوەندییانەی لەلایەن ئەندامانی ئەو دوو حزبەوە لەگەڵیدا بەستییان نەیانتوانیووە سەرۆکی عێلی شکاک قەناعەت پێ بکەن کە ئەوەی دروستبووەو شێوەی عەشیرەتی وەرگرتووە بیگۆڕن بەشۆڕشی کوردی سەرتاسەری.

## سمکۆ و کۆمەڵەی تورکیا

کۆمەڵەی کوردی تورکیا زووتر لەکوردەکانی عیراق لەگەڵ سمکۆدا پەیوەندیی سیاسییان هەبووە، هۆکاری سەرەکی و یەکەمینی ئەو ئیرادەیەش چوونی سەید تەهایە بۆ ئێران ئەو کۆمەڵەیەش بەدرێژایی ساڵەکانی (١٢٩٧ تاوەکو ١٣٠٢ی کۆچی هەتاوی) باوەڕی بەهاوکاریی هەبوو لەگەڵ ئەتاتورک، کە داوایکردبوو سمکۆ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تورکەکان بەهێز بکات، هەتاکو هەندێک لەلایەنگرانی وەکو ئەحمەد تەقی و مەحمود فازڵ نێوانی سەرۆکی عەشیرەتی شکاک و جەنەراڵەکانی تورک کاری نامە گەیاندنیان بۆ ئەنجامدا. لەئەنجامدا، هەستاندنی سەید تەها کاری بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆیان بۆ خۆیان قۆرخکردو رۆژنامەی کوردیش بڵاوبۆوەو دەستەکان هەموویان واتە جەندرمەکانی کوردو دادوەرانیشیان بەڕێوەبردنی رێگاکان و کوردنشینیان دایە دەستیان. ئەم گۆڕانکارییانە گرنگترین توانای کاریگەرییەکانی کۆمەڵەی تورکیا بوو کە لەشۆڕشی سمکۆدا بەدەستیانهێنا. لەگەرمەی گفتوگۆکانی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەکۆتایی ساڵی (١٩٢٢ی زاینی ١٣٠١ی کۆچی هەتاوی) ئەحمەد تەقی لەتورکیا چاوی کەوت بەئەندامانی دەست رۆشتووی کۆمەڵەی کورد لەوانە جەنەراڵ خالد بەگی جەبرانی و یوسف چیاء بەگ و یوزباشی عەلی یاوەرو هیتر، پێشەوایانی ئەو کۆمەڵەیە لە(ترابوزان) گەیشتن بەیەکتری و ئەوانە لەرێگای تەقییەوە نامەیان بۆ سمکۆ نارد، تیایدا داوایان لێکردبوو هاوکاریی تورکەکان بکات هەروەها تێبکۆشێت لەگەڵ شورەویشدا پەیوەندیی دۆستانە دروستبکات.

## گفتوگۆ لەگەڵ مۆسکۆدا

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی سمکۆ دابووی نەیتوانی لەئینگلیزەکان نزیک بێتەوە، لەگەڵ شورەیشدا کە داوایکردبوو ترسی بۆ تورکیا هەبوو، چونکە لەو کاتەدا مستەفا کەمال لەلایەن ئەوانەوە پارێزگاریی لێدەکرا. بەهەرحاڵ ئەحمەد تەقی بەدەستووری سمکۆ لەگەڵ کۆنسۆڵی شوورەوی لەشاری ورمێ چاویان بەیەکتری کەوت و دوو داوای سەرۆکی خانی کوردی پێگەیاند بەمانا ناردنی کۆمەکی خێرا بۆ گەڕانەوەی توانا کە سمکۆ لەدەستی دابوو لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوو لەپێشوودا هەروەها بۆ ناسینی نوێنەری کوردەکان لای ئەوانەوە، بەڵام کۆنسۆڵ لەوەڵامی ئەحمەد تەقی دایەوە با گفتوگۆ لەگەڵ (مۆسکۆ)دا بکاو هەفتەیەک مۆڵەتی داواکرد. دوای ماوەکە کۆنسۆڵ وەڵامی دایەوە کە مۆسکۆ ناتوانێت داخوازی یەکەمی سمکۆ جێبەجێبکات. ئێمەی روسیش ناتوانین پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکاندا دروستبکەین یان بەجێ بگەیەنین، بەڵام دوور نییە لەئاییندەدا رەزامەندی لەسەر بدەین، بەڵام لەبارەی داخوازی دووەمەوە لەوانەیە بتوانین دۆستایەتی لەگەڵ سمکۆدا ببەستین. ئیسماعیل ئاغا دوایی دەتوانێت پەیوەستی بکات تاوەکو لەبارودۆخی ئەو ئاگادار بین. سمکۆ لەڕوسەکان داوایکردبوو کە شوێن و توانای خۆی بۆ بگێڕنەوە کە لەدەستی دابوو لەناوچەی باکووری کوردستان لەوەو بەر لەگەڵیشیدا داوای کۆمەکی لێکردبوون. لەو وتووێژەدا هیچ قسەیەک لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان نەکرا بوو، هەر بەو شێوەیەش بوو وتووێژەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان و تورکەکانیشیدا کە داوایکردبوو. کۆمەڵەی تورکیا جارێکیتر لەساڵی (١٩٢٠ی زاینی تێکۆشاو سمکۆی هاندا کە هاوکاریی شۆڕشگێڕەکانی ئەترافی رەواندز بکات، هەر لەو ساڵەشدا عەشایەری زێباری و بارزانی و شێخەکانی (بجیل) ژمارەیەک مەئمووری سیاسی ئینگلیزیان لەڕواندز کوشتبوو، دەوڵەتی بەریتانیاش یەکەیەکی ئاشووری لەمەئموورەکانی نارد بۆ لەناوبردنی ئەوان سەرئەنجام سەرۆک عەشایەرەکان لەسەر ئەو رایە بوون کە داوای کۆمەک لەسمکۆو مستەفا کەمال بکەن. سمکۆ لەوەڵامیدا بۆ ئەوان بەئاشکرا راگەیاند: توانای هاوبەشیکردنی لەشۆڕشی رواندزدا نییەو داوالێکردن بڕۆنە ئێران لەوێ شۆڕشێک بەرپا بکەن بەو پێوانەیە ئەم وەڵامەش پێچەوانەی داوای شۆڕگێڕەکان رووبەڕوو بووەتەوە. پەیوەندیی نێوان سمکۆو شۆڕشگێڕەکان لەسەر داوای ئەحمەد تەقی و کۆمەڵەی تورکیا بووە لەڕاستیدا، بەڵام سمکۆ نەیویستووە ئەو پەیوەندییەی هەبێت و لەئێران دەربچێت

واتە کارەکە لەدەرەوەی ناوچەکە بەجێگەیەنێت. سەرئەنجام دوا هەوڵی بزووتنەوەی سیاسیی کۆمەڵەی تورکیا سازدانی سمکۆ بوو بۆ هاوکاریی مستەفا کەمال لەو لایەنەوەو سوود وەرگرتن بوو لەنفووسی ئەو بۆ ئەوەی شێخ مەحمودی بەرزنجی ڕێگای لێبگرێ و لەئینگلیز نزیک نەبێتەوە.

٢٦ی سیپتامبری ٢٠١٠

## کاریگەریی لایەنگرانی کوردی باشوورو باکوور بەسوودی بزووتنەوەکانی سمکۆ

[ بەشی سێهەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی هەردووکیان بەو ڕووداوە ئاماژە دەدەن کە شێخ مەحمود لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٣ی زاینی ١٣٠٢ی کۆچی هەتاوی) لەسەر داوای زۆری سمکۆ دەستەیەکی نارد لەڕێگای ئێرانەوە بۆ وتووێژکردن لەتورکیا لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورک، بەلام بێ ئەنجام گەڕانەوە بۆ سلێمانی دوای ماوەیەک لەو کارە تورکیا لەگەڵ ئینگلیزەکان گەیشتن بەڕێکەوتن لەسەر موسڵ. لەئەنجامی ئەو تەوافوق و کۆشش و هەوڵدانەی تورکیا بەڕێگای هەڵگیرسانی شۆڕش لەخاکی ئێران بەکۆمەکی کەمالییەکان بۆ ئەوە بوو جارێکیتر نەخشەکە لەسەر شەرەفی سمکۆ لەتێڕوانینی سیاسی و بەبەرگی سوختەیی گۆڕان بکات، کە هەرگیز نەیتوانی شوێنی هەوەڵی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، لەوانەشە بەزۆری دوای هەستانی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی (١٩٢٥ی زاینی ١٣٠٢ی کۆچی هەتاوی) یان زوتریش کۆمەڵەی تورک بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە (مستەفا کەمال) و (کەمالییەکان)ی شۆڤێنی تورک هیچ جۆرە کۆمەکییەک بەکوردەکان نەیانەوێت بیکەن، لەو کاتەشدا سمکۆ لەدوورە لەژێر چاودێریی دەوڵەتی تورکیادا بوو، کە بڕیاری لەسەرخۆی لەسەر وەرگیرا بوو، هەر جارەی لەلایەکەوە تاوەکو ساڵی (١٩٣٠ی زاینی ١٣١٠ی کۆچی هەتاوی) لەبەردەستی نیزامییەکانی تورکیادا مایەوە کە بۆ وتووێژەکانی سنوور سەرچاوەی سوود لێوەرگرتن و بڕیار لەسەردان بوو.



### سمکۆو پەیوەندییەکانی

پەیوەندییەکانی سمکۆ بەکۆمەڵەی عیراقەوە پڕبەر نەبوو، بۆیە ئەنجامێکی بەدەستەوە نەدا بەڵگەی ئەوەش ڕۆشنە، ئەگەر سمکۆ تاسنوورێک لایەنگریی کوردی عیراقی هەبووایە چاوەڕێی کۆمەکی دەوڵەتی تورکیای نەدەکرد لەبەرئەوەی (مستەفا کەمال)یان بەگەورەترین دوژمنی گەلی کوردیان داناوە. کریس کۆچێرا ئەو وتووێژانەی نێوان سمکۆو مستەفا پاشای یا موڵکی نوێنەری کۆمەڵەی عیراق لەکۆتایی ساڵی (١٩٢١ی زاینی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی) ئاماژە بەوە دەدات کە کوردێکی عیراق لەخانی شکاکی پرسبوو کە بۆچی لەشوێنی ئەوەی لەئێران شەڕ دەکەن بۆچی یارمەتی کوردەکانی (وان) و (ئەرزرۆم) و (هەکاری) و (خەرپووت) بۆ سەرکوتکردنی مستەفا کەمال بەکاریان ناهێنێ؟ لەوەلامدا سمکۆ دەڵێ: نامەوێ پەیوەندیی تەواوی خۆم بپچڕم لەگەڵ تورکەکان، چونکە چەکم پێ دەدەن. ڕەفیق حیلمی جارێکیتر بەڵگەی وتووێژ دەخاتەڕوو لەو وتووێژەی مستەفا پاشا بۆ جاری دووەم لەگەڵ سمکۆدا ئەنجامیدا لەساڵی (١٩٢٢) کە بەو جۆرە لەسەری دەدوێ: مستەفا پاشا بۆ ئەو داوایە ڕۆشت چاوی بەسمکۆ بکەوێ لەسنوورەکانی ئێران و تورکیا بۆ خۆ ئامادەکردنی و گوێزانەوەی شەڕو ئاژاوە لەئێرانەوە بۆ تورکیا، ئەو زۆرتر واتە تورکەکان دوژمنی کۆمەڵەی عیراق بوون بەتایبەتی مستەفا پاشا بۆیە مستەفا کەمال بەئاگا بوو لەسمکۆ بەهۆی ئەوەی ترسی بۆ دروستکرد بوو، بۆیە دەیویست ئەو کۆمەڵە بۆ لای خۆی رابکێشێت. ئەوەبوو لەسنووردا هێرشیان بردە سەری و کوڕەکەی بەدیل گیرا. لەساڵی (١٣٠١ی کۆچی هەتاوی) شێخ مەحمود، هەتاکو ئەو کاتەش پەیوەندیی بکات بەئینگلیزەکانەوە (بەمانا ئەو شتەی کۆمەڵەی عیراق دەیویست) یان یەکێتی لەگەڵ تورکیای مستەفا کەمال دروستبکات (بەمانای ئەوەی کۆمەڵەی تورکیا دەیخواست) کۆمەڵەی عیراقیش چاوەڕێی دەکرد سمکۆو شێخ مەحمود یەکێتی لەگەڵ بەریتانیادا ببەستن.






## هێنانی کۆمەک و بەستنی هاوپەیمانێتی

سمکۆ لەساڵی (١٩٢٢ی زاینی ١٣٠١ی کۆچی هەتاوی) (راستییەکەی کۆتایی ١٩٢٢) ڕوو بەسلێمانی ڕۆشت و وەکو قارەمانێک سەرچاوەی پێشوازیکردن بوو، رەفیق حیلمی دەربارەی کاریگەریی ئەم سەفەرەی سەرۆکی عەشیرەتی شکاک لەبیری کوردەکانی عیراقدا نووسیوویە: (ناوو ئاوازی سمکۆ داستانی قارەمانانەی و قارەمانێتی ئەو کوردە ناوادارە ماوەیەک بوو گەیشتبووە کوردستانی عیراق، هاتنیشی بۆ سلێمانی بۆ چاسەرەی پرسی کورد بوو، ئومێدی نیشتمان پەروەری لەنوێوە زیندوو کردەوە. سمکۆ، یان ئیسماعیل ئاغای سەرۆکی عەشیرەت لەدڵی هەموو کەسێکی کورددا جێگای بڵندی خۆی هەبووە وەکو قارەمانێکی میللی). بەموناسەبەتی هاتنی ئەو چەند دانە گوللە تۆپێک لەلایەن سوپای شێخ مەحمودەوە ئاگر درا، نزیکبووەنەوەی سەرعێلی شکاک بەکوردەکانی عیراق بەپێچەوانەی بۆچوونی (کۆچێرا) بوو ئەو نەیدەویست کۆمەک بەکوردەکانی عیراق و تورکیا بکات، ئەو لەترسی گیانی کوڕەکەی هەنگاوی لەو بارەوە نەناوە دژ بەبەرژەوەندیی تورکەکان. کۆمەڵەی عیراقیش لەو کاتەدا پێچەوانەی ڕووبەڕووبوونەوە بووە لەگەڵ ئێران، ئەو باوەڕی وابووە کە دوژمنی رەسەنی کوردەکان ئەعراب و تورکە. لەو لایەنەوە هێنانی کۆمەک و بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئینگلیزەکان ولاتێکی سەربەخۆی کورد دروست دەبێت لەناوچە کوردەنشینەکانی تورکیاو عیراق. رەفیق حیلمی وەلامی ئەندامانی کۆمەڵەی بەرامبەر بەهاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی بەو شێوەیە نەخشەی بۆ کێشاوە: هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی لەچاوی لایەنگرانی کورد کۆتاییهێنان بوو بەنادیارو گیروگرفتەکانی پرسی کورد کە لەو دوو ڕێگایە دەیتوانی شێخ مەحمود رزگار بکات. مستەفا پاشا کە لەووبەر شادمان بوو. ئەو گومانی دەکرد کە سمکۆو شێخ مەحمود بەرامبەر بەئامانجی ئەو ناچن بەڕوویەوەو سیاسەتی ئینگلیزیش لەو لایەنەوە ڕوونە کە هەرچی زووە تورکەکان لەڕواندز بکرێنە دەرەوەو شۆڕشیش بگوێزرێتەوە بۆ کوردستانی تورکیا، ئەو تێدەکۆشا بۆ پشت شکاندنی ئەتاتورک).

## جیابوونەوەی سمکۆ لەشێخ مەحمود

هەموو ئەو ئارەزووانە بوونە بڵقی سەر ئاو، دوای مانەوەی سمکۆ مانگ و نیوێک ئەو رەشبین بوو لەکۆمەڵەی عیراق و شێخ مەحمود و ئینگلیز. لەڕاستیدا سمکۆ نەیدەویست ژێر دەستەی شێخ بێت، چونکە ئەو نوێنەری سیستمی عەشیرەتی بوو، نەیدەتوانی لەگەڵ شێخ کە نوێنەری چینی پاراستنی سنووری دانیشتووی شار بوو، ڕێکبکەوێ و ڕێککەوتن دروستبکات. بەو جۆرە رەفیق حیلمی تێکۆشاوە نەبوونی ڕێککەوتنی نێوان سمکۆ و شێخ کۆمەکی خانی شکاک بەخێزانەکەی شێخ بیربخاتەوە کاتێک شێخ بەدیل گیراوە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دوورخراوەتەوە بۆ دەرەوەی عیراق لەساڵی (١٩١٩)ی زاینی بۆیە کەمتر لەبەرچاو دەبینراو خەڵکیش پێیان خۆشبوو بەرچاو بکەوێت، لەدانیشتنی ئەو دووانەدا نەیانتوانی ڕێککەوتن لەنێوانیاندا دروستبکەن، لەبەرئەوەی هەر یەکێکیان رای جیاوازی هەبوو دوور بوو لەوی تر ئەوەش تەرزی بیرکردنەوەیان بوو کە دوایی بۆیان مایەوە. ئەدمۆندز، بەوردی بۆ ئەوە چووە دروستکردنی یەکگرتن لەنێوان سەید تەهاو سمکۆ لەگەڵ شێخ مەحمود فەرمانێکە پێشەکی سزای شکستخواردنی بەسەردا دراوە (کۆچێرا) لەوە دوور نەکەوتووەتەوە کە خانی شکاک لەبیریدا لەگەڵ دامەزراندنی کوردستانی گەورەدا نەبووە، چونکە خۆی نەیتوانیووە سەرۆکایەتی بکات، ئەوەی کە (عەبدوڵلا رەسوڵ پشدەری)یش گێڕاویەتەوە وتوویە: سمکۆ دوای جیابوونەوەی لەشێخ مەحمود بەگەورەکانی پشدەری وتووە: (شێخ مەحمود بەکاری سەرۆکایەتی کوردان نایەت لەبەرئەوەی رایەکی چەسپاوی نەبوو نەشیدەزانی چی بکات).

## ناسیۆنالیزمی کوردی لەئێران

بەو جۆرە سمکۆ نیشانیدا کە هیچ جۆرە پرسێکی هاوبەش لەنێوان ئەو و کوردەکانی عیراق و شێخ مەحموددا نییەو دوورین لەئامانجانداو زۆریش. لەو ڕووەوە مستەفا پاشا لەنامەیەکیدا کە بۆ کوڕەکەی نووسیووە دەربارەی سمکۆ دەڵێت: (سمکۆ پیاوێکی نەزانەو ناسیۆنالیزمی کەمالی پێ باشەو چۆن کاری گرنگ بە ئەو دەدەن) ئەم ڕووداوانە دەریدەخات کە سمکۆ بەهیچ شێوەیەک لای کوردەوە لایەنگری نەبووە کە بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان یان سەربەخۆیی بگاتە ئامانجەکەی، دانیشتوان و لایەنگرانی کوردی دەرەوەی ئێرانیش نەیانتوانیووە شۆڕشەکەی ئەو بەردەوام لەپوختەی عەشیرەتەکەی بۆ دروستبکەن، گوندنشینەکان و شارنشینەکانی کوردیش لەپارێزگای کوردستان و بەشێکی تری کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجانیش توانایان نەبووە بیانکەنە لایەنگری ئەو، هەتاکو راگەیانراوەکانی حزبە کوردییەکانیش لەوەدا نەبوون ڕۆشنبیران و ڕۆحانییەکانی کوردی ئێران وا لێبکەن حەزیان بەهاوکاریی خانی شکاک هەبێت. هەروەها ئەو هاوکارییەش نەیتوانی شۆڕشی شکاکەکان بەرەو بەشەکانی باشوورتری کوردستان بەرێ و کەمێک دەستی بگاتە عەشایەری ئەو ناوچانە، لەگەڵ هەموو ئەو کۆششە بلاو و تێکۆشانەی ئەو پارتانە، سمکۆ هەرگیز پەیوەندیی خۆی لەڕۆخی ئەوانەو دەرەوەی ئێراندا نیشان نەداوەو هەمیشە تێکۆشانی ئەو لەناو ئێراندا بووەو سوودی بینیووە، بەگشتیی دەتوانین بڵێین: کوردی تورکیاو عیراق نەیانتوانیووە دامەزراوی رامیاری بۆ سمکۆ دروستبکەن کە لەبنەمادا دوای نەمانی ئەوان ناسیۆنالیزمی کوردی لەئێراندا هێنایە گۆڕێ.

سەرچاوە:

مجتبی برزویی/ اوضاع سیاسی کردستان، از سال ١٣٥٨ تا ١٣٢٥ هجری شمسی، بامقدمە: دکتر ابراهیم یونسی،ضاث تهران ١٣٧٨. انشارات: نشر فکرنو لا ١٧٨ -١٨٧.

٢٧ی سیپتامبری ٢٠١٠

سەرچاوە : ماڵپەری : کوردستانی نوێ






# سمکۆی شکاک؛ دەسەلاتی بێگانە

[ بەشی یەکەم ]

وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف

## پەیوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیز دا

ویلایەتی ئازەربایجان دوای پەیمانی (تورکومانچای) بەهێمنی کەوتە ژێر نفوسی رەسەنی سیاسی و ئابووری روسیای تەزاری، بەلام سەردەمێک دوای شۆڕشی ناوخۆ کە بەکودەتای مەشروتیەت ناسرابوو سەربازانی روسیا لەسەرخۆ لەتەورێزو شوێنەکانی تری ئازەربایجان زۆربوونء بلاوبوونەوە، ئینگلیزەکانیش بۆ سوودی سیاسی و ئابوورییان تێدەکۆشان تاوەکو دەستبخەنە ناو کاروباری ناوچەکە، پێشتریش ئەوە ئاشکرابوو کەدیپلۆماسەکانی ئینگلیز چ دەورێکیان گێراوە لەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلادا، مەئمورەکان و دیپلۆماسیەکانی بەریتانیاش هەتا دوای دابەشکردنی ئێرانیش بەدوو ناوچەی دەسەلات لەنێوان ئینگلیزو رووسدا لەساڵی ١٩٠٧ هەر لەجووڵەدابوون بۆ دەستخستنی زانیاری سیخوڕی لەئازەربایجان بۆ ئەوەش توانیویانە بچنە ناو ئێل و عەشایەری کورد لەو ویلایەتەدا کە بەردەوام لەوانەوە زانیارییان پێگەیشتووە، (لازاریف) بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزء وەزارەتی دەرەوەی روسیای تەزاری ئەوە دەخاتەڕوو کونسوڵەکانی ئینگلیز تێدەکۆشان نزیک بینەوە لەسەرۆک عەشایەرەکانی کورد لەناوچەکانی کوردنشینی عوسمانی و ئازەربایجانی ئێران بۆ ئەوەی بەسەریان بکەنەوە، راپۆرتی دیپلۆماسەکانی رووسیش بۆ مەقامی بەرزی خۆیان ئەوە دەردەخات کەچۆن مەئمورەکانی ئینگلیز لەرێگەی ئەفسەرانی سوپایانەوە پارەی زۆریان بەخشیوەتەوە لەناو سەرۆکە کوردەکاندا بۆ ئەوەی لەناویاندا نفوسیان زیاتر بێت، بوونی ئینگلیزەکانیش لەناوچەکەدا بەبەردەوامی هۆکار بووە بۆ ئەوەی پیاوانی سیاسییان زانیاری لەسیخوڕو پیاوانی ئاینی و بازرگانەکانی ئینگلیز وەربگرن، لەم هەلومەرجەدا ئەمریکییەکانیش بەئەندازەیەک لەناوچەکەدا چاویان لێکردوون و دامەزراویان هەبووە، فەرمانبەرەکانیشیان ئامانجیان لەم هەوڵەیاندا بۆ بلاوبوونەوەی نفووسء دەسەلاتیان بووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، هەوڵدانیش لەو رووەوە بۆ زیان گەیاندن بووە بەدەستکەوتەکانی روسیا لەئازەربایجان.



## وەلامەکەی سەید تەها

دوای کودەتای ١٩١٧ی روسیا ئەو دەوڵەتە خۆی لەدەستوەردانی ناوخۆی سیاسی ئێران پاراست، ئەو هەڵوێستەشی هەلێکی باشیدا بەبەریتانیا بۆ ئەوەی زیاتر لەناوچەکە نزیکبێتەوەو تێکەلاوی ناو ئیشوکارەکانیان بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەپرسەکانی کورد، ئامانجی ئینگلیزەکانیش لەمەدا بۆ رازیبوونی دڵی کوردەکان بووە بەناوی ئەوەی بەڵێنی خود موختاری، یان سەربەخۆیی بەکوردستانی عیراق بدەن، تەواوی ولاتانی ئێران و تورکیاش لەو کودەتایەی بەلشەویک کەوتبوونە ترسەوە کە لەیەکێتی شورەوی هاتبووە گۆڕێ، بۆیە ئینگلیز هەوڵێداوە بۆ سوودی ئابووری و سیاسی خۆی کە بەربەستێک دروست بکات لەنێوان ئەو دوو کیشوەرەدا بۆ ئەوەی بیری بەلشەویک نەگاتە ناوچەکە کە پێشبینی لێکراوە، ئینگلیزەکان لەوەلامی داواکەی سمکۆ بۆ پاراستنی لەهەموو روویەکەوە بەرامبەر بەئێران بە(سەید تەها)دا وەلامیان بۆ ناردەوە کەهەرچەندە دەوڵەتی ئێران تواناو دەسەلاتی تەواوی بەکردەوە بەسەر کوردستاندا هەبووە، بەلام جیابوونەوەی ئەم پارێزگایە تەواو لەئێران گومانی تیادا نییە کەئاژاوە دروست دەکات بۆ تاران، بەلام لەکاتێکی تردا کەئومێدی بەستنی پەیمان لەنێوان ئێمەو ئێراندا لەئارادایە خۆمان لەو داوایە رزگار دەکەین.

## سمکۆو ئینگلیز

سمکۆ لەساڵەکانی ١٩١٩ تاوەکو ١٩٢١ واتە لە(١٢٩٧ تا ١٢٩٩هەتاوی) پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ مەئمورەکانی ئینگلیزدا هەبووەو پەیوەندیشی لەرێگای بابەکرئاغاوە بووە کەیەکێکە لەدەسەلاتدارەکانی سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر، هەروەها پەیوەندیشی بەمستەفا پاشای (یامولکی)شەوە هەبووە کە لەسەرۆکەکانی کۆمەڵەی عیراق بووە.

سمکۆ بەر لەگرتنی مەهابادیش داخوازی پاراستنی سیاسی و دارای لەبەریتانیاوە پێگەیشتووە، (کاپتن کیرت) کۆنسوڵی ئینگلیز لەتەورێز نەخشەی کاریگەری لەسەر رووداوەکانی ساڵی(١٢٩٨هەتاوی) هەبووە بۆ لابردنی زیائولدەولەی بورزی، ئەوەبوو بەهاوکاری سەرداری سەرکەوتوو بە (٢٠٠) سەربازی هندییەوە چووە ناو (ورمێ) بەر






لەوەی بچێتە ناو شارەکەوە لەگەڵ سمکۆدا بەیەکگەیشتنیان هەبووە.

## دەسەلاتی سمکۆ

بەو جۆرە سمکۆ لەو رۆژگارەدا دەسەلاتی بەسەر (ورمێ)و ناوچەکانی چواردەوریدا رۆشتووە، ژمارەیەک لە(مەشروتە) خوازەکانیش لەوانە (سوڵتان ئەسەد ئاقاخان)ی فشەنگچی و (کازم خان) بۆ پاراستنی بەندەری (گلمانخانە)و (شەرەفخانە) هەندێک توندوتۆڵییان نزیک بەدەریاچەکە دروستکردووە بۆ ئەوەی نەهێڵن عەشایەری کورد لای خۆرهەلاتییەوە پێشرەوی بکەن، دیپلۆماسەکانی ئینگلیزیش لەناوچەکەدا پەیمانیان لەگەڵ شەرکەرەکاندا بەستووە کەخۆیان بدەن بەدەست خانی شکاکەوەو سەنگەری هەرەشە بەجێبهێڵن، (کیسرەوی) لەباسی رووداوەکانی پەیوەست بەشۆرشی سمکۆ راستەوخۆ ناوی ئینگلیزەکانی نەبردووە، بەلام بەهاتنە ناوەوەیان لەدەسەلاتی ئێراندا لەو پرسەدا ئاماژەیداوە ئەمە حاڵەتێکی سروشتییەو بەڵگەی شاردنەوەی روسیایە لەو رۆژگارەدا لەو شوێنە گەورەیەی سیاسەتی ئێراندا کە بەپلەی یەکەم ئینگلیزەکانەو دوایی عوسمانی نەخشەی گرنگی لەبزووتنەوەی سمکۆدا هەبووە.

## سەرداری سەرکەوتوو

(محەمەد تەمەدون) کەشایەتحاڵی رووداوە دروستبووەکانی خراپەکاری عەشایەری کورد بووە جارجارە دەچێتە ناو کاروباری مەئمورەکانی ئینگلیزەوە لەو مەسەلانەداو بیریان دێنێتەوە، باوەڕیوایە لەسەر داواو فشاری هەمان ئەو کەسانە بووە لەساڵی ١٢٩٨ ئەحمەد شا نازناوی سەرداری سەرکەوتوو و شمشێرێکی گرانبەهای رازاوەی بەگەوهەر ناردووە بۆ سمکۆ.

روونکردنەوەکەی مەلیکزادە

جگە لە(کیسرەوی)، (تیمار حەسەن ئەرفەع)یش کە لەکۆتایی ساڵی ١٢٩٩ لەشەڕدا هاوبەشی جەنگی دژی کوردەکان کردووە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی نەداوە بەهاوبەشیکردنی مەئمورەکانی بەریتانیا، بەلام (سەرگورد مەلیکزادە) کەفەرماندەی هێزەکانی دەوڵەت بووە لەشەڕی مەهابادا ئەوەی لەزانیاری لەدەستیدا بووە دەستگیرکردنی دوو کەسی هیندی بووە لەسەرەتای شەڕەکەدا (..... لەکۆتاییدا لەو بەدواچوونەی کاری بۆ کراوە نامەیەک بووە لای کەسێک دۆزراوەتەوە، ئەم نامەیە دادوەری نیزامی (فەرماندەری نیزامی) ئینگلیز لە(موسڵ) بەناونیشانی (سەید تەها) نووسیویەو لەناو ناردنی جلوبەرگ هەیە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی تردا باسیان هاتووە، ئەم نامەیە پەردەی لەسەر داگیرکەرو سیاسەتی ئینگلیز خستەڕوو و دەریخست، بۆیە ناچارم هەواڵی ئەمە بەپایەی بەرزی دەوڵەتی ئێران والی و فەرماندەکانی هەموو هێزەکان بگەیەنم، با ئاگاداربن لەسەر کارە خراپەکانی ئەو کەسە (کە مەبەست سەید تەهایە). روونکردنەوەکانی (مەلیکزادە) سەرچاوەی پشتگیریکردنی (موخبروسەڵتەنەیە)و ئەو شتانەی بەبیریا هاتووە لەبارەی پەیوەندییە نهێنییەکانی سمکۆوە بووە بەئینگلیزەکانەوە کەئاماژەی پێداوەو نووسیویە: سمکۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەخزمەتیانا بووەو (سەید تەها)ی وەزیرو راوێژکاریشی لای کۆنسۆڵی ئینگلیز لەتەورێز وتوویە: بەگونیە تووتنتان بۆ دەنێرین.

## زانیارییەکانی میرزا خودا دادخان

دوای گرتنی مەهاباد لەساڵی ١٣٠٠ سمکۆ دەسەلاتی گەیشتە لوتکەو ناوچەی دەسەلاتیشی لە(٣) بەش بەشێکی ویلایەتی کوردستان و سەرتاسەری ناوچەکانی خۆرئاواو باشووری دەریاچەی (ورمێ)ی گرتەوە، تورکەکانیش بەشێکی سەرەکی لەچەک و پێداویستیەکانیان لەو رۆژگارەدا بۆ تەئمین کردبوو، ئینگلیزەکانیش لەرووی داراییەوە پشتیوانییان لێدەکرد، دوای گرتنی مەهاباد(سەردەشت) لەبیری ئەودا سەریهەڵدا، سەرۆکی گومرگ بەناوی (میرزا خودا دادخان) بەر لەوەی بەمانگێک لابرێت پێداویستیەکان و ئەرشیفی ئیدارەی گومرگی دا بەسەرۆکی عەشایەری ناوچەی سەردەشت، خۆشی چوو بۆ سلێمانی و لەوێشەوە گەیشتە لای کۆنسوڵی ئێران لەبەغدا، کۆنسوڵی ناوبراو لەسەر بنەمای بەرزی زانیارییەکانی (میرزا خودا دادخان) بەمانا لەزمانی خۆیەوە ئەم زانیارییانەی داوە بەوەزارەتی دەرەوە، ئەو وتوویە: لەحەقیقەتدا دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا لەگەڵ ئیسماعیل ئاغادا بەیەکگەیشتنیان هەیە، چونکە هەموو رۆژێک نێردراوی تایبەتی لەنێوانیاندا دەبینم، هەروەها ئاغای گەورەی کوردیش لەسلێمانی مەئموری سیاسی دەوڵەتی فەخیمەیەو ئامۆژگاری بەپشدەرییەکان دەدات.

ئەو لەگەڵ کوردەکاندا هاتوچۆیان هەیەو ئامۆژگارییان پێدەدا، راستیش لەمەدا یارمەتیدانی ئەوانە لەم کارەدا (کۆچیرا) باوەڕیوایە تێکۆشانی سمکۆ بۆ نزیکبوونەوەی لەبەریتانیا لەترسی دەرکەوتنی پیاوی بەتوانا (رەزاخان) بووە لەسەر شانۆی سیاسی ئێران، ئەوەشی بۆ دەستکەوتنی چەک و شتە گرنگەکانی تر بووە، بەلام لەڕاستیدا سمکۆ گرنگی بەسەرچاوەی پێداویستییەکانی داوە بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی ئەو پێداویستییانەو لە(رەزاخان)یش نەترساوە، چونە سمکۆ نزیکتر بووە لەبەریتانیاو کەسبی ناسنامەی سیاسی بەتوانای خۆشی کردووە لەناو چوارچێوەی ئێراندا، ئەوانەش لەتوانای تورکیادا نەبووە کەبەجێیان بگەیەنێت، نابێت بەو جۆرەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین کەئەو لەپشتی دروستکردنی کوردستانی گەورەیەو بەریتانیاش یارمەتی بەوداوە، هەتاکو ئەو کاتەش (رەزاخان) گەیشتووەتە تەواوی توانای خۆی لەبەردەم بزووتنەوەکەی سمکۆدا ماوەیەکی زۆر هەبووە بۆ زیاتر ناساندنی بزووتنەوەکەی لەناوەندی ئازادیخواکانی ئێرانداو زیاتر لە(رەزا خان)یش گرنگی پێدراوە.

٣٠ی ئاگوستی ٢٠١٠






# سمکۆی شکاک و دەسەلاتی بێگانە



**بەشی دووهەم**

**وەرگێرانی لە فارسییەوە : کەمال نوری مەعروف**

یەکێک لەدەستپێشخەرییەکانی ئینگلیز لاوازکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی ئێران بووە لەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی سمکۆدا بوون، نموونەی ئەوەش کۆنسۆڵی بەریتانیایە لەتەورێز دەعوەتی ئەویکردووە کە (پارێزگاری لەهاوولاتیانی ئینگلیز بکات لە(خۆی) و (ڕەزائییە) و (شاهپور) کە بەویان سپاردووە).

**سەرکوتکردنەکانی ڕەزاخان**

سەرئەنجام دوای ئەوەی دەوڵەتی ئینگلیز لەهاوکاری ڕەزاخان و باندەکەی دڵنیابوو بۆیان،

دوای ئەوەی لەبزووتنەوەی جەنگەڵییەکان لەخۆراسان و خیابانی بەئاماژەی ئینگلیز بەرێگای قۆزاقەکانی ژێر فەرمانی ڕەزاخان سەرکوتکران نۆرەهاتە سەر سمکۆ، لەکاتێکدا سەرهەنگ (ئاسمایس)و ئەوانیتر لەئەفسەرەکانی ئینگلیز ڕاستەوخۆ لەشەڕی ڕاپەڕینە جەنگڵییەکانی دژی میرزا (کوچکخان) هاوبەشیانکردبوو ئیتر بە چ بەڵگەیەکی تر مەئمورەکانی بەریتانیا یارمەتی بەسمکۆ دەگەیەنن؟ ئایا مەنتیقییە یان نامۆ نییە ئینگلیز لەبەشێکی ئێراندا هەوڵی بەهێزکردن و جێگیرکردنی توانای دەوڵەتی مەرکەزی بداو لەبەشەکەی تریدا ولاتەکە بەرەو لاوازی و دابەشبوون و جیاکردنەوە بدات لەمەرکەز، بەوەش دەوڵەتی مەرکەزی بەئارەزوو ئیفلیج بکات!

ئایا ئینگلیزەکان لەوە نەترساون کەبزووتنەوەکانی ئازادیخوازی جەنگڵی و خۆراسانی و خیابانی ئەگەر بەئامانجی خۆیان بگەیشتنایەو حکومەتی میللی-یان لەسەرکار دابنایە؟ ئایا ترسی ئەوەیان نەدەبوو کە بۆلشەویکەکان زەمینەی هاتنە ناوەوەیان بۆ برەخسێت؟ ئەمە وەلامی تەواوو خێرای لەبەرامبەردا بەرز نەدەکردەوە.

**ڕێگرتن لەبەلشەفیکەکان**

چارەنووسی مرۆڤ لەبێدەنگیدا دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت دەریبخات و ئاوازی ئازادی بچڕێ و بیگەیەنێت، ئەو هەستانەش لای بەریتانیا گرنگی زۆری بووەو لای مەئمورەکانی ولاتەکەش لەپێشەوەی بایەخ پێدانەکانەوە بووە، هەر سمکۆش بوو توانی دیوارێ لەخۆرهەلاتی عیراق دروست بکات و نەهێڵێت بەلشەفیکەکان پێشڕەوی بکەن و سەرچاوەکانی نەوتی کەرکوک دەستیان بەسەردا بگیرێت، لەجیاتی ئەو ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆو میللی ئێران بیتوانیایە بەڕووی ئەوکارەدا بڕوات ئینگلیز بەئاسانی دەیتوانی کۆمەکی خۆی لەسمکۆو عەشایەری لوڕو بەختیاریء شێخ خەزعەل ببڕێ و نەهێڵێت ئەو دەوڵەتە پێشڕەوی بکات ئەمەش پێویستی بەقسە لەسەرکردن نییەو دروستکردنی پەیوەندی و یەکێتی نێوانی ئەو هێزانەش بەئاسانی لەتوانادا بووە بڕیاری لەسەر بدرێت.

**سوود وەرگرتن لەسمکۆ**

وردە وردە ڕەزاخان مەرجەکانی تواناو دەسەلات بەڕێوەبردنی ولاتەکەی بەدەستهێنا بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ، هەروەکو چۆن سەرکوتکردنی شێخ (خەزعەل) لەلایەکی ترەوە پێویست بوو. بەڕاستی ئەنجامدانی ئەمکارە لەتوانای سەرداری سوپادا بوو کە لەچاوی نەیارەکانیدا دروستیکردو کاریگەری زۆر هەبوو لەواقیعدا بەو جۆرە کۆتایی هێنانی ڕەزاخان بەئاژاوەی شکاکەکان سوودی زۆری بۆدەهێنا، هەڵبەتە ئینگلیزەکانیش لەسەر ئەو ڕایە بوون کەئەگەر سمکۆ شکستی خوارد بەرامبەر بەهێزی دەوڵەتی ئێران لەشوێنێکی تر سوودی لێ ببینن واتە بۆ چارەسەری کێشەی شێخ مەحموودی بەرزنجی بەکاری بهێنن، لەهەر ڕوویەکەوە بارودۆخی کورد لەعیراق و تورکیا بگریت لەماوەی ئەو سالانەدا شێوەیەکی نوێ لەئاڵۆزی بەخۆوە گرتبوو، لەلایەک کوردی عیراق کە لەژێر دەسەلاتی شێخ مەحمود بوون سەرگەرمی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوون، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵەی تورکیا هەتاکو ئەو کاتەش بەهیوابوو کەمستەفا کەمال ئەو پەیمانەی کەدابووی بەکوردەکان جۆرێک لەخۆ بەڕێوەبردنیان پێبدات بۆ بەجێگەیاندنی ئاواتیان کە لەچاوەڕێیدا بوون، کوردەکانی عیراقیش لەو کاتەدا پەیوەندییان بەتورکیاوە هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ کەمالییەکان لەپرسی موسڵدا کەلای ئینگلیزەکانەوە یارمەتی دەدران، بەلام تورکەکان بۆ نەهێشتنی هاوکاری سمکۆ لەگەڵ کۆمەڵی عیراق و ئینگلیزەکاندا لەسنووری ئێران و تورکیادا هێرشی بۆ برد، ژنە خۆشەویستەکەی کوژراو گەوهەرو لیرەکانیشی لەو هێرشەدا بەتالان بران و کوڕی شەش ساڵەی ئەو (خەسرەو) بەدیلگیرا، لەو کاتەدا (سەید تەها) ناوچەی (نەهری) لەخاکی تورکیا بەجێهێشتبوو پەیوەندی کردبوو بەکۆمەڵەی عیراقەوە وەکو ئەندامەکانی تری حزب داوای هاوکاری هەمە لایەنەی لەشێخ مەحمودو کوردەکانی تر دەکرد پەیوەندی بەئینگلیزەکانەوە بکەن و دژی تورکیای کەمالی بن، لەو ڕووەوە سمکۆ بۆ هاوکاریکردن لەشێخ مەحمود بۆ نوێکردنەوەی هێزو توانای حەزیکرد سەفەری سلێمانی بکات، ئەوە بوو سەفەری کرد.

**سەفەر بۆ سلێمانی**

بەپێی قسەی ڕەشید جەودەت کە لەچالاکوانێکی کوردی عیراق بووە لەساڵەکانی دوای جەنگی گەورە ماوەی دوو ساڵ و نیو ڕاوێژکاری سەرەکی سیاسی و نیزامی سمکۆ بووە،






هەروەها بەپێی قسەی مەئموورە سیاسییەکانی ئینگلیز لەعیراق (سیسیل جی ئەدمۆندز) دەربارەی هۆکاری ئەم سەفەرەی سەرۆکی شکاکەکان بۆ کوردستانی عیراق بەزۆری جیاجیایە، (ئەدۆمۆندز) دەڵێت: هاتنی سمکۆ لەکۆتایی مانگی (١٠)ی ١٩٢٢، بوو بەولایەی سنووردا کوتوپڕو بێ هەواڵێک شێوەی گرت و ئەو کە بۆ ماوەیەکی کەم هاتبوو بۆ عیراق، بەلام ئێمە مۆڵەتمان بەتوندی نەدایە راستەوخۆ بێتە ناو خاکی هەولێرء دەربکەوێت، بۆ ئەوەی لەدواوە بەپەناهەندەیی بمێنێتەوە لەو بەشەی سنووردا لەگەڵ ئەمەشدا کەمالییەکان و ئینگلیزەکان و کۆمەڵەی عیراق و تورکیاش حەزیان دەکرد بۆ لای خۆیانی بەرن، لەم نێوانەدا مستەفا پاشای یامولکی پێشدەستی کردو زووتر لەهەمووان گەیشتە سنوورو سمکۆ لەبری ئەوەی لەوێ بمێنێتەوە هۆکاری سەفەری بۆ رێکخست و بەرەو سلێمانی رۆشتن، هەڵبەتە ئەم هەنگاوەی بەبێ ئاگاداری ئینگلیزەکان ئەنجامی وەرگرت، رەشید جەودەت کەراوێژکاری سیاسی سمکۆ بوو لەئەفسەرەکانی سوپای نوێی دامەزراوی شێخ مەحمود بوو ئەو لەیاداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بەو خاڵە دەداو کە لەساڵی ١٩٢٢ شێخ قادری حەفید فەرماندەی هێزی ژێر فەرمانی شێخ مەحمود بوو بەئەو فەرمانیدا کەخانووەکەی باوکی بۆ مانەوەی سمکۆ لەسلێمانی ئامادە بکەن بۆ ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە، خانی شکاک بەشێوەیەکی رەسمی هاتە سلێمانی و لەو خانووەدا دانیشت، سمکۆ مەبەستی لەمەدا ئەوەبوو دەیویست نیشانی بدات ترسی لەئینگلیزەکان نییە.

### سەربەخۆیی کوردستان

ئەو ماوەیەش کە لەگوندی (دێری) بوو لەکوردستانی عیراق (سەید تەها)ء مەئموری سیاسی بەریتانیا بەدیداری ئەو گەیشتن، گەورەی ئێلی شکاک لەرەخنەگرتنیا لەسیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکورد بەو مەئمورەی وتووە: ئەگەر دڵتان پاکەو دۆستایەتیمان لەگەڵدا دەکەن رەزامەندی بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەوشێوەیەدا من ئامادەم پەیمان بەئێوە بدەم کوردەکان لەگەڵ ئێوەدا پەیوەست بکەم، ئەگەر ئەو کارە نەکەن من داوا لەئێوە دەکەم یارمەتیم بدەن تا بۆ ناوچەی ئێران بگەڕێمەوە ئایە بەجەنگ بێت یان رێککەوتن لەشێوەی رێکەوتنیشا دڵنیایی بەئێوە دەدەم.

### دەستکەوتنی چەک

لەقسەکانی سمکۆدا دەرکەوتووە کەئەو هیوای بۆ دەستکەوتنی چەک و شتە گرنگەکانی تربووەو بەرەسمی ناساندنی سەربەخۆیش لەهیچ یەکێک لەناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەلات لای ئینگلیزەکانەوە نەبووەو داخوازی ئەو تەنیا بۆ وەرگرتنی دڵنیایی بووە لەتێراوانینی ئاشتییەوە، ئەو لەدەوڵەتی ئێران داخوازی کردبێت، بەلام ئینگلیزەکان لەسەر ئەوە بوون کە لەعیراق سوودی لێدەبینن بەو بەڵگەیەی مەئمووری ئینگلیز داخوازییکردووە برێک پارەی پێبدەن و وێڕای ئەوەش (ئەحمەد ئاغا) لەدەسەلاتی حکومەتی عیراق لەناوچەی بادینان دابنێن، بەلام سمکۆ ئامادە نەبووە لەدەرەوەی ئێران دەست بەشۆڕش بکاو بەشێوەیەکی تر پەیوەندی بەولایەی سنوورەوە نەبووە.

### سەرچاوە

مجتبی بر زویی/ اوچاع سیاسی کردستان

(از سال ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ هجری شمسی

بامقدمە: دکتر ابراهیم یونسی

چاپ تهران ١٣٧٨.انتشارات. نشر فکر نو

ل ١٨٨-١٩٤

٣١ی ئاگوستی ٢٠١٠

ماڵپەری : کوردستانی نوێ

## ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشە مەزنەکەی سمکۆی شکاک و ٧٧ەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی



ئامادە کردن و نووسینی : محەممەد صاڵح قادری

پێشەکی:

لە پێوەندی لە گەڵ گەورە سەرکردەیەکی وەک سمکۆی شکاکو راپەڕینە مەزنەکەیدا بۆ ئەوەی کە راستییەکان بەو جۆرەی کە بوون بخەینە بەرچاوو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەکانمان لە سەر بنەمایەکی زانستیو دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک بن، پێویستە بە شێوازێکی واقیعبینانە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەد ساڵ لەمەوبەرو بە راڤەکردنی رەوشی ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردستان لە رووی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو... کە وەک فاکتەری نێوخۆیی دەوریان گێڕاوەو پاشان بە تاوتوێکردنی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی ئێرانو ناوچەو جیهان، کە وەک فاکتەری دەرەکی رۆڵی نێگەتیڤیان گێڕاوە، بزانین






سمکۆی شکاک لە نێو دەریای پڕ لە زریانو پیلانە نێوخۆییو دەرەکییەکاندا چلۆن توانیویەتی لەو سەردەمەدا بە بێ ڕێکخراوێکی سیاسی لە بەرامبەر دەسەڵاتی قاجارەکانو پەهلەوییەکانداو هەروەها لە بەرامبەر دژایەتیی رووسەکان، ئینگلیسیەکانو تورکەکاندا یەکیەتیی عەشیرەتەکانی کورد لە ماکۆرا بگرە تا بانە پێک بێنێو بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەسەڵاتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ. هەروەها بیری ناسیۆنالیستیو پێشکەوتنخوازیی سمکۆ بە کردنەوەی یەکەم کۆمەڵەی جیهاندانی کوردو بە دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ئێراندا بە هاوکاریی عبدالرزاق بەدرخانو، ٢٠ ساڵ خەباتو لە ئاکامدا بەخشینی گیانو ماڵی لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا، چ پەنجەمۆرێکی لە مێژووی خەباتی پڕ سەروەریی نەتەوەی کورد داوەو سەرەنجام بزانین سمکۆ لە درێژەی شۆڕشەکەیدا بە هەموو خاڵە بەهێزەکانی کە جێگای شانازین، خاڵە لاوازەکانی کامانەن و بە جورئەتەوە دەست نیشانیان بکەین، بۆ ئەوەی وانەیان لێ وەرگرینو بیانکەینە رووناک کەرەوەی خەباتی داهاتوومان. بەو کارەمان هەم گەورەیی سمکۆمان پاراستوەو هەمیش ڕاستیەکانی مێژووی سەد ساڵ لەمەوبەری نەتەوەکەمان بەو جۆرەی کە بوون پێشکەشی نەوەی ئەمڕۆ کردوە.

نووسین لە سەر سمکۆی شکاک پێویستی بە گەڕان بە نێو ئارشیوی وڵاتانی وەک رووسیە، ئینگلیس، فەرانسەو... هەیە. بۆ ئەوەی جیا لە نووسراوەی دوژمنانی کورد کە هەوڵی شێواندنی مێژووی خەباتی سمکۆو کەسایەتییەکەیان داوە، بتوانین مێژووی راستەقینەی ئەو قۆناخە لە خەباتی نەتەوەکەمان بە سەرۆکایەتیی سمکۆ شرۆڤە بکەین. بە کورتی دەتوانین بڵێین سمکۆ بە بەراورد لە گەڵ سەردەمی ژیانی، مرۆڤێکی بە فەرهەنگ و پێشکەوتوو بوە. بە تەئسیر وەرگرتن لە هەلومەرجی پێش و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، هەستێکی ناسیۆنالیستیی بەهێزی لا پێک هاتوە. بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە لای ئەو ئامانجی سەرەکی بوە.

سەد ساڵ لەمەوبەر شێوەی لەبەرکردنی جلوبەرگو خۆراکو راکێشانی خەتی تەلەفون لە قەڵای چەهریقرا بۆ مەهاباد و بوونی پیانۆو حەمام لە ماڵی سمکۆدا نموونەی پێشکەوتوویی فەرهەنگیی سمکۆن.

شێلگیریی سمکۆ بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد لە نووسراوەیەکی ئەودا بۆ حاکمی ئازەربایجان دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٢٢ دا نووسیویەتی: چۆنە کە نەتەوە بچووکەکانی جیهان کە حەشیمەتیان یەک لە چواری حەشیمەتی کوردە، خودموختاریی خۆیان لە وڵاتە گەورەکان وەرگرتوە، بۆیە ئەگەر نەتەوەی کورد نەتوانێ مافی خۆی لە دەوڵەتی ئێران وەربگرێ ئەو کات مردنی باشترە.

### شەجەرەنامەی ئیسماعیل ئاغا، ناسراو بە سمکۆی شکاک:

سمکۆ کوڕی محەممەد ئاغای کوڕی عەلیخانی کوڕی ئیسماعیل ئاغایە، ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوە، لە بنەڕەت را لە ناوچەی جەزیرەو بۆتانەوە هاتوونەتە دەوروبەری ورمێ. لە سەردەمی خۆیدا رازی نەبوە باجو خەراج بداتە قاجارەکانو هەوڵی ئەوەی داوە کە نیمچە سەربەستییەکی هەبێ. بۆ ئەو مەبەستە لە ناوچەی گەلی " بەراندز"ی ورمێ قەڵایەکی قایمی بۆ خۆی دروست کردوەو وڵامی قاجارەکانی نەداوەتەوە. سەرەنجام لە لایەن قاجارەکانەوە لە ژێر ناوی وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەکان فریو دەدرێ و بە مەبەستی چوون بۆ شوێنی وتوویژ لە قەڵاکەی دێتە دەرو دوای هاتنەخوار لە قەڵا بە شێوەیەکی ناجوامێرانە دەکوژرێو دواتر ماڵ و سامانی تاڵان دەکرێ.

دوای کوژرانی ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ، کوڕەکەی بە ناوی عەلی خان جێگای دەگرێتەوە و سەرۆکایەتیی شکاکەکان دەکا. ئەویش بە هۆی نەدانی باجو خەراجو سەربزێوی کردن، لە لایەن قاجارەکانەوە دەگیرێ و بۆ تاران دوور دەخرێتەوە.

دوای عەلی خان، کوڕەکەی محەممەد ئاغا سەرۆکایەتیی شکاکەکان دەکاو پاش کوژرانی کوڕە گەورەکەی بە ناوی جەوهەر ئاغا بە دەستی "نیزام ئەلسەڵتەنە"ی حاکمی تەورێز پەنا دەباتە بەر عوسمانییەکان و پاش چەندین ساڵ ژیان لە تاراوگەدا، کۆچی دوایی دەکا.

بەم جۆرە پاش شەهیدکرانی جەوهەر ئاغاو مردنی محەممەد ئاغا، ئیتر سمکۆ کە برا بچووکی جەوهەر ئاغایە، دەبێتە سەرۆکی عەشیرەتی شکاک و رێبەرایەتیی گەورەترین راپەڕینی نەتەوەیی لە کوردستانی رۆژهەڵات لە سەردەمی خۆیدا دەکا. سمکۆ لە گەڵ بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و بنەماڵەی شێخەکانی بارزان و بنەماڵەی زێبارییەکان و شێخ جەیتۆی مهاجرو هەروها ئازەرییەکان ژن و ژنخوازی و خزمایەتییەکی بەربڵاوی هەبوە.

### چۆنیەتیی شەهیدکرانی جەوهەر ئاغا:

جەوهەر ئاغا مرۆڤێکی گەلێک دادپەروەروحەکیم و خۆشنێو بوەو بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە زۆر زوو توانیویەتی لە ناو عەشیرەتی شکاک و بگرە باقیی دانیشتووانی ورمێ، سەڵماسو خۆیدا رێزو نفووزێکی بەرچاو وەدەست بێنێ و بەرە بەرە خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو نەچێتە ژێر باری دەسەڵاتی قاجارەکان. ئەو دەسەڵاتو ناوبانگەی جەوهەر ئاغا بوە هۆی نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی قاجار. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٠٥دا دەسەڵاتداری ئەو کاتەی قاجارەکان لە شاری تەورێز بە ناوی نیزام ئەلسەڵتەنە پیلانی لە ناوبردنی جەوهەر ئاغای داڕشتوەو بۆ بەجێگەیاندنی پیلانەکەی بە چەند کەسێک دا قورئانێکی مۆرکراوی بۆ جەوهەر ئاغا ناردوەو بەڵێنیی داوە کە بە مەبەستی چارەسەری کێشەکان و سپاردنی دەسەڵاتی شارەکانی خۆی و سەڵماس و... بە جەوهەر ئاغا، پێویستە چاوپێکەوتن و وتووێژیان هەبێ.

جەوهەر ئاغاش بە باوەڕکردن بە قورئان و بە مەبەستی چارەسەری کێشەکان بە خۆی و ٧ کەس لە ڕاوێژکارو شەرکەرە ئازاکانیەوە بەرەو شاری تەورێز وەڕێ دەکەون. دوای گەیشتنە تەورێز لە لایەن نیزام ئەلسەڵتەنەوە، پێشوازییەکی فریوکارانەیان لێ دەکرێ و پاش چوونی جەوهەر ئاغا بۆ دیوی وتووێژ، لە چەند لایەکەوە بە شێوەیەکی






ناجوامێرانە تەقەی لێ دەکرێ و لە ئاکامدا جەوهەر ئاغا بۆ خۆی وهەڤاڵێکی تری بە ناوی سەدۆ، شەهید دەبن و دواتر تەرمەکانیان لە دەروازەی شاری تەورێزدا هەڵدەواسرێن و شەش کەس لە هەڤاڵەکانی تری جەوهەر ئاغا پاش شەڕو پێکدادانێکی بێوێنە و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە عەجەمەکان دەتوانن خۆیان دەرباز بکەن‌و دوای چەند ڕۆژ بگەڕێنەوە قەڵای چەهریق.

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، دوای شەهیدبوونی جەوهەر ئاغا، محەممەد ئاغای باوکی بە خۆی و خێزانیەوە جلوبەرگی خوێناویی جەوهەر ئاغا هەڵدەگرن و پەنا دەبەنە بەر خەلیفەی عوسمانی و داوای ئەستاندنەوەی تۆڵەی کوڕەکەیان و سووکایەتی بە قورئانی پیرۆز لە قاجارە شیعەکان دەکەن. بەڵام خەلیفەی عوسمانی نەک هەر داواکارییەکان بەجێ ناهێنێ بەڵکوو بە هاوڕایی لە گەڵ باڵوێزخانەی ئێران لە ئەستەنبول، محەممەد ئاغا بۆ دوورگەیەک دوور دەخرێتەوەو پاش چەند ساڵ هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکا.

لە کاتی چوونەوەی محەممەد ئاغا بۆ ئەستەنبول عەبدولڕەزاق بەدرخان لە گەڵ بنەماڵەکەیان ئاشنا دەبێ و هەول دەدا بە هاوکاریکردن لە گەڵ سمکۆ، ناوبراو بە دژی عوسمانییەکان بەکار بێنێ.

عەبدولڕەزاق بەدرخان لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و قوتابیی حاجی قادری کۆیە بوە. بە هۆی ئەوە کە مرۆڤێکی لێهاتوو بوە، لە لایەن عوسمانییەکانەوە بۆتە سکرتێری سێهەمی باڵوێزخانەی رووسیەو دواتر پۆستی سکرتێری دووهەمی باڵوێزخانەی عوسمانیی لە ئێراندا پێ دراوە.

عەبدولڕەزاق بدرخان لە سەر ئەو باوەڕە بوە کە کلیلی رزگاریی کورد لە خوێندەواری و زانست دایە، هەر بۆیە هەوڵی داوە کە کوردەکان جیا لە سوارچاکی و شەڕکەری، بایەخ بە خوێندن و زانست بدەن. لە ڕاستی‌دا دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی عەبدولڕەزاق بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری . سیاسی بوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەکرێ ئاماژە بە یەکەم هەنگاوی هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان لە گەڵ سمکۆ بکەین کە لە ساڵی ١٩١٢ .١٩١٤ دا بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی جیهاندانی کورد" لە شاری خۆی دا توانی لە چەند بواردا خزمەتێکی بەرچاو بکا. کە گرینگترینیان بریتی بوون لە:

١- خوێندن بە منداڵانی کورد بە زمانی کوردیو بە پیتی لاتینی کە مامۆستاکانیان کوردی ئێریڤان بوون.

٢- بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردی ئێران دا ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی "ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم" لەو کۆمەڵەیەدا دەرکردوە کە بە زمانی کوردی و فارسی بوە. دواتر ناوی ڕۆژنامەکە دەبێتە "ڕۆژی کورد"و ئاخر جار دەبێتە " کوردستان". دیارە دەورو هاوکاریی سەید تەهای کوڕی شێخ عەبدولقادر و مەلا محەممەدی تورجان بۆ دەرکردنی ئەو ڕۆژنامانە بەرچاو بوە.

٣- ناردنی چەندین لاوی کورد بۆ درێژەدان بە خوێندن لە رووسیە.

هەرچەند ئەو کۆمەڵەیە ببوە پێگەیەکی پتەوی سیاسی و ڕۆشنبیری و لە هەمانکاتدا کوردەکان پۆل پۆل روویان تێ کردوە و بڕیار وابوە نموونەی ئەو قوتابخانەیە لە قەڵای چەهریق و لە ناوچەکانی سۆماو برادۆست و بەرە بەرە لە ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی سمکۆدا دابمەزرێن. بەڵام لە گەڵ هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو بڕیارانە هەڵدەوەشێن‌و کۆمەڵەی جیهاندانی کوردیش پاش دوو ساڵ لە بەریەک هەڵدەوەشێتەوە.



شایانی باسە کە رووسیە لەو سەردەمەدا نەیویستوە کوردەکان کە هێزێکی گەورە بوون لە دژی خۆی ببزوێنێ، بەڵکوو تا ڕادەیەکیش خۆی لە کوردەکان نزیک کردۆتەوە. چونکە پاش شکانی عوسمانییەکان بە دەستی "سربەکان"، مەترسیی هێرشی عوسمانی بۆ سەر رووسیە هەبوە. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩١٢ دا رووسیە ویستوویە کوردەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ و ئەگەر هەر نەبوو، بەڵکوو بتوانێ بێ لایەنیان بکا تا هاوکاریی عوسمانییەکان نەکەن. ئەوە سیاسەتی رووسیە لە گەڵ سمکۆ بوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی.

هەر بۆیە لە کاتی کردنەوەی کۆمەڵەی جیهاندانی کورد لە شاری خۆی، سمکۆ سوپاس‌و پێزانینی خۆی لە رووسەکان کردوە بۆ هاوکاری کردنیان.

## پێوەندیی سمکۆ و هاوکاریی کوردەکان لە گەڵ شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥ تا ١٩١١ دا

کوردەکان بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لە هەموو خەڵکی ئێران لە گەندەڵیی دەسەڵاتبەدەستانی قاجارەکان بێزار بوون‌و زۆربەشیان لە لایەن قاجارەکانەوە کوشتوبڕو تاڵان کرابوون، بە مەبەستی رووخاندنی دەسەڵاتی قاجارییەکان لە گەڵ مەشرووتەخوازان هاوکاری دەکەن و بەم جۆرە لە چەندین شاری کوردستان دا نوێنەرایەتی مەشرووتەخوازەکان دادەمەزرێ.

سمکۆ بۆخۆیشی لە گەڵ محەممەد خیابانی کە سەرکردەیەکی تێکۆشەری مەشرووتە بوە پێوەندییەکی باشی هەبوە. بەو حاڵەش سەرەڕای ئەوەی کە شۆڕشی مەشرووتە دەسکەوتی






خەباتی دێموکراتیکی هەموو خەڵکی ئێران بوو، بەڵام بۆ مافی نەتەوەیی کورد چووکترین بایەخی دانەناوەو رێبەرانی هەستێکی شۆڤێنیستیان بەرامبەر بە کورد بوە. بە تایبەت دوژمنایەتییەکانی حەیدر عەمو ئۆغلوی کومونیست کە کاربەدەستانی مەشرووتە بوە لە کاتی شەڕو پێکدادانەکانی کوردو عەجەمەکانی دەوروبەری شاری خۆیدا کە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆمب کوردی کوشتوە، زەقترین بەڵگەی نیازخراپیی مەشرووتەخوازان بەرانبەر بە کورد بوە.

سمکۆ هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی لە گەڵ شۆڕشی جەنگەڵیش لە مازندران داوە، بەڵام کات دەرەتانی پێ نەداوە تا بتوانێ ئەو دوو جووڵانەوەیە لێک گرێ بدا. چونکە بزووتنەوەی گیلان لە ساڵی ١٩١٧ تا ١٩٢١ درێژەی کێشاوەو دواتر سەرکوت کراوە.

## هەڵوێستی سمکۆ لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا

سمکۆ بە وانە وەرگرتن لە ئەزموونی هەڵەیەکی پێشووتری کە لە شەڕی عوسمانییەکان لە دژی رووسەکان، هاوکاریی عوسمانییەکانی کردبووو لە ئاکامدا وێڕای زەرەرو ماڵ وێرانیو دوورخرانەوە لە لایەن رووسەکانەوە، هیچ دەسکەوتێکی نەبوو، ئەوجارە دەیزانی کە بەشداریکردنی لەو شەڕەدا سەرەڕای فتوای جیهادی عوسمانییەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆ کورد نیە. هەر بۆیە نەک هەر بەشداریی شەڕەکەی نەکرد، بەڵکوو داواشی لە خەڵک کرد کە فریوی فتوای عوسمانییەکان نەخۆن. بەو حاڵەش بەشێک لە کوردەکانی سابڵاغ بەهۆی هەستی ئایینیەوە فریوی فتوای عوسمانییەکانیان خواردو بەشداریی شەڕ لە دژی رووسیەیان کرد. وەک قازی فەتاح و ... .

لە لایەکی دیکەشەوە سمکۆ داوای لە رووسەکان کردوە کە ئەگەر پشتگیری و هاوکاریی کوردەکان بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوەیی خۆیان بکەن، ئەوکات ئامادەیە بە هەموو هێزەکەیەوە لە دژی عوسمانییەکان هاوکاری رووسیە بکا. بەڵام رووسیە ئەو داوایەی قبووڵ ناکا.

سەرەنجام سمکۆ وێڕای راگرتنی بێلایەنی لەو شەڕەدا، لەو هەلە کەڵک وەردەگرێو دەکەوێتە خۆتەیارکردن و کڕین و دەستبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنیی رووسی و ئێرانی، بە تایبەت کە ئەودەم ئێران زۆر لاوازو بێ دەسەڵات ببوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی هێزەکانی رووسیە لە ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئێران، سمکۆ چەندەی پێ کرا دەستی بە سەر چەکی سەربازیی رووسیدا گرتو بۆ خۆبەهێزکردن هەوڵی دا لە گەڵ هەموو گەورە پیاوو سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد پێوەندی بگرێو بناخەی یەکیەتیی عەشیرەتەکانو پێکەوە هاوکاریکردنیان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی دابمەزرێنێ.

## کێشەی ئاشوورییەکان

هەروەک دەزانین لە مێژساڵە، تا ئێستا پیلانێکی سەرەکیی دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان، سیاسەتی "دووبەرەکی بنێرەوەو حکوومەت بکە" بوە. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بە نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوان هۆز، عەشیرەت، ئایین و نەتەوە جیاجیاکاندا، هەوڵیان داوە لە شۆڕشە ئازادیخوازانەکانی کورد بدەن. کە نموونەی ئەو هەوڵانە لە زۆربەی شۆڕشەکانی کوردستاندا زەقو بەرچاون.

بە تایبەت لە سەردەمی سمکۆدا، جیا لە دەوڵەتانی وەک ئێرانو عوسمانی، دەبینین میسیۆنێرە رۆژئاواییەکانی نێردراوی ئینگلیسو هاوپەیمانانی لە لایەکو رووسیە لە لایەکیتر رۆڵێکی بەرچاویان لە هاندانی ئاشوورییەکان بە دژی دراوسێ موسڵمانەکان بە گشتیو کوردەکان بەتایبەتی گێڕاوە. ئەو هاندانەش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوە نەوەک دڵسۆزی بۆ ئاشوورییەکان. ئەگەرنا پێش هەبوونی ئەوان لەو ناوچانەدا، پێوەندیی نێوان ئاشوورییەکانو کوردەکان نەک هەر خراپ نەبوە بەڵکوو زۆریش باش بوە.

ئەو ئاشوورییانەی کە لە گەڵ سمکۆ کێشەیان لێ پەیدا بوە پێشتر لە کوردستانی دیوی عوسمانیدا و لە ناوچەکانی هەکاری و... دەوروبەریاندا ژیاون و لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە پیر فتوای عوسمانییەکانەوە نەچوون و لایەنگریی رووسەکانیان کردوە. لەبەر ئەوەی کە رووسەکان وادەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئاشووریيان بە ئەوان دابوو. ئەو کارەی ئەوان بیانوویەک بوو عوسمانییەکان بە هەموو شێوەیەک پاکانە حیسابیان لە گەڵ بکەن و پاش کوژرانی دەیان هەزار کەس لێیان لە دوو قۆناخی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەوانەی کە رزگاریان ببوو بە دەیان هەزار کەسەوە روویان لە ناوچەکانی شاری سەڵماس و ورمێ کرد. ئاشوورییەکان کە بە وەزعێکی زۆر شپرزەوە لە دیوی عوسمانی را هاتبوونە دیوی کوردستانی ئێران، هیچیان پێ نەبوو. هەموویان برسی و لێقەوماو بوون. چونکە ئەو سەردەمە هەم هەلومەرجی شەڕی یەکەم قات و قڕییەکی بێ وێنەی پێک هێنابوو، هەمیش ئاشوورییەکان دژوار توانیبوویان تەنیا گیانی خۆیان رزگار بکەن. هەر بۆیە لە گەڵ هاتنیانو جێگیربوونیان لە ناوچەکانی سەڵماس و ورمێ دا، دەستیان کرد بە راوو رووت و زۆرداری لە خەڵکی ناوچە بە گشتی و کوردەکان بە تایبەتی. لە لایەکی دیکەشەوە ئاشوورییەکان لە سەر بەڵێنیی رووسەکان لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لەو ناوچانەدا بون.

بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەیەکیان بە ناوی " کۆمیتەی ئازادیی ئاسووری" دامەزراندو دەستووری خۆ چەکدار کردنیان پێدرا. بە تایبەت دوای پاشەکشەی هێزەکانی رووسیە لە باکووری کوردستانی ئێران، هەرچی چەکو کەرەسەی نیزامییان بوە، بەشی زۆریان بە ئاشوورییەکان داوەو ٦٠٠٠ ئاشووریيان چەکدار کردوە. رووسیە بەم کارەی لە لایەک، لە جێگای هێزی نیزامی خۆی، هێزی چەکداری ئاشوورییەکانی لەو ناوچانە دا دامەزراند و ناوچەکانی وەک ماکۆ، خۆی، قتوور، سەڵماس، ورمێو شنۆی لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا هێشتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە وادەکەی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاشووری بەو شێوەیە بەجێ دەگەیاند.

ئەو کارەی رووسەکان و ئاشوورییەکان هەڕەشەیەکی جیددی بوو لە سەر سمکۆی شکاک، کە سەرۆکایەتیی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی دەکردو لە چەند ساڵی دوای شەهیدکرانی






جەوهەر ئاغای برا گەورەی دا توانیبووی نیمچە سەربەخۆیی‌یەک لەو ناوچانەدا وەدەست بێنێ. هەر بۆیە سمکۆ بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو دەسەڵاتو ناسنامەی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە لە دەست بدا.

لە لایەکی‌ترەوە کاربەدەستانی ئێرانیش هەم ئاگاداری وادەی ڕووسەکان و هاوکارییان لە گەڵ ئاسوورییەکان بوون‌و هەمیش لە ترسی ڕووسیە و ئینگلیس نەیاندەوێرا بۆ خۆیان کێشەی ئاشوورییەکان لە کۆڵ بکەنەوە.

هەر بۆیە بە مەبەستی ئەوەی کە هەم ئاشوورییەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوەو هەمیش بەرپرسایەتی لە کۆڵ کردنەوەی ئاشوورییەکان نەکەوێتە ملیان، داوایان سمکۆ بۆ لەبەینبردنی ئاشوورییەکان کرد. بەم شێوەیە ئێران بە تیرێک دوو ئامانجی دەپێکا. واتە هەم ئاشوورییەکانی کە دوژمنی بوون لەناو دەبردو هەمیش بەرپرسایەتی لە ناوبردنی ئاشوورییەکانی دەخستە ملی سمکۆ کە بە سەرەکی ترین دوژمنی خۆی دەزانی. بەم جۆرە هەردوو دوژمنی خۆی دەخستە گیانی یەکترو لە ئاکامدا لە بەینی دەبردن و لە مەترسیی هەردووکیان ڕزگاری دەبوو.

ئێرانییەکان بۆ ئەو مەبەستە داوایان لە سمکۆ کردوە کە ئەگەر بۆ لەبەینبردنی ئاشوورییەکان، یان کوشتنی مارشیمۆن هاوکاری ئەوان بکا، ئەوانیش لە بەرامبەردا دان بە مافی کوردەکاندا دەنێن‌و دەسەڵاتداریی سمکۆ بە فەرمی قبووڵ دەکەن.

لە لایەکی دیکەش مارشیمۆن کە ڕێبەری ئایینی ئاشوورییەکان بوە، لە بیری ئەوەدا دەبێ کە سەردانی سمکۆ بکاو پێکەوە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی دەوڵەتی ئێران بدەن‌و بە هاوکاریی یەکتر دوو دەوڵەتی ئاشووری‌و کوردی لەو ناوچانەدا دابمەزرێنن.

مارشیمۆن بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٩١٨ دا دێتە " کۆنە شار"و پاش چاوپێکەوتن و وتوویژ لە گەڵ سمکۆ لە کاتی ماڵئاوایی و سواربوون لە گالیسکەکەی‌دا دەکەوێتە بەر دەسڕێژی سمکۆو چەکدارەکانی‌و بۆ خۆی و زیاتر لە سەد کەس لە پاسەوانەکانی دەکوژرێن.

بە دوای ئەو کارەساتەدا، ئاشوورییەکان لە تۆڵەی خوێنی مارشیمۆنی ڕێبەری ئایینیی خۆیاندا تەنیا لە دوو ڕۆژدا نیزیکەی ١٠ هەزار کوردیان کوشتووە بەزەییان بە منداڵی ئێو لانکیش نەهاتووە قەڵای چەهریقیشیان کە پایتەختی سمکۆ بوە گرتووە دایکو برازایەکی سمکۆشیان کوشتوە.

شایانی باسە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوە دا، لە شەڕی ئاشوورییەکان لەگەڵ ئازەری‌و موسڵمانەکانی ناوچەکەدا کە ٥ مانگی خایاندوە دەیان هەزار کەس لە موسڵمانەکان بە دەستی ئاشوورییەکان کوژراون. بەڵام دواتر ئاشوورییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا لە بەرانبەر عوسمانییەکاندا شکست دەخۆن‌و پاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆریان، تەنیا تاق و تۆقێکیان ئەویش بە هاوکاریی ئینگلیسییەکان ڕزگاریان دەبێ.

لە ڕەوتی ئەو هەموو شەڕو کوشتنە بە کۆمەڵانەدا قات و قڕییەکی بێوێنەو نەخۆشییەکی ترسناک ڕوو لەو ناوچانە دەکاو وای لێ دێ کە مرۆڤەکان گۆشتی یەکترو گۆشتی سەگو پشیلەیان خواردووە سەگو پشیلەش گۆشتی مرۆڤەکانیان خواردوە. بەم شێوەیە هاندانی ئاشوورییەکان لە لایەن ڕووسەکان و پیلانی ئێرانییەکان بۆ کوشتنی مارشیمۆن لە لایەن سمکۆوە کارەسات و ماڵوێرانییەکی گەورەی سیاسی . مرۆڤ لێ کەوتۆتەوە.

لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە پێش کە:

ئەگەر سمکۆ لە گەڵ ئاشوورییەکان یەکی گرتبایەو مارشیمۆنی نەکوشتبا چی لێ دەهات؟ ئایا هەڵوێستی ئورووپایی‌یەکان‌و ڕووسەکان بەرامبەر بە سمکۆ دەگۆڕا؟ ڕەنگە وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە جارێ دژوار بێ. بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە دوای کوژرانی مارشیمۆن، ڕووسەکان، ئینگلیسی‌یەکان، فەرانسەویی‌یەکان‌و ئەمریکایی‌یەکان، گشتیان لە دژی سمکۆ دەکەونە هاوکاری لە گەڵ ئێرانییەکان‌و لە پێناو بەرژەوەندییەکانیاندا سمکۆ لەناو دەبەن و دەسەڵاتی لاوازو لەرزۆکی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ڕەزا شا بەرەو جێگیر بوون دەبەن.

مەبەستی ئێران لە هاندانی سمکۆ بۆ کوشتنی مارشیمۆن:

※ دایاننابوو لە دوای کوشتنی مارشیمۆن ئاشوورییەکان پەرشو بڵاو ببن، کە واشی لێ هات.

※ شەڕی نێوان ئاشووری‌و عەجەم دەبێتە شەڕی کوردو ئاشووری کە هەر واش بوو.

※ مەترسیی مارشیمۆن کە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە پشتگیریی دەکرا لە سەر خۆیان لا بەن کە ئەویش هەروا دەرچوو.

※ ئۆباڵی کوشتنەکەی بکەوێتە ملی کوردەکان‌و هاوپەیمانان دژایەتیی کوردەکان بکەن. چونکە ئێران لە ترسی هاوپەیمانان بۆخۆی هێزی ئەو کارەی نەبوو، ئەو بۆچوونەشی ڕاست دەرچوو.

هەرچەند دواتر سمکۆ بۆ خۆشی لە کوشتنی مارشیمۆن پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ: "بۆچی مارشیمۆنم کوشتو ڕەزا شام نەکوشت. بەڵام تازە شەقم لە بەختی خۆم داوەو هەرچی بێتە ڕێم هەقمە. چونکە ئەوەی نەدەبا کرابا کراوە" کە مەبەست "کوشتنی مارشیمۆن"ەو ئەوەی دەبوایە کرابایە، نەکرا، مەبەست "کوشتنی ڕەزا شا"یە.

هەوڵی کوشتنی سمکۆ لە ساڵی ١٩١٩دا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە

کاربەدەستانی ئێران، لە ورمێ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی حەیدەر عەمو ئوغلو، کاربەدەستی شۆڕشی مەشرووتە کە لە ڕێگەی دانانی بۆمبەوە کاربەدەستێکی ئێرانیی کوشتبوو،






هەوڵی دروستکردنی بۆمبێکی لەو چەشنە بە هاوکاریی شارەزایەکی ئەرمەنی دەدەن‌و بۆمبەکە لە قوتوویەکی چکۆڵەدا بە ناوی " دیاری" لە لایەن خەسووی سمکۆوە کە لە ئاواییەکی دەوروبەری شاری خۆی دادەنیشت بۆ خۆسرەوی کوڕی سمکۆ کە نەوەی خۆی بوو دەنێرنە قەڵای چەهریق. سمکۆ بە وەرگرتنی قوتووە دیارییەکە کە لە شکڵی قوتووی شیرینی دا دروست کرابوو، وەگومان دەکەوێ. بەڵام لە سەر پێداگریی خۆسرەوی کوڕی، یەکێک لە نزیکانی سمکۆ کە لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوو هەولی کردنەوەی قوتووەکە دەداو لەو کاتەدا بزیسکێک لە قوتووەکە هەڵدەستێ‌و ئیتر سمکۆ کوتوپڕ شەقێک لە قوتووەکە دەداو لە تەک خۆسرەوی کوڕی لە سەر زەوی رادەکشێن. بۆمبەکە لە چەند میتری ئەودا دەتەقێتەوەو براکەی بە ناوی عەلی خان شەهید دەبێ‌و چەند کەسی دیکەش بریندار دەبن. ئەوە پاداشی ئێرانییەکان بوو بۆ سمکۆ، کە لە پێوەندی لە گەڵ کوشتنی مارشیمۆن دا بە سمکۆیان دەدا. ئیتر بە دوای ئەو پیلانەدا سمکۆ هیچ شک و گومانێکی لە دوژمنکاریی ئێرانییەکان نامێنێ و لە لایەک بۆ تۆڵە سەندنەوەی براکانی"جەوهەر ئاغاو عەلی خان" و لە لایەکی دیکە بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کورد لە دەست ئێرانییەکان دەست بە خەبات دەکا.

## شەڕەکانی سمکۆ بۆ رزگاریی کوردستان

سمکۆ لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ سەرەتا شارەکانی سەڵماس، ورمێ و دواتر شاری خۆی دەگرێ و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبنەوە. ساڵی ١٩٢١ پەلاماری شاری سابڵاغ دەداو لە رەوتی گرتنی شارەکەدا هەوڵ دەدا عەشیرەتەکانی سابڵاغ لە گەڵی هاوکاری بکەن. بەڵام هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بە پیریەوە ناچن و تەنیا مامەشەکان هاوکاری دەکەن. بەم جۆرە شەڕەکە دەکێشێتە ناو شارو وێڕای کوشتنی ٥٠٠ کەس لە سەربازەکانی ئێران، کۆنترۆڵی شارەکە دەکەوێتە دەست هێزەکانی سمکۆ و ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە هاوکاریی سمکۆشیان نەکردبوو سزا دەدرێن.

بەم شێوەیە سمکۆ لە ماوەی ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٢٢ توانی سنووری دەسەڵاتی لە شاری خۆییەوە بگرە تا شاری بانە، پەرە پێبدا و پاشان هەوڵیدا پێوەندی بە کوردەکانی سەقز و باشووری کوردستانی ئێرانەوە بگرێ.

دوای گیرانی شاری سابڵاغ و کوژرانی ٥٠٠ چەکداری ئێرانی، هێرشی گەورەی ئێرانییەکان بۆ سەر سمکۆ دەستی پێ کردووە نزیکەی ٤٥٠٠ چەکدار بە فەرماندەیی ئەمیر ئەرشەد کە برای زرڕخام، بکوژی جەوهەر ئاغا، هەمان ئەو کەسەی کە بە بڕیاری نیزام ئەلسەڵتەنە تەقەی لە جەوهەر ئاغا کردبوو، پەلاماری سمکۆ دەدەن کە لە شوێنێکدا بە ناوی شەکەریازی نزیک شاری سەڵماس لە لایەن هێزەکانی سمکۆوە تێک دەشکێنرێن و سەرکردەکەیان دەکوژرێ و بەم شێوەیە سمکۆ تۆڵەی براکەی دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢ دا هێزێکی چریکیی ٤ تا ٥ هەزار کەسی بە فەرماندەیی خاڵۆ قوربان کە کوردی کرماشان بوو، هێرش دەکەنە سەر سمکۆ، خاڵۆ قوربان لە کاتی خۆیدا هاوکاری شۆڕشی جەنگەڵی کردبووە بەڵام دوای دووبەرەکیی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی جەنگەڵ، سەری براوی میرزا کوچک خانی بۆ رەزا خان بردبوو، رەزا شا لە پاداشی ئەو کارەیدا دەرەجەو پلەی بەرزی پێ دابوو.

خاڵۆ قوربان ئەو جارەش وادەی لەناوبردنی سمکۆی بە رەزا شا دابوو، بەم جۆرە هێرشی خاڵۆ قوربان لە رێگای سابڵاغ و میاندواو را بۆ سەر سمکۆ دەستی پێکرد. بەڵام بە هۆی وشیاری و هاوکاریی عەشیرەتەکانی وەک هەرکییەکان، برادۆستییەکان، مامەشەکان، مەنگوڕەکان و زەرزاکان و....، هێرشی هێزەکانی خاڵۆ قوربان لە " داشا مەجید"ی مەهاباد تێک و پێک دراو خاڵۆ قوربانیش کە لە کێوی "خەزایی" بوە، پەلاماریی دراوەو بەرەو " ئیندرقاش" هەڵاتوەو لەوێ کوژراوە و پاشماوەی هێزەکانیشی بە شپرزەیی بەرەو تەورێز پاشەکشەیان کردوە.

## ساڵی ١٩٢٢ ، شەڕی گۆڵمە خانەو شکاندنی هێرشی ئەسەد ئاقا خان لە لایەن سمکۆوە

گیرانی گوڵمەخانەو دەست بە سەر داگرتنی ئەنباری تەقەمەنی و خۆراکی هێزە دەریایی‌و زەمینییەکانی ئێران و سەرلەنوێ رزگارکردنی شاری ورمێ لە دەست لەشکری ئێران لە لایەن سمکۆوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوەو ئەو سەرکەوتنە بوە هۆی چوونە سەری رێزو خۆشەویستی و متمانەی لە ڕادەبەدەری سمکۆ لە نێو خەڵکدا.

دیارە لە ساڵی ١٩٢٢ و دواتریش لە سەریەک کەم رۆژ هەبوە کە لە نێوان هێزەکانی سمکۆ لە لایەکو هێزەکانی ئێران بە هاوکاریی ئینگلیس و ئەرمەنییەکان لە لایەکی دیکەوە شەڕو پێکداداان روونەدا. بەڵام شەڕی هەرە گەورە کە ئەویش هەر لە ساڵی ١٩٢٢ دا روویدا، شەڕی گرتنی قەڵای چەهریق بوە. پاش ئەو هەموو تێکشکانانەی هێزەکانی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٢١ تا ١٩٢٢ دا کە رەزا خان سەرداری سپا بوو، ئەو جارە چەندین ژنراڵ‌و سەرلەشکر و سەرتیپ و ... هێزێکی ١٥٠٠٠ کەسییان لە سوارەو پیادە و هێزی دەریاوانی، لە چەندین شوێنەوە هەم لە بەرەی ورمێ و هەم لە بەرەی سەڵماس بە سەرۆکایەتیی ژنراڵ جهانبانی، پەلاماری سمکۆیان دا. پاش چەند رۆژ شەڕو پێکداداان کە شەڕی دەستەو یەخەشی تێدا بوو هەروەها بە هۆی ئاگری توندی تۆپەکان، هێزەکانی سمکۆ تووشی شکان دەبن و کۆتایی بە دەسەڵاتی چوار ساڵەی سمکۆ لە شارەکانی ورمێ و سەڵماس دێ. دواتر قەڵای چەهریق دەگیرێ و بەو بۆنەوە سوپای ئێران لە سەراسەری وڵات دا شایی دەگێرێ.

لە پێوەندی لە گەڵ چەهریق دا کە پێتەختی سمکۆ بوە، پێویستە بزانین کە لە باری مێژوویی‌یەوە لە سەردەمی ساسانیەکاندا ئەو شوێنە شارۆچکەیەک بوەو پێی وتراوە " شەهرەک" دواتر ناوی گۆڕاوە بە " چەهرەک" و ئەمجار بۆتە چەهریق یان " چاری" ئەو شوێنە لە کۆنەوە جێگای دانیشتنی چەندین شازادەو پێکەوەژیانی کوردو مەسیحییەکان بوە. ئێستاش چەندین ئاسەواری مێژوویی تێدا هەن و ساڵانە لە شارە دوورەکانەوە سەردانی دەکرێ. جیا لەوەش لە باری هەڵکەوتەوە شوێنێکی زۆر دژوار بوە کە بە رازە بەرد دەورە دراوەو چۆمێکی پێدا تێ دەپەڕێ‌وچەندین قەڵای قایمی هەبوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا بەرلە شەهیدبوونی سمکۆ بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە چەهریقی داوەو بە تەواوی






ڕوخاندوویەتی دواتر لە دەشتاییەک دا چێ کراوەتەوە.

بە دوای شکانی سمکۆ هێزەکانی دەوڵەت وەدوای دەکەون و لە چەندین شوێنی ناوچەی شپیرانی سەڵماس وەک بەرێ دێ "ساری تاش" و کەلەڕەش لە گەڵی دەرگیردەبن و سەرەنجام بە هۆی هاوکاریی تورکەکان لە گەڵ ئێرانییەکان، سمکۆ ناچاردەبێ وڵات بەجێ بێڵێ و پەنا بۆ تورکیە ببا. بەڵام لە لایەن تورکەکانەوە دەست بە سەر هەموو چەکو تەقەمەنیی سمکۆدا دەگیرێ. ئەو کاتە لە نێوان ڕەزا خان و مستەفا کەمال ئاتا تورک دا ڕێکەوتن کراوە کە پێکەوە شۆڕشی کوردەکان لەناوبەرن.

پاش ئەو بەسەرهاتە لە ساڵی ١٩٢٣ دا سمکۆ دەیەوێ لە تورکیەوە بۆ لای شێخ مەحموود لە دیوی عێراق بچێ کە ئەو کاتە لە شۆڕش دا بوە. لە ڕێگای هاتنیدا لە شوێنێک بە ناوی گەلی دێریان دەکەوێتە بۆسەی تورکەکان و ژنەکەی بە ناوی جەواهێر و چەند کەس لە پارێزەرانی دەکوژرێن و، جیا لەوەش دەستبەسەر سەروەت و سامانێکی زۆریدا دەگیرێ و بۆ خۆی و چەند سوارێکی ڕزگاریان دەبێ و دەگەنە "بەحرکە"ی نزیک هەولێر. ئەو ماوەیەی کە سمکۆ لە بەحرکە بوو زۆری هەوڵ داوە بە هاوکاریی سەید تەها بەڵکوو بتوانێ پێوەندی و هاوکاری لە گەڵ ئینگلیسییەکان دابمەزرێنێ. بەڵام سەرناکەوێ. هەروەها پاش پێوەندیکردن بە شێخ مەحموودەوە . کە لە سلێمانیە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە . ماوەیەک لای شێخ مەحمود بووە زۆری هەوڵ داوە کە تا شێخ مەحمود لە گەڵ ئینگلیسییەکان بە ڕێکەوتن بگەن، بەڵام سوودی نەبوە.

ساڵی١٩٢٤ کە بەرەبەرە نێوانی شێخ مەحموود لە گەڵ ئینگلیسییەکان تێک دەچێ، سمکۆ سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە تورکیەو پاش ساڵێک بە نهێنی مانەوە، لە گەڵ ڕەزا شا پێوەندی دەگرێ و داوای ئەوە دەکا کە ئەگەر بهێڵن لە سەر ملک و ماڵی خۆی دانیشێ، ئیتر سەر بۆ شا دادەنوێنێ. ڕەزا شا داواکاریی سمکۆ قبووڵ دەکاو سمکۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە دیوی ئێران. هەر لەو ساڵەدا ڕەزا شا سەردانی سمکۆ دەکا. لە گەڵ هاتنی ڕەزا شا، سمکۆ بە خۆی و ٥٠٠ سواری چەکداری شکاکەوە پێشوازی لە ڕەزا شا دەکا. شا بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر دەترسێ، بەڵام تازە فایدەی نەبوو. هەر بۆیە کەوتە بیری ئەوە کە چۆن خۆی لەو مەترسییە دەربازبکا. تەدبیرەکە ئەوە بوو کە ئەو شەوە نەفەرێکی نزیکی خۆی ڕاسپاردوە کە لە گەڵ سمکۆ یاری تەختە بکەن و لە سەر یەک بە سمکۆ بدۆڕێنن تاکوو هەم سمکۆ سەرگەرم بکەن و هەمیش تووڕەی نەکەن تا خۆیان ڕزگار بکەن. بەم شێوەیە ڕەزا شا لە گەڵ هاتنی بەرەبەیانی، خۆی ڕزگار دەکاو سمکۆش هەلێکی زێرینی لە کیس دەچێ و دوایە بۆ خۆشی گوتوویەتی کە چۆن شەقم لە بەختی خۆم دا و، ڕەزا شام نەکوشت، ئیدی چی بە سەرم بێ هەقی خۆمە. پاش ساڵێک لەو سەردانە واتە ١٩٢٦ سمکۆ سەرلەنوێ پەلاماری شاری سەڵماس و دەوروبەری دەدا، بەڵام سەرناکەوێ و دیسان ناچاردەبێ بۆ دیوی تورکیە پەنا ببا و لەوێ دەگیرێ و ڕەوانەی عێراق دەکرێ.

ساڵی ١٩٢٧ جارێکی دیکە لە عێراقەوە دەگەڕێتەوە دیوی تورکیە و پاش ساڵێک واتە ١٩٢٨ جارێکیتر دەگەڕێتەوە عێراق ئەو کاتە ڕەزا شا داوای لە دەوڵەتی عێراق کردبوو، کە سمکۆ تەحویل بدەن.بەم شێوەیە سمکۆ بە ڕەوشێکی زۆر شپرزەوە بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە سنوورەکاندا ژیانی بەسەربردووەو سەرەنجام لە سەر وادەی ئێرانییەکانو بە هۆی ئەو بوومەلەرزەیەی کە لە چەهریقی دابوو، سمکۆ دەگەڕێتەوە دیوی ئێران بۆ وتووێژ کە وادەی بەرپرسایەتییان پێ دابوو. ئەویش وەک جەوهەر ئاغای برای فریوی عەجەمەکان دەخواو دەکەوێتە داوی ئێرانییەکان و لە ڕێکەوتی ٢١ ی ژووئەنی ١٩٣٠ دا بۆ خۆی و خورشید ئاغای هەرکی، شەهید دەبن و خۆسرەوی کوڕیشی بە برینداری بۆ تورکیە پەنا دەبا. بەم شێوەیە سمکۆ پاش ٢٠ ساڵ خەبات لە دژی دەسەڵاتی قاجاڕەکان و ڕەزا شای پەهلەوی، شەهیدبوو. تەرمی سمکۆ چەندین ڕۆژ بە شارەکاندا گێڕدراوە تا خەڵکی پێ چاوترسێن بکرێ.

**کۆتایی:**

لە یادکردنەوەی شەهیدبوونی سمکۆی شکاک دا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و وەفاداری بەرامبەر بە گیانی نەمری ئەو شەهیدەو هەموو شەهیدانی ڕێبازی سەربەستیی نەتەوەکەمان کە بە خەباتی خۆیان سەروەرییەکی هەتا هەتایی‌یان بۆ نەتەوەکەیان تۆمارکردوە، دڵنیایان دەکەین کە ئاڵای خەباتیان تا سەرکەوتن شەکاوە دەبێ‌و ئاواتە خوازین لە داهاتوویەکی نزیک دا داری خەباتی سمکۆ، قازی محەممەد، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەربداو ئەو کاتە پەیکەری هەر کام لەو شەهیدانە لەو شوێنانەی کە ئەو شەهیدانە ساڵەها لە پێناو پاراستنی ناسنامەی کوردستان بوونیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خەباتیان بۆ کردوە، ساز بکرێ‌و مەزاری ئەو سەرکردە قارەمانانە ببێتە زیارەتگای ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەستیی کوردو کوردستان.

بەو هیوایە

* بۆ ئامادە کردن و نووسینی ئەو بابەتە لەم سەرچاوانە کەڵک وەرگیراوە:
* شۆڕشی سمکۆی شکاک ، نووسینی محەممەد ڕەسووڵ هاوار
* تاریخ معاصر ایران و تاریخ هجده سالە آذربایجان
* تاریخچە جنبش های ملی کرد، نووسینی : د. صادق شرفکندی ( سعید بدل)

وتووێژە لە گەڵ چەندین کەسایەتیی شارەزا لە شۆڕشی سمکۆ

٢٩ی جۆزەردانی ١٣٨٦

کوردستان میدیا






# باوکی ناسیونالیزمی کورد, سەردار سمکۆ شکاک

نووسینی: ڕۆژی کورد

ئەم تێکۆشەرە گەورەیەی کورد کە لە مێژوودا بە (سمکۆ) ناسراوە ناوی ئیسماعیلی کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلیخانی کوڕی ئیسماعیل ئاغای شکاکە و بنەماڵەکەیان لەدێر زەمانەوە گەورەو دەسەڵاتداری خێڵی شکاک بوون.



رستەیەکی زۆر پر مانای هەیە کە لەسەرمانە وەک میراتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەخوازیی کورد بیپارێزین.

لە درێژەی نامەیەکدا کە بۆ زەفەرولدەولە نووسیویەتی و باسی سەربەخۆیی وڵاتانی زۆر بچووکتر لە کوردی کردوە، دەڵێ: " ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران بستێنێت، مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە".

سمکۆ ساڵی ١٨٧٥ ی زایینی لەدایک بووە و پاش مردنی باوکی و جەعفەر ئاغای برای،سەرکردایەتی خێڵەکەی خۆی گرتۆتە دەست و لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتۆتە کۆڕی خەبات و کوردایەتییەوە.

هەرچەندە لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ لەهیچ چالاکییەکی سیاسی بەشدارینەکرد بوو، بەڵام هێزەکانی روسیا گرتیان و دووریان خستەوە بۆ شاری(تفلیس) و دواتر ئازادیان کردبەو مەرجەی لەشاری(خۆی) دابنیشێو هیچ هەڵوێستێک دژیرووسەکان نەنوێنێت. کە جەنگی یەکەم کۆتایی هات سمایل خانی شکاک وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لە پێناو دامەزراندنی دەولەتێکی کوردیدا، ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستە ژێرکۆنترۆڵی خۆیەوە، ساڵی ١٩٢١ لەئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی حکومەتی ئێراندا سمکۆ ناچار بوو پاشەکشێ بکات و پەنا بەرێتە بەر تورکیا.

ساڵی١٩٢٤بەبڕیارێکی لێبوردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکیتر شۆڕشیبەرپاکردەوە. بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەیتێک شکاو ماوەیەک لەتورکیادا بەدەست بەسەریمایەوە. پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٣٠ بەپیلانێکی کاربەدەستانی ئەوسای ئێران لەشاری شنۆ شەهید کرا، بەمەش شۆڕشەکەی سمایل ئاغای شکاک کۆتایی هات کە یانزە ساڵ درێژەی کێشا.

رەنگە هیچ سەرکردەیەکی کورد، هێندەی سمکۆی شکاک، نەکەوتبێتە بەر رق و کینەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە. لەنووسراوەکانی هەموویاندا، گەلێک وشەی دزێو و نامرۆڤانەیان لەدژی بەکارهێناوە و بە چەتە و بکوژ و خوێنرێژ و درندە نێویان بردووە. هۆی ئەوەش ئاشکرایە. سمکۆ، شکستی سەربازیی زۆر گەورەی بە دەیان ژنەراڵی ئێرانی و ئەوروپایی هێنا، بەچەشنێ کە بە پەلەپڕووزە و سەرشۆڕییەوە لەبەری هەڵدەهاتن، یان لاشەیان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێدەمان. ئەو ئەفسەرانەی کە لە خوێندنگە و زانستگەی سەربازیی مۆدێرنی ئەو سەردەمەدا پێگەیشتبوون،یەک بە یەکیان لەبەرامبەر ئازایەتیی هێزی کورد و، شارەزایی جەنگی و دلێری سمکۆی سەرکردەدا بە چۆکدا دەهاتن. هەروەها سمکۆ، رێبازێکی رۆشنی لەبەردەم خەباتەکەیدا گرتبووەبەر و، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەدا و، خوێنی رۆڵەی کوردی بە فیرۆ نەدەدا بۆ پاراستنی سنووری نگریسی داگیرکەران و، پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و بنەماڵەکەی و، وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسی، کە داگیرکەران پێی ببەخشن. ئاوات و ئامانجی سمکۆ، رزگارکردنی کورد بوو لە کۆیلەیەتی و بندەستی و، دامەزراندنی کیانێکی کوردی لەسەرتاسەری خاکی نیشتمانەکەی، ئەوەشلەلایەک مایەی دڵخۆشی و پشتیوانیی گەلی کورد بوو لە سمکۆ، لەلایەکی دیکەوە، ترس و پەژارەی خستبووە دڵی هەموو داگیرکەران و هەموو دەوڵەتەکانی گەورەی ئەو سەردەمە -وەک رووس و بەریتانیا، کە لەئێران و لەناوچەکەدا شوێن بەرژەوەندی و سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان کەوتبوون.

سمکۆ لە گەرمەی سەرکەوتنەکانیدا، نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان، بەنێوی زەفەرولدەولە دەنووسێ و، تێیدا دەڵێت:

"ئێوە ببینن، نەتەوەکانی بچووکی جیهان کە ژمارەیان لە نەتەوەی کورد زۆر کەمترە، چلۆن توانییان مافی خۆیان لە وڵاتانی گەورەی وەکئەڵمان بستێنن و، بە سەربەخۆیی بگەن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران بستێنێت، مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە*".

دیارە سمکۆ بە پیلانی دوژمنانی کورد و نەیارانی، شەهید کرا، بەڵام نەریتی سەربەخۆییخوازی و دەوڵەتخوازیی ئەم سەرکردەیە لە پاش سەدەیەک هەر بۆ کورد تازەیە و خوێنی بۆ دەدەین.

*لە دەقی نامەیەک کە سمکۆی شکاک بۆ زەفەرودەوڵە کە فەرماندەی هێزەکانی ئێران بوو لە ئازەربایجان، نوسیەتی.






## نەوەی سمکۆی شکاک بۆ خەبات: مانەوەی ئەم ئازادی و دیموکراتیەی هەرێمی کوردستان شتێکی زۆر مەزنە

گفتوگۆ - ڕەوا دڵشاد

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستاندا بخشێنین، دەبینین شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و بەرگری کردن لە خاک بەردەوامی هەبووە، لەو پێناوەشدا خەڵک و سەرکردەو شۆڕشگێڕەکان خوێنیان بەخشیوەو ئاوارەو دەربەدەر بوون، شۆڕشی سمکۆی شکاک لە سەرەتای سەدەی بیستەم، یەکێکە لەو شۆڕشە گەورانە، کە دوای شکست سمکۆی شکاک بە پیلان شەهید کراوەو بنەماڵەکەشیان لێکدابڕاون و ئاوارەو دەربەدەر بوون. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو شۆڕشەو پەیوەندی و کاریگەرییەکانی و ڕووداوی شەهیدکردنی سمکۆی شکاک، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ بەڕێز عەلی تاهیرخان شکاک کە نەوەی سمکۆی شکاکە سازکردووە



* سەرەتای سەدەی بیستەم سمکۆی شکاک سەرکردەیەکی دیاری کوردستان بوو، ئێوە وەکو بنەماڵەی ئەو سەرکردەیە چۆن سەیری ئەو قۆناغەی کورد دەکەن؟

* سمکۆ دوای براکەی دەستی بە شۆڕش کرد، جەعفەر ئاغای برای سمکۆ، لە ساڵی ١٩٠٥ بەناوی گفتوگۆو دانیشتن بە خیانەت کوشتیان، دوای ئەو ڕووداوە، سمکۆ لە تەمەنی 19 ساڵی چووە شوێنی جەعفەر ئاغای برای و، لە ١٩٠٧ دەستی بە شۆڕش کرد، ئەو کاتەی شۆڕشی سمکۆ دەستی پێکرد، قۆناغەکە بۆ کورد ناسک بوو، چونکە شەڕی یەکەمی جیهان بوو و مەسەلەی ناسیۆنالیستی تورک بەهێزبوو، حکوومەتی عوسمانی بواری شۆڕشی نەدەدا، دواتر ڕووس هاتە کوردستانی ئێران، چەند سەرهەڵدانێک لە هەرسێ پارچەی کوردستان دەستی پێکرد، سمکۆ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ بوو، باب و باپیرانی شۆڕشیان کردبوو، بە درێژایی ماوەیەکی زۆر لێنەگەڕابوون دوژمن بێتە کوردستان، سمکۆ توانی لەگەڵ سەردەم بڕوات و شۆڕش بکات، دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی کوردستان ب ناخۆش بوو، سمکۆ توانی سیاسەتێکی نەرم و پێشکەوتوو بکات، بەم شێوەیە سمکۆ لە ١٩٠٧ دەستی بە شۆڕش کرد تا لە ١٩٣٠ شەهید بوو

* پەیوەندییەکانی سمکۆی شکاک لەگەڵ سەرکردەو شۆڕشی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن بوو؟

* من ئەوە وەکو ئەوە دەڵێم کە لە مێژوو خوێندوومەتەوە، نەک وەک کەسێکی بنەماڵە، تەنانەت من لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەس لەوانەی کە لەگەڵ سمکۆ پێشمەرگە بوونەو لێی نزیک بوونە من پەیوەندیم لەگەڵیان هەبووە، چەند لاپەڕەیەکیشم نووسی بەڵام چاپ نەبوو، سمکۆ یەکەمین رابەر بووە کە توانیویەتی شۆڕشی بەربڵاو لە هەرسێ پارچەی کوردستان بکات، لەگەڵ هەموو سەرهەڵدانەکانی کوردستانی تورکیا پەیوەندی هەبووە، لەگەڵ بەدرخانیەکان و لەگەڵ عەشیرەتی حەسەنا و جبرا کە سەرهەڵدانیان کرد، دواتر شکستیان خوارد، سمکۆ هاوکاری کردوون و لەسەر ئەو شۆڕشانە چەندین جار سمکۆ شەڕی تورکی کردووە تەنانەت ژنەکەی لەو شەڕانەدا شەهید بووە، سمکۆ هەمیشە پشتیوانی لە شۆڕشەکانی کوردستانی تورکیا کردووە، لە درێژەی ئەو شەڕانەی لەگەڵ تورکیا کردووە کوڕێکی بەناوی خەسرەو کە مامی من بووە گیراوە، لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی و دواتر لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحمود پەیوەندیی هەبوو، لەگەڵ شۆڕشی ئێرانیەکانیش بۆ نموونە لەگەڵ شۆڕشی جەنگەڵ پەیوەندیی هەبووە، لەگەڵ ئازادیخوازانی تەبرێزی و ئەوانی تر، سمکۆ پەیوەندیی لەگەڵ هەموو ئەوشۆڕشانە هەبوو، تەنانەت لەگەڵ وڵاتانیش پەیوەندی هەبوو، بۆ نموونە لەگەڵ ڕووسیا پەیوەندی باش هەبوو، ئەو خۆی شەش مانگ لە ڕووسیا بووە چونکە تەرحیل کرابوو، یەک دووجاریش لەلایەن ڕووسەکانەوە داوەت کراوە، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا زۆر بەهێزبوو، بەڵام جێگای داخ بوو، ڕووسیا هەمووجار بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێرانی و تورکەکان کوردی دەفرۆشت، لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشیانە سمکۆ هەوڵی زۆری داوە، ڕووسیشی چاک زانیووە، لەگەڵ ئازەربایجان پەیوەندی هەبووە و لەو نێوەدا شەڕو هەندێ جار پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا هەبووە، دواتر لەگەڵ ئینگلیزەکانیش پەیوەندیی هەبووە، کە ئەوکات لە کوردستانی عێراق بوون، لە ڕێگای سەید تەهای شەمزینی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە کردووە، تەنانەت جارێکیان سمکۆ هاتۆتە کوردستانی عێراق و لە گوندی بەحرکەی گەردییەکان دانیشتووەو پەیوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە هەبووە، ئینگلیزەکان بەڵێنیان پێداوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک لە ناوچەکەدا، بەڵام جێگەی داخە کە ئینگلیزەکان لەبەر بەرژەوەندەی خۆیان لەگەڵ ئێران، ئەو بەڵێنانەی بە سمکۆیان دابوو جێبەجێیان نەکرد

* سمکۆی شکاک هەر بەوە نەوەستاوە هێزی چەکدار کۆبکاتەوە، بەڵکو هەوڵی داوە ڕۆشنبیرانیش کۆبکاتەوە، بۆ نموونە عەبدولڕەزاق بەدرخان، سمکۆی شکاک تا چەند توانیویەتی لەمەدا ئامانج بپێکێ؟






※ زەمانەکە زەمانی چەکداری و شەڕی یەکەمی جیهانی بووە، هێزی چەکداری لە ناوچەکەدا شتێکی گرنگ بوو کە سمکۆ هەوڵی بۆ داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری ڕۆشنبیری هەوڵی زۆری داوە، بۆ نموونە عەبدولرەزاق بەدرخان کە لێرەدا هەندێ بە درێژی باسی مێژووی ئەو کەسە دەکەم. عبدولرەزاق بەردخان و مەمەداغای باوکی سمکۆ هەردووکیان چوونەتە ئەستەنبۆڵ و پەیوەندییان بە عوسمانیەکانەوە هەبووە، کە بۆ مەسەلەی خود موختاری کورد چوونەتە ئەستەنبۆڵ، واتە لەو سەفەرەدا ئەو دووەو چەند کەسێکی تر دەبن، دوای ئەوەی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەنبۆڵ یاداشتێک دەدەنە حکوومەتی عوسمانی، مەمەداغای باوکی سمکۆ دەگیرێ و دواتر لە سێدارە دەدرێ. واتە پەیوەندی سمکۆ لەگەڵ عەبدولرەزاق بەدرخان بۆ سەردەمی مەمەداغای باوکی سمکۆ دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی باوکی سمکۆ لە سێدارە دەدرێ عەبدولرەزاق بەدرخان روو لە ئێران دەکات، بۆیە عەبدولرەزاق بەدرخان لە خوی بە هاوکاری سمکۆ ڕۆژنامەی کوردی دەرکرد، دواتر سمکۆ ڕۆژنامەیەکی دیکەی بەناوی ڕۆژی کورد لە ورمێ دەرکردووە کە تورجانی زادە سەرنووسەری بوو، کە هەواڵی ڕۆژو مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شتی تریان بڵاودەکردەوە، دوایی رووسیا لەسەرداخوازی تورکیا و ئێران ڕۆژنامەکانی داخستووە، واتە سمکۆ دوو ڕۆژنامەی دەرکردووە، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دی سمکۆ لەگەڵ عەبدولرەزاق بەدرخان قوتابخانەیان کردەوە، کە شەوانە و ڕۆژانە بوو، بە تیپی لاتینی لەو سەردەمە دەخوێندرا و مامۆستاکانیش کوردی رووسیا بوون، شەوان قوتابیەکان فێری زمانی رووسی و بە ڕۆژیش زمانی کوردی بە پیتی لاتینی دەکران. سمکۆ هەردوو ڕۆژنامە و قوتابخانەی لەسەر خەرجی ئەو زەکاتەی لە ناوچەکە کۆدەکرایەوەو دەدرایە مزگەوت بەڕێوە دەبرد، ئەمە شتێکی گرنگ بوو، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەبوو عەبدولرەزاق و سمکۆ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند، سمکۆ توانی تەواوی عەشایرو ناوچەکە و خەڵکی هەرسێ پارچە لەو کۆمەڵەیەدا کۆبکاتەوە ئەمەش ڕێکخراوێک بوو کە لەو سەردەمدا هەوڵێکی تازە بوو لە کوردستان بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر، هەموو هەواڵ و دەنگ و باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە باشی دەگەیشتە خەڵک، زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان، ئەوەی کە لەژێر دەستی سمکۆبوو، واتە لە چەمی ئاراس تا دەگاتە شنۆ، بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان سەدا پەنجای خاکی کوردستانی ئێران لە ژێر دەستی سمکۆبووە، زۆربەی ئەو دێهاتانە خەتی بێسیمیان هەبوو و هەموو زانیارییان بە باش دەستکەوتووە، مەرکەزی هەموو بێسیمەکان لە قەڵای چاری بووە ئەو شوێنە سمکۆ خۆی لێی بووە.

※ لە ڕۆژی ٢١ی جوونی ١٩٣٠ی زایینی ئەو سەرکردەیەی کورد بە پیلانێکی شای ئێران شەهید کرا، ئێوە وەکو بنەماڵەی سمکۆی شکاک چ زانیارییەک لەو بارەیەوە پێشکەشی خوێنەر دەکەن؟

※ جێگای داخە کە ژمارەیەکی زۆر کورد بە خیانەت کوژراون، حکوومەتی ئێران گەلەکۆمەکیەکی لە سمکۆ کرد، سەرەتا زۆربەی عەشیرەتی شکاک و ئەوانی تر بەلای خۆیدا خست، بەمەش هەڵمەتێکی گەورە بەرامبەر سمکۆ کرا، هەم لە لایەن عەشیرەتەوە هەم لەلایەن حکوومەتەوە، سمکۆ خۆیی و عەشیرەتی عەبدۆیی بە تەنها دەمێنێتەوە، دواتر شەڕی گەلێک قورس لە ناوچەی ماکۆ تا کوردستانی عێراق روویدا و زەرەرێکی گەورە بەهێزی حکوومەت کەوت، سمکۆش شکستی خوارد بەرەو کوردستانی عێراق هات، مێژوو زۆرشت دەڵێ، بەڵام ئەوەی من دەیڵێم، لەسەر زاری ئەوانەیە کە لەگەڵ سمکۆ بوونە، ڕەنگە ئێستاش یەک دووێکیان مابن،سمکۆ دێتە کوردستانی عێراق دێتە بارزان، لای جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزان دەمێنێتەوە، لە گوندێک دەبن بەناوی پێندرۆ کە من نەمدیتوە، بەڵام دەڵێن گوندەکە پێندرۆ بووە، ئەگەر لەوەدا هەڵەبم داوای لێبوردن دەکەم، کە سمکۆ دەگاتە ئەوێ، جەنابی شێخ ئەحمەد پارێزگارییەکی زۆری لێ دەکات، چونکە ئێران لەگەڵ حکوومەتی عێراق و ئینگلیز کە ئەوکات لە عێراق بوون، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ گرێ دەدات، بۆ ئەوەی سمکۆ تەسلیمی ئێران بکەنەوە، هەرچەندە سمکۆ ژمارەیەکی زۆر چەکداری لەگەڵ بوو، بەڵام جەنابی شێخ ئەحمەد پارێزگارییەکی باشی لێکردووە، دوای ماوەیەک سمکۆ سەیر دەکات و بیر دەکاتەوە کە سەدا پەنجای خاکی کوردستانی ئێرانی لەژێر دەستدا بوو لە دەستی داوەو شکستی خواردووە، بێزار دەبێت، لەو کاتەشدا حکوومەتی ئێران بە دەرفەتی دەزانێت و پەیوەندی بە سمکۆوە دەکات، کە گفتوگۆی لەگەڵ بکات و پێبپرادەگەیەنن ئێران هەندێ لە داواکارییەکانی قبوڵ دەکات، سمکۆش دەڵێ ئەو هەوڵەش دەدەم و پێم باشترە لەوەی بەو شێوەیە بمێنمەوە، لەو ماوە سمکۆ پەیوەندی بە جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزان دەکات و ڕای وەردەگرێت، لە ڕاستیدا ڕای جەنابی شێخ ئەحمەد ئەوە بووە کە بۆ ئەو دانیشتنە لەگەڵ ئێران نەچێت و پێی دەڵێ: باوەڕیان پێ مەکەو ئەگەر بە قورئانیش سوێندیان خوارد باوەڕیان پێ مەکە. دواتر سمکۆ دەچێت و دەڵێ یا مردن یا ژین، تاکەی شەڕ بەردەوام بێت، با لەگەڵ دوژمنیش دابنیشم، سمکۆ کە دەچێتە شنۆ خێزان و ماڵ و منداڵی لە کوردستانی عێراق دەمێننەوە، سمکۆ سەد کەسێکی لەگەڵ دەبن، بەڵام دەکەوێتە داوی پیلانی دوژمن و خیانەتی لێ دەکەن و شەهیدی دەکەن، لەو پیلانەدا بێجگە لە سمکۆ سی کەس شەهید بوون خورشید ئاغای هەرکیش یەکێک بوو لەو شەهیدانەو فەتاح ئاغای هەرکی و ژمارەیەکی دی بریندار دەبن، عەشیرەتی گەردی و خۆشناو و زۆر عەشیرەتی دیکەش هەبوون کە هاوکاری سمکۆیان کردووە، داوای لێبوردن دەکەم کە ناوەکانم لەبیر نییە. شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە لەبیرم چوو ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کاتێ سمکۆ بەرەو شنۆ دەچێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی شای ئێران، بە قسەی ئەوانەی ئاگاداربوون دەیگێڕنەوە، خەبەرێک بە جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزان دەگات کە ئەوە سەداسەد پیلانە، جەنابی شێخ ئەحمەد چەند کەسێک بەدوای سمکۆدا دەنێرێ، کە پێی بڵێن بە هیچ شێوەیەک نەڕوات و لەگەڵیان دانەنیشێ، بەڵام سمکۆ لە دێیەکی سەر سنوور بووەو دەڕوات، نێردراوەکانی جەنابی شێخ ئەحمەد پێراناگەن، دواتر بە دوایدا دەچن و یەکێکی بارزانیش لەو پیلانگێڕییەدا لەگەڵ سمکۆ شەهید دەبێت، بەم شێوەیە شۆڕشی سمکۆی شکاک تێکچوو و خۆیشی تیاچوو و خێزان و ماڵ و منداڵیشی لە کوردستانی عێراق مانەوە .






**※ دوای تیرۆرکردنی سمکۆی شکاک، بنەماڵەکەتان کەوتە چ دۆخێکی نا لەبار؟**

※ وەک پێشتریش باسم کرد، کە سمکۆ شەهید بوو، بنەماڵەی ئێمە بەتەواوی لە کوردستانی عێراق بوو، سمکۆ لەو هەموو ناوچەیەی لە ژێر دەستی دابوو، تەنیا یەک گوندی هەبوو کە خۆی تیایدا بوو بەناوی (قەڵای چاری) ئەویش سەنەد(تاپۆ)ی نەبوو، ئەو بنەماڵەیە خراپی بەسەر هات، هیچ جێگایان لە کوردستانی ئێران نەبوو، دوو لە ژنەکانی سمکۆ کە خەڵکی کوردستانی تورکیا بوون، بە تەواوی منداڵەکانیان بەرەو ئەوێ ڕۆیشتن، ژنێکیشی کە زێباری بوو لێرە مایەوە، باوکی من ئەوکات زۆر بچووک بووە کەوتۆتە دەست خەڵک، جەماعەتێک بۆخۆیان بردووەو بەخێویان کردووە تا گەورە بووە، خوشکەکەی لێرە مایەوە. مامێکی من کە ئێستا ماوە، دایکی عەجەم بوو لە بنەماڵەیەکی ئەفشار، خەڵکی ورمێ لە بنەمالەیەکی مەزنی ئازەری، ئەو مامەم کە بچووک بووە، لەگەڵ دایکی چۆتە ورمێ. مامی گەورەم خەسرەو کە جارێکی تریش تورک گرتبوویان، کاتێ سمکۆ شەهید دەبێ دوازدە ساڵی بووەو لەگەڵی بووە، تورکێک لەگەڵ خۆی دەیبات و دەینێرێتە قوتابخانەو بۆتە ئەفسەرو دواتر دەبێتە مامۆستای قوتابخانە، دوای پەنجا ساڵ باوکی من و ئەو یەکتریان دیت، پاش شەهید کردنی سمکۆی شکاک بنەماڵە پەرت و بڵاو بوون باوکی من و خوشکەکەی دوای پەنجاو پێنج ساڵ لێکدابڕان چاویان بە یەکتری کەوتەوە، واتە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و هاتنی ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردستانی ئێران لەوکاتەوە دەرفەت دروست بوو باوکم و خوشکی بۆ یەکەم جار یەکتریان دیت، چونکە یەکتریان نەدیتبوو. بنەماڵەی سمکۆ تێکچوو، نە جێگەو ڕێگەو نە باری ئابوورییان باش بوو، دوای سمکۆ هیچ نەما، چونکە ئامانجی ئەو موڵک و ماڵ نەبوو، ئامانجی گەورەتری هەبوو.

**※ لە شۆڕشی سمکۆی شکاکدا هەبوون خیانەت لە نیشتماندا بکەن؟ ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە دەکرا؟**

※ وەک زاندراوە لە هەر شۆڕشێکدا ئەو حاڵەتانە دێنە پێشەوە، وەک من بیستوومە لە ناوچەی شکاکان یەک دوو کەسێک دوو جار بەلای حکوومەتی ئێران و تورکیادا چوون، سمکۆ ئەوانی گرت دوایی بەریدان، یەک دوو جاریش لە مەسەلەی پەیوەندیشدا ئەو حاڵەتە هەبووە، چونکە سمکۆ نمایندەی هەبوون وەک لای تورک و ئەوانی دی، ئەو نمایندانە کاروباری خۆیان بە باشی بەڕێوە نەبردووەو سمکۆ دەری کردوون.

**※ شۆڕشی (سمایل خانی شکاک)سمکۆی شکاک تاچەند کاریگەریی بەسەر قۆناغەکانی دواتری شۆڕش بەجێ هێشت، ئەی نسکۆی شۆڕشەکە چی لێکەوتەوە؟**

※ دوای تێکچوونی شۆڕشی سمکۆ، حکوومەتی ئێران هاتە کوردستان، چونکە بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ بەهۆی بنەماڵەی سمکۆ، حکوومەتی ئێران دەسەڵاتی لە کوردستان نەبووە، هەموو باب و باپیرانی سمکۆ شۆڕشیان کردووەو شەهید بوون، دوای ئەوەی حکوومەت هاتە ناوچەکە زوڵم و زۆرو تەعەداو گرتن و سەربازی کردن بۆ حکوومەت دەستی پێکرد، ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتێکی زاڵم، ئەو زوڵم و تەعەدایە ١٦ ساڵی خایاند تا شەڕی دووەمی جیهان دەستی پێکرد، دوای دەست پێکردنی ئەو شەڕە، دیسان ڕووس هاتە کوردستانی ئێران بە تایبەتیش ناوچەی شکاکان، دوای ئەوە کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا، لەگەڵ دامەزرانی کۆمار، خەڵکی کوردستان پشتگیری ئەو کۆمارەیان کرد، سێ چوار هەزار چەکداری شکاک هاتنە مهاباد کە لەگەڵ باوکی من و چەند عەشیرەتی دیکەدا بوون، نەمانی شۆڕشی سمکۆ، کاریگەریی لەسەر خەڵک دروست کرد، چونکە سەردەمی شۆڕشی خەڵک لە ئازادی و خودموختاری خۆیاندا دەژیان، دوای تێکچوونی شۆڕش حکوومەتی ئێران ناخۆشی زۆری بەسەر کورد دا هێنا، بۆیە خەڵک بەراوردی سەردەمی سمکۆو قۆناغی دوای سمکۆیان دەکرد، کە چۆن لە سەردەمی سمکۆ ئازاد بوون و دواتر چ زوڵمێکیان لێکرا، ئەو ١٦ ساڵەی دوای نەمانی سمکۆ کە زوڵم و زۆری لە خەڵک کرا، ئەنجامێکی باشی بۆ کۆماری کوردستان لە مهاباد لێکەوتەوە، خەڵک بە زۆری بەرەو کۆمار لە مهاباد ڕۆیشتن، دوای نەمانی سمکۆ، حکوومەتی ئێران بنەماڵەی ئێمەو چەندین بنەماڵەی دیکەی خستە ژێر چاودێرییەوە، باوکی ئێمەیان چەندین جار گرت، دوایی ئێمە گەورە بووین بەڵام هەقمان نەبوو لە زانکۆ بخوێنین، برای من چووە دەرەوە بۆ خوێندن دواتریش من چووم، ئەو فشارە لەسەر زۆربەی خەڵک و بنەماڵەی ئێمە هەبوو، شۆڕشی سمکۆی شکاک کاریگەریی باشی بەسەر کۆماری کوردستان لە مهابادو شۆڕشی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبوو.

**※ ئەی لە بنەماڵەی سمکۆ کێ لە بواری سیاسیدا کار دەکات؟**

※ سمکۆ کوڕێکی ماوە ئەویش کاری سیاسیی نەکردووە، ئەوەش ئاساییەو لە هەموو بنەماڵەیەک ئەوە هەیە، بەڵام ژمارەمان زۆرەو ئێستاش من لەو بوارەدا خزمەت دەکەم، دوای ئەوەی پەیوەندیم بە جەنابی سەرۆک بارزانی کرد دەرفەتم بۆ دروست بوو بێمەوە کوردستان و ئێستا لە هەولێرم، بەڕای من بۆ بنەماڵە شۆڕشگێڕەکان هیچ سنوورێک لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا نییە بۆ خەبات کردن، هەقە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان هەوڵ بدەن دۆخی ئەم پارچەیە ڕابگرین و هەروا بمێنێ، مانەوەی ئەم ئازادی و دیموکراتیەی هەرێمی کوردستان، شتێکی زۆر مەزنە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە هەقە شتێکی وا نەکەین زەرەر بە هەرێمی کوردستان بگات، داواشم لە ئێوەیە بە

هەموومان مێژوویەکی دروست بۆ نەوەی داهاتوو وەک سەرمایەیەک بەجێ بهێڵین.

※ ئەگەرشتێکی دیکە هەبێ ئێمە لەبیرمان چووبێ بپرسین؟

※ بەداخەوە من تێبینی دەکەم کە ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتیش تەلەفزیۆنەکان گرنگی بە ڕابەرو سەرکردەکانی ڕابردوو نادات، هەق نییە هەروا تێپەڕێت، چونکە شۆڕشی هەر پارچەیەک سەرمایەی ئێمەیە، هەموو میللەتێک سمبولی هەیە، هەقە ئێمەش گرنگی بە سمبولەکانمان بدەین و نابێ خەباتی ڕابردووی کوردستان لەبیر بکەین.

ڕۆژنامەی خەبات

٨ی جوولای ٢٠١٢

## سمکۆی شکاک هێمای ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی

ناسر ساڵحی ئەسڵ

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، یەکێک لە بزووتنەوە هەرە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە دەربڕی ویست و ئاوات و ئامانجی نەتەوەی کورد بووە. شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ڕووداوی مەزن و گۆڕانکاری بەرچاویان لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیدا تۆمار کردووە و لە ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی کە مافویستی، رزگاری لە بندەستی و ئازادی و دێموکراسی بووە دوور نەکەوتۆتەوە.



ئەو ڕووداوانە لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا بێ کاریگەری نەبوون و بوون بە هۆی سەرهەڵدانی یەک لە دوای یەکی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد. لەم پێوەندییەدا لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورددا لە ساڵەکانی ١٢٩٩ تا ١٣٠٩ی هەتاوی، سمکۆی شکاک لە ناوچەی شیمالی کوردستانی ئێران ڕاپەڕی و توانی ناوچەکانی ورمێ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەرنامەیەک کە داخوازییەکانی جووڵانەوەی گەلی کوردی تێدا فۆرمولە کرابوو لە ورمێ بڵاو بکاتەوە.

سمکۆ کەسایەتییەکی ناوداری عەشیرەتی شکاک و شۆڕشگێڕێکی لێهاتوو بوو، هەروەها ماڵباتی سمکۆی شکاک خاوەنی پێشینەیەک لە خەبات و شۆڕش بە دژی دەسەڵاتدارانی تاران بووە. سمایل ئاغای باپیرە گەورە و جافەر ئاغای برا گەورەی لە ڕێگای خەبات و هەوڵی رزگاریخوازیدا بە پیلانی کاربەدەستانی حکوومەتی تاران کوژراون.

سمکۆی شکاک خاوەن دوو تایبەتمەندی بەهێز بوو، یەکەم بیری ناسیۆنالیستی زۆر بەهێزی هەبوو کە زۆر بیرمەندی کورد بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی ناو دەبەن، هەر بۆیە بە هاوکاری عەبدلڕەزاق بەدرخان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا توانی لە شاری «خۆی» یەکەم قوتابخانە بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد بکاتەوە و ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد» بڵاو بکاتەوە.

دووهەم تایبەتمەندی سمکۆی شکاک ئەوە بوو کە هیچ دەرفەت و دەرەتانێکی لە کیس خۆی نەدەدا بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەی و لە هەمان کاتیشدا زەبری زۆر توندی لە حکوومەتی تاران دەوەشاند. سمکۆ بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد، ساڵی ١٩٢٢ چوو بۆ سلێمانی و چاوی بە شێخ مەحموود کەوت و هەوڵیان دا پێکەوە جووڵانەوەی کورد لە هەر دوو وڵات لێک نزیک بکەنەوە و ئامانجەکانیان یەکگرتوو بکەن.

هەروەها سمکۆی شکاک بۆ سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی پێوەندی قووڵی لەگەڵ سەرکردە و ڕێبەرانی نەتەوەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک شێخ عەبدولسەلام بارزانی، سەید تەها شەمزینی و بەدرخانەکان هەبوو و ئەو پێوەندییە قووڵانە ئاسۆی بیری نەتەوەیی «سمکۆ»یان بەرفراوانتر کردبوو.

سمکۆ لە باری دیپلۆماسیشەوە هەوڵی بەرچاوی دا لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی زلهێزی ئەوکات پێوەندی دابمەزرێنێ و بەتایبەت داوای پیادەکردنی١٤ مادەکەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ویلسۆنی دەکرد کە بەندەکانی دەربارەی ئازادی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ژێردەست بوو.

ڕەزاخان جووڵانەوەی سمکۆی بە کۆسپێکی سەر ڕێگای خۆی دەزانی چوونکە دەیهەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی لە ئێراندا پێک بهێنێ. بۆیە لە ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاویدا بە دانانی پیلانێک بۆ وتووێژکردن، سمایل ئاغای بۆ شاری شنۆ بانگهێشت کرد بەڵام ناجوامێرانە شەهیدی کرد. لەو ڕۆژەدا ئەستێرەی سەرکردەیەکی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی ئاوا بوو، بەڵام هەر لەو ڕۆژدا ڕێبەرێک لە دایک بوو، کە ئاڵاهەڵگری دێموکراسی و خەباتی نەتەوەیی بوو و بەری بە پچڕانی زنجیرەی






خەباتەکانی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد گرت.

کوردستان میدیا

٢٦ی جوونی ٢٠١٢

## سمکۆی شکاک ١٩٣٠



پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم ولاتی کوردەواری بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان و بەشەکەی تریشی لەژێر دەسەڵاتی ئێرانیەکاندا بوو .

میللەتی کوردیش لەژێر باری قورسی چەوسانەوەی هەردوو دەسەڵاتەکەدا بوو لەبەشەکەی ئێراندا بەکەیفی خۆیان میللەتیان ئەچەوسانەوەو ئەڕوتانەوە و لەبچوکترین مافی نیشتمانی و مرۆیی بێبەش کرابوون لەبەشەکەی تورکیاش کاربەدەستەکانی سوڵتان بەدرندانەترین شێوە میللەتیان دەچەوساندەوە .کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم١٩١٤ - ١٩١٨ دەستی پێکرد ، رۆژهەڵاتی ناوەراستی لەبارێکەوە خستە بارێکی تر ، هەموو نەخشەکانی گۆڕی ، تەنها نەخشەی میللەتی کورد نەبێ کە ئاڵۆزتری کرد .

لەناوچەی شکاک ( سمایل ئاغای شکاک ) ناوو ناوبانگی دەرکردبوو ، هەستی میللی و قەومی زۆر بەهێز بوو ، سمایل ئاغا کەسایەتیەکی بەهێز بوو سەرکردایەتی عێلی شکاکی دەکرد کە زیاتر لە 6 هەزار ماڵ و 3 هەزار تفەنگ بەدەست بوو . لە ئەستەنبوڵ و تاران ناسرابوو .

حکومەتی تاران بەفێڵ و بە زمانی لوس ( جوهر ئاغا ) ی برای سمکۆ بانگ دەکەن ١٢ چەکداری لەگەڵ دەبێ ، بەناوی دۆستایەتیەوە چواردەوری دەگرن و زۆر نامەردانە شەهیدیان دەکەن تەنها ٢ چەکدار رزگاریان دەبێت .

( سمایل ئاغا ) هەرچەندە نەخوێندەوار بوو بەڵام پیاوێکی بە جەربەزەو جەنگاوەر بوو . زۆر بەسام و ترسێنەر بوو . بەکوشتنی براکەی ئاگری رق لە دڵیا کڵپەی سەند و گیانی نیشتمانی و قەومی بەهێزتر کرد ، پەلاماری پیاوانی دەوڵەتی داو ناوچەیەکی زۆری لە دەسەڵاتی ئێران و تورک پاک کردەوە و رزگاری کرد .

روسەکان لەو سەردەمەدا و بەفیتی دەوڵەتی تورک ( مار شمعون ) یان راست کردەوە ، بەمەبەستی خۆیان بۆ ئەوەی ( سمکۆ ) لەناو بەرن ، ویستیشیان دەوڵەتێکی ( کوردی _ ئەرمەنی ) دروست بکەن . کە لەراستیا مەبەستیان بوو لەرێگای مارشمعون کوردەکان لەناوبەرن . کە ئەو کاتە ( مارشمعون ) (٢٥ هەزار) چەکداری رێکوپێکی مەشق پێکراوی هەبوو ، وەک جەیشێکی نیزامی حکومەتی روسیای لەپشت بوو سمکۆ زوو تێگەیشت نیازیان چیە بۆیە هەمیشە بەپارێزەوە معاملەی لەگەڵ دەکردن . لەو پلانەی دایان رشتبوو سمکۆی تیا بکوژن ، سمکۆ فریای خۆی کەوت و لەمیانەی کۆبونەوەکەدا چەکدارانی سمکۆ تەقەیان لێکردن ( مارشمعون ) و ٩٩ چەکداری لەگەڵدابوو کوژران تەنها یەک چەکدار توانی رزگار بێت .

ئەم هەنگاوە بووە کارەساتێکی گەورە پەلامارو هێرش بۆ سەر دەسەڵاتی سمکۆ دەستی پێکرد ، بەڵام کوردەکان زۆر مەردانە رووبەڕویان بونەوە و هێرشەکانیان تێک شکاندن .

سمایل ئاغا دەسەڵاتی زیاتر فراوان بوو ، زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئازاد کرد .

سەلمان سەبری حاکمی ( وان ) دەبێت دۆستایەتیەکی راستەقینەی دوور لە دبلۆماسیەتیان لەگەڵ سمکۆ دامەزراندبوو ، ئەم ( سەلمان سەبری) یە لەپیلانێکدا دەیەوێت سمکۆ لەناوبەرێت پیاوێک دەنێرێ بەناوی دۆستایەتیەوە تا بەدزی سمایل ئاغا بکوژێ . ئەویش هەر زوو بەم پیلانە دەزانێ و پیاوەکە دەگرێ و هەردوو دەستی دەبڕێ و دەینێرێتەوە

ساڵی ١٩٢٢ کاتێک مستەفا کەمال ئالابوو لە شەڕی یۆنانەوە هەوڵی ئەدا زمانی شیرین بێت لەگەڵ سمایل ئاغادا بۆئەوەی هێرش نەکاتە سەر دەسەڵاتی تورکیا لەوکاتە ناسکەدا چونکی مستەفا کەمال زۆر ترسی لە سمکۆ هەبوو .

سمکۆ بەهێزێکی زۆرەوە ساڵی ١٩٢٦ هات و رەواندزی لەدەستی حکومەتی عێراق و ئینگلیز رزگار کرد ، پاش دوو ساڵ لە ئەنجامی هێرشێکی بەربڵاوی ئینگلیزدا ناچارکرا رەواندز بەجێبێڵێ و بگەڕێتەوە ناو تورکیا. پاش ماوەیەکی کورت جارێکی تر رەواندزی رزگار کردەوە .

مندوبی سامی بەریتانی لەگەڵ ئێران رێکەوتن پەلاماری شۆڕشی سمکۆ بدەن و لەئەنجامی ئەم پەلامارە دوو قۆڵیەدا سمکۆ جارێکی تر گەرایەوە تورکیا .

سمایل ئاغا لەشوباتی١٩٢٣ دا بەخۆی و لەشکرێکی رازاوەوە گەیشتە شاری سلێمانی بۆ سەردانی حکومەتی کوردستان و شێخ محمودی مەلیک . پێشوازیەکی گەرمی لێکرا . ماوەی چەند مانگێک مایەوە و خزمەتێکی زۆر کرا . سمکۆ هەندێ تێبینی لەسەر حکومەتی کوردستان هەبوو لەگەڵ مەلیک محمود دا گفتوگۆی کرد راو بۆچونیان ئاڵوگۆڕ کرد .

لەو سەردەمەدا مستەفا پاشای یامولکی لەسمکۆی پرسیوە ( باشە تۆ ئەم هەموو خاکەی کوردستانت رزگار کردووە بۆ ئالات هەڵنەکردووە بۆ بەرنامەی دامەزراندنی حکومەتت






نییە ؟؟ سمکۆ دەڵێ : من مرۆڤێکی کوردم هەوڵ ئەدەم ئەم وڵاتە رزگار بکەم ، گرنگ نیە کێ دەبێتە حاکم و رێبەر ، من مەقام پەرست نیم تا ئەوەندە لەخۆم رازی ببم ببمە سەرۆکی وڵات ) .

لەسەردەمی رەزا خاندا کەوەزیری جەنگی ئێران بوو ، خۆی ئامادە کرد بۆ شەڕی شۆڕشی سمکۆ تا لەناوی بەرێ ١٠٠٠ کەسی چەکدار هێرشی کردە سەر سمکۆ لە ( ورمێ ) لەو شەڕەدا سمکۆ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا (٧٠٠) چەکداری لێ کوشتن و باقیەکەشی هەڵاتن .

رەزا شا زۆر فێڵبازانە معامەلەی سمکۆی دەکرد ، خۆی لێ نزیککردەوە ، بەفێڵ دۆستایەتی لەگەڵدا پەیدا کرد گفتوگۆیان کرد و وەعدی دا کە ئێران بەش بکەن کورد نشینەکەی هەموو لەژێر دەسەڵاتی سمکۆ بێت و باقیەکەی بۆ رەزاخان .

بەقسەی لوس ماوەیەک دۆستایەتی نێوانیان خۆش بوو ، لەساڵی ١٩٣٠دا بەناوی دۆستایەتیەوە لەشاری شنۆ دەعوەتێک بۆ سمکۆ دەکات . سمکۆ نازانێ پیلانی کوشتنیان بۆ داناوە بەدڵێکی ساف و گیانێکی دۆستانەو بە چەکدارێکی زۆر کەمەوە دەڕواتە دەعوەتەکە .

( سەرهەنگ سادق خان ) ئامر فەوجی شنۆ دەڵێ : شا نەیتوانی بێت من لەباتی ئەو میوانداری بەجێ دێنم . پاش دوو رۆژ مانەوە لەرۆژی سێیەم کە دەیەوێ بگەڕێتەوە چواردەوری کۆشکەکە بەچەکدار دەگیرێ و لەکاتی رۆشتندا زۆر نامەردانە دەسترێژی گوللە دەکەن و سمکۆ شەهید دەبێ ، بەشەهید بوونی سمکۆ شۆڕشەکە کۆتایی پێ دێت .

٢ ی دیسامبری ٢٢٠١١

ماڵپەڕێ لقی ٢١ی پارتی دێموکراتی کوردستان

## کوردەکان لە حکوومەتی ڕەزا شا.



حامیدرەشیدی زەرزا

سەروتار

لەماوەی دەیەکانی ١٩٢٠و ١٩٣٠ بارودۆخی کوردستان کار تێکەر لەسەقامگیر بوونی حکوومەتێک بوو کەهێندەبە هێزو تواناو بوو کەبتوانێ حوکم و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە وڵاتێک کە هەتا ئێستا زۆر ناسەقامگیر بوو بەڕیوەبەرێت و پاشاگەردانی عەشیرەکان بۆ توندو تیژی سەرکوت بکاتو کۆچ و کۆچباری عەشایەری بە ئیختیدار و قودرەت سنووردار بکات.

بەرپێواری تووانایی ناوەندی لەبەسەردا سەپاندنی حوکمو دەسەڵاتی خۆی لەدەورو پشت ،لە تکنولۆژی نیزامیکی شاراوە بوو. یەکەمین شەڕو پێکدادانی مجدی کوردەکان لەگەڵ ئەم تێکنۆلۆژیەنوێیە،ڕەنگەلە"ئولکەی شەرگە"بێت، کەلەماوەی وی، "داودخانی کەڵهوڕ" کوژرا. چەکەکانی خانەدار، بە تایبەت"تۆپخانەی پۆشتەبەسیستم-ی ماشەکشاوە،ئیدرولیک" بەتواناکردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئاڵیکاری کردو ئەم چاکتریەهەتا ئەو کاتیش کەعەشایەر ئەم چەکو چۆڵەیان وەدەست هێنا،دیسان هەروا باقی بوو،چونکەتۆپخانەو ڕەشاشەکانی نوێ، بۆ وەی کە کارتێکەربن ئاتاجیان بە فێربوون و لێڕاهاتن و پسپۆری هەبوو، و تەنیا پەل و دەستەکانی نیزامی بوون کە دەیانتوانی فێربوون و ڕاهاتنێکی ئەوهاو سەرافەتی و پسپۆریەکەی داببن کەن. لە دوایی دەیەی ١٩٢٠ کەماسیەکی گرینگ لەوڵات هەستی پێدەکرا ڕیبەرێکی لێهاتووی دەویست کە بتوانێت ئارامی و بەسەرەوبەرییە و هاوهەنگاوی لە وڵات، بە سەرجەمدا بسەپێنێت. "ڕەزاخان' ئەم ڕۆڵەی بەڕیوەبرد. هەر چەند سەرکەوتوو نەبوو عەشایەر بە خروپتوونی لە ناو ببات و کەش و هەوایەک کە ئەو عەشیرانەلە ناوچەتێیدا دەجۆلانەوە ئاوەژو کاتەوەو بگۆڕێت. کاتی وازهێنانی وی لە سەلتەنەت لەقودرت و ئیختیداری سەرۆکان و سەردارانی عەشایەر سامان و ملکێک بوو کەهەیانبوو یان بارودۆخ و شازو شەوکەتو هەڵکەوتێک کە لە"تاران" یان ناوەندی و پارێزگاکانی شارەکانی دیکەبوو کە کەلکیان لێوەر دەگرت و دەسەڵات و قودرەت عەشیرەیی لە سەراوژێری لە ناوچووندا بوو، هەتا لە دوایی ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٦دیسان جارێکیتر گیانی تێزا.

ڕاپەڕینی سمایل ئاغا سەرداری عەشیرەی شکاک ناسراو بە(سمکۆ)

لە کۆتایی شەڕی دنیاگری ئەوەڵ،ئێران لە مەڕ ئابووری و ئیداری ئێکجار ئاڵۆزو پشێو بوو. شەڕەکانی عەشایەری و کەس بەکەس و قات و قڕیەکی زۆر ناوچەکانی لەباوەش گرتبوو، "گیلان" لە شورش دابوو، شووڕەوی و ئینگلیزیەکان هەر دوو هێشتا لەناو خاکی ئێران بوون، لەتاران دەوڵەت لەئاکامی ناڕازی بوون لە پەیماننامەی ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ بریتانیا کە ئێرانی بە چەشنی وڵاتێکی بن چەنگی خۆی لێدەکرد،لە هەڵوەشاندا بوو. لە کۆتایی ساڵ یەکێک لە تەنگەژە و تەنگ و چەڵەمەی ئێران وێچوونی






بەرەوپێش چوونی شۆڕشگێڕانی "ڕەخ دەریای خزر" بە داکۆکی "ئەرتەشی سوور" بۆ لای "تاران" بوو. ئێران لەهەرکاتیکی دیکەی سەدەی نۆزەدەهەم لاوازتر بوو.

لە سەرەتای سالی ١٩٢١ژەنەراڵ ڕەزاخان،یەکەمین ئێرانی بوو کەبە فەرماندەری فەوجێک قازاخ گەیبوو، دەستی بە سەر "تاران" دا گرتو حکوومەتێکی پێکهێناو بۆخۆی وەزیری بەرگری و فەرماندەری گشتی قوشون دانا. دنەی ڕەزاخان نیشتمان پەرستی توندی وی و بریاری وی،بۆ ڕزگاری ئێران لە هەر جۆرەدەست تێوردان و حزووری دەرەکی بوو. یەکەمین ئەرکێک کە ئەو لە سەرخۆی واجب کرد بوو دابین کردنی پەیوەندییەکانی ئەرتەش و گەڕانەوەی حوکم و دەسەلات لە پارێزگاکان بوو. بەرێوەبردنی ئەم ئامانجانەسەرەتای سەرهەلدانی ئیرانی نوێ و حکوومەتی سەقامگیر بوو.

لەکوردستان شوێنەواری کودتای ڕەزاخان دەست و جێ وەبەرچاو نەکەوت و ئاشکرا نەبوو دەڤەر هێشتا لە گەڵ موسیبەت و دەردو بەلای پەیدا بوو لە شەڕ دەست بە یەخەبوو. بۆ نموونە،زوربەی لەو سێسەت گوندەی دەشتی ورمێ، وێران و خاپوور ببوو، لە حالێکدا دانیشتوانی خۆدی" ورمێ" لە کەس بە کەس لە کەمی دابوو. مەلبەند تووشی ئالۆزی و بێسەرو بەری ببوو، عەشایەر لە دوای تالان و برۆو ڕاو ڕووت بوون. یەکێک لەناحەجمینتری وان"عەشایەری شکاکی عەبدۆیی" بوو کە سەرداری وان "سمکۆ" بوو،کەهەم بە تالان و ڕاو ڕووت خەریک بوو، هەم دێهاتەکانی نێوان "خۆ"و"سەلماسی" دەست بەسەردا گرتبوو.

تێبینی: ئەمەی لە بابەت سمکۆ گوتراوە لەمێژووی پڕ لەدرۆ دەلەسەی عەجەمان وەرگیراوە، دەنا"نەمرسمکۆ" قارمانێکی کەم وێنەی کورد بوو،بۆ ڕزگاری کورد ڕاپەڕی ئەوکات قولدری زەزاخان گەیبوو ئەو پەڕی خۆی، ئەو قولدرە خوینمژەدەسەر سەرەڕۆیی خۆی گەڕا لە حالی دوورخراوەیدا لە دوورگەی هامبورک توون بە توون بوو.(وەرگێڕی کوردی)

تێبینی: ئاکامی ئەم نیشتمان پەرستییەی توند، دەولەمەند بوونی ڕەزاشا و هەژار بوونی چینی خەلکی ولاتی لێکەوتەوە. ڕزاخان لە کۆتایی دەست کێشانەوەی لەسەلتەنەت، گەورەترین فئودالی ولات بوو، دراوێکی زۆری لە بانکەکانی دەرەوەی ولات هەبوو، لە حالێکدا کەخەلک لە گەڵ هەژاری و بەدبەختی دەست بە یەخەبوون. ئاوەدانکردنەوەی بەرەوالەتی دوو ولاتی تورکییەی کەمالیستی و ئێرانی ڕەزاخانی بەرێنوێنی ئینگلیستان بوو کەدەیەویست بەسەرگەرم کردنی ئەم دووەکلاوی کپی کۆماری و کلاوی پەهلەوی، شەرعیەت پێدانی ئێراقی(تازەبنیات نراو) دابین بکات، و ئەوی لە سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر ئێراق دابنێت.(ویراستار)

عەشایەری ئەوها ئەگەر پێکەوەش یەکگرتوو بوون دیسان تێکۆشان و حەولدانی حکوومەتیان بۆ گەڕانەوەی حاکمییەت بە ناسەرکەوتن ڕوو بەڕوو دەکرد. یەک دوو جار بەبیروڕای یەکیەتی هەموو عەشایەر بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی یان لانی کەم ئازادی لەکۆت و بەندی حکوومەتی سەرەڕۆو خەراپو بێکێفایەت ئێران حەوڵ و تەقەلا درابوو. لە ژوئیەی ١٩١٨ هێندێک لە سەردارانی کورد بە ڕەوالەت لەدەورەی یەکدی کۆ بونەوەهەتا مەسەلەی سەربەخۆیی کورد لە ژێرداکۆکی و چاوەدێری ئینگلیستان بدەنەبەرلێکۆلینەوەدەراسە،و ئەم جەرەیانەی یەکێک لە سەرۆکانی موکری بە نوێنەرایەتی بریتانیا لەسەقز پێشنیار کردبوو. لە سەرەتای دەسامبەر گرووپێک لەسەرۆکانی عەشایەر بە نوێنەرایەتی لەعەشایەری "سنە"و"سەقز" و"هاورامان" لە گەڵ ئەم ئامانجەبشێکی ناوچە لە ژێر بەرێوەبردنی بریتانیا حیساب بکرێ، سەردانی سلیمانییەی کردبوو. لەبەر ئەمەبەپێی ڕاپۆرتەکان لەفۆرییەی ١٩١٩ دانیشتنێکی دیکەلە سەرۆکان بە نییەتی وتووێژ سەبارەت بە شۆڕش دژی حکوومەتی ئێران پێکهات بەلام چ ئاکامی لێنەکەوتەوە.

جەرەیاناتێکی ئەوها لە چوارچێوەی تاسەو ئارەزو دابوو، لە دنیای واقعیەت گەلێک لە عەشیرەی مەزن، جگە لەشەڕ لەگەڵ عەشیرەی دیکە، بۆ خۆیان تووشی کێبەرکێی ناوەخۆ بوون. لە بەشەکانی باشووری کوردستان گروپەکانی بەهێزی عەشیرەیی یانی شکاک و زەرزا و مامەش و مەنگوڕ، هەموو لەت لەت بوون. زوربە خوازیارانی سەرۆکایەتی، بەدوای لایانگرانی دەرەکی دەخولانەوە، هێندیک برا چاوی یارمەتیان لە تورکان کردبوو، لەحالێکدا برای دیکە چاوی لە دەست ڕووسەکان بوو، برایەکەی دیکەخەرێکی پەیوەندی گرتن لەگەڵ حکوومەتی ئیران و دەسەلاتداران و کارگێرانی ئێرانی بوو. "شکاکەکان" کە گرینگترین گروپی ئەم سەردەمەن بە سێ بەشی گەورە ڕەقیب، دابەشکرابوون: "عەبدۆییەکان" بە سەرۆکایەکی سمکۆو، مامەدی و، کاردار. ئەم هەر سێییە،لە ئاکامی ئەو ناکۆکیانەی کە لەگەڵ هەرسەرۆک هۆزێک بە بەردەوامی هەیە ،گەلێک سەرهۆزیان بینی بوون. هەتا لە ناو عەبدۆییەکانیش هەلکەوت و دۆخ و مەوقعیەتی سمکۆ، گەلێک دوژمن هەرەشەیان لێدەکرد، کە لەنێو واندا "عەمەرخان" لە هەمووان بە هێزتر بوو.

سمکۆ هەر وەک دەزانین بەر لە شەڕ بۆ ڕەکێش کردنی داکۆکی ئێران و ڕووسیەلەنا ئارامی و ئالۆزی ناوچەی سنوور، کەلکی وەرگرتبوو. لەبەم لاوەهەر جار ناجار لە ناوچەبەجێ نشینی لە ئێران عەمەلی کردبوو. هەر چەند چ چاخێک بەئاشکرا هەلنەگەڕابۆوە، بەلام دیاربوو کە ڕاستەوخۆ دەجۆلێتەوە و لە پەسندکردنی فەرمی ئێران بەرهەم وەرگربوو، ئەو هێندەکە لەناوچەئیختیدارو دەسەلاتو شوێن تیکردنێکی بۆخۆی کەلەکەکرد بوو، دەیتوانی لە بەرامبەر هەڕەشەی تورکەکان و ڕووسەکان خۆڕاگرێ و لە سەرپێ ڕاوەستێ.

لە ١٩١٨ بەم لاوەکە دەرگای ئیمکاناتی سیاسی لە ڕووی کرایەوە،سمکۆ بەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لە گەڵ "سەیدتەهای" شەمزینان بە بەهێزکردن بارودۆخ و چلۆنایەتی شان و شەوکەتی خۆی خەریک بوو. بەر لە شەڕ یەکێک لە خوشکەکانی شێخی مارە کرد بوو. ئەو بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەکانی ناوعەشیرەیی و کەلک وەرگرتن لە بۆشایی دەسەلاتێکی کە لەمەلبەندی سنوور هاتبووپێش، نیازی بە یەکگرتووەکی دەرەکی هەبوو. "سمکۆ" و" سەیید تەها""بلوک"ی ئەم دیو ئەو دیوی سنووری ئێران و تورکییەیان پێکهێنا، ئەمەیەکیەتییێک بوو کە لەنەبوونی لایانی جێگا قەبوولی دیکەدەیتوانی تاسەو خەیالی سەربەخۆیی لە مێشکان باوێژێ. لە ژانویەی ١٩١٩ ڕاپورت کرا کە یەکیەتی پان ئیسلامی لەدوو لای سنوور لەناو کوردەکانی نزیک "باشقالّ" بەرێبەری سمکۆ هاتۆتە دی، و بناخەی ئەم یەکیەتییە،لە سەر ئەمەیە، کەپێشگیری لەگەڕانەوەی

ئاشۆریان و ئەرمەنیان بۆ ناوچە بکات.

تێبینی: سمکۆ خۆشکی سەیدتەهای مارە نەکردبوو،بە پێچەوانەسەیدتەها کیژی جەعفەرئاقای برازای سمکۆی بە ناوی"گوڵیزارخانم" مارەکردبوو. وەرگێری کوردی.)

جێگای باوەڕ نییەکەدەوڵەتی ئێران بەسمکۆی متمانەهەبووبێت، چونکەسمکۆ، قارەمانێکی ژێهاتی بوو. سەرجەم لە یەکتیەکەی بەر لەشەڕ لە گەڵ ڕووسەکان ئاگاداربوون و لەهاوکاریەکەی لە گەڵ تورکان، لە سەریەک دژی ئاشۆریان کە لە ساڵی کۆتایی شەڕ تێدەکۆشان بنکەو پایەگایەکی نوێی دەسەڵات لە دەشتی "ورمێ" پێکبێنن خەبەرداربوون. دیسان دەیانزانی کە کوشتنی مەزلوومانەی" مارشیموون" لە مارسی ١٩١٨بە دەستووری حوکمڕانی تەورێز بوو- هەڵبەتەئەو لەم کارە کرێت و ناحەزەقازانجی خۆشی لە بەرچاو بووەو لە ڕاستیدا مەترسی هەرجۆرەدەسەڵاتی ئاشۆڕیانی لە دەشتی ورمێ لەناو هەڵگرتبوو. ئێستا ئاشکرابوو کە دەیەویست سەربەخۆیی خۆی بەڕێوەبەرێ، و ئەمەشتێک بوو کەئازریەکان و ئەرمەنیەکان-یش لە بیروڕایان دابوو. ئەمەکارتێکەربوو کە بریتانیا لە سەرەتای ژانوییەی ١٩١٨ خەبەری وەدەست هێنابوو.



لەمێژ بوو کە دەوڵەتی ئێران هیوادار بوو بتوانێت هێزەکی کۆکاتەوە و بۆ بەرەنگاری سمکۆ بنێرێت، بەڵام کیسەی بە تاڵ بوو. لە ئاوریلی ١٩١٩ بۆ بەڕیوەبردنی ئەم پیلانەتێکۆشا پارەیەک لەدەوڵەتی بریتانیا بە قەرز وەربگرێت بەڵام ئەم تێکۆشانەبە ئاکام نەگەیی. و بە هەنگاو هەڵێنانی خوارە و ەدەست و داوین بوو. لە نێوەڕاستی مانگی مەی سندوقۆڵەیەکی "ماددەی تەقینەوە" بە ناوی قوتی شیرنی بە پۆستی دابۆ نارد کەبە پێچەوانە برای وی کوشت. ڕۆژی دوایی وی، پادگانی ورمێ، بە دوایی شەڕوکێشمە کێشمەک،کەلەگەڵ لایانگرانی سمکۆ ڕوویدا بۆ کوردو مەسیحیەکانی ورمێ هێرش برد. سمکۆ دەست وجێ شاری گەمارۆ دا، سەرینچاوەی ئاوی بۆ ناوشار بەست و دەستی بەکوشتن و تاڵانی گەڕەکەکانی ئازەری نشین و دەوروپشت کرد.

لە مانگی ژوئین بریتانیا دەیەویست ئارامی و ئەهوەنی بۆ ناوچە بگەڕێنێتەوە،و بەنەزەر دەگەیی کە لە گەڵ دانانی سمکۆ بەحکوومەتی ورمێ قائل بوو. بەڵام ئەمەشتێک بوو کەبە بیروڕای دەوڵەتی ئێران بە مانای سەربەخۆیی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. دەوڵەتی ئێران لە ژێر تەوژمی بریتانیا ئاشتیەکی قەبووڵ کردکەبە پێی وی، پاراستنی بازێک لە ڕێگاکانی ناوچەیو دەڤەرەکانی سنووری "دیلمان" و"لاجان" بە مەرجی ملکەچی سمکۆ لە دەوڵەت بە وی ئەسپارد.

قەول و پەیمان و وەفاداری وی لە گەڵ حکوومەت، بە فەرسەخ لە گەڵ فکرو لێکدانەوەی "سمکۆ" نێوانی هەبوو، چونکە ئەو بڕیارگربوو لە سەرئەمە:کەئەم هەلە بە باشی بقۆزێتەوەو لەم فورسەتەبۆ دەست وێڕاگەین بە سەربەخۆیی کەلک وەربگرێت، هەروەک ئەو بە ئەفسەرێکی ئینگلیزی گوت:"تورکەکان مردوون،و ئێستا ئێمە یانی بریتانیا" لە کوردەکان داوا دەکەین کە خۆیان بە ملەتێکی دیکەی مردوو ببەستنەوەکە پاشایەکی مردوو لە وێ حکوومەت دەکات" سمکۆ لەبیروبۆچوونی دابوو مامەلەیەکی لە گەڵ بریتانیا بکات،چونکەزاهیرەن دەیەویست بە هێنادی حکوومەتی کورد لە تورکییەئاڵیکاری بکات. ئەو بە ئەفسەرێکی ئینگلیزی گوت:" ئەم کارە بە دەستی ئێمەبکەن" هەر وەک کە لەگەڵ کوردەکانی "سەید تەها" لەو بەری سنووردەیکەن" "بینیمان کە سەیدتەها پێشتر ڕادەو سنووری دڵگەرمی ئینگلیزیەکانی وەرگرتبوو" کاتێک ئینگلیزیەکان لەدانی چەکو تەقەمەنی پێویست بۆ سەربەخۆیی لە "سمکۆ" ڕوو وەردەگێڕن، ئەو بۆ یارمەتی بە ناسیونالیستەکانی تورک پەنای برد، و ڕەنگە بەم بیروڕایە،مەترسی گەورەی ئەرمەنیەکان و هەڕەشەی بریتانیا و یارمەتییەک کەبۆخۆی لە پێشگرتن لە گەڕانەوەی مەسیحیەکان دەیتوانی بەوان بکات،وەبیری هێناوە. دوایی قەدەرحەیامێک خەریکی کڕینی چەک و چۆڵ و ڕەکێش کردنی ئەرتەشی هەڵاتووی تورکییەبوو. ئەو ئەم گروپەی بە چاوفرەوانی تاڵان وژن" ژنانی" مەسیحی و موسڵمان کە لە سەڵماس و شوینەکانی دیکەبە دیل گیرابوون- فریوو دابوو.

لە سەرەتای سپتامبەر تێکۆشا عەشایەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێکەوەلەیەکتری کۆکاتەوە و یەکگرتوویان بکات- بەڵام ئەم دانیشتنەسەرکەوتوو نەبوو. زۆربەی بەشداران پێکەوە گێرەوکێشەی سەرەکی و ئاسایی خۆیان هەبوو، و ژمارەیەک لە سەرۆکانی گەورەی هەرکی و بەگزادەکانی دەشت بەشداریان لەم دانیشتنەدا نەکرد: ئەمانەلایانگرانی "بەحری بەگ" بوون، کە یەکێک لە دوژمنانی سمکۆ بوو، لە حاڵێکدا کەدوژمنی دیکە، یانی "عەمەرخان"بەهۆی دژایەتی لە گەڵ وی پێشنیاری یارمەتی بە حاکمی "ورمێ" دابوو. چونکەخەڵکێکی زۆر لەپاییز بەوی لکان،لەدوایی پتەو کردنی هەڵکەوتی خۆی لە باشووری ورمێ بەدانیشتوانی دەوروپشتی "سەڵماس"و "قتووری" ڕاگەیاند کە خۆیان بە ملکەچی وی بزانن: بە پەنابەری دان بە چل کەس لەلا خزم و کەس و کاری شێخ مەحموود بەرزنجی، بە پێچەوانەی دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی وی،بەرفرەوانی و شوین تێکەری و حوکمڕانی خۆی نیشاندا.

دەسەڵاتدارانی ئێران لە ناسازگاری وەزعەکەئەو هێندەترسیان ڕێنیشت کەلە ئاکامدا هێزەکیان بۆ بەرەنگاری لە گەڵ وی ئامادە کرد. ئەم هێزەلە دوایی ناسەرکەوتنەکانی سەرتایی لە ئاکامدا سەرکەوتوو بوو لە فۆرییەی ١٩٢٠ سمکۆی شکست بدا. سمکۆ سەرەتا بۆ ئەو لای کوێستانی چاریق"چاریە" لە سۆما ڕۆیی و لە وێ بۆ شاخاویەکی بەفرگر






پەنای برد. زوربەی لەو ٣٠٠ کەسەی کە لە گەڵ وی بوون لە دەورەی بڵاو بوون، ئەو خوازیاری ئاشتی بوو دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەڕووی بێ ئاقلی لە گەڵی پێکهاتن. سمکۆ قەبوولی کرد ئەو تاڵانەی کە لەقرەقشڵاق کرد بووی وێیانداتەوە، پەنجاە سواری بە فەرماندەری براکەی ئەحمەد، بۆ تیپی قزاق بنێرێتو دەست لە کارو باری "ورمێ" وەرنەدات.

"سمکۆ" ئەم مدارایەی بە نیشانەی لاوازی هێزەکانی حکوومەت لێکداوە. لە مانگی ئاوریل دیسان خەریکی توپخانە و ڕەشاش بوو. ئەمانەتورکەکان لە"وان" لە بەردەستیان دادەنا. لە مانگی ئەوت لە سەر ڕا دەشتی سەڵماسی داگیرکرد،لە دوایی دەشتی ورمێ. لە دەسامبەر دەستی بە سەر شاری ورمێ داگرت. ئێستا لە بلشەویکەکانیش کەتێدەکوشان یەک پارچە بوونی ئێران نەپارێزن،یارمەتی وەردەگرت. لە بەرئەمەجێگای سەرسوڕمان نییەکە توانی سەرۆکانی ناوچەیی لە"دیلمان" بەداکۆکی لە خۆی کۆکاتەوە، سەرۆکانی ساوجبڵاخ و لاجان بە لکان بەخۆی دڵگەرم بکات. لە ژانویەی ١٩٢١دوو عەشایەری مەزنی موکری، یانی دێبۆکری و مامەش، بە وێنەرایەتی سمکۆ لە شنۆ سەردانیان کردو ئامادەبوونی خۆیان بۆ لکان بەوی،دەربڕێ. لە مانگی فۆریەجەماعەتی "سەید تەها،شارەگوندی "حەیدەرئاباد" هەڵکەوتوو لە قەراخ باکووری گۆلی ورمێ دەست بەسەردا گرت و هەموو "سلدوز" کەوتەبەر سێرەی هەڕشە. لە باکوور،یانی لە "هاورامان" جەعفەرسوڵتان، سەداری هورامی ناوچەی نوسوود، ئێستا دەیەویست کە سمکۆ لە هێرش بۆ سلیمانیەبەوی بلکێت.

لە گەڵ ئەم هەمووهەڵەیەئەگەر وافکر بکەینەوەکە سمکۆ لەداکۆکی و پشتیوانی سەرجەم کوردەکان کەلک وەرگر بووە. هەموو دەزانین کەسمکۆ،دژخوازان و دوژمنی زۆری هەبوو. یەک لەوان "خانی ماکۆ" بوو، کەچونکە دەیزانی تورکەکان لەخەباتیان لە گەڵ "یۆنانیەکان" ئیکجار ئاتاجیان بە گەنم هەیە،فرۆشتنی گەنمێکی بەرچاو بە بایی کەمو هەرزان بە وان پێشنیارکرد،بەم مەرجەکە لە داکۆکی سمکۆ دەست هەڵگرن،کەهەلبەتەحەولدانێکی بە خۆڕایی و ناسەرکەوتوو بوو. ئەوانی دیکەش بە هەربایەک خوارو ڕاست دەبوونەوە. لەم کاتەدا سمکۆ ١٠٠٠سوارو پێنج سەت تفەنگچی پیادەی هەبوو-وێدەچوو ژمارەیەک لە نیزامیانی تورک-یش لە گەڵی بن. لە مانگی مارس، تورکیەکان، تێشکانێکی مەزنیان بەهێزی ٦٠٠ کەسەی قەزاق لە "قزڵجە"هەڵکەوتوو لە قەراخی باکووری گۆلی ورمێ دا. تێگەینی ئەم خاڵە دژوارەکە بۆچ دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە گەڵ هێزێکی ئەوها کەم شەڕێکی ئەوهان دەست پێکرد. لەم ٦٠٠ کەسەکەس لەناو ئولکەی شەڕ گەڕانەوە. بەم سەرکەوتنەبەشەکانی عەشیرەیی دیسان لە دەورەی کۆبوونەوە. لە نێوەڕاستی هاوینی ١٩٢١ چوارهەزار جەنگاوەری هەبوو.

سەرکەوتن و پیرۆزی سمکۆ زۆرتر دەبێ بەبیلاتەکلیفیو نائارامی ناوچەئاکام وەرگرین. وەک دەزانین ڕەزاخان لە فۆرییەی ١٩٢١ تارانی گرت. دەنگۆیەک لەسەرزارو زوانان بوو کەدەیگوت: شوورەویەکان لە بیروڕایان دایەئێران بەوڵاتی بچووک دابەشکەن، و چونکە سمکۆ لە شورەویەکان یارمەتی وەردەگرت بۆ وی سانایی بوو لەم بابەتەلاف لێبدا کە لە لایان زلهێزێک داکۆکی لێدەکرێ. بازیک کەس ئەم جەرەیانەیان زۆرتر بەئینگلیزیەکان نیسبەت دەدا- و ئەمەکارتێکەریەک بوو کە سەید تەها بە زانینو بەئەنقەست لە(سولدوز) هەڵگیرساندبوو.

هەڵبەتەسمکۆ بایەخی پشتیوانێکی دەرەکی لەم گرینگایەتیەی کە بەرێوەبردنی وی بەسوکر گرتبوو زۆر باش دەزانی. ئەو،بە ڕاسپاردەی سەیەتەها،داخواز بەداکۆکی ئینگلیزیەکان بوو. لە مەڕ لەشکر کێشی هەڵکەوت و مەوقعیەتی بریتانیا باشتر لەشوورەوی بوو، چونکەگۆڕەپانی سمکۆ لە نزیکی کوردستانی ئێراق بوو،کەئینگلیز داگیری کردبوو، و دەیزانی کەئەم پێشنیارە،ئینگلیزیەکانی دانیشتووی بەغدا وەسوەسەدەکات. لە ژوئیەی ١٩٢١ پەیوەندی ناڕاستەوخۆو بە ڕەواڵەت ساناو ڕاستەوخۆی لە گەڵ ئینگلیزیەکان گرت. ئەو نوسی:"دەزانم کە ناسراوم بەمە: کەلە مامەلەو، وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتەکان بە مکرو دۆلاب و فریوو دەستەوداوین دەبم..."

ئاخۆ بریتانیا لەوی داکۆکی دەکات؟ پێشنارێکی سەرنج ڕاکێش بوو، کەوەدیهێنانی ناوچەیەکی پاردە، لە بەرامبەر ئاژاوە سازی تورکەکان لە دەڤەری برادۆست و باڵی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزیەکان لەبەردەست دەنا. هەتا فکری لێدەکراوەکەدوورنییەتاران لە بەرامبەر ئارامیو ئاسایشێک کە زۆری پێ موحتاج بوو بە لە دەست دانی بەشێک لە خاکەکەی ڕەزامەندی دەربڕێ،چونکە بەهەرحاڵ ئەو گۆڕەپانێک بوو کەئەو هەر بەناو لە سەری حوکم و فەرمانی هەبوو. لە بەرامبەر ئەم چاک کاریە،زنجیرەیەک لە بەر چاوگرتنی نەریتی بوو: سمکۆ زۆرپێشتر بە پەل و دەستەکانی تورکی ئیجازەدابوو لە گۆڕەپانی ئیختیاراتی وی بۆ ناوچەی ڕەواندز شوێن تێکەربن،و لەوێ کەچەک و تەقەمەنی لە ئەوان وەردەگرت زەحمەت بوو بەم سانایییەلە گەڵ تورکەکان بپسێنێت،مەگین ئەمەکەبریتانیا کەل و پەلی شەڕی لەبەردەست نابوایە. بەڵام دوایی، مەسەلەیەکی تۆفانی دیسان گەڕانەوەی ئاشۆڕیەکانی "حەکاری" لەبەین بوو کە لە دەشتی ورمێ بوون و دەبوایەبۆ ناو بنەماڵەی خۆیان بگەڕابانەوە، و گەلێک لەم خەڵکەیان تفەنکچیانی سمکۆ لەکوشتبوون. هەتا ئەگەر بەوانیان ئیجازەی گەڕانەوەش دابوایەدیسان باوەڕنەدەکرا، کە لەجەزرەبەو ئازاری وی، پارێزرابوانە. پاشان مەسەلەی ئاسایش و باردۆخی ناوبراو بوو. بریتانیا دەپێشدا یەک پارچەبوونی ئێرانی لە چوارچیوەی سنوورەکانی نێونەتەوەیی دەستەبەر کردبوو،وئەمەبەم مانایە بوو کە لەو لای سنوور"گیروگرفتێک" لە کاردانابێت. و لە ئاکامدا، مەسەلەی ناسیونالیسم-ی کورد: لە لایەک بریتانیا پێیخۆش نەبوو لە لێژنەو بیچم-ی دەوڵەتێک خۆی بنوێنێ کە تاسەو ئارەزوو ی "میللەتی"کوردسەرکوت دەکات. مەسەلەیەکی ئەوها هۆی دڵ ئێشی کوردەکانی ئێراق پێکدەهێنا. لە لایەکی دیکە نەیدەویست هۆکارێکی دیکەوەدەست تاران بدا، کە تاران ئەوی،تۆمەتبار بەدەست تێوەردانی زۆرتر لە کاروباری ئێران بکات: تاران بریتانیای بەوروژاو-ی ناکۆکی لە کوردستان تۆمەتباربکات. بەمجۆرەبریتانیا دەستی لە سەردەست داناو هەنگاوێکی هەڵنەهێنا.






ئێستا سمکۆ بە کردەوەسەرجەمی ناوچەی لە دەست داگرتووەهەتا جێگایەکی دووری وەکوو"بانە"لە باکوور،لە ژێرحوکم و شوێن تێکەری دابوو. تەنیا ساوجبڵاغ هێشتا لە دەستی دەوڵەت دابوو، بەڵام ئەویش سەردەمێکی زۆری دەوام نەکرد. لە سەرەتای ئۆکتوبر فەرماندەرەی پادگانی ساوجبڵاغ،دوو سەردار عەشایەری کەبۆ وتووێژ بانگهێشتن کردبوو بە دۆزوکەڵەکو فریودان زیندانی کرد. سمکۆ بەبیستنی ئەم هەواڵەدەست و جێ بۆ شاری"مەهابادی" هێرش کرد، شاری تاڵان کردو ئەو ژاندارمانەی کە بە دیلی گرتبوون کوشت. یەکێک لە سەرۆکانی مامەشی بە حکوومەت لە شاری"مەهاباد"دانا. پاشان بۆ بەربەرەکانی بە گرووپێکی زۆر لە چەکدارانی "قەرەداغ" بەلەز لە قەراخی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ گەڕاوەو ڕاست لە باشووری سەڵماس لەگەڵ ئەم هێزەڕوو بەڕوو بوو، ئەوی خروپتوون تیشکاندو لەناوبرد. لەسەرەتای دسامبەر شکەستێکی توندی دیکەی لە"قەرەتەپە" هەڵکەوتوو لەدەورادەوری باشووری سەڵماس لە هێزەکانی دەوڵەتی دا. کەسایەتی و کەسینیو ئیحتووباری بەرز بۆوە، ئەو هێندەکە لەکۆتایی ساڵ لانی کەم ٥٠٠٠ تفەنکچی لە بەردەست دابوو.

----------------------------------------------------------------------

تێبینی: سمکۆ تاڵانچی نەبووەئەو درۆو دەلەسانەتورکی فاشیستی وەکوو شەفیق عەلی "ۆزدمیر"کردویانەبە ناوی مێژوو دەرخواردی خەڵکیان داوا هەتا کەڕامەتی سمکۆ بێنەخوار کە چقڵی چاوی نەیاران و داگیرکەران بوو هەتا زۆر لەوانە هەوساریان پساندوە بوختانیان بە گەلێک گەورەپیاوانی کورد کردوەە دنۆکەش وەک سەگ بە ئاسمان دەوەڕن،بەداخەوەئی خۆماڵیش ئەوانەی کۆتەخۆرو سەولەڕفێن لاسایان کردونەتەوە." وەرگێڕی کوردی".

----------------------------------------------------------------------

بەڵام هەرخەیاڵ و هەوایەکی لە کەللەی دابوو،سیاسەتەکانی عەشایەری پێشگرو لەمپەرو دەست و پێ گیر بوو. لە گەڵ ئەوهەموو سەرکەوتنانەی کەبە دەستی هێنابوو، بارودۆخێکی وەک "داودخانی کەڵهوڕ" هەبوو: لە وی دەترسان بێزاری خۆیان دەردەبڕیو لە عەینی حاڵدا ئەوانەی لە دەوری هاڵا بوون مەدحیان دەکرد. هێشتا لە ناو شکاکان دوژمنی هەبوون،هەر چەند کەئێستا دەمیان هەڵنەدەپچڕی و کپ ببوون. لە باشوور،کوردەکانی دەوروپشتی "ماکۆ"خوازیاربوون شۆڕش هەلایسێنن. ئەم گروپە پەیتا پەیتا لە دەوڵەتیان داوا دەکرد کە هێزێکی ناوچەیی دژی "سمکۆ" کۆ کاتەوەو بە گژیدا کات. لە باکوور "مەنگورەکان" کەدەوڵەتیان دەبوغزاند حازر بە لکان بۆ لای سمکۆ بوون. بەڵام گۆڕەپانی ئەو دوو عەشیرەگەورەانەیانی موکری "دێبۆکری" و"مامەش" بەدووگرووپی موافیقو موخالیفی "سمکۆ" گۆڕا. زۆرایەتی وێدەچوو موافیقی پشتیوانی بە مەرج لەسمکۆ بوو،ڕەنگەکە ئەم عەمرەکارتێکەر لە دەست بەسەرداگرتنی سنە"سەنەندەج" بەدەستی عەشایەری ناوچەیی لە نیوەی مارس بێت. بەهەرحاڵ ئەم عەشایەرەلە تێئۆڕی ٥٠٠٠ شەرکەری دیکەی لە هێزی ٥٠٠٠ کەسی "سمکۆ" زێدەدەکرد.

یەکیەتی سەردارانی موکری لە گەڵ سمکۆ هێندەی دەوام نەکرد. لە مانگی مارسی ١٩٢٢ یەکیەتی ئەم سەرۆکانەلە گەڵ سمکۆ قەوانەکەی بە ئینکەبەرێ گۆڕا. دوو دڵی دەمەدایەکە سمکۆ چ کاتێک لەداکۆکی پڕ بە دڵی ئەم گروپە کەلکی وەرگرتبێت. چاخێک "ساوجبڵاخ"ی لەئۆکتۆبری ١٩٢١گرت بە عیلەکەی ئیجازەدا ماڵەکانی شاری ئەو دوو سەرۆک عەشیرەتاڵان بکەن. گوتبووی:" بەدوای خەڵکی مەهابادم نارد" کە بین و یارمەتیم بکەن"بەڵام نەهاتن. ئەو دەستەکە لایانی ویان دەگرت و جامینخوازی بوون، بەم هۆیەبوو کەهێزی بەقووەت و زاڵ بە سەرناوچەئە و بوو. دوور نییە کە لەئیحساس و هەستی ئیخلاس سەبارەت بەخۆدی وی یان ئارمانەکانی نەتەوەیی کورد کارتێکەر بووبن.

لە پارێزگای کوردستان،"دزلی" بڕیاری گرت لەسمکۆ داکۆکی بکات. "سەردار ڕەشیدی ڕەوانسەر" کەپێشتر لە دەوڵەت لالووت بیووئەوهای کرد. ئەو پێشنیاری کرد کە ئەگەر سمکۆ "سەقز" داگیرکات ئەویش "سنە"دەگرێت. بەڵام سەرداری مەریوان،یانی "مەحموودخانی کانی سانانی" بانگەوازی سمکۆی بەلکان بەشۆڕش هەتا بەپێشنیاری حکوومەتی سنەڕەت کرد: سمکۆ بەوی پێشنیارکرد لەکاتێک دا کە سنە داگیرکات حاکمی شاربێت. مەحموودخان وێدەچێ ئەم پێشنیاری وێکەوت،چونکەبە هێزترین سەرۆکی ناوچەبوو، هەرچاخ ویستبوایە دەیتوانی بۆخۆی سنە، بەردەست بکات.

لە بەشی باکووریتری دەڤەر هێندەحەزیان لە شۆڕش نەدەکرد. باڵوێزی بریتانیا لەکرمانشا،ئاقیدەی وابوو کە لە بارەی بزوتنەوەی سەربەخۆ خوازی "ئیکجار زێدەڕۆیی کراوە... هەڵسو کەوتی زۆرایەتی خەڵکی کوردستانی باکوور لە گەڵ قەزیەئەوهایە،کەحازرن لە بزوتنەوە داکۆکی بکەن، بەم مەرجەکەخەرج وی بریتانیا دابین کات، وە سوکر بگرێت، بەڵام هەتا پارەیان نەدەنێ خۆیان تێکەڵ ناکەن" ئەمەبیروڕایەک بوو کەئازموونی سەردەمی شەڕی ئاڵمانیەکانی دەکردەئاوێنەباڵانوێن. "سەنجابییەکان" و"قولیخانییەکان" کاتێک کەسمکۆ لە بەرزایی دەسەڵات بوو،بەچاوی سووکیان لێدەڕوانی. وێناچێ کەعەشایەری ناسوننەمەزەب هەڵبەتەجیا لەنەیارانی ئەم عەشیرەحەزێکیان لە یەکیەتی لەگەڵ وی هەبووبێت.

بە پێچەوانەی بێ مەیلی خەڵکی باکوور،تێگەینی ئەم بابەتەسانابییەکە بۆچ سمکۆ ڕۆژ بە ڕۆژ زێدەتر لەهەڵکەوت و مەوقعیەتی خۆی دڵنیاتر دەبوو. هەرهێزێکی کەبۆ بەرەنگاری دەناردرا بە سانایی تەفروتونای دەکرد، لە حاڵێکدا ڕەزاخان نیگەرانی شوێنەکانیتریش بوو: لەبزوتنەوەی ئینقلابی گیلان لە ئاکامدا تێکشکاندرابوو، لە سەرتای فۆرییەی 1922بزوتنەوەیەکی تەمەن کورت بە ڕێبەری ئەفسەرانی ژاندارمەری لەتەورێز ڕوویدا بوو. لە هاوینی ئەوساڵی ڕەزاخان بێجگەلەئاڵادین بوونەوەی سمکۆ لەگەڵ ئەوهێرشەی "لوڕەکان" لە"برۆجرد" و تاڵانو برۆی "تورکمانەکان" لە دەورەوپشتی "گورگان" و دەست درێژی "شاسێوانەکان" لەقەراخ قوجاخی "ئەربیل" ڕوو بەڕوو بوو. ئەم هەڵاوبگرو پشێویی و ئاڵۆزی دڵەڕاوکەو نیگەرانی سەبارەت بەدابشکردنی ئێران شێ دەکردەوەو ئازانتی دەکرد.






جیا لەم شۆڕشانەی ئاشکرا،دەوڵەت دەبوایەلە گەڵ حەول و تەقەلای خەرابخوازانەی شووڕەویەکان و تورکەکان-یش بەرەنگاری کردبوایە. بنکەیەکی نهێنی بەرفرەوان بە ناوی"نەتەوەخواز" کە بلشەویکەکان داکۆکیان لێدەکردن لە کۆردستان هەتا خودی کرمانشا تێکۆشانی هەبوو، شوێنەواری پڕوپاگەندەی بە جێگرتووی بلشەویکەکان لە ناو مامۆستاکانی ئائینی دەوروپشتی خانەقین ئاشکرابوو. لەونیوەکەماڵیستەکان هێشتا لە سمکۆیان داکۆکی دەکرد. گروپێکی کەماڵیستی هەتا لە تاران-یش بوونی هەبوو کە بریتی لە ژمارەیەکی زۆر کورد بوو. کوردەکان بەوێچوویەکی زێدەزۆرتر کارتێکەر لە بێزاریەک بوون کە لەڕەزا خان یان هەبوو، ئیلاقەیەکی ئەوتۆیان بەمستەفا کەماڵ یان سمکۆ نەبوو.

لە مانگی مەی سەید تەها کەبارەگایەکی لە "ساوجبلاغ" دانابوو لەگەڵ چەکدارەکانی بۆ ناوچەی دێبۆکری دەوروپشتی بۆکان، کە دەڤەرەێکی کشتو کاڵو ساماندارهەڵکەوتوو لە سی مایلی باکووری ساوجبلاغ، چوو دەستی بە تالانی ناوچە کرد. لە نەبوونی وی هێزەکانی سەروەحکوومەت و پێکهاتوو لە چریکەکان بە ئیستلاح ئیستا "چاشەکانی"میاندواب کەمەهابادیان بێ بەرگری بینی داگیریانکرد. سەید تەها کاتێک لەم جەرەیانەخەبەردار بوو گەڕاوەو بەلەز دەستی بە سەرشار داگرت و ٢٠٠ کەس لەبەرگریکەرەکان شار کوشتو بەنیییەتی داگیرکردنی میانداواب بۆ وێ، ڕۆیی. ئەم کارەهۆی ترسو لەرزو لە ناو جەماوەری شیعە مەزەب شاربوو،وەهەتا خەڵکی مەراغەش لە ترسی گیانی خۆیان پێیان پیوەناو هەڵاتن. سمکۆ لە مانگی ژوئین بە داگیرکردنی "سائین قەڵا " هەڵکەتوو لە ڕۆژهەڵاتی "بۆکان" گۆڕەپانی دەسەڵاتی خۆی زێدە کرد.

دەوڵەتی ئێران بە دوای هەڵو فورسەت هەڵدەسووڕاو خەریکی کۆ کردنەوەی هێزێک بوو کەبتوانێت بەسەرکەوتنەکەی هومێد ببستێت. لەسەرەتای مانگی ئەوت هێزێک بریتی لە هەشت هەزارکەس لە ناوەندی کۆمەڵگای خۆی لەباشووری گۆلی ورمێ بۆ لای باکوور وەڕێ کەوت. لەنۆی ئەوت شەڕێکی گەورەلە باشووری سەڵماس ڕوویدا کە دەوێدا هێزەکانی سمکۆ زۆرخەراپ تێشکان. لەدوایی وی،هێزەکانی دەوڵەتی دیلمانیان وەرگرتەوە. ئێستا سوپای سمکۆ لەبەریەک بڵاو ببوو، و گروپەکانی جۆربەجۆری تایفەیی بۆ ماڵەکانی خۆیان دەگەڕانەوە. دژی چاریە"چهریق"یانی کۆشکی سمکۆ،لە ی ئەوت دەستی بە سەرداگیرا، و شاری ورمێ لەڕۆژی شازدەهەم سەر لە نوێ لە لایان هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکرا- سمکۆ و ڕێبەرانی مەزن ئاوای کەوشەنی کوردستانی تورکییە بوون.

ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی سمکۆ لەتێکۆشان بەبێرو ڕای وەدەست هێنانەوەی جەلال و شکۆو ئیختیداری پێشوو تێپەڕ بوو. بۆ ئێراق چوو، هیوادار بوو کەبتوانێت داکۆکی سەید تەهای و شێخ مەحموودی بەرزنجی وەدەست بێنێت، بەڵام سەید تەها لەبەرزەفرپەکانی خۆی لەئێران دەستی هەڵگرتبوو، و شێخ مەحموود-یش کەمتەرخەمی سمکۆی سەبارەت بەشۆڕشی ساڵی ١٩١٩ی خۆی لە بیر نەکردبوو- لە گەڵ وی مامەلەی بەتوڵەکرد. لەی دیسان بۆ تورکییەڕۆیی، بەڵام لەوێش پشتیوانی نەدۆزیەوە. لە ڕەزاخان وێدەچوو بەم خەیاڵ و لێکدانەوەکەمانی لە ناو وڵات باشتر لەمەیە،کە لەو بەری سنووربێت ئەوی عافووکرد.

"سمکۆ" لەبەهاری ساڵی ١٩٢٥ بۆ ئێران گەڕاوە. یەکەمین ئەرکێکی کەلەسەرسوکری خۆی دانا بوو، لە ناوهەڵگرتنی ڕەقیب،یانی عەمەرخان بوو، کە لە نەبوونی وی لەسەردەمی ملکەچی لە ١٩٢٢ بەم لاوەدیسان سەرۆکایەتی عەشیرەی وەسوکرگرتبوو. لە ژوئیەی ١٩٢٦ سمکۆ جارێکیتر قارەمانی ئولکەبوو، و دەیەویست کەئازادیەک کەپێشتر لە وی کەلکی وەردەگرت سەر لە نوێ زیندو بکاتەوە. دەوڵەتی سروشتیەلەم مەسەلەلە غەرەزو بوغزکەوت، و دیسان داکۆکی لەعەمەرخان بەردەوام کرد. لە ئۆکتوبر ١٩٢٦ دەست درێژی سمکۆ کە لەپاییزی ڕابردوو دەوامی هەبوو جاریکیتر بۆ شۆڕشێکی ئاشکرا بڕیارگرتوو بوو. لە گەڵ بەگزادەکانی دەشتی "مەرگەوەڕ" و"تەرگەوەڕ"بەرەی پێکهێناو لە گەڵ عەشایەری هەرکی بۆ دەشتی سەڵماس ڕۆیی. بەجیا بوونەوەی نێوەلەهێزەکانیو لکانیان بە عومەرخان لەدەوروپشتی دیلمان بە سانایی شکەستی خوارد. سمکۆ ئەمجار بۆ ئێراق هەڵات و ڕێبەرایەتی "شکاکەکانی عەبدۆیی" بۆعەمەرخان بەجێهێشت.

سمکۆ هێشتا چاوەنواڕ بوو کەجەرەیانی ڕابردو بژێنێتەوە. لەئێراق خیرا لەگەڵ مرۆڤی هاوفکرو هاو ورەی خۆیو هەروا لەگەڵ تورکیەدەستی بەنامە گۆڕینەوە کرد تورکییە وێدەچێت لەسەرکوتکردنی کوردەکانی خۆی لەئاناتۆلی ئاتاجی پێ هەبووبێت. لەتورکەکان وادەیان پێدا کە فەرماندەری هەنگێکی عەشایەریو ملّکێک لەنزیک سنووری ئێرانی پێبدەنو ئەو بە تەماحی ئەم وادەیەبۆ تورکییەچوو. تاران بەڕەواڵەت مەترسی بوونی سمکۆی لەنزیک سنوور هەست پێدەکرد و ئەمجار بڕیاری بەکوشتنی وی گرت. لەئەوی عافووکرد و سەرافەتی شاری شنۆی بە وی ئەسپارد. هێندێک دوایی گەڕانەوەی سەربازانی حکوومەت بۆسەیان بۆ داناوەو ئەویان کوشت.

ئاخۆ سمکۆ مێرێکی نەتەوەخوازبوو؟ لەسەربەخۆیی قسەدەکردو سەرکەوتنەکانی هێندێک عەشایەری لەدەورەی خۆی کۆ کردەوەو یەکیەتی هەڵکەوتو مەوقعیەتی لەگەڵ سەید تەها لە کوردستانی تورکییەئەم جەرەیانە بۆ ئەم لای سنووری کێشا. لە گەڵ ئەم هەمووەبۆی چەتوون بوو کەجگەلەخۆی کەسێکیتر بە ناوی ڕێبەری نەتەوەیی قەبووڵ بکات. ئەو و نەسەید تەها،هیچ کامیان بە شێخ مەحموود بە چاوی کەسێک مەگین ڕەقیبێکی بە دەسەڵات لێنەدەروانی. تەنیا دوایی تێکشکانی خۆی بوو کەسمکۆ هەڵس و کەوتی خۆی لەگەڵ شێخ مەحموود گۆڕی. بەڕەواڵەت چ داخۆیانەک یان بەرنامەیەکی سیاسی لەوێ بەجێنماوە کە بیروڕای وەک ئاوێنەی باڵانوێن وەبەرچاوبخات، وەمەعلووم نییەکەئاخۆ بە حەقیقەت داخۆیان یان بەرنامەیەکی هەبوو یان نا. هەرچەند پیاوێکی مەهابادی گۆڤارێکی بە ناوی ڕۆژی کوردستان لە لایان وی بڵاوکردەوە بەڵام خەتی ناسیونالیسی ئەم گۆڤارە مەعلووم نییە. و بە نەزەر ناگات کە لە ناوچەیەکی کە لە ژێرحوکم و شوێنتێکردنی بووەسیستەمی بەڕیوەبردن یان باج و پێتاکەکی دانابێت. لە"ورمێ" وساوجبڵاغ"ڕەنگەشوێنەکانی دیکە"سەرۆکانی عەشایەری بەحکوومەت دابن. ئەمەهەڵبەتەهێندەلە گەڵ سیاسەتی بەڕێوە بردووی ئێران لەپێشوو تەوفیری نەبوو،بەڵام بەدژواری چاوگەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێی،لە خۆیدا وێنەدەکێشا. ڕوونەکەسمکۆ بە چاوی کەماسی لە دانیشتوانی شارو ناعەشایەری دەڕوانی و ئەوانی لە سەریەک بەچاوی ڕەعیەت






لێدەڕوانی کە دەبوایەباج و پێتاک بەوی بدەن. شێوازی هەڵس و کەوتی لە گەڵ"ئەنجومەنە"کان لەدەورەی مەشرووتیەت و تالانی ساوجبلاغ، پایتەختی کورد،نیشان دەدا کەسەربەخۆ خوازیەکەی ئەوهێندەکەکارتێکەر لەوەزع و حالاتێکی ئابووری- کۆمەلایەتی "یانی عەشیرەیی شوانی لەبەرامبەر شارنشینان" بوو کارتێکەر لەنەتەوایەتی نەبوو. سمکۆ لەئاخرەکەیدا وەک سەرۆک عەشایەرێک مایەوە، کە لەچاکتری فەرهەنگی بۆ کۆ کردنەوەی جامینخوازان و سەرکوتی ڕەقیبانی کەلک وەردەگرت. "شکاکەکان" لەنێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لێکتری خرببونەوەو بەرەیەکی عەشایەری بەهێزیان پێکهێنابوو. ئەم بەرەیەبۆ خۆی کۆمەڵگایەکی خانەدانی ناکاس و کار بوو، کە بنەماڵەکانی بڕیارگر ئەوانیان پێکەوەجۆش کردبوو. دەکرێ بڵێن: کەسمکۆ ئەو جەرەیانەی زۆربەرفرەوانتر کرد، هەتا خۆی بەسەرۆکی گشتی عەشایەری کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دابنێت. بەلام لەعەینی حاڵدا ئەم فەرهەنگەی عەشایەری کە ئەو بۆ خۆی بەشێک لە وێ بوو ئەوی ئیکجار لاواز کردبوو. ئەم مەسەلەبە ڕوونی لەهەڵوەشانەوەی بەتاڵووکەی هێزەکانی، بەدوای تێشکان،هەر وا لە کێشمەکێشم و شەڕو بەرچاوتەنگی کەبنج و بنەوان و ڕیشەی لەعەشیرەگەری داکوتابوو ئاشکراو لە بەرچاو بوو.

حامیدرەشیدی زەرزا،سیدنی ئوستەڕالیا،٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی.

مێژووی هاوچاخی کورد،نووسینی دیویدمک داوڵ،وەرگێراوەی فارسی کاک ئیبراهیم یونسی.

پێشمەرگەکان

## "سمکۆی شکاک" کەسایەتیەکی ئاڵۆز



عدالەت عبدالقادر زەنگەنە

یەکێک لە لاپەرە گرنگەکانی مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا جوڵانەوەکانی سمکۆی شکاک و شۆرشەکانێتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی رژێمی کۆماری ئیران لەماوەی ساڵانی ( ١٩٠٥ - ١٩٣٠ )ز دا.
ناوی سمکۆ و شۆرشەکانی تەنیا لەنێو کورددا نەکەوتووەتە نیو ناوانەوە بەڵکو چەندین راپۆرتی لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق و ئیران و روسیاو بریتانیاشدا بە تێرو تەسەلی لەسەر نووسراوە ، بۆیە دەمەوێت لەم راپۆرتەدا وەک کەسێکی بێلایەن و بێ ئەوەی هیچ هەستێک خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو راستیانەی کە وەرم گرتوون و بەپێی پێویست تیشک بخەمە سەر چەند لایەنێکی پەیوەندی دار بە کەسایەتی سمکۆ و شۆرشەکانی و هەڵویستی بەرامبەر بە گەلانی دەوروبەر و هوکارە یارمەتی دەرەکان لە دەرکەوتنی کەسایەتی سمکۆ و بەرپا کردنی شۆرشەکانی .

**کەسایەتی سمکۆی شکاک و هۆزی شکاک :**

ئیسماعیل ئاغای شکاک ناسراو بە (سمکۆ) کوری محمد ئاغایی سەرۆکی هۆزی شکاکە ، تا ئێستا ساڵی لە دایک بوونی بە تەواوەتی نەسەلمێنراوە ، بەڵکو مێژوونوسان رای جیاوازیان هەیە لەبارەی ساڵی لە دایک بوونیەوە ، هەندێک پێیان وایە ساڵی (١٨٧٥ )ز لەدایک بووە ، هەندێک پێیان وایە ساڵی (١٨٨٧ ) ز لەدایک بووە ، هەندیکی تر پێیان وایە ساڵی (١٨٨٩ ) ز لەدایک بووە ، بەلام بۆچونی زۆربەی مێژوونوسان و رای پەسەندتر ساڵی(١٨٧٥ ) ز لەدایک بووە.
هۆزی شکاک یەکێکە لە هۆزە دیارەکانی رۆزهەڵاتی کوردستان کە پێگە و نفوسێکی دیاری هەبووە ، هۆزی شکاک لە ساڵی (١٩١٨ )ز نزیکەی دوو هەزار خێزان بوونە ، زێدی رەسەنی ئەم هۆزە لە دەوروبەری ( دیاربەکر) ی باکووری کوردستان بووە،
پاشان کۆچیان کردووە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و لە ناوچەی (ورمێ) نیشتەجێبوونە و بە تێپەر بوونی کات دەسەلاَت و ناوبانگیان پەیدا کردووە .
هۆزی شکاک بەسەر دووتیرەدا دابەش بوون ، یەکەم(عەبدۆیییەکان ) کە نیشتە جێی دەوروبەری ( چەهریق)ی باکوری ورمێ بوون و لایەنگری سمکۆی شکاک بوون ، دووەم (مامەدەیییەکان) کە لە بەشی باشووری دەڤەرەکەدا نیشتە جێبوون کە ئەمانە پشتیوانی (عومەر خان) ی مامی سمکۆ بوون کە دواتر ملی بۆ حوکم و دەسەلاتی سمکۆ دا .
باوکی سمکۆ (محمد ئاغا) کەسایەتیەکی دیار و هەڵکەوتووی ناوچەکە بوو تەنانەت ناوو ناوبانگی هەبوو لە تاران و ئەستەنبوڵیش دا ، لەسەردەمی(محمد ئاغا) دا پێکهاتەی هۆزی شکاک بریتی بووە لە شەش هەزار خێزان و هێزی چەکداریشیان بریتی بووە لە سێ هەزار جەنگاوەر .
سمکۆی شکاک بەچەندین شێوە باس لە کەسایەتی کراوە ، هەندێک بە نیشتمان پەروەر و هەندێ بە نوێخواز و هەندێ بە تالانجی و ڕێگر وەسفی دەکەن ،
بەلام زۆربەی زۆری ئەو ناوبانگە خراپانەی دەدرێتە پاڵ سمکۆ لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکیا و ئیرانەوەیە ، هەرچەند تالانی شاری سابلاغ لەلایەن






سوارەکانی سمکۆ وە کەدەر حەق بەو شارە کوردییە ئەنجام درا نابێت پەردە پۆش بکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وایە دەسەلاتی سمکۆی تێدا نەبووەو چەکدارەکانی سوپایی ئێران خۆیان داوەتە پاڵ دیوارەکانی شار و بەو جۆرە شاری سابلاغ بووە بە مەیدانی شەر و ململانێ و ئەو دۆخەی لێکەوتەوە ، وە سمکۆ زۆر لە هەوڵی ئاشت کردنەوەی دانیشتوانی شاری سابلاغ دا دەبێت بەلام بێسود دەبێت .

کوشتنی(مار شمعون ) ی رابەری بالای ئاشوری لەکاتی کۆبونەوەی لەگەڵ سمکۆی شکاک بە شیوەیەکی بەربەری کە زۆر جار لۆمە و سەرکۆنە دەکرێت یەکێکی دیکەیە لەو روداوانەی کە کەسایەتی سمکۆ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەرچەندە هەندێک دەڵین سمکۆ پێش روداوەکان کەوتووە بەبەڵگەی ئەوەی (مار شمعون) لەبنەرەتدا لە لایەن روسیاوە هان درابوو کە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ سمکۆ پێک بێنێت تاوەکو هەلی کوشتنی سمکۆ دەرەخسێت.

(حەسەن ئەرفەع ) وەک کەسایەتیەکی سەردەمی سمکۆ کە پلەی جوراو جۆری هەبووە لە ریزەکانی سوپایی ئیرانی ئەو سەردەمە دەڵیت : دەتوانین بڵێین شۆرشی سمکۆ یەکەم هەوڵی کوردەکانی رۆژهەلاتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەلام حەزو ئارەزوی سمکۆ بۆ کوشتار و تالان لەکەڵ سەربەخۆیی کوردستان لەو بارودۆخەی ئەوکاتەی جیهان یەکی نەدەگرتەوە هەر ئەمەش بوو وای کرد زۆریک لە دانیشتوانی ( سەلماس و ورمێ و خۆی ) لە دەوری کشانەوە .

لەبەڵگە نامە نهینیەکانی حکومەتی بریتانیادا کە(کەمال مەزهەر ) لە کتێبەکەیدا ( کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا ) ئاماژەی پێدەکات هاتووە دەڵێت :

( سمکۆ رەهبەرێکی کوردی بەناوبانگە ساڵ و نیویک دەبێت ناوی لەناواندا نەماوە ، بەلام هەرچۆنێک بێت هەموو کات لە وانەیە بێتەوە مەیدان و هێندەی شێخ محمود لە سلیمانی گێرمە و کێشە بۆ حکومەتی ئیران و تەنانەت بۆ حکومەتی عێراقیش دروست بکات .

## گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سمکۆوە:

لەپاش مردنی محمد ئاغای سەرۆک هۆزی شکاک (جعفر ئاغای ) ی کورە گەورەی دەسەلات دەگرێتە دەست ، جەعفەر ئاغا پیاوێکی سەرکێش و نا ئارام بوو کە زۆربەی کات کێشەی بۆ حکومەتی ئێران دروست دەکرد ، ئەوکات (نزام سەلتەنە) فەرمان رەوای تەبرێز بوو بۆ نەهێشتنی ئەم گرفتە و رزگار بوون لێی جەعفەر ئاغای بانگێشتی تەبریز کرد بۆ ئەوەی لە دابین کردنی ئاسایش دا یارمەتی بدات کە ئەو کات بارودۆخی ( قەفقاز ) و ( ئازربایجان ) ئالۆز بوو ، لە پاش چەند رۆژێک لەگەیشتنیان بۆ تەبرێز ( نزام سەلتەنە ) جەعفەر ئاغای بانگێشتی کۆشکی بەرێوەبەرایەتی کردو لە کاتی گەیشتنی بەو کۆشکە لە پیلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراودا دەکوژرێت ، ئەم روداوە لە ساڵی (١٩٠٧) ز روی داوە .

لەپاش کوژرانی جەعفەر ئاغا سمکۆ دەسەلات دەگرێتە دەست کە بەکوژرانی برا گەورەکەی رق و کینەی زیاتری لە دڵدا دروست بوو دژی دەسەلاتدارانی ئیران، هەر بۆیە دوایی گرتنە دەستی دەسەلات چەندین هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی سوپای ئیران و زەرەرو زیانی زۆریان پێ دەگەیەنێت ، هەر بەمەبەستی سەندنەوە تۆڵە چەند جارێک هەوڵی هاوپەیمانی داوە لەگەڵ ئینگلیزەکان و تورکەکان و روسەکان .

## سمکۆی شکاک و دەرکەوتنی وەک سەرکردەیەکی لاو :

دەرکەوتنی هەر کەسایەتی و سەرکردەیەکی دیار چەند هۆکارێک دەبنە هۆی دەرکەوتنی و ناساندنی بە دەوروبەرو بە جیهان ، سمکۆی شکاک وەک سەرکردەیەکی کوردی سەردەمی خۆی چەند هۆکارێک یارمەتی دەربوون تا بەو جۆرەو بە خێرایی ناوی بکەوێتە ناوانەوە لەو هۆکارانەش :

یەکەم : پاش کوشتنی جەعفەر ئاغای برای بەو شێوە تراژیدیە بیری تۆڵە سەندنەوە لە دڵ و دەرونی سمکۆ دا چەکەرە دەکات ، بۆیە چەند جاریک هێرش دەکاتە سەر بنکەو هێزەکانی قاجاریەکان لە ( ورمێ ) و ( مەراغە ) و دەورو بەری و زیانی زۆریان پێدەگەیەنێت .

دووەم : بەهێزی و ناوبانگی هۆزی شکاک لە قۆناغە مێژوویەکانی ئیران و هەوڵ و دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ پاراستنی ماڵ و موڵکەکانیان لە دەست قاجاریەکان ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دەرکەوتنی سمکۆ وەک سەرۆکی ئەو هۆزەبەناوبانگە.

سێیەم : سمکۆی شکاک وێرای دلێری و چاونەترسی توانایەکی سەربازی و کۆمەڵایەتی باشی هەبوو ، بە هۆی زمان پاراوی و قسەزانی و خەسڵەتەکانیەوە ئەوپەری توانایی قایل کردن و سەرنج راکێشانی هەبوو ئەمە لەکاتێکدا سمکۆ کەسێکی نەخویندەوار بووە .

چوارەم : یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی سمکۆ ئەوەیە کە دەبێتە زاوای ( سەید تەها) ، چونکە جگە لەوەی سەید تەها کەسایەتیەکی شۆرشگێر بووە لەوە گرنگتر کەسایەتیەکی ئاینی زۆر باشی هەبووە ئەم پەیوەندیە کومەلاَیەتی و خزمایەتیە وای کرد سمکۆ نێوبانگی زیاتر پەیدا بکات .

پینجەم : ساڵانی یەکەمی جەنکی یەکەمی جیهان بە گشت پێشهات و ئاکامە گرنک و یەکلاکەرەوەکانیەوە ئەوپەری کاریگەریان هەبوو لەسەر سمکۆ ، بەو هۆیەوە رادەی تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی قوڵتر بووەوە ، ئەمەش بووە هۆی دروست بونی خولیایی سەرفرازی و ئازادی لە چنگی داگیرکەران و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیی تایبەت بە کورد لای سمکۆ .

شەشەم : بێلایەنی سمکۆ لە هەمبەر روداوەکان لەدوایی کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە ساڵی ( ١٩١٧ ) و پاشان خۆی ئامادە کرد بۆ هەلایسانی شۆرش لە

دژی قاجاریەکان .

**بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدوایی جەنگی یەکەمی جیهان :**

جەنگی یەکەمی جیهان ( ١٩١٤_١٩١٨ )ز هەموو ناوچەکانی کوردستان و دەورو بەری شڵەژاندبوو ، وڵاتی ئیران رێبازی روس و تورکەکان و ئەلمان و ئینگلیز بوو ، لەژێر پێدا پلیشابووەوە ، حکومەتی قاجار لە ئێران هەر بەناو مابوو ، رەزا شای پەهلەوی لە ئیران دەرکەوت لە ئیرانێکی بێنوزەی ئەو دەورە هەموو سوچێکی ئیران بلێسەی ئاگر و ئاژاوە بوو

بێگومان رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک بەشێک لە سنوری نێوان عێراق و ئێران لەو بارودۆخە شێواوەی ئەو دەمە بێبەش نەبوو کەببوە شوێنی ململانێی وڵاتانی جەنگی یەکەمی جیهان .

بەهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ زۆربەی نەتەوە ژێر دەستەکان تا هەوڵی سەربەخۆیی بدەن ، لەم نێوەندەش دا کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان پەیان بەم مەجالە برد بەتایبەت سمکۆی شکاک ، هەر بۆیە لەم پێناوەدا چەندین هەوڵی داوە چ لە رێگەی شۆرشەوە بێت یا لە رێگەی دانووستانەوە بێت .

وەلە رووی ئابوریشەوە رۆژهەلاتی کوردستان وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی ناوچەکە تووشی لاوازی و داروخانی ئابوری ببو ، ئەمەش زیاتر بە هۆی جێگیر بوونی هێزەکانی ئینگلیز لە ناوچەکە کە بەردەوام داهات و سامانی ناەچەکەیان بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی هێزەکانیان بەکار دەهێنا ، وە هێزەکانی روسیش هەمان سیاسەتیان پەیرەو دەکرد ، کەئەمەش بووە هۆی لاواز بوون و روخانی لایەنی ئابوری ئەم بەشەی کوردستان کە هەژاری و برسێتی زوری بە دوایی خۆی دا هێنا .

**شۆرشەکانی سمکۆ و هۆکاری بەرپاکردنی :**

بەوتەی (حەسەن ئەرفەع ) سمکۆی شکاک یەکەم سەرکردەی کوردە کە داوای سەربەخۆی بۆ کورد کردبێت لە ساڵی (١٩٢٠)ز ، بێگومان چەند هۆکارێک بونەتە هۆی دروستبونی خولیایی کوردایەتی و شۆرش بەرپاکردن دژی حکومەتی ئیران لەوانە جەور و ستەمی حکومەتی دیکتاتۆری قاجاری کە هەمیشە لە هەوڵی لەناو بردن و سەرکوت کردنی کوردا بوون و هیچ کات ئامادە نەبوون دان بە مافەکانی کوردا بنێن وەک نەتەوەیەک ، وەکوشتنی ( جەعفەر ئاغا)ی برا گەورەی بەشێوەیەکی تراژیدی هۆکارێکی دیکە بوو لە دروستبوونی هەڵوێستی کوردایەتی سمکۆ .

وەک پێشتر باسمان کرد هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان هۆکاریکی دیکە بوو بۆ دروستبوونی خولیایی کوردایەتی و ئامادەیی سمکۆ بۆ بەرپاکردنی شۆرش.

دەسپێکی شۆرشەکانی سمکۆ دژی دەوڵەتی تورکی علیمانی بوو کە لەگەل چەند کەسایە تیەکی دیکەی کورددا هەوڵی داگیر کردنی شاری بەدلیسیان دا ، بەڵام پاش چەند سەرکەوتنێک شکستیان هێنا و لەم ئامانجەیان سەرکەوتوو نەبوون و چەند سەرکردەیەکی ئەم شۆرشەش لە لایەن سەرانی سوپایی تورکیاوە لە سێدارە دران .

سمکۆ دوایی پاشە کشێی هێزەکانی عوسمانی و پەیمانی شەر وەستان لە مانگی دەی (١٩١٨)ز بوو بە گەورەی دەڤەرەکەو بەرە بەرە ناوچەکانی نێوان دەریاچەی ورمێ و سنوری نێوان ئیران عوسمانی رزگار کرد ، ئەم سەرکەوتنانەی سمکۆ وای لە دەسەڵاتدارانی ئیران کرد کە بیر لە لەناوبردنی سمکۆ بکەنەوە بۆ ئەم مەبەستەش بەستەیەکی بۆمب رێژ کراویان بۆ سمکۆ نارد هەرچەندە بۆمبەکە تەقیەوە بەلاَم سمکۆ خۆی لەم پلانە رزگاری بوو .

لە هاوینی ساڵی (١٩١٩) دا سمکۆ رەزاییە (ورمی)ی داگیر کردوو چەکدارەکانی ئەو شارەیان تاڵان کرد ، پاشان دەوڵەتی ئێران هێزەکانی ناوچەکەی کۆکردەوە و بە فەرماندەیی ( عەقید فیلیبۆقی ) ی روسی هێرشیان کردە سەر سمکۆ و لە ناوچەی شاپور (سەلماس)و تاوەکو ناوچەی ( چەهریق ) راویان نان ، بەڵام دواتر لە رێگەی گفتوگۆوە گەیشتنە ئەنجام بەو مەرجەی سمکۆ دەس وەرنەداتە کاروباری ناوچەی رەزاییە ( ورمی )، بەڵام پاش گەرانەوەی ( فیلیبۆق ) سمکۆ ئەوناوچانەی کە پێشتر لە ژێر دەستیدا بوون داگیری کردنەوە ، پاشان بۆ ماوەیەک بارودۆخەکە ئارامی بە خۆوە دەبینێت تاوەکو ساڵی (١٩٢١)ز کاتێک ( سەید تەها ) هێرش دەکاتە سەر شاری سابلاخ (مەهاباد) بەڵام تووشی بەرگریەکی بەهێزی سوپای ئێران دەبن لە شارەکەدا ، بۆیە رۆژی دواتر سمکۆ بە دوو هەزار سوارەوە دێتە یارمەتی (سەید تەها) و دەتوانن سەرکەوتن تۆمار بکەن و هەرچی جەندرمەی ئێرانی هەبوو لە شارەکەدا قەتڵ و عام کرا.

وەک باسمان کرد لەم روداوەدا شاری سابڵاغ(مەهاباد) توشی تاڵان کردن دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی بەرپەچ دانەوەی کوردانی شارەکە دژی سمکۆ ، هەرچەندە هەندێک پێیان وایە سمکۆ بە وتەی خۆی دەسەڵاتی نەبووە بۆ وەستاندنی ئەم شارەو، شەرو کوشتاری جەندرمەکانی ئیرانیش لە نێو شاردا رویان داوە بۆیە ئەم روداوە بەم ئاقارەدا رۆیشتووە ، هەر ئەمە وای کردووە تا ئێستاش کەسایەتی سمکۆ لەنێو دانیشتوانی شاری مەهابات دا بە باش باس نەکرێت.

یەکێکی دیکە لە شەرەکانی سمکۆ لەمانگی چواری(١٩٢٢)ز بەشەری (مياندواو) ناسراوە ، کە جەنەرال (شیبانی) هێزێکی پینج سەد سوارەیی کۆ دەکاتەوە






بەسەرکردایەتی ( خالو قوربان ) لە ناوچەی (میاندواو) هێرش دەکاتە سەر شاری (سابلاغ ) بەڵام لە لایەن سوارەکانی سمکۆ وە هێرش دەکریتە سەریان و بەسەریاندا سەردەکەون و (خالوقوربان) دەکوژرێت .

سمکۆ لەساڵی (١٩٢٢) هەستا بە دامەزراندنی"حکومەتی کوردستانی سەربەخۆ " وەخۆی وەک مەلیکی ئەم حکومەتە ناساند و هەستا بە دەرکردنی گۆڤاری ( کوردستان) وەک زمان حاڵی حکومەتەکەی .

دوابەدوایی سەرکەوتنەکانی سمکۆ رەزا شا بۆی دەرکەوت کە ناردنی دەستە هێزی بچوک بچوک بۆ شەر کردن دژی شۆرش گێرانی کورد تەنیا چاوەروانی شکستی لێدەکرێت ، فەرمانی دەرکرد کە هێزیک پێکهاتبوو لە پێنج بەتالیۆنی پیادەو سێ دەستە تۆپخانە و سێ دەستە سوارە کە بەرەو ئازربایجان رەوانە کران و لە هەمان کاتدا هەموو هێزە ئامادەکانی ئازربایجان چوونە پاڵ ئەو هێزە ، هێزەکە نزیکەی (٨٠٠٠) هەزار کەس دەبوو بە سەر کردایەتی ( جیهانبانی ) لە (٢٥ی جوولای ١٩٢٢)ز

لە شەکریازی شەر روی دا کە ئەم شەرە بە شەری (شەکریازی ) ناسراوە ، هێزی پیادەی کورد چوار جار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئیران و دزەیان کردە نێو ریزەکانی سوپای پیادەی ئیرانەوە بە پێچەوانەی پێشبینیە کانەوە بە خەنجەر و شمشێر زیانێکی زۆریان بە هێزەکانی دوژمن گەیاند بەڵام دواتر پاشە کشەیان پێکرا ، دواتر سمکۆ هێزەکانی سوارەی هێنایە مەیدان بەڵام توشی شکان بوون ، بە جۆرێک سمکۆ لەسەرەتایی شەرەکەدا (١٠٠٠٠) دە هەزار کەسی لەگەڵ دا بوون بەڵام لە ئێوارەی هەمان رۆژدا تەنیا نزیکەی (١٠٠٠ ) هەزار کەسی لە گەڵدا مایەوە کە کەسانی نزیکی خۆی بوون ، سوپای ئیران بەردەوام بوون لە پێشرەوی کردن تا لە مانگی هەشت دا شاری (ورمی) یان داگیر کرد کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بوو لە ژێر دەستی کوردان دا بوو ، دواتر توانیان (چەهریق ) ی بارەگای سەرەکی سمکۆ داگیر بکەن ، پاشان سمکۆ بەرەو تورکیا هەڵات و لە لایەن تورکەکانەوە چەک کران .

دواتر سمکۆ بەر لێبوردن کەوت و لە لایەن رەزا شاوە پێشوازی لێکرا و سوێندی وەفاداری خوارد.

لەساڵی (١٩٢٦)ز سمکۆ بە هاوکاری هۆزەکانی(بەگزادەی هەرکی ) و (بەرگەرو) و (تەرگەرو) پەلاماری دەشتی سەلماسی دا بەڵام لە لایەن هێزەکانی سوپایی ئیرانەوە بە سەرکردایەتی (شەیباخ) توشی شکست هاتن ، جیگەی باسە لەو شەرەدا هێزەکانی تورکیا یارمەتی سوپای ئیرانیان دا دژی سمکۆ، پاشان سمکۆ خۆی رادەستی تورکیا کرد و دووبارە چەک کرانەوە.

لە دوایی چەند سالێک لە ئاوارەیی لە نێو خاکی تورکیا و عیراق سەرەنجام لە ژێر فشاری حکومەتی عیراقیدا حکومەتی ئیران رێگەی بە سمکۆ دا بگەرێتەوە زێدی خۆی و بە فەرمان رەوای شنۆ دامەزرا ، بەڵام دوای چەند رۆژێک لە وەرگرتنی ئەو پۆستە بە پلانێکی رەزا شا لە ساڵی ( ١٩٣٠ )ز لە کاتی جونی بۆ دەوام دا دەکوژرێت .

ئەو سەرچاوانەی سودم لێوەرگرتوون :


* حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ، و: سامان عبدالله ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٩

* کریس کوچێرا ، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا ، و : حەمە کەریم عارف ، ٢٠٠٣ز .

* کمال مەزهەر ، چەند لاپەرەیەک لە میژووی گەلی کورد ، ب:دووەم ،٢٠٠١ز .

* کمال مەزهەر ، کورد لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیادا ، ب : یەکەم ،٢٠٠٨ز .

* عەلائەدین سەجادی ، میژووی راپەرینی کورد ، چاپ : دووەم ، ١٩٩٦ز .

* عومەر عەلی شەریف ، نۆباس لە مێژووی کورد ، ٢٠١٠ز .

* عوسمان عەلی ، چەند لێکۆڵینەوەک دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد ، و: کامەران جمال بابان زادە ،ب:دووەم ،٢٠٠٦ز .

* لازاریف ، میژووی کوردستان ، و:وشیار عبدالله سەنگاوی ، ٢٠٠٨ز .

* هۆشمەند عەلی محمود ، سمکۆی شکاک رۆڵی لە بزوتنەوەی کوردایەتی رۆژهەلاَتی کوردستاندا ، گۆڤاری ٢١د، ژ:(٩) ، ٢٠١٠ز .


ماڵپەری رێگا

٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢






## ڕاپەرینی سمکۆی شکاک

سمایل ئاغای سمکۆ لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی چاوی بەدنیا هەڵێناو پاش مەرگی باوکی ، سەرۆکایەتی هۆزەکەی خۆی وەئەستۆ گرت. ئەو پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە پێناو داکۆکی لە مافی کوردەکان هاتە نێو گۆڕپانی سیاسییەوەو هەتا پێش ئەو لە مێژوودا، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی نەبۆتە هۆی بەکردەوە بوونی بەشداری سیاسی لە گۆڕەپانەکاندا. هەرچەندە بە هۆی پێگەی بەهێزی خێڵەکیو کەسایەتییەکی لە ساڵانی شەڕدا، لە لایەن رووسیەوە دەستبەسەر کراو و بۆ "تفلیس" دوور خرایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک بە مەرجی دانیشتنی زۆرەکی لە شارستانی "خوی"دا، ئازاد کرا.



سمکۆ پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم وەک نیزامییەکو ڕێبەرێکی سیاسی ناسراو و بە ئامانجی قەوارەیەکی سیاسی کوردی لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩١٩دا، ڕاپەڕینی خۆی دەست پێکردو بەشێکی سەرەکی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵای کوردستان (باکووری ڕۆژئاوای ئێران)ی ئازاد کرد بەڵام لە ساڵی ١٩٢١دابەناچاری پاشەکشەی کرد و پەنای بردە بەر تورکیا. لە ساڵی١٩٢٤دا بە ڕاگەیاندنی "لێبوردنی گشتی" گەڕایەوە ئێران و لە ساڵی ١٩٢٦دا دیسان ڕاپەڕینێکی دیکەی وەڕێخستەوە کە ئەمجارە دەستبەسەر کراو و بۆ تورکیە دوورخرایەو لەوێ کەوتە بەندیخانەوە. سمکۆ پاش ئازادی گەڕایەوە ئێرانو لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٣٠ بە دارشتنی پیلانێک بە فەرمانی رەزاخان شەهید کرا. ڕاپەڕینی شکاک بە شەهید کرانی سمکۆ، پاش لە ١١ ساڵ چالاکی چەکدارانەو سیاسی کۆتایی پێهات.

### تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی سمکۆ:

١- ڕاپەڕینی سمکۆ، ڕاپەڕینیکی ناوچەی بووەو هۆزی شکاک ڕۆڵی سەرەکییان لەو ڕاپەڕینەدا هەبووە

٢- هۆزی شکاک لە دوو تیرەی "عەبدەویی"و "ممدەویی" پێک هاتووە کە لە باکووری گۆلی ورمێدا نیشتەجێ بوون

٣- هۆکاری بنەڕەتی بیچمگرتنی ڕاپەڕینی سمکۆ، پیلانی کوژرانی "جافرئاغای شکاک" لە لایەن دەسەڵاتداری ناوچەی مەهاباد بووە.

٤- سمکۆ لە تەواوی وتەکانی خۆیدا باس لە "ئازادی کوردستان"و "دامەرزانی دەوڵەتی کورد" دەکات

٥- ئەویش هەروەک شێخ عوبەیدوڵلا نەهری، لە نامەکانی خۆیدا، بۆ کوردەکان لە وشەی "نەتەوە" کەڵک وەردەگریو لەگەڵ هێنانە بەرباسی نموونە، بە شێوەیەکی روون لە "ژێردەستەیی نەتەوەی کورد"و "مافی چارەنووس" بە واتای ئەمرۆیی.

### پەیوەندیەکانی سمکۆ:

(١٩٢٠) سمکۆ لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی "ژێنراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری ناوچە کوردنشینەکانی ئیستانبۆڵدا دەڵێ: " لە رەوشی ئێستادا من ڕێبەری ڕاپەڕینی کوردەکانمو هێشتا تەشکیلاتێکی ئیداریو سیاسییەکی تایبەتیم نیە. گرینگترینو بنەماییترین ئامانجی ئێمە، ئازادی کوردستانەو کاتێک بە ئازادی گەیشتین ئیدی زۆر گرینگ نیە کە کێ دەبێتە ڕێبەری کوردستان. من هیچکات بیرم ڕێبەری هەموو نەتەوەی کوردو دەسەڵاتخوازی نەکردۆتەوە. لەمەڕ "ئاڵا"ش کە پرسیارت کرد: " من لەو باوەڕەدام کە کوردستان ئازاد بێت دەتوانین بیر لە "ئاڵا"ی کوردستانیش بکەینەوە کە وەک هێماو نیشانەی نەتەوەیی ئێمە دەبێت"

### لە ساڵی١٩٢٤ لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری ئینگلیس لە "بین النهرین" دەنووسێ :

"من و سەید تەها بەڵێنیتان پێدەدەین کە هەرکات دەوڵەتی بریتانیا پشتیوانیی لە ئێمە بکاتو شەرتەکانی ئێمە بۆ دامەرزانی دەوڵەتی کوردی قبووڵ بکات،






ئێمە تورکە رەگەزپەرستەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا وەدەردەنێین. ئێمە دەتوانین هەتا "ئانکارا"ش لە گەڵ دوژمنەکانماندا شەڕ بکەین، تەنانەت دەتوانین لە باشووریشدا هەتا "سنە" بەرەو پێش برۆین و ناوچە کوردنشینەکان لە دەسەڵاتی ئێران وەربگرینەوە.

※ سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٢ نوێنەرێک دەنێرێتە لای رووسەکان، بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەت بە هۆی پەیماننامەیەک لە رێکەوتی ٢٦ی فوریەی ١٩٢٢و هێوربوونەوەی پێوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئێراندا، داوای هاوکاری "سمکۆ" رەت دەکاتەوە .

※ داوای هاوکاری لە "حەیدەر بەگ کورک" و چاوپێکەوتنی لە شەمزینان

※ پێشوازی لە شێخ مەحموود وەکوو "قارەمانێکی نەتەوەیی"و بە فەرمی ناسینی وەک رێبەری تەواوی کوردەکان هاوکاتبوونی راپەڕینی سمکۆ لەگەڵ راپەڕینی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان و سەردار رەشیدخان لە ناوچەی کرماشان کە بە پشتیوانیی ئینگلیسییەکان و کەسێک سەرۆک کۆماری کوردستانی داهاتوو بوو.

لەوانەیە چ لە گۆرەپانی کردەوەداو چ لە مێژوونووسیدا، هیچ رێبەرێکی کورد وەک سمکۆ دەست نەکەوێ کە ئەوەندە کەوتبێتە بەر رقی هێزی باڵادەستەوە.

سمکۆ لە یەکێک لە داواکارییەکانی خۆی لە ژێر ناوی " وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت" دا دەڵێ: من رێزێکی زۆر بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت کە پشتێنی هیمەتیی بۆ ئازادی نەتەوەکانی جیهان بەستووە، هەیە. ئەگەر لە جیهاندا نەتەوەیەکی بەشەرفو خاوەن پرەنسیپ هەبێ کە تا ئێستا بە ئازادی و سەربەخۆی خۆی نەگەیشتووە، نەتەوەی کوردە کە لە لایەن دراوسێ باکوورییەکانی خۆیەوە پشتیوانیی لێناکرێ و منیش هەروەها ئەندامێکی چووکەی ئەو نەتەوەیەم. من لە پێناو ئازادی نەتەوەی کورددا ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەکم.

ئەگەرچی ئێرانییەکانی شکست داوە بەڵام باش دەزانێ کە پشتبەستن لە خێڵەکان وەک تەنیا پشتیوانێک، کارێکی دروست نیەو هەوڵ دەدا لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیادا بکەوێتە وتووێژەوە...

لە روانگەی منەوە، پشیتوانیی مەعنەوی لە ناوبراوەوە، لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەبەرامبەر تەواوی شەرتەکانیدا ملکەچ بین...

http://krojhelat.blogspot.ca/2012_11_01_archive.html

## سەردار یکورد سمکۆ شکاک ١٨٧٥- ٢١ حوزیران ١٩٣١

ساڵیادی شەهیدکرانی سەردار سمکۆ شکاک بکەین بە " رۆژی متمانەی نەتەوەیی بۆ دژایەتیکردنی داگیرکار" لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٢١ حوزیران ، ساڵیادی شەهیدبوونی، باوکی ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵاتی کوردستان سەردار "سمکۆ شکاک"ە.

٨٢ ساڵ لەمەوبەر سەردار سمکۆ، بە هۆی بۆسەی هێزەکانی رەزاشای پەهلەوی کە "سمکۆ"یان بە مەبەستی دانوستان لەسەر پرسی کورد بانگهێشت کردبوو، شەهید کرا.

سەردار سمکۆ شکاک، ساڵی ١٨٧٥ لە دایک بووە و پاش مردنی باوکی و تیرۆرکرانی جەعفەر ئاغای برای، سەرکردایەتی هۆزەکەی خۆی گرتۆتەدەست و لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتۆتە مەیدانی خەبات و کوردایەتی‌یەوە.

لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ لە هیچ چالاکییەکی سیاسیدا بەشداری نەکرد، بەڵام هێزەکانی روسیە گرتیان و دووریان خستەوە بۆ "تفلیس" و دواتر ئازادیان کرد بەو مەرجەی لەشاری "خۆی" دابنیشێ و هیچ هەڵوێستێک دژی ڕووسەکان نەنوێنێت.

کە جەنگی یەکەم کۆتایی هات، "سمکۆ" وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروستکرد و لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید کە ئەویش لە باشووری کوردستان خەریکی شۆڕش بوو و دەیویست ئەو پارچەیەی کوردستان رزگار بکات، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەست. لەگەڵ شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانی باکووریش پێوەندی گرت .

لەماوەی ١١ ساڵ شۆڕشی خۆیدا ئەم سەرکردە مەزنە تەنگی بە رەزاشای پەهلەوی هەڵچنی.

توانی رەزاشا بکێشێتە ئەو ئاستەی کە بێتە خزمەتی و داوای ئاگربەست و دانوستان لە سمکۆ بکات.

سمکۆ بەمەشەوە رانەوەستاو بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردستان، دەستی یارمەتی بۆ وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتی فەرانسەوییەکان درێژ کرد و چەندین مامۆستای بیانی هێنایە کوردستان و بۆ زیاترکردنی چالاکییە کلتووری و نەتەوەییەکانی دەستی بەسەر ورمێدا گرت و چاپخانەی ورمێی بۆ چاپی رۆژنامەی" رۆژی کورد و شەوی عەجەم" بە هاوکاریی بلیمەتی کورد مامۆستا "تورجانیزادە"خستە خزمەتی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردەوە.






ساڵی ١٩٢١ لەئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی حکومەتی ئێران، سمکۆ ناچار بوو پاشەکشێ بکات و چووە تورکیا.

ساڵی١٩٢٤ بەبڕیارێکی لێبوردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکیتر شۆڕشی بەرپاکردەوە .

بەڵام ئەمجارە سەرکەوتوو نەبوو و ماوەیەک لەتورکیادا بەدەست بەسەری مایەوە. پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران و لە ڕۆژی ٢١ی ژوئەنی ساڵی ١٩٣٠ بەپیلانێکی کاربەدەستانی ئەوسای ئێران لەشاری شنۆ تێرۆر کرا و بەمەش شۆڕشەکەی ناسیۆنالیستییەکەی سمکۆ کۆتایی هات کە یانزە ساڵ درێژەی کێشا.




دیارە نەریتی داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر کورد وابوە کە ڕەحم بە کەس نەکەن.

پێش سمکۆ، جەعفەرئاغایان تیرۆر کرد و دواتر هەمزە ئاغای مەنگوڕ و چەند دەیە دوای سمکۆ پێشەوا و هاوڕێیانیان لە سێدارەدا و چەند دەیەی دوای پێشەواش دوکتور قاسملو و کاک فواد و کاک سەعیدی یەزدانپەنا و دوکتورشەرەفکەندییان تیرۆر کرد.

ئامانج لە یادکردنەوەی ئەم کارەساتە ئەوە بوو کە جارێکیتر و لە هەزارەی تازەدا، نەوەی تازەی خەباتی کوردستان ئاگادار بکەینەوە کە شۆڕشەکەی سەرداری کورد "سمکۆ شکاک" هێشتا بە ئامانج نەگەیشتووە.

هێشتا دوژمنانی کورد دانیان بە سەروەرییەکانی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەناوە و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم دەسەڵاتە تۆتالیتەر و داگیرکارەی کۆماری ئیسلامی، بە هەمان گوتاری دژە کوردیی سەردەمی سەرداری کورد سمکۆ شکاک - ەوە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆیان دەدن.

هەموو ڕۆژێک چەند لاوی کورد دەکەونە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژیم و بەند دەکرێن و جار بە جاریش بۆ چاوترسێنکردنی گەلەکەمان لە بەرچاوی کۆمەڵگادا لەسێدارەیان دەدەن.

هەر وەک چۆن رووسەکان ئەو کاتەش دەستی دوژمنانی کوردیان دەگوشی و نەیاندەهێشت سەردار سمکۆ لەدژیان ڕاپەڕێ و یارمەتیی دوژمنەکانی کوردیان دەدا، ئێستاش رووسەکان هۆکاری نەڕووخانی دوژمنانی کورد واتە دەسەڵاتدارانی "ئێران و سووریا" ن.

ئێتر پێویستە ئەو کەموکورتییانەی لە گوتاری سیاسی و نەتەوەیی خۆماندا و لەپاش شەهیدکرانی سەرداری کورد سمکۆ شکاک بوومانە، بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە پڕی بکەینەوە و ئەمەش تەنیا بە جیاکردنەوەی ماڵ و شوناسی خۆمان لە دوژمن دەکرێت. واتە بە یەکێتیی ریزەکانمان دەتوانین شۆڕشی کوردستان پێش بخەین و ئاواتی سەرکردە و شەهید و گەلی ئازادیتووی کورد وەدی بێنین. هەر بۆیەش "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان" لە بڕیارێکی ژیرانەدا ڕۆژنەمەی "ڕۆژی کورد" ی ژیاندەوە و بەمەش یادی سەردارێکی مەزنی کوردی بۆ نەوەی نوێ بەرز نرخاند.

پێویستە:

ساڵیادی شەهیدکرانی سەردار سمکۆ شکاک بکەین بە "ڕۆژی متمانەی نەتەوەیی بۆ دژایەتیکردنی داگیرکار" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەرز و بەڕێز بێت یادی سەردار و خەباتکاری بەجەرگ: سمکۆی شکاک و شۆڕشە مەزنەکەی.

بژی کورد

پایەدار بێت کوردستان

http://www.ebarzan.com/kurdish/simkioyesikak3.htm

## بە بۆنەی شەهیدکرانی سمکۆی شکاکەوە

لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠دا، ڕەزاشای پەهلەوی کە بەڵێنی فەرمانداریی شاری شنۆی بە سمایل ئاغای سمکۆ دابوو، چەن ڕۆژ پاش چوونی سمایل ئاغا بۆ ئەو شارە، بە هۆی نۆکەرو بەکرێگیراوەکانیو بە فێڵو دهۆ، سمایل ئاغای شەهید کرد. بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ بەسەر تیرۆری ناجوامێرانەی ئەم سەرکردەیەی خەباتی نەتەوەیی کورددا، چەند بەشێک لە فەسڵی یەکەمی بەشی دووهەمی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد" کە تایبەتە بە ڕاپەڕینی سمائل ئاغای سمکۆو دوکتور سادقی شەرەفکەندی زیاتر لە 20 ساڵ لەوەپێش نووسیوێتی، بڵاو دەکەینەوە:لەو ڕووداوە مێژووییانەدا کە سەبارەت بە






سمکۆ نووسراون بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن دوژمنانی سمکۆوە نووسراون، وەکوو (فارسەکانو تورکەکان) هەوڵ دراوە سمکۆ وەکوو دەرەبەگێکی تاڵانکەرو کێوی بناسێندرێ. بەڵام لەراستی دا سمکۆ لەباری فەرهەنگی یەوە نەتەنیا پاشکەوتوو نەبوو، بەڵکوو لە زۆر لایەنەوە لە هاوکاتەکانی خۆی تێگەیشتووتر بوو. زۆر لەو کەسانەی کە لەو کاتیدا لەگەڵ سمکۆ هاتوچۆیان بووە لە شێوەی هەستانودانیشتن و خۆراک و پۆشاکەوە تاریفی بەفەرهەنگیی سمکۆیان کردوە. دوای داگیرکردنی چەهریق لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی لە ماڵی سمکۆ پیانۆیەک دۆزرایەوە. جێگای سمکۆ بە هۆی تەلێفۆن بە مەهابادو چەند جێگای دیکەی کوردستان پێوەند درابوو. بەتایبەتی سمکۆ لە دە ساڵی دوایی تێکۆشانی خۆیدا بە "ناسیۆنالیستێکی" کورد دەژمێردرا. هەرچەند ئەم بیروباوەڕە لەگەڵ ڕقو تووڕەیی ئەو بەرامبەر بە کاربەدەستانی دەوڵەتی تێکەڵ ببوو. لەو نووسراوانەدا کە ساڵی ١٩٢٢ بۆ حاکمی نیزامی ئازەربایجانی نووسیوە دەڵێ "چۆنە ئەم نەتەوە بچووکانەی جیهان کە ژمارەیان ناگاتە چوار یەکی ژمارەی کوردەکان لە دەوڵەتە گەورەکان خودموختارییان وەرگرتووە؟ ئەگەر نەتەوەی گەورەی کورد نەتوانێ مافی خۆی لە دەوڵەتی ئێران وەربگرێ، باشترە بمرێو نەمێنێ، حکوومەتی فارس بییەوێ یان نەیەوێ ئێمە کوردستان خودموختار دەکەین. کەوابوو لەمە زۆرتر لەناوبردنی گیانی خەڵک کارێکی بێسوودە!!". لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١دا کە بەڕێوەبەرانی کوردی تورکیە خەریکی هەڵایسانی شۆڕشێکی گشتی لە کوردستان بوون، بۆ ڕاکێشانی هاوکاریی سمکۆ نوێنەرێکیان بە ناوی مستەفا پاشا ناردە لای سمکۆ. بیرەوەرییەکانی مستەفا پاشا بەتایبەتی لەو نووسراوانەدا کە بۆ کوڕەکەی خۆی نووسیوە هەتا ڕادەیەکی زۆر بیروباوەڕی سمکۆ نیشان دەدا. لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا وتەکانی سمکۆ لەگەڵ خۆی بەم جۆرە دەنووسێ: "ئێوە باش دەزانن کە چیان بەسەر کوردەکان هێناوە. باپیرانی منو جەعفەرخانو عەلیخانو ئەوانی دیکە چۆن بێبەزەییانە بە دەست فارسەکان بە بیانووی جۆربەجۆر کوژران. کەوابوو لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا من بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کورد خەبات دەکەم بەڵام دەمەوێ تۆڵەی خۆشم لە فارسەکان بستێنمەوە!!". لە وەڵامی مستەفا پاشادا کە دەپرسێ: "ئێوە کە هیچ ڕێکخراوێک و تەشکیلاتێکتان نیە چۆن دەتوانن مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆتان بەڕێوە بەرن؟"، دەڵێ: "دیارە ئێستا تەشکیلاتی ڕێکوپێک نیە، منیش هەر تاکەکەسێکم. بەڵام گرینگ ئەوەیە جارێ کوردستان ڕزگار بکەین، دوایی چ کەسێک بەسەری ڕادەگا لە پلەی دووهەم دایە". وەبیرهێنانەوەی ئەم مەبەستەش بێجێ نیە کە سمکۆ هەرچەند لە خودموختاریو سەربەخۆیی، لێکدانەوەیەکی ڕوونی نەبوو، بەڵام هەرچی بێ بیری پێکهێنانی کوردستانی گەورەو پێشنیاری مستەفا پاشای سەبارەت بە یارمەتی بە کوردەکانی وان، بتلیس، هەکاری، خاربوت. . .هتد ڕەت کردەوە، بۆیە مستەفا پاشا لە یەکێک لە نووسراوەکانی دوایی خۆیدا دەنووسێ: "سمکۆ پیاوێکی نەزانەو لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی تورک (کەمالیستەکان) نێوانی خۆشە, چونکە چەکو تەقەمەنیی دەدەنێ، لەبەر ئەمە وتووێژ لەگەڵ ئەو بێسوودە!". یەکێک لە کارەکانی سمکۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو کە گۆیا نەیتوانی زۆرتر لە سێ ژمارەی بڵاو بکاتەوە. بێجگە لەمانە سمکۆ زۆر هەنگاوی سیاسیی هەڵێنابۆوە، بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی هێزەکانی مەڵبەند کە لە هەموویان گرینگترو بەردەوامتر پێوەندی لەگەڵ ئینگلیسییەکان بوو، تێکۆشانەکانی سمکۆ بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی ئینگلیسییەکان لە ساڵی ١٩١٩دا ناسراوە. لە مانگی بانەمەڕی ئەو ساڵەدا سمکۆ هاوکاری نزیکی خۆی, سەید تەها شەمزینی کە بە ئاشکرا لایەنگری ئینگلیسییەکان بوو، ناردە بەغدایە بەو مەبەستە کە ڕەزامەندی ئینگلیسییەکان بۆ تێکەڵاوی کوردستانی ئێران بە عێراقی تازەپێکهاتوو وەدەست بێنێ، بەڵام ئینگلیسییەکان قبووڵیان نەکرد. (سەید تەها برازای شێخ عوبەیدوڵڵاو زاوای جەعفەرئاغای برای سمکۆ بوو)لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٩٢١دا سمکۆ دیسان پێوەندیی لەگەڵ نوێنەری بریتانیا لە بەغدا گرتو داوای کرد لە شنۆیە چاوی بە نوێنەری بریتانیا بکەوێو لە بارەی پێوەندیی دۆستانەی هەر دوولا وتووێژ بکرێ. ئەم داوایە قبووڵ کرا چونکە لەم کاتەدا "قەراردادی" ئینگلیسییەکان لەگەڵ "وپوق الدولە" سەبارەت بە ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە هەڵوەشابۆوەو دەوڵەتی ئینگلیس دەیەویست تین بۆ ئێرانێ بێنێ. وتووێژی سمکۆو کاربەدەستانی ئینگلیسی تەنیا سێ مانگی خایاندو بێئاکام مایەوە. چونکە ڕەزاخان دڵنیایی دابوو بە ئینگلیسییەکانو پێک هاتبوون. لە دوانامەدا کە بە هۆی مستەفا پاشا بۆ ئینگلستانی دەنێرێ، دەنووسێ: من بە ناردنی سەید تەها ڕەسمەن بە ئێوە بەڵێنی دەدەم ئەگەر حکوومەتی بریتانیا تەقەمەنیمان بداتێو ڕاستەوخۆ پشتیوانیمان لێبکاو مەرجەکانمان قبووڵ بکا (؟) ئێمە وان، ئەرزەڕۆم، هەکاریو بتلیس لە ناسیۆنالیستە تورکەکان پاک دەکەینەوە. تەنانەت ئێمە دەتوانین ئانکاراش بگرین! دیارە ئەگەر حکوومەتی بریتانیا ڕێگە بدا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سنەش (سنندج) دەگرین".دوای ئەوەی سمکۆ لە ئینگلیسییەکان تەمابڕ بوو, ڕووی لە تورکەکان کردو هەتا ماوەیەک چەکو تەقەمەنی لێوەرگرتن، بەڵام هەر وەکوو دیتمان هەوڵو تەقەللای ڕەزاخان تورکەکانیشی لە یارمەتیدانی سمکۆ گێڕایەوە بە پێی هێندێک سەرچاوە گۆیا سمکۆ تێکۆشابوو



www.bokurd.blogspot.com

Şehîdkirina Simko yê Şîkakî - 1931 - Şîno






پشتیوانیی شوورەوی بۆ لای خۆی راکێشێ. بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرێکی لە ساڵی ١٩٢٦دا ناردبوو بۆ باکۆ. بەڵام ئەگەر لە راستی ئەم مەسەلەیەدا گومان هەبێ، هەڵبژاردنی ئەم کاتە بێگومان نالەبارترین کات بووە بۆ راکێشانی پشتیوانیی حکوومەتی شۆرەوی. چونکە رێژیمی نوێی ئێرانێ لەمێژ نەبوو پێوەندی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت گرتبۆوەو, پەیمانی هاوکاریی هاوبەشیان ئیمزا کردبوو (سەرەتای ساڵی ١٩٢٢). بەدوای ئەم کارەدا شوورەوی هەرجۆرە یارمەتییەکی ماددیو نیزامی لە شۆڕشگێڕەکانی گیلان بڕیبوو. ***لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦دا سمکۆ جارێکی دیکە رۆیشتەوە بۆ عێراقو ساڵی ١٩٢٧ چوو بۆ تورکیەو لە ساڵی ١٩٢٨دا دیسان لە عێراق سەری هەڵدایەوە، لەکاتێکدا بێجگە لە چەند دەکەسێک لە دەورووبەری خۆی کەسی دیکەی لەگەڵ نەبوو، لەم کاتەدا حکوومەتی عێراق داوای دەوڵەتی ئێرانی بۆ تەسلیمکردنەوەی سمکۆ رەت کردەوە، چونکە ئەوی بە پەنابەری سیاسی دەزانی. بەڵام بە رواڵەت حکوومەتی ئێرانی رازی کرد کە سمکۆ ببەخشێو بیگێڕنەوە ئێرانێ، رەزاشاش بەڵێنی فەرمانداری شنۆیەی پێدا. کەچی چەند رۆژ دوای گەڕانەوەی سمکۆ بۆ شنۆیە لە پیلانێکدا کە بۆیان دانابووە کەوتە ناو بۆسەی سەربازانی دەوڵەتیو کوژرا (ساڵی ١٩٣٠).

ع. وریا. کوردستان ٢٠٠٥

